# فەلسەفەی سەردەمی
# ڕۆمانتیکی

# فەلسەفەی سەردەمی رۆمانتیکی

د.حەمید عەزیز

هەولێر- ٢٠١٠


پرۆژەی هاوبەشی بەشی فەلسەفەی زانکۆی سەلاحەددین
و دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی

٨

ناوی کتێب: فەلسەفەی سەردەمی رۆمانتیکی

نووسینی: د.حەمید عەزیز

سەرپەرشتیی پرۆژە: رێبوار سیوەیلی (بەشی فەلسەفە)

سەرپەرشتیی کاروباری دەزگا: هەردی زیاد ساڵح (دەزگای موکریانی)

نەخشەسازی ناوەوە: تەها حسێن

بەرگ: وریا بوداغی

ژمارەی سپاردن: (٤٩٣)

تیراژ: (١٠٠٠) دانە

چاپی یەکەم: (٢٠١٠)

نرخ: (٣٠٠٠) دینار

چاپخانە: چاپخانەی موکریانی (هەولێر)

# ناوەرۆك

پێشەکی ........................................................ ٧
بنەڕەتە فەلسەفەییەکانی ڕێبازی ڕۆمانتیك ........................ ١١
فەلسەفە لە چواچێوەی ڕێبازی ڕۆمانتیکیدا ........................... ٤٩
ڕێبازی ڕۆمانتیکی لە جیهاندیدی فەلسەفەدا ........................... ٧٣
فەلسەفەی دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی ..................................... ١١٣
ژیان لە ڕێبازی ڕۆمانتیکیدا ............................................ ١١٣
فەلسەفە و ئەدەب و هونەر ............................................... ١٥٧
یەکرەنگی و دوو رەنگی و فرە رەنگی..................................... ١٥٧
ئیگزیستێنتیالیزم پشتکردنە زانست و بێنیاز بوون لە فەلسەفە .......... ١٩١
نامۆیی: چەمکێکی فەلسەفە ................................................ ٢١٩
فریدریك نیتشێ دیاردەیەك لە نێوان فەلسەفە و ئەدەبدا ................ ٢٤٧
کارڵ مارکس........................................................... ٢٦٩
سۆسیال دیمۆکراتی یان مارکسیزم ........................................ ٢٩١
سەرەتا .............................................................. ٢٩١
بنەما و سەرچاوە ...................................................... ٢٩٩
مارکسیزم ............................................................ ٣٠١
سۆسیال دیمۆکراتی .................................................... ٣٠٩

# پێشەکی

ئەو بابەتانەی لەو کتێبەدا بڵاوکراوەنەتەوە ئەگەر چی لە کاتی جیاوازدا و دەربارەی بابەتی جیاوازبن، ئەوا لە گەوهەردا لە چوارچێوەی هەوڵێکدا یەکدەگرنەوە کە دەکرێ بە چەند خالێك روونبکرێتەوە:

**یەکەم:** شۆرشی سەرتاپاگیری فەرەنسا(١٧٨٩ز) کۆلتورێکی فرەنگی بە پێزی داهێناوە لە نەمامیك چوە لقەکانی فەلسەفەو سیاسەت و ئابووری و سۆسیۆلۆجی و زانست... بوون.

ئەگەر ئەولقانە سەر بەنەمامێك بووبن لە زەمینەی پرهاتێکدا شین بووبێ شۆرشی فەرەنسا خۆشی کردبێ، ئەوا ئەو لقانە هەریەکەی رووی لە جێگایەك کردووە چونکە ئامرازوو ئاواتی بابەتی فرە رەنگ و لە یەکتری جیاوازیان بەرجەستە کردووە.

**دووەم:**ئەگەر چی فەلسەفە ژێری پەسەند کردووە ئەدەبی رۆمانتیکی پەنای بردۆتە بە هەست و سۆز و پشتی کردبێتە ژێر ئەوا هەردووکیان کۆرپەی لە یەکتری جیاوازی شۆرشی سەرتاپاگیری فەرەنسان: کۆرپەیەکی لە باری پێشکەوتووخوازی پەرەپێدەر و کۆرپەیەکی لاساری یاخی بوو.

**سێیەم:**جیاوازی ئەم دوو هەڵوێستەی ئەم دوو بابەتەی هزری مرۆڤـ لەوەوە کەوتۆتەوە لە دوو سونگەی جیاوازەوە سەرنجیان داوەو بە پێی دەرکەوت و هاوردەی ئەم سەرنجە هەڵوێستیان دیارو دەست نیشان کردووە.

رۆمانتیکیەکان لە سەرمایەداری سەردەمی خۆیان تەنیا لایەنی نالەبارو ئەنجامە دڵتەزێنەکانیان دیوە هۆکاری ئەمانەیان هەموو لەژێردا کۆکردۆتەوە و



ئۆبالەکەیان خستۆتە ئەستۆ و کۆشاون لە مەیداندا دووری بخەنەوە، بە پێچەوانەوە فەلسەفە و روشنگەریی لایەنی گەش و ئەنجامە لە بارەکانی شۆرشی فەرەنسا یان دیوە و بە ئەنجامێکی ئاسایی پەرەسەندنی ژێریان داناوە .

**چوارەم:** رێبازەکانی فەلسەفەی ئەو سەردەمە ئەگەر چی پرێشکی شاعیرانی رۆمانتیکیان بەرکەوتوو و پێیان هەڵپرژاوە بەڵام کۆشاون ساغی بکەنەوە کە ژێر، ئازادی، گۆرینی فۆرم و رووخساری دەسەڵات و چاککردنی پەیوەندیە ئابووری و کۆمەڵایەتیەکانی ژین لە کۆمەڵگادا دەستەبەری بەدیهێنانی ئەو ئامانجانە دەبن کە فەیلەسوف و ئەدیب و هونەرمەند هەریەك لە لای خۆیەوە بە شێوازی جیاواز و بە ئامرازی تایبەتی هەوڵی بۆ دەدەن.

**پێنجەم:**جیاکردنەوەی ئایین لە سیاسەت و بەرێوەبردنی کاروباری دەوڵەت و کۆمەڵگا، نارەوا کردنی دەسەڵاتی ئایینی مەسیحی بە سەر کۆمەڵگادا لە سیاسەتدا بە هیچ جۆرێك لە شۆرشی فەرەنسا کەمتر نەبووە.

**شەشەم:**ئەو دەستەکەتووە پێشکەوتووخوازانەی دوای شۆرشەکە بۆ مرۆڤی ئەورووپای ئەوسا هاتوونەتە دی بە هۆی فەلسەفەوە بووە نەك بە کۆششی رێبازی رۆمانتیکی و ئەندێشەی شاعیران.

**حەوتەم:** رێزلێنانی ژێر رێزنانە لە مرۆڤ و تواناو هێزو دەسەڵاتی، پشت کردنە ژێر پەنا بردنە بەر هەست و سۆز و ئەفسانەو داستان هیچ کاتێك تاقە گولێکی نەخستۆتە سەر خەرمانی بە رەوپێش چوونی رەورەوەی گەلان.

**هەشتەم:** کێشەی بایەخ دان بە ژێر یان رووکردنە هەست و سۆز (رۆمانتیك) بابەتێکە هەویرەکەی ئاوێکی زۆر دەکێشێت کاتی خۆی موعتەزیلە و ئینجا دیکارت هەوڵیان داوە تیشك بخەنە سەر ئەو لایەنەو تەرازوو بە لای ژێر(ئەقل)دا لاسەنگ بکەن ئەگەرچی موعتەزیلە و دیکات لە دوو سەردەم و لە هەل و مەرجی جیاوازدا دەست بەکاربوون، بەڵام دوو

ئامانجی ئەوبریارە بوێرانەیان یەك نیشان دەپێكێ ئەونیشان پێكانـە و ئـەو دوو ئەنگوتنە بریتییە لە هەڵتەكاندنی ئـەو بنەمایـەی داب و نـەریت کـە چینی دەسەڵات داری فیودالی تیـوکراتی پـشت ئەسـتور بـە بنەرەتـەکانی ئایینی لە ئەوروپاو رۆژهەڵات پشتی پێ بەستووە بنەمای نەتەوەو رەگەزو و بنەماڵەو رەچەڵەك و میرات و خانـەدانی ئـەوان وەڵامـی ئـەم پرسـیارەیان داوەتەوە ((بێگوومان دواتریش رۆشنگەرەکان)) ئایـا چـاکەو چـاکەکاری و پلەو پایەی مرۆڤـ لە چیەوە دەکەوێتـەوە؟! ئایـا مەرجـە کـە هـەرمرۆڤی بەرەچەڵەك خانەدان بەتەنیا چـاکەکارەو شایـستەی پلـەو پایـەی سیاسـیی وکۆمەڵگایەتیە؟! بایەخ دان بەژیر ناکردنی هەردوو پرسـیارەکەیە، کەلـەو کتێبەدا بە پێی تواناداا کۆکیمان لێ کردووە.بایەخی مرۆڤ لەوەدایە کە ژیـر و خاوەنی ژیرە .ئەو ژیرەش- دیکارت گووتەنی- بە یەکـسانی و عەدالـەت بـە هـەموو مرۆڤێـك بەخـشراوە بـەڵام رادەی بـەکارهێنان و سـوود لێوەگرتنەوەکەی لە مرۆڤێکەوە بۆ مرۆڤێکی ترەوە جیاوازە. بایـەخ دان بـە ژیر پێداگرتنە لەسەر یەکسانی مرۆڤ لە بەردەم ئایین و کۆمەڵگاو سیاسەتدا .ئەمـەیان سروشـتی فەلـسەفەی سـەدەی نۆزدەیەمـە کـە بـە پەرچـی و رۆمانتیکی داوەتەوە.

**قەڵادزێ ٧/١/٢٠٠٩**

## (١)

# بنەڕەتە فەلسەفەییەکانی ڕێبازی ڕۆمانتیك

١- ڕێبازی ڕۆمانتیکی ڕێبازێکی ئەدەبی و هونەرییە لە کۆتایی سەدەی هەژدەهەمدا سەری هەڵداوە و لە سەدەی نۆزدەهەمدا تاکو دوای کۆچی دوایی فەیلەسوفی ئەڵمانی هیگڵ دەست بەکاربووە.ناوەکەی لە ووشەی(ڕۆمان)ەوە وەرگیراوە گوایە ڕابەری ئەم ڕێبازە ڕۆمانیان بە چاکترین ڕێگا و ڕاستترین دەربرینی بیرو بۆچوونی خۆیان و جیهانبینیە هونەریی و فەلسەفەییەکانیان داناوە. وشەکە لەخۆیدا وشەیەکی لاتینییە و مانای ئەندێشە و خەیاڵ دەبەخشێ، چونکە ڕابەرانی ئەو ڕێبازە بە پێچەوانەی قۆناخی ڕووناکبیری سەدەی هەژدەیەمەوە ژیر و ئەقلیان پشت گوێ خستووە و پەنایان بردۆتە بەر ئەندێشە و خەیاڵ و هەست و سۆز و ناخی تاکە کەسی.

لەم باوەڕشدا بوون کە هەست و سۆزی سروشتی مرۆڤ بەرەو چاکەکاری و ژیر مرۆڤ بەرەو هەڵە و تەفرەچوون دەبات، هەموو کارێك، بڕیارێك بۆچوونێکی مرۆڤ ئیتر بە هەر شێوەیەك بێت تا دەگاتە جیهانبینی فەلسەفە بنەمایەکی هەست و سۆزی هەیە و لەسەر بنچینەکەی دامەزراوە و کەوتۆتەوە.

سەرەتا و بنەمای پەیدابوون، ژان ژاك ڕۆسۆ(١٧١٢-١٧٧٨ز)ی فەرەنسی زمان بەڕابەریی گیانی ئەم ڕێبازە دادەنرێ بە تایبەتی لە کتێبی ئیمیل و بەندی کۆمەڵایەتیدا کە تێیدا بۆ"ئایینی سروشتی و ئازادی(تاکە



کەسی) و هەست و سۆز بانگەشە دەکات وئەقڵ و ژیر بە پێویست دانانێ و ڕوو دەکاتە هەست و سۆز و ناخی دەروون"[١]. بە لای ڕۆسۆوە هەموو مرۆڤێك کەلە دایك دەبێ و دێتە دنیاوە ئازادە، بەڵام هەڵومەج و ڕەوشە جیاجیاکان دەبنە کۆت و پێوەند دەچنە دەست و پا و گەردنییەوە، ڕاستە دامەزراندنی دەوڵەت و دام و دزگاکانی بە بەندێکی کۆمەڵایەتییەوە بەندە، بەڵام ئەو هەموو ماف و دەسەڵاتەی پێی دەبەخشرێن، ڕادە و سنوور بۆ ئازادی تاکە کەسان دادەنێت و دەبێتە کۆسپ لەبەردەم بە تەواوەتی سەربەخۆیی ژیانی ئازادی تاکە مرۆڤ.لەکاتێکدا بزووتنەوەی ڕووناکبیریی سەدەی هەژدەهەم بە چاوێکی ڕێزنەگرتنەوە سەرنجی هەست و نەست و ئارەزووی داوە و پلەو پایەی ژیری ئەوپەڕی بەرز و پتەو کردووە، لەلای ڕۆسۆو دواتر لە لای سەرجەمی ڕێبازی ڕۆمانتیك جارێکی تر ڕوو لەهەست و سۆز کراوەتەوە و جێگای شیاوی خۆیان پێ بڕاوەتەوە، ئەقڵ وەك ئامراز و توانایەك لە خواست و ئیرادە جیا کراوەتەوە و سەرنج بۆ ژیان و و ئازار و هەست و ناخ و خۆشی و ناخۆشی بوونی مرۆڤی تاکە کەس ڕاکێشراوە.بە لای ڕۆمانتیکییەوە پرۆسەی هەڵبژاردن و خواستن گرنگە و لە پێش بڕیاردانی ژیرەکییەوە دێت.بۆیە کاری چاکە و خێر بەرامبەر بە زانین و بەدکاریی و شەڕ بەرامبەر بە نەزانین دادەنرێت. ئەم هەڵوێستەی ڕێبازی ڕۆمانتیکی ئەنجامی لەبارو نالەباری لە ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئایینی تەنانەت جیهانبینی فەلسەفەدا هەبووە. تێزەی ئاینی ئوممەتی مەسیحی لە بەرامبەر ڕەوتی تاکە کەسی ڕۆمانتیکدا کەوتۆتە پاشەکشە، هەست و هۆشی نەتەوەیی هەر ناوچە و وڵاتێك بە جیا بەهێز بووە، جێگای ئوممەتی گرتووە، ژیر لە بواری لاهووتدا دوورخراوەتەوە و هەوڵ دراوە پشت ڕاست بکرێتەوە گوایە بڕوا (ئیمان) و ئاین و بوونی ڕەب هیچ پەکیان لەسەر ژیر و بەڵگەی پشت ئەستوور بە ئەقڵ نەکەوتووە، چونکە ئەمانە

بریتین له جۆره هەست و قەناعەتێکی ناخی دەروونی تاکە کەسان، بڕوا و باوەڕ بەدڵ و دەروون دەبن نەك بەژیر، مرۆڤی دیندار ئیماندارە و لەکاروباری بڕوا و ئاییندا پێویستی بەژیر نییە!

٢- سەرەتا و چۆنێتی پەیدابوونی ئەم ڕێبازە و لە چییەوە کەوتۆتەوە تەم و مژاوییەو روون و ئاشکرا نییە، ئەوی پێوەندی بە ڕێبازی ڕۆمانتیکی ئەڵمانەوە هەیە هەندێك سەرچاوە لەو باوەڕەدان لۆدڤیك تییك (١٧٧٣-١٨٥٣ز) شاعیر و شانۆنووس وەك ڕابەر بەردی بناخەی تەلاری ڕۆمانتیکی داناوە.جگە لەوەی پردێکی بەیەکەوە بەستنەوەی لایەنە ئەدەبییەکانی سەردەمی خۆی و پاش خۆی بووە ودەورێکی کاریگەری گێراوە. هەندێ سەرچاوە لەو باوەڕەدان فەلسەفەی نهلستی لە بیرو جیهانبینی لودڤیك تییکەوە Ludwig Tieck سەرچاوەی گرتووە. ناوبراو ساڵی ١٧٩٧ شانۆگەرییەکی نووسیوە لەژێرناوی Dergestiefelte Kater لەشانۆگەریی[٢] ئاسایی زۆر جیاواز بووە، چونکە پشتی بە ڕووداوێکی فۆلکلۆری بەستووە، لە شانۆگەرییەکەدا زۆر بابەتی نا ئاسایی نیشاندراون جگە لەوەی جەماوەری بینەرانیش خۆیان لە شانۆگەرییەکەدا بەشداربوون و ئینجا دوای ئەوەی شانۆگەرییەکە نوێنراوە و نیشان دراوە نووسەر و ڕەخنەگران بەرهەمەکەیان بە "شانۆگەری لەناو شانۆدا" ناوبردووە[٣] ئەوەی لەم شانۆگەریەدا سەرنجی سەرجەمی بینەران و شانۆگەرانی ڕاکێشاوە پتر نا واقعییەتی ڕووداوەکان بووە، هەروەك بەرهەمەکە لەخۆیدا نە بابەتێکی دیاریکراو نە کەرەسەکی ڕووداوەکانی هەبووبێ.بەرهەمەکە کارەکە بریتی بووە لە چەند کێشە و بابەت و کارێك کە تاڕادەیەکی زۆر پێوەندییان بە یەکەوە نەبووە و تەنیا لەهەست و سۆز و دوور لە ئەقڵ و ژیرەوە سەرچاوەیان گرتووە.بابەتەکە تا ئەو ڕادەیە نا ئاسایی بووە بینەرانی خرۆشاندووە و ئەکتەرەکان حەپەساون چۆن بتوانن تا سەر ڕۆڵی خۆیان ببینن



و گوایە هەراو هۆریاو دەنگ و ئاژاوە سەرتاپای هۆڵی شانۆکەی گرتۆتەوە، بابەتەکە رەخنەی لەسەر شێوەی گاڵتە پێکردن، رەخنەی لە زۆر شت گرتووە. قانوونی وەك خێوێکی دڕندە و ترسناك نیشان داوە.لە هەموو دیمەنێکیدا بێ مانایی وگاڵتەپێکردن و بەکەم زانین بەرچاو کەتووە، بۆیە گاڵتەجاڕیی لێرەوە بە ئامرازی سەرەکی و بابەتی گشتی رۆمانتیك دانراوە.ئەو بابەتەی بینەران دێنێتە پێکەنین و گوایە هەست و هۆش لەکۆت و پێوەندە جۆراوجۆرەکان ئازاد دەکات، سەرەڕای گاڵتەکردن بە دابونەریت و شتی ئاسایی نێو کۆمەڵگا ئەمەش لە خۆیدا پیرۆزی لە هەموو شتێك دەستێنێتەوە، هەموو شتێك سیماو ناوەڕۆکی ڕێژەیی پێدەبڕێ. هیچ شتێك نییە گۆڕان نەیگرێتەوە. هیچ شتێك نییە هەتا سەر پیرۆز و دەست ڕۆیشتوو بێ! مرۆڤ بە گۆشت و خوێن و دڵ و دەروون و هەست و سۆزەوە سەپشکە و بگرە هەموو شتێکە.. مرۆڤ کەسایەتییەکی ئازادە، هیچ جۆرە سنوورێك توانا و ڕادەی کەسایەتی و هەست و سۆزو بیرکرنەوە و ئەندێشە داهێنەرەکەی قەدەغە و پاوان ناکات، تاك و تاکە کەس ڕاستەو ڕاستەقینەیە، کۆ، گەل، جەماوەر، مرۆڤایەتی، لەچەند چوارچێوەیەکی وشکی بێ گیان بەولاوە نین. ڕێژیم و سیستەم و کۆ و کۆمەڵگا چەند چوارچێوەیەکی بێ گیانن کە ڕەنگی سنوور بۆ بوونی ناوەکیی مرۆڤ دەڕێژین، بۆیە زۆربەی زۆری ڕۆمانتیکەکان لەو باوەڕەدابوون سیستەم، واتای لەناوبردنی مرۆڤ دەگەیەنێ و ئەقڵ و ژیر ئەگەر مایەی دەردەسەریی و بەدبەختی مرۆڤ نەبن، هیچ خێرو خۆشیەکی مرۆڤیان لێ ناکەوێتەوە[٤]، ئەقڵ و هەست و سۆز دوولایەنی ناتەبای یەکترین، ئاژاوە وڕیك و پێکی دوو لایەنی تەریبێکن و یەکێکیان ڕەسەن و ئەوی تریان ڕووخسارو دیاردەو رواڵەتە.بۆیە رابەری ڕۆمانتیکی ئەڵمان و شاسواری فەیلەسووفانی جوانناسی فرەدریش شلیگڵ وتوویەتی: هیچ شتێك نییە

ئەوەندەی ئاژاوەو بێ سەروپایی ڕەسەن بێت[٥]. ئەو هەڵوێستەی رۆمانتیکیەکان جۆرە وێنەیەك لە مێشکدا رەنگ دەرێژێ برێتی بێ لە ناکردن لە واقیعەت و ریالیستی و لە جێگاکەیدا چەمك و کاتیگۆری شیاوەکی دادەنرێن. رەخنە گرتن لە بوونی ریالیستییانەی واقع بە مەبەستی چاککردن و گۆرینی بەرەو باشتر وپرکردنەوەی کەلەبەرو باشکردنی لایەنە نالەبارەکانی کارێکی ئاساییەو دەرگای سەرەتایەکی داهێنەرانە دەخاتە سەر پشت.بەڵام ناکردنی واقع، ناکردنێك پشت لەئەقڵ و ژیر بکات و پشت بەهەست و سۆزی ناخ ببەستێت، هەست و سۆزێك کە سەرگەرمی رزگاربوون بن لەبنەماکانی ژیر، ئەو ژیرەی بەردی بناغەی ژیانی شارستانی مرۆڤی داناوە، خۆی لەخۆی دا لەناکردنێکی ناواقیعییانەی بێ سەروبەر بەولاوە نییە.هەست و سۆز کاتێك دەکرێ بکرێن بە سەرپشك ئەگەر لەسەرچاوەی ژیرەوە هەڵقولابن و ئەو تەلارە دابمەزرێنن ئەندازیارەکەی ئەوژیرە بێت مێژووی پەرەسەندنی مێژووی ئەو شارستانیەتە بووە هیگڵی حەپەساندووە .بۆیە من بەدووری نازانم دەرکەوتن و لەدایك بوونی ڕۆمانتیك وەك بزووتنەوەیەکی ئەدەبی موتوربە کراو بەبیرو بۆچوونی رێبازێکی تایبەتی فەلسەفە لەسەرەتاوە هۆی هەڵوەشاندنەوەی خۆی وەك گەرا و ولۆولە تێدا بووە. بگرە هەر رێبازەکە خۆی نەك فاکتەرە دەرەکیەکان هۆکاری سەرەکی نەمانی خۆی بووە.

٣- گومان لەوە ناکرێت ڕۆمانتیك بزوتنەوەیەکی ئەدەبی بووە بە هەموو لق و بابەتەکانیەوە لە سەردەم و دەوروبەرێکی دیاری کراودا چرۆی کردووە.سەردەمێك بزووتنەوەی ڕووناکبیری و ئەقڵ وەك سەرمەشق و ئامرازی سەرەکی لە گۆرەپانی ژیان و بیردا با بووە.شارەکانی ئەوروپا بەرەو گەورەبوون و زەبەلاحی رۆیشتوون، کۆمپانیا و فابریك و سنعات لەبرەودا بوون.بۆیە مرۆڤ لە ڕاستی دوور ناکەوێتەوە کە بڵێ، ڕۆمانتیك و رووناکبیری،



پەرەسەندنی شارو بازرگانی و سنعات، لە ژینگەی تایبەتی و دیاریکراودا سەریان هەڵداوە و لەلایەك تەواوکاری یەکتری و لە لایەکی تر جۆرە ناکردنی یەکتری بوون.ڕۆمانتیکی کۆتایی سەدەیی هەژدەهەم بزووتنەوەیەك بووە زۆر لە ڕووناکبیری جیاواز بووە، ئێمە چ لەبابەت و ناوەڕۆك چ لە ڕوخسار و ئامرازی تایبەتی خۆیدا ئەگەر یەکەمیان هەڵوێستی ئاشنا و دۆستایەتی هەبووبێ بەرامبەر بەو دیاردانەی ناومان هێنان، ئەوا ئەم بزووتنەوە ئەدبییبە دەکرێ لە سەرەتاو سەرهەڵدانیدا تاکو ئەوکاتەی خەت و خاڵی داوە بە دژە بزووتنەوەیەکی ڕووناکبیری و گەورەبوونی شارو پاشەکشێ کردنی لادێ و سروشتی ساکارو برەوکردنی سنعات و فابریك و بازرگانی و گەشە کردنی سەرمایە[٦] دابنرێت. ڕاستە لە نێو شاری گەورە و پڕ فابریك و کارگەدا مرۆڤ وەك تاك تا ڕادەیەك ون دەبێ و هەست و سۆز لەلایەنی شتی ترەوە دەکەونە بەر پاڵەپەستۆ و لەچاو شتی تر کە دۆخی نوێی ژیان بایەخی پێ بەخشیون، دەخرێنە دواوە، بەڵام هیچ نکۆڵی لەوە ناکرێ لەگەڵ گەورەبوونی شار و خەت و خاڵدانی بازاڕ و بازرگانی و سنعات، فیودالیزم گلۆڵەی کەوتۆتە لێژی و هەست و نەستی نەتەوەیی سەری هەڵداوە و جارێکی تر ڕوو لە سروشت و هەست و نەست و مرۆڤیی ـ مرۆڤ ـکراوە و بە پێی بارودۆخی نوێ کە دوا زنجیرەیەك گۆڕان جێگیربوون، جارێکی تر ژیرانە و پشت ئەستوور بە دیسپلین و ئەقڵ بایەخیان پێ دراوە.پەنا بردنە بەر ناخ و دەروون و ناکردنی ڕاستەقینەو کردنی مرۆڤی- تاك بە سەرمەشق و شەیدابوونی سروشت بەتاك و تەنیا لای تەرازوو بەلایەکدا لاسەنگ دەکات و دەبێتە مایەی کەمکردنەوەی بایەخی ئەقڵ و زانست و ئەم ڕستە کە کوردییەکی ڕەسەنە پێچەوانە دەکاتەوە: ڕێوییەکی گەڕاو لە شێرێکی نووستوو چاکترە.

ڕۆمانتیکەکان بەم هەڵوێستەیان کە سوارچاکی سەدەکانی ناوەڕاستیان بە نموونە و سەرمەشق داناوە، پەنایان بردۆتە بەر هەست و سۆزو بە چاوی

ناخ و دەروون سەرنجیان داوە، پتر لەگۆڕەپانی فەلسەفە دوور دەکەونەوە و ویستبیان و نەیان ویستبێ هەوڵی ئەوەیان داوە جارێکی تر گیان بەبەر ئەوسەردەمە ساردو سڕەدا بکەنەوە کە بە سەدەکانی ناوەڕاست ناوبراوە وتێیدا، ژیر و ئەقڵ لە کۆت و پێوەند دەرباز نەبوون، جۆرە یەك ڕەنگییەکی سەرتاپاگیر و بیری میتافیزیکی لاهووتی هەموو کون و قوژبنێکی ژیان و کۆمەڵگا و مرۆڤایەتی گرتۆتەوە.ئەو قۆناخەی بەسەدان ساڵ کۆسپی ڕێگری بەرو پێش چوونی مرۆڤ بووە. ڕاستە ڕۆمانتیك چ وەك ناوەرۆك چ وەك ڕوخسار دەربڕینێکی نوێی هەڵوێستی مرۆڤ لە هەڵومەرجێکی دیاری کراودا و بەرامبەر ژیان و جیهان و سروشت و دەرووبەرو واقیع، ئەم هەڵوێستەش وەك بزووتنەوەیەك پتر لەچوارچێوەی ئەم جیهانەدا دەرکەوتووە کە پێی دەگووترێ ئەدەب بەمانا گشتیەکەی، بەڵام بەهیچ جۆرە هەڵسەنگاندنێك نا لەوەناکات کە جیهانبینی فەلسەفەی تایبەتی خۆی هەبووە و لەسەر داروپەردووی ڕێبازی کلاسیکی شین بووەو هاتۆتەبەر.لەو هێرشانەدا لە چوارچێوەی ئەدەبدا، کە کردوویەتیە سەر ڕێبازی کلاسیکی، بەتایبەتی کە لە ئەدەبی ئەم ڕێبازەی دواییدا دەوری ژیر و ئەقڵ ڕوون و ئاشکرایە و تا ڕادەیەك بەربەستی شەپۆلی هەست و نەست و ئەندێشەی کردووە، ڕێگای شتێکی داوە گشتی و هەمەکی بێ و پشت بە مەنتیق و بیری ژیرەکی ببەستێ، ئەگەر ڕێگا بدرێ هەست و سۆز و ناخی دەروون و نەست لەسەر شانۆی ئەدەب ئەسپی خۆیان تاو بدەن دەبێ لەپشت شانۆکەوە ژیر و ئەقڵ و مەنتیق ڕێنمایی کار بن.لەم هێرشانەدا زۆربەی زۆری چەمکەکانی ئەدەبی ڕۆمانتیکی دوا ڕوخسار و ناوەرۆکیان پێ براوە.ئەگەر ئەدەبی کلاسیکی ئەقڵی کردبێ بەسەر پشك و وێڵی ڕاستی و هەقیقەت بووبێ ئەوا ئەدەبی ڕۆمانتیکی[٧] دڵ و دوروونی کردووە بەدروشم و شەیدای جوانی بووە، بەڵام ڕاستی لەخۆیدا جوان و



دڵفرێنە و جوانیش وەك ئاوێنەیەك بەوپەڕی بێگەردی هەقیقەتی تێدا دەردەکەوێ، ئایا جوانی بە بێ ڕاستی و ڕاستەقینە بە بێ جوانی بەبیرو هۆشدا دێن؟ لە لایەکی ترەوە کاری ئاسایی بە بێ ئەنجام و بەبێ ئامانج نابێت و گەیشتنە ئەو ئامانجە کە ئەنجامی کارەکەیە وردبینی و ژیر و ئەقڵی دەوێ و خۆزگە و ئاوات و هەست و سۆز ئەگەر و بە هۆکار و وروژێنەر وهاندەریش دابندرێن بە بێ پشتیوانی ژیر و ئەقڵ لە ئەنجامی نیوەچڵ بەولاوە شتێکی تریان لێ ناکەوێتەوە و نادەنە دەست.ڕاستە ئەو ڕەخنەیەی ڕۆمانتیك پەنای بۆ بردووە جگە لە لایەنی نالەبار لایەنی بنیاتنان و لەباری هەبووە و بۆتە مایەی بەرپاکردنی گیانی پیاداچوونەوە، بەڵام ڕەخنەیەك کاری ژیرانەی لەگەڵدا نەبێت و هەر تەنیاپشت ئەستوور بە هەست و سۆز و ناخی دەروون بێ لە چوارچێوی ئاوات و هیوا ناچێتە دەرەوە و پتر بڕ ناکات، ئایا ئەم قسەیەمان جۆرە زوڵمێك نییە لە ئەدەب دەکرێ و سەرخستنی لایەنی بیری فەلسەفەیی نییە؟

٤-هەر لەسەرەتاوە ڕێبازی ڕۆمانتیك لە لایەن هەندێك ڕێبازی تایبەتی فەلسەفەوە پشتگیری کراوە، بەتایبەتی ئەو ڕێبازانە هەوڵیان داوە لە گێژاوی شارستانییەتی پڕ جەنجاڵی ژیر و شاری گەورەو فابریك و کارخانەجاتدا بایەخ بە دەوری تاکە کەسان و مرۆڤی دیاری کراو بدەن و جارێکی تر دەوری هەست و سۆزو ئەندێشە لە بەرامبەر بیرو مەنتیقدا دووپات بکەنەوە.هەربۆیە لە ڕۆمانتیکیدا سێ لایەن بەرچاو دەکەون:

- لایەنی سایکۆلۆجی(ڕەوانناسیی).
- لایەنی مێژووی.
- لایەنی هونەرو و جوانی (ئیستاتیك)[٨].

ئەو سێ لایەنانە ئەگەرچی تا ڕادەیەك لە ناوەرۆك و ڕووخساردا لە یەکتری جیان و جۆرە سەربەخۆییەك نیشان دەدەن بەڵام لەو بزووتنەوە

ئەدەبییەدا بە تایبەتی لە جیهانبینییەکانیدا کە لە بەرهەمە ئەدەبییەکاندا ڕەنگیان داوەتەوە توندوتوڵ ئاوێتەی یەکتری بوون وئەو دەورە ساخ دەکەنەوە کە فەلسەفە وەك بابەت لە ژیانی ڕۆمانتیکییەکان و بەرهەمەکانیاندا گێڕاویەتی.

ئەو سێ لایەنەی ناوەرۆکی بزوتنەوەی ئەدەبی نیمچە فەلسەفەیی ڕۆمانتیك چەند چەمکێکی لە چوارچێوەی جۆرە بزاڤێکدا لێکەوتەوە:

- **پێداگرتن لەسەر هەستی نەتەوەیی.**
- **دووپاتکردنەوەی ڕەوتی تاکەکەسی وتاکڕەویی.**
- **بایەخدان بە ئەدەبی میللی و کەلەپووری نەتەوەیی و دابونەریتی ئاسایی.**
- **بەگرنگ زانینی هۆشیاری نەتەوەیی.**

ئەگەر مرۆڤ بە وردی سەرنجی ئەو لایەنانە بدات بە دووری نازانی ئەم ڕێبازە لە چوارچێوە جیهانبینیە گشتییەکەیدا بخاتە نێو جیهانی ئەو ڕێبازەی بەئایدیالیزم و ئایدیالیستی ناودەبرێ و جۆرە دابڕان و دوورە پەرێز وەستان و نامۆییەك بەرامبەر بەواقیع دەبینێ، خەسلەتێك کە سنوور لەنێوان ژیرەکی و ناژیرەکیدا، (ڕاتسیۆنال و ناڕاتسیۆنال) نابینرێ و ئازادی و سەربەستی دوو چەمکی دابڕاو لەڕەوتە مێژووییەکەیان و دوور لەپابەندی کۆمەڵایەتی دێنە بەرچاو.جگە لەوەی فۆرم و ڕوخساری ئاسایی بابەتی بیر بە گشتی و ئەدەب بەتایبەتی دووچاری شکەستی دێن.

جیاکردنەوەی فام(ژیر) لە هەست و سۆز و هۆش کەجۆرە دوو رەنگییەك نیشان دەدات، ئەو جیاکردنەوەیەی کلاسیك و ڕۆمانتیك لێك جیادەکاتەوە، لایەنە سایکۆلۆجییەکەی ئەم بزووتنەوەیەی دوایی نیشان دەدات. فام و ژیر نیشانەیەکی بابەتی کلاسیکن و ئەوی تر هی ڕۆمانتیك.بایەخدان بەلێریك و مۆزیك و ئەدەبی نەتەوەیی و جۆرێکی



تایبەتی ئازادی ڕاستی ئەم قسەیە ساخ دەکاتەوە.لایەنێکی مێژوویی، ڕەوشی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی ئینجا فەلسەفەی ئەوسای ئەوروپا ڕێگای پەیدابوونی ئەم ڕێبازە ئەدەبییەی خۆش کردووە، سەرەڕای بیرو باوەرەکانی شۆڕشی مەزنی فەرەنسا کە دروشمی ئازادی و یەکسانی و دادپەروەریی بەرزکردبۆوە و ببوە مایەی گۆڕینی جیهانبینی سیاسی و فەلسەفی سەردەمی خۆی و ئاوی کردۆتەوە ژێر چینی فیودالی دەست ڕۆیشتووی سەردەمی خۆی و بەهاری سەرهەڵدانی چینێکی تری پێشکەوتووی کۆمەڵایەتی هێناوە.لەم بارەیەوە دەکرێ تا ڕادەیەك ڕۆمانتیك بە پێشکەوتنخواز دابندرێ لەوەدا کە لەچاو کلاسیك ڕابردووی پشتگوێ خستووە و ئێستای بە گرنگ داناوە تا ئەو ڕادیە بکرێ ببێ بە بنەمایەك پاشە ڕۆژێکی باشتری لەسەر دابمەزرێندرێ.ئەگەر بە لای کلاسیکییەکانەوە ڕابردوو (بەتایبەتی ئەدەب و کەلەپووری یۆنان وڕۆمان) بایەخدار و گرنگ و پیرۆز بووبن بەلای ڕۆمانتیکییەکانەوە شتێك بایەخدارو پیرۆز دەبێ ئەگەر ببێتە مایەی بنیاتنانی پاشەرۆژێکی باشتر، باشتر بە بۆچوونی خۆیان.پاشەرۆژێك لە کۆت و پێوەندی ڕابردوو دابونەریتە بەساڵاچووەکانی کۆمەڵایەتی ڕزگاری بووبێ و بەندبێ بە ئازادییەکی بێ سنوور و بێ پابەندی و ئازادییەك جڵەوی هەست و سۆز و خەیاڵ شل بکات!

ئەدەبی ڕۆمانتیکی پشت بە هەست و سۆز و ناخ و چاوی دڵ دەبەستێ ئەمانەش هەموویان چ بە جیاو چ بەیەکەوە تان و پۆی مرۆڤی تاك و تاکە کەس پێك دەهێنن بۆیە لەلایەنی جوانی و ئیستاتیکدا باسی پێکەوە گونجاوی فۆرم و ناوەرۆك کراوە.ئەو پرسیارەی بەبیردا دێت، ئایا ڕۆمانتیکییەکان کە بایەخ بە هەست و سۆز دەدەن و لایەنی تایبەتی ژیان و کۆمەڵگا و دابونەریت بەشێوەیەکی دیارو و بەرچاو دەردەخەن مەبەستیان ڕێزلێنانی مرۆڤە یاخود

كەمكرنەوەی بایەخی مرۆڤ و بەكەم زانینیەتی؟ گومان لەوەدا نییە هەڵوێستی ڕۆمانتیكییەكان بە گشتی بەرامبەر ژیان و كۆمەڵگا و هەموو لایەنەكانی تری شارستانییەت، هەڵوێستێكی ناڕەزایی دەربڕین و ناكردن بووە، ئەگەر ئەمە لەڕادە و سنورێكدا ڕەوا و جۆرە ((شۆڕشگێرییەتیەكی)) نیشان دابێ ئەو ئامانجەی لە مێشكیاندا بووە و ئەو ئامرازەی گرتوویانەتە بەر بۆ پێگەیشتنی پتر خۆیان و بزووتنەوەكەیان خستۆتە نێو دنیای یوتوپی و ئەندێشە و خەیاڵ و كراسی واقیعیەتی لەبەر داكەندوون.

ڕەتكردنەوەی زۆر و جەور و نیشادانی لایەنە ناحەزەكانی ژیان و لەسەر كردنەوەی مرۆڤی ڕەش و ڕووت و لێقەوماو بە بێ ئامانج و پلان و نەخشەیەكی واقیعییانە كە ڕەنگی ڕەوش و دوا ڕۆژێكی باشتری ڕشتبێ، تەنیا لەچاوچێوەی مرۆڤ دۆستی و حەز و ئاوات ناچێتە دەرەوە.باشە ئەگەر ئەمە نابێ وابێ، ئەبێ ئەركی سەرشانی ئەدەب لەمە بەلاوە چی بێ؟ ئەگەر شتی تری پێ بسپێرێ ئەدەب دەمێنێ یاخود دەبێ بە شتێكی تر؟

سروشت كەرەستەیەك نییە وەك سیاسییەكان دەڵێن دەبێ كۆنترۆڵ بكرێت و دەستی بەسەر دابگیرێ، بەڵكو بابەتێكە وەك شاكارێكی هونەریی جوانییەكانی بەهۆی شیعر و هونەرەوە لێی بكۆڵرێتەوە، گرێ كوێرەكانی بكرێنەوە و لایەنە تەمومژاوییەكانی ڕوون بكرێنەوە بەبێ ئەوەی ئەو هارمۆنییە ئەزەلییەی تێیدایە بشێوێنرێ. شاعیر، هونەرمەند، لەگەڵ لێكۆڵەرەوەی سروشتی هەر سێكیان بەیەك زمان، بەزمانی سروشت دەدوێن! ئەم هەڵوێستە لەبارە دەربارەی سروشت وای لەڕابەرانی ڕۆمانتیكی كردووە ڕوو بكەنە لادێ و لەنێو دانیشتووانی گوندەكاندا، لەمابەینی وەرزێر و جوتیاراندا پالەوانانی بەرهەمەكانیان هەڵبژێرن.

٥- هەر كە مرۆڤ بیر لە بنەما فەلسەفەییەكانی ڕێبازی ڕۆمانتیك دەكاتەوە یەكسەر چەندبابەتێك لە شێوەی پرسیاردا لە دڵ و ناخ و مێشكدا دەورووژێن وەك:



پشت ئەستور بەو لێكۆڵینەوەی نۆڤالیس ساڵی ١٧٩٨ ز لەكتێبی ساڵانەی شانشینی پروسیدا لەژێر ناونیشانی: بروا و خۆشەویستی یاخود شا و شاژن[(٩)]دا لەبارەی پێوەندی نێوان سیاسەت و ئەدەب و هونەر بڵاوی كردۆتەوە جارێكی تر تیشك خراوەتە سەر ڕۆڵی سیاسی و ئایینی و كۆمەڵایەتی و ئەدەب و هونەر و دەور و ئەركی سەرشانی ئەدیب و هونەرمەند لە ژیانی كۆمەڵگا و مرۆڤ و شارستانییەتدا.بۆیە سەیر نییە كە جارێكی تر و چەندین جاری تر دەربارەی پێوەندی ئەدەب و كۆمەڵگا پرسیار بكرێت، هەوڵ بدرێت بزانرێ ئایا شاكارێكی سەركەووتوانەی ئەدەبی و هونەری ئەنجامی بلیمەتی و خامەڕەنگینی ئەدەبی و هونەرمەندییە، یاخود چەند هۆكاری جۆراو جۆری كۆمەڵایەتی و ژینگە و ڕێژیم و سیستەمی سیاسی و كۆمەڵایەتی وئابووری كۆمەڵگا كەوتۆتەوە؟ تا چ ڕادەیەك ئەو داهێنانە پێوەندی بەقانوونە باو و ئایینە ڕەسمییەكەی گەل و دەوڵەتەوە هەیە؟ ئایا ڕاستە كە دەوترێ ئەدەب وەك ئاوێنەیەك وێنەی كۆمەڵگا و پێوەندییە كۆمەڵایەتییەكانی تێدا دەبینرێ؟ ئەگەر كلاسیكییەكان جۆرە پێوەندییەكی دەستیاوی نێوان ئەدەب و هونەر و ژیان و ژینگە و كۆمەڵگایان دووپات كردبێتەوە دەبێ بۆچی ڕۆمانتیكییەكان ئەدەب و بەرهەمی ئەدەبی و هونەری توند و تۆڵ بە كەسایەتی و ناخ و دەروون و جۆری بیركردنەوەی خاوەنەكەیەوە ببستنەوە؟

هەر چۆنێك بێت ئەو وەڵامەی بە هۆی توێ توێ كردنی بەرهەمەكانی لایەنگر و ڕێبازی ڕۆمانتیكیەوە دەدرێتەوە، هەموو شاكارێكی ئەدەبی و هونەری و فەلسەفەیی وەك نەمامێك لە سێبەری ئازادیدا گەشە دەكات ئەویش ئازادی خاوەنەكەیەتی، ئازادی خامە و پەرەمووچ و جۆری بیركردنەوەیەتی، ئەم ئازادییە وە نەبێ بە بێ چەند و چۆن و بێ هەل و مەرج بێ! هیچ كاتێك سەربەستی، ئازادی بریتی نییە لەسەربەخۆییەكی

خەیاڵاوی بێ پەیوەست و بێ سەروبەر، ئازادی هیچ کاتێك بەبێ پابەند بوون بەو قانوون و هۆکارانەی بارودۆخی ئازادی داهێنەریان پێ دەوترێ، لەخەیاڵ و ئەندێشە بەلاوە نییە.دوورەپەرێزی و گۆشەگیری، ئەگەر جۆرە هەڵبژاردنی خۆیەتی و دیاریکردنی هەڵوێستی تێیدا بەدی بکرێت لە خۆیدا جۆرە کۆت و پێوەندێك دەکاتە دەست و قاچی ئازادی خۆی. ئەو ئازادییەی مرۆڤی ڕۆمانتیکی وێڵە بە دوایدا ئەنجامی کارکردن و کۆششی بەردەوام و نەپساوەی مرۆڤ و چین و توێژێکی کۆمەڵگایە کە ئازادانە ئەرکی کارکردنیان لە پێناویدا گرتۆتەوە ئەستۆ و خەباتیان لە پێناودا کردووە.گۆشەگیریی و دووره پەرێزی نەك هەر زیندەبەچاڵکردنی داهێنانیان لێ دەکەوێتەوە، بەڵکو ئازادییەکەش خەفە و سەرکوت دەکەن. ئەدەب و هونەری سەرکەوتوو کاتێك دەبن بە ئاوێنەی بێ گەردی ژیان و کۆمەڵگا کە لە ناوجەرگەی ئێش وئازارو ئەشکەنجەی کۆمەڵگادا چرۆیان کردبێ و ببنە مایەی لابردنی ئەو ئازار و ئەشکەنجەیە بە پێی ئەو ئامراز و توانا و ئەرکەی کە کەوتۆتە ئەستۆی ئەدەب و هونەر و داهێنەرانیانەوە.

ڕێبازی ڕۆمانتیکی ئەڵمان لە پاوانی ئەدەبدا بە گشتی، تابلۆیەکی ڕەنگاوڕەنگە بە هەموو کەرەسە جۆربەجۆرەکانییەوە لە لایەن پەرەمووچی چەندین شۆرەسوار ڕەنگی ڕێژراوە[١٠]، وەك یان پاول، هولدەرلین، نۆڤالیس، شلیگڵ، تییك، برێنتاند، کلایست، ئی.تی.ئەی. هۆفمان و ئایشن دۆرف ئینجا ئەو ئەدیب و نووسەرانەی پتر بە لایەنی فەلسەفەدا شکاندوویانە، گۆتە، شیللەر وهاینە.

لە جیهانی فەلسەفەدا گۆرینی سەرتاپاگیرانە بەسەر ئەم تابلۆیە ڕەنگینەدا هێنراوە ئیتر لەروخساردا بێ یاخود لە ناوەرۆك و ئەو بابەتانەی کراون بە کەرەسە و ئەو تەلاری جیهانبینییە سەرتاپاگیرە و بەرین و بەرز و فراوانەی لێ پێك هاتووە کە بەناوی فەلسەفەی ڕۆمانتیك لەسەردەم و



شوێنی دیاریکراودا وەك نەمام شین بووە، گەشەی کردووە هاتۆتە بەر، جگە لەو سێبەرە دڵگیرەی کە هەندێ شوێنی گرتۆتەوە.ئەگەر مرۆڤ، بشێ، چاو لە هەندێ فاکتەر و مەرجی گریمانەیی و کات و شوێن بپۆشێ، ئەگەر ئەمە بلوێ و بشێ دەکرێ کێرکیگارد، بۆدلێر، فرەدریك نیتشێ ئینجا تا رادەیەك هەندێ بەرهەمی شۆپنهاوەر، شلیگل-فەیلەسووفی جوانناسی-، بەڕابەرانی ئەم ڕێبازە فەلسەفییە دابندرێن.

ئەو بیرو بۆچوونانەی لەبارەی: مرۆڤەوە وەك تاك و ئەندامی کۆمەڵگا، جەوهەری خاوەن هەست و سۆزو ئینجا ژیر، ڕەب و ئایین و نەمریی و رۆڵی ئایین لەکۆمەڵگا و ژیاندا، بوون و نابوون، مردن وەك چەمك و ڕەووداوێك لەلایەکەوە سەرسورهێنەرە و لەلایەکی ترەوە لە لای ئەولای هاوکێشەی هاتنە دنیاوە، کردار و ڕەوشت و ریوشوێنەکانی ئاکارو و ئاکار لە خۆیدا و ئەو پێوەندییەی بە چەمکی ئازادییەوە هەیەتی، ئایا دەکرێ ئاکار بە بێ خواست و خواست بە بێ ئازادی بیریان لێ بکرێتەوە؟ ئەمانە و چەندین بابەتی تر، ئیتر بە لای مرۆڤەوە پەسند بن یان، ئەو وەڵامانەی داویانەتە دەست، تا چ رادەیەك لە ئاستی پرسیار و سەردەمی خۆیان و بابەتەکەدا بوون، سەرەرای ئەمانە، دەوری ئەو فەیلەسوفانە و ئەو بەرهەمانەی پێشکەشیان کردووە دەکرێ بە چەندین چەپکە گوڵی بۆن خۆش دابندرێن کە خراوەنە سەرخەرمانی بیرو کولتور و شارستانی مرۆڤ.بە بۆچوونی من فرەدریك نیتشێ لەچەند بەرهەمێکدا بە گشتی و لەکتێبی شاکار ئاسای(ئاوەها گوتی زەردەشت)شۆرەسوارێکی چاپووکی گۆرەپانی فەلسەفەی ڕۆمانتیکیە. گەرانەوە بۆ سروشت، بۆ باوەشی دایکێکی دلسۆز، بەنشێو ودۆڵ و چیایەوە، پشت کردنە شارو و جەنجاڵ و سەرقاڵییەکەی، دانانی فاکتەری شارستانییەت و زانست وەك(هەنگوینێك کە لەشانەکانەوە دەرژێ و چاورێی دەستێك دەکات

لەشانەکان دەربیهێنێ و لەکۆڵی بکاتەوە) ئینجا داواکردنی جارێکی تر پیاچوونەوە و چاوخشاندنەوە بە دابونەریت و ڕێوشوێنەکانی ژیان و بنەماکانی ئاکار کە ئەو چاوخشانەوەیەی جارێکی تر بەهەڵسەنگاندن و نرخاندن وداڕشتنەوەی هەموو بەهاو نەریتەکانی داناوە، لەگەڵ ئەو هەڵوێستە ڕاشکاوەی کە بەرامبەر بەئایین، وەك دیاردەیەکی کۆمەلآیەتی، هەیبووە و چون باسی(ڕەبی) کردووە[١١]. جگە لەو هەموو بابەت و بیروبۆچوونە بە پیت و پێزانەی لەم شاکارە ئەدەبییە- فەلسەفەییدا بەرچاو دەکەون، سەر بەجیهانی ڕەنگاو ڕەنگی ڕۆمانتیکین.

هەڵبژاردنی ناوی زەردەشت بۆ ناونیشانی بەرهەمەکە خۆی لەخۆیدا مانا و هێمایەکی تایبەتی نیشان دەدات.

نیتشتێ کەلەکۆمەڵگایەکی ئەوروپایی ئەڵمانی زمان و مەسیحی ئاییندا گۆش کراوە و بەرچاوی خۆی ئەو گۆرانکارییە سەرتاپاگیرانەی دیوە کە بەهۆی شۆرشی مەزنی فەرەنسا و ئینجا شۆرشی سنعات و ئابووری و پیشەسازی لەسەرانسەری ئەوروپا کەوتوونەتەوە و ڕەنگ و روخسار و ناوەرۆکی ژیانیان گۆریوە و ئەو شارستانیەتەیان لێ پەیدا بووە کە سەدەی نۆزدە نیتشێ تێیدا ژیاوە کەچی هاتووە چەندین سەدە بەرەو دوا رووی لە ولآتی ئارییەکانی رۆژهەلآتی ناوەراست کردووە و پەنا و دەخیلی بردۆتە بەر پەیامبەرێکی رۆحانی کەبە هەموو پێودانگێك، (بێ گومان بەلەبەرچاو گرتنی باروذۆخ و فاکتەرە جۆراوجۆرەکان هەر لەکۆمەلآیەتی و ئایینی و ئابووری و سیاسییەوە تا دەگاتە فەلسەفە و لاهووت)، ناکرێ لەگەڵ هەر سێ دیاردە کۆمەلآیەتییەکەی تر (سێ ئاینەکە)بخرێتە نێو دووتای یەك تەرازووە.راستە و بەهیچ جۆرێك گومان هەلناگرێت ڕێوشوێنی زەردەشت فرەرەنگییەو، ئەمەش لەخۆیدا بنەمایەکە ژیانی یەکسانی و داد و دیموکراتی و ئازادی لەسەر دادەمەزرێ



بە پێچەوانەی یەك ڕەنگییەوە کە هەرچی هەیە و نییە تا دەگاتە فرمان و ئەرك و فرمایشت و دەسەلآت لەدەستی تاکە یەك ڕەنگێك کۆدەکاتەوە و بەردی بناغەی تەلاری ئەو دیاردە کۆمەلآیەتی و ئابووری و سیاسی و ئایدیۆلۆجییە ڕەنگ دەرێژێ کە لە جیهانی پان و بەرینی سیاسەتدا بە دیکتاتۆری دادەنرێ، ئەوا، ئەگەر ڕەوت و پرۆسەی نەسرەوتی بەرو پێش چوونی مێژووی شارستانیەت لەبەرچاو بگرین، یەك ڕەنگییە ئایینییەکە لەخۆیدا لە روانگەیەکی دیاریکراوەوە، لەچاوی ئەوی پێش خۆی کە دەکرێ بەدوو ڕەنگی- فرە ڕەنگی نیشان بدرێت، جۆرە پێشکەوتنخوازییەك بەمانا سیاسیەکەی، دەبینرێ لاری لەوە نییە کە هەنگاوێك لە هەنگاوە پێشکەوتنخوازەکانی ئایینی ئیسلام، هەر لەگەڵ دەرکەوتنییەوە سیستەمی باوی بەندو کۆیلایەتی تا رادەیەك هەڵوەشاندەوە، لەجێگاکەیدا بێ گومان دوای پرۆسەیەکی درێژخایەنی پر لەرووداو و کارەسات، هەرلەکوژرانی سێ خەلیفەکەوە تاوەکو شەری کاولکاری قڕانکاری نێوان بەنی ئومیە و لایەنگرانی خەلیفەی چوارەم تا دەگاتە رووخانی دەسەلآتی ستەمکار و نەتەوەپەرستی بەنی ئومیە، نەتەوەپەرستییەك کەبەند بووە بە بنەمای تیرەگەری و خێڵەکییەوە و لەعەرەب بەولاوە میللەتانی تر بە چاوێکی رێز لێ نەنانەوە سەرنج دراون، ئینجا دامەزراندنی دەسەلآتدارێتی عەباسییەکان، کۆیلایەتی گورزی جەرگبڕی لێ وەشێنراوە دەرەبەگایەتی بەشێوە و ناوەرۆکە جیاوازەکانییەوە وەك چین و دەسەلآت خەت و خاڵی دەدران. ئەم گۆرانی دەوران و دەسەلآت و چین و توێژ و ڕێژیمە لە خۆیدا جۆرە پێشکەوتن و بەرو پێش چوونێك بووە، بەلآم ئەم پرۆسەیە جارێکی تر، دوای ئەوەی چینی نوێ بە تەواوەتی خەت و خاڵی داوە، دووچاری کۆسپ و تەگەرەی تری چەندی و چۆنیەتی بووە کە باسکردنیان لە چاچێوەی ئەم نووسینە دەچێتە دەرەوە.

دوور نییە لێرە ڕەخنەیەك لە چواچێوەی گازەندەو پرسیار و ڕوونکرنەوەدا بێتەپێشەوە کە دەکرێ بەم شێوەیە دەربڕدرێ: ڕاستە سێ خەلیفە کوژران و ئینجا لەسەر کورسی خەلافەت بەهەزاران سەحابی، لەشەری خوێناوی نێوان معاویە و عەلی کوری ئەبی تالبدا کوژران و لەدوایدا معاویە و دارو دەستە و ئەوانەی لەدوایەوە هاتن ئایینی ئیسلامیان بە لای سیاسەتدا بردو ئەو شتە کەوتەوە کەبە ئیسلامی سیاسی دادەنرێ و ئایینەکە کرا بە ئامرازێك بۆخزمەتکردنی دەسەڵات و مەرامی سیاسی و مەسعودی وتەنی (معاویە اول ملك فی الاسلام) جۆرە ڕێژیم و دابونەریتی پێچەوانە بە هەلبژاردن و(أمرهم شوری) جێگیر کرا، بەڵام لەگەڵ ئەم هەموو دیاردە نالەبارو سەدان دیاردەی تری نالەبار، ناکرێ ئەم پرۆسە و قۆناخە و گۆرانە تەنیا هەر لە ڕوانگەیەکی تایبەتیەوە سەرنج بدرێت و بە پێودانگێکی مەبەست پێشەکی ئاشکرا هەڵبسەنگێنرێت.ڕاستە دیاردەو کرداری نالەبار زۆر بووە، هەر لە سەردەمی بەنی ئومییەوە پرۆسەی ناڕەوا بە بێ ویژدانانە کە بە(عەرەبکردن ناسراوە) دەستی پێکردووە و کوشتن و لەسەردان و ژیان لێ ستاندن سووك و ئاسان بووە و ژیانی مرۆڤ و مرۆڤ خۆشی ئەو بایەخ و نرخەی نەبووە کەشایستەیەتی، بەڵام لەدوای ئەمانەوە هەمووی دیاردەی گەش و پرشنگدار دەبینرێ، ئەگەر لە ڕوانگەیەکی فراوانتر و بە پێودانگێکی فەلسەفەیی هەڵبسەنگێنرێن. ئەو مەرجە دیاردەیەی لێرەدا مەبەستە بەشێوەیەکی تایبەتی، دیاردەی فرەرەنگی و یەکرەنگی، ڕۆلی هۆکاری ناوەکی و دەرەکییە لەم پرۆسەیەدا.

٦- لەگەڵ هاتنی ئایینی نوێ بۆ وڵاتانی تری دەرەوەی نیمچە دوورگەی عەرەب، گۆڕان و تێکەڵاوبوون و هاموشۆ بە شێوە جۆراوجۆرەکانیانەوە کەوتنەوە، لە بواری ڕۆشنبیریدا زۆربەی کە لە پووری نەتەوەکانی تر کران بەعەرەبی، دەرفەت بۆ تاقمە کەمە خوێندەوارەکە هەڵکەوت بە زمانی



عەرەبی- زمانی لاتینی ڕۆژهەڵات ئاگاداری کەلەپوور و دابونەریتی میللەتانی تری تازە بە موسلمان بوو بن. فەلسەفەی یۆنانی پترپەرەی پێ درا، شان بەشانی ئەو فەلسەفەیەی لەرۆژهەڵاتدا بە هۆی هێرشەکانی ئەسکەندەرەوە پەیدا ببوون کرا بە عەرەبی و گۆڕانی بەرچاو کەوتەوە. لە لایەکی ترەوە وەك کاردانەوەیەك لە بەرامبەر ئایدۆلۆجی و دۆگم و سیاسەت و دەسەڵات و فەلسەفەی یەك ڕەنگی، جۆرە فرەرەنگییەکی بە پارێزو لە چوارچێوەی هەبووی دان پیادانراودا دەرکەوت و گەشەی کرد و خەت و خاڵی دا ئەویش:- پەیدابوونی هەردوو مەزهەبی سوننەو شیعە، دابەشبوونی مەزهەبی سوننە لە ناوخۆیدا ئەوسا بە چوار ڕێبازەوە و شیعە بە دوو ڕێبازەوە. ئەمە چی دەگەیەنێ؟ یەك ڕەنگی، ئەگەر چی هێزو دەسەڵات و زەبرو زەنگیشی لە پشتەوە بێ، ناتوانێ تاسەر ڕێگا لە هەمەرەنگی و کراوەیی و کەش و هەوای ئازادی بگرێت. ئەوەتا لە سەردەمی عەباسییدا و لە ناوجەرگەی ڕێژیمی فەرمانرەوای دەرەبەگیدا هەمەرەنگی لە چوارچێوەی چەند ڕێباز و مەزهەبێکدا لە سوننەدا، شافعی، حەنەفی، مالکی، حەنبولی، ئێستاش وەهابی و لەشیعەدا(جەعفەری دوانزە ئیمام) و ئیمامیەت دەرکەوتن و خۆیان سەپاند و وەك ڕاستی و ڕاستەقینەیەك دانیان پێدانرا. ئەمە هەمووی ڕاستە.لاریش لەوە نییە کە ئەم گۆرانە بە تایبەتی لەلای هەندێ ڕێبازدا ئەو پەڕی سەلەفی و کۆنە پارێز بووە.بەڵام لە خۆیاندا هەر گۆران بوون و جۆرە ڕەتکردنەوەیەکی بە پارێزی قۆناخ و بیر و ئایدیۆلۆجی پێش خۆیانیان دەرخستووە. باشە چۆن کۆێرەوەی موعتەزیلەو قەدەغەکردنی ئازادی بیرو لێکۆڵینەوەی ئازاد لێك دەدرێتەوە و پاکانەی بۆ دەکرێت؟ چۆن ئەم پرۆسەیەی بۆ دواوە گەرانەوەیە کەلە لابردنی ئبن رۆشددا گەیشتە ئەوپەری، لێك دەدرێتەوە؟ لەژێر سێبەری یەکتایی و دەسەڵاتی زەبرو زەنگی یەك

رەنگی پشت ئەستوور بە لێکدانەوەیەکی سیاسی باوەر و ئایین، ئەوا فرە رەنگی، پێشەنگی ئازادی و داد و یەکسانی و دیمۆکراتی ئەگەر چی دەڵەمەییش بێت خۆی لە فرە رەنگی مەزهەبدا پیادە دەکات.ئەم بزووتنەوەیە لە گۆڕەپانی ئەدەبدا لە هەندێ بەرهەمی نووسەرانی ئەو سەردەمەدا بە رادەیەکی نیمچە ئاشکرا بەدی دەکرێت. لە بواری سیاسەتیشدا خۆی لەو بزووتنەوە رقەبەرییەدا نواندووە کەبەشێوەی جۆراو جۆر تیۆری ئیمام و ئیمامیەتی توێ توێ کردووە و لە مەرج و بابەت و ئەرك و رۆلەکەی کۆڵیوەتەوە و ئینجابەرەنگاری ئەو بزووتنەوە کۆنە پارێزە سەلەفییە بووە کەلە لای ئبن تەیمیە و مەلا سەلاحی شارەزووریی هاتە بەرو فەتوای قەدەغەکردنی لێکۆڵینەوەی ئازاد و فەلسەفە و مەنتیق درا.کەوا بوو چۆن ئەم هەڵوێستەی نیتشێ لێك دەدرێتەوە؟ ئەو سێ ئایینە گەردوونیە، بەتایبەتی مەسیحیەتی فرەرەنگی ئەوروپا بخاتە لاوە و بگەرێتەوە بۆلای زەردەشت؟ ئایا ئەو هەڵوێستەی ئەم فەیلەسووفە کام لایەنی لێ دەکەوێتەوە؟ ساخی دەکاتەوە نیتشێ رابەرێکی فەلسەفە و بابەتی رۆمانتیکییە یاخود رەخنەگری ئەم رێبازەیە؟ ئایا، گەر بشێ باری فەلسەفە بە سیاسەت قورس بکەین، تا چەند ئەم هەڵوێستە گریمانەی تیشکدانەوەی تیۆری زانین ساخ دەکاتەوە کە دەلێ، فەلسەفە لەبابەت و لە ناوەرۆك و رێبازیدا لە لایەن خەبات و تێکۆشانی چینایەتی سەردەمی خۆی خەت و خاڵی پێدەدرێ و رەنگی دەرێژرێ؟ ئەو نارەزاییەی نیتشێ بەرامبەر بە ئەدەب و فەلسەفە و سیاسەت و کولتووری سەردەم، هاوچەرخی خۆی نیشانی داوە تا چ رادەیەك کەسێتی خۆی و پێوەندی بە بزووتنەوە رۆمانتیکی نیشان دەدات و بە گشتی چ دەگەیەنێ، چۆن لێك دەدرێتەوە؟ نیتشێ چاوەرێی هاتنی مرۆڤی پاشەرۆژ دەکات، ئەو مرۆڤەی خەسڵەتی تایبەتی تێدایە لەگەڵ هەل ومەرج و پێداویستیەکانی ژیانی دوا رۆژدا



دەگونجێ، مرۆڤێك جۆرە پەرەسەندنێك پەیدای دەکات، یاخود وەك خۆی دەلێ:مەیموون، گۆریلا، پەرەی سەندووە بووە بە مرۆڤ، مرۆڤی ئێستاش پەرەدەستێنێ و سۆپەرمان پەیدا دەبێ، ئەو مرۆڤەی پاشەرۆژ بە خۆی و خەسڵەت و کەسایەتییەکەی و ئەو رۆلەی لە هەموو بوارەکانی ژیاندا پێی دەسپێردرێ، تا چ رادەیەك دەکرێ لەگەڵ ئەو چینە نوێیەی-ئەندامەکانی ئەم چینە- کەلە منداڵدانی چینی سەرمایەداری گۆش دەکرێ و خەسلەت و کەسایەتی و رۆلی خۆی هەیە دەکرێ بخرێتە دوو تای یەك تەرازووەوە؟ ئەوە نییە چینی پرۆلیتێر راست و چەپکێك بەسەر رابردوودا دەهێنێ هەروەك چۆن سۆپەرمانی نیتشێ شەرم لەدوێنێ و رابردووی خۆی دەکات!؟ ئەگەر بنەمای کۆمەڵگای نوێ لە چینێکی نوێ پێك بێت، لەلایەکی ترەوە کۆمەڵگای دواتریش لە مرۆڤێکی نوێ دروست دەبێ دوو کۆمەڵگا یەکێکیان بەچینی نوێ وئەوی تر بەمرۆڤی نوێ پشت دەبەستێ؟ چۆن هەڵوێستی نیتشێ بەرامبەر بەسیاسەت بەگشتی و بەسۆسیالیزم وەك سیاسەت و سیستەمێکی تیۆرییانەی سەردەمی خۆی روون دەکرێتەوە؟ **ئایا راستە وەك نیتشێ وتوویەتی سۆسیالیزم برێتییە لە دیمۆکراتێتی نانە شەکرە و قەمچی بەیەکەوە[١٢]؟!**

٧- بە باوەری من ئەم هەڵوێستەی نیتشێ کە دەکرێ تا رادەیەك نامۆ بێتە بەرچاو لە چەندین هۆکار و فاکتەر کەوتۆتەوە، هەندێکیان پێوەندییان بە کەسایەتی خۆی و جۆری پەروەردە کردنەکەی و ژیان و ئەو دەوروبەرو سەردەمەوە هەیە کە تێیاندا گۆش کراوە، ئەوانی تر توندوتۆڵ بەفاکتەر و هۆکاری کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و ئایینییەوە بەندن. ئەو یەکەم کەس و تاکە کەس و دوا کەس نەبووە کە بروای بەم بنەمایانە نەبێ کە قەشە و ئابۆنە و لاهووتییەکانی مەسیحی ئەوروپا دایانناوە و داویانەتە پاڵ عیسای کوری مریەم. پێم وابێ ئەگەر عیسا جارێکی تر زیندوو بێتەوە و

ببینێ و ببیستێ چی بەسەر ڕێو شوێنەکانی هاتووە ئەگەر لەنیتشێ پتر بێزاری دەرنەبڕێ ئەوا بە لای کەمەوە بێبەری خۆی لەو ئایینە بەناو مەسیحییەی ئێستای ئەوروپا ڕادەگەیەنێ,نیتشێ مامۆستای فەلسەفە و ئاگادار لە مێژوو شایەدی سەدەکەی سەردەمی خۆی، ئەنجامەکانی شۆڕشی مەزنی فەرەنسا-ئەوروپا و ئەو کارەساتانەی لە پەرەسەندنی پیشەسازی و لاوازبوونی سیستەمی فیوداڵ و سەرهەڵدانی سەرمایەداری و گۆڕانی ژیانی شار و لادێ و سیاسەتی نالەباری کاربەستانی ئەوسای ئەوروپا کەوتۆتەوە، کاریان بە جۆرێك لێ کردووە تەنیا لای تاریك و نالەباری پرۆسەی گۆڕان و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی سەردەمی خۆی ببینێ.ئەگەر لە سەردەمی کۆنی یۆناندا دیمۆکراتیەت سوکراتی ژەهر خواردوو کردبێ، لەسەردەمی نیتشێ دا و ئینجا دوای ئاشبەتاڵی و هەرەسهێنانی ڕێبازی فەلسەفەی ئایدیالیستی ئەڵمان، دوای کۆچی دوایی هیگڵ ساڵی ١٨٣١ بە دەیان ڕووداوی لەوەی سەردەمی یۆنان نالەباتری لێ کەوتۆتەوە. لێرەوە دەکرێ نیتشێ، لە هەندێ نووسین و هەڵوێستیدا بدرێتە پاڵ ڕێبازی ڕۆمانتیك بە تایبەتی لەو هەڵوێستە ئەنتی کەپیتالیستییەی نواندوێتی و لەوەدا زۆر لایەنی ئەو سیستەمە ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتیەی ڕەخنە کردووە بەتایبەتی دابەشکردنی ئیش و کار[١٣] ئەو کارەی لە کەلتوور و ئەدەب و ئاکار و فەلسەفەدا کردوویەتی، بایەخدان بە ژیر و ئەورۆڵەی لەشارستانیەتدا دەیگێڕێ، ئەو هەوڵەی ڕابەرانی ئەم فەلسەفە بۆ ساخکردنەوەی ڕەوایی هێزو دەسەڵات و ئەرکی ژیر بە گشتی داویانە.لایەنێك لەو فەلسەفە و سیستەمە کە نیتشێ بەردەوام گازندەی کردووە و ڕەخنەی لێ گرتووە لایەنی ئاکار و ڕێوشوێنەکانی بووە جا ئەوە بێ کە لە لاهووتی مەسیحی سەردەمی خۆیاندا بووە یاخود ئەوەی پێشتر کانت لەچەند نووسینێکدا خستوویەتە بەرچاو. لەکاتێکدا کانت بە ئاشکرا کۆششی دانانی بناخەی



میتافیزیکی ئاکاری کردووەو بایەخی بە ڕۆڵی ژیرداوە، ئازادی خواست(ئیرادە)ی کردووە بە بنچینەو بنەما، لەوباوەڕەدا بووە کە هەموو بۆچوون و چەمکە ئاکارییەکان بە تەواوەتی پێشینانە لە ژیرەوە سەرچاوە دەگرن[١٤]. تاکە پێودانگی ئاکارییەتی کردار لەوەدایە هۆکارە پەلنەرەکان لەگەڵ بیرۆکەی فرمان و ئەرکی سەرشان گونجاو و تەبابن و کردار دەبێ هەمیشە بە پێی چەند ڕێوشوێنێکی گشتی هەمەکی بکرێن و لێرەشدا دەبێ پتر بایەخ بە هۆکارو ئامراز بدرێت نەك بە ئامانج و مەبەستی کرداری مرۆڤ. ئەم هەڵوێستەی کانت کە ڕێزلێنانی ژیری لێ دەکەوێتەوە و ئاکار و ڕێوشوێنەکانی بە شتێکی گرنگ داناوە لە ژیانی مرۆڤدا کێچیان خستۆتە کەوڵی نیتشێ و داوای سەر لە نوێ نرخاندنەوەی هەموو بابەت و ڕێو شوێن و بنەماکانی ئاکاری کردۆتەوە ئەوەی، بە لای کانتەوە جێگای ڕێزلێنان بووە بەلای ئەوەوە چەند بنەمایەکی بێ سەروبەر وبێ بنچینەن بەو مەبەستەن کۆنترۆلی کەسانی لەخۆیان بەهێز و دەست ڕۆیشتووتر بکەن و ڕادە و سنوورێك بۆ ئازادی کەسانی تر دابنێن.

وەك من بۆی بچم لە بیروبۆچوونی ئاکارییانەی هەردووك فەیلەسووفدا لایەنی لەبارو لایەنی نالەبار هەیە.هەردووکیان لەبۆچوونەکانیاندا دووقۆناخی جیای پەرەسەندنی فەلسەفە بەگشتی و، فەلسەفەی دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی ژیانی مرۆڤایەتی، دەردەبڕن. کانت شایەدی سەرهەڵدان و گەشەکردنی قۆناخێکە بە قۆناخی شۆڕشی ژیر ناوبراوە بۆیە ئەویش لەلای خۆیەوە تای تەرازووەکەی بەلای ژیردا لاسەنگ کردووە و ویستوویەتی میتافیزیکێکی ئاکاری پشت ئەستوور بە ژیری پراتیکی و خواستی ئازاد و بیرۆکەی سەربەخۆیی و ئازادی دابمەزرێنێ. بە پێچەوانەوە نیتشێ شایەد و قۆچی قوربانی دەستی هەمان قۆناغەکەیە، بەڵام لە سەردەمی هەرەسهێنان و گرفتاربوونی ئەم سەردەمە بە دەست چەند

كێشەیەكی كۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و لاهووتی و فەلسەفەییەوە، سەرەڕای ئەوەی بە ئاشكرا پێی لێدەنێ و دەڵێ لەتوانادا نییە وەڵامێكی ڕێكوپێك و چارەسەرێكی زانستی ئەو كێشە سەرنووس و چارەنووس سازانە بداتە دەست.ئەمەیە مەبەست لە بۆچوونی لۆكاچ كەباسی سەردەمی ئیرەتسیۆنالیزم دەكات(١٥). بەباوەڕی من بڕیار و حوكمەكەی لوكاچ جۆرە بەلاداشكانێكی بەلای ڕێبازێكی سیاسی تێدایە و هەر لەسەرەتاوە پشتی بە چەند بنەمایەكی سیاسی بەستووە بۆئەوەی بگاتە ئەو بڕیار و حوكمەی كە پێی گەیشتووە.وا بزانم كەسێك كە شارەزایی لە مێژووی فەلسەفە هەبێ لاری لەوە نییە كە هۆكاری ئابووری لە لای نیتشێ و ئینجا پێشتر لە لای كانت هەرگیز ئەرۆڵە سەرەكییەی نەگێراوە و هیچیشیان لایەنگیری ڕێبازێكی دیاریكراوی سیاسی نەبوون و ئەمە هەر نە مەبەستیان بووە و نە بەبیریاندا هاتووە.ئەو گازندەیەی لە لایەنی نالەباری هەردووك فەیلەسووف دەكرێ ئەوەیە هەردووكیان بە شێوەیەكی ڕەها بابەتەكە هەڵدەسەنگێنن.ڕاستە بنەمایەك كە گەیشتە ئاستی قانوون خەسڵەت و چواچێوەی ڕەهای پی دەبرێ و دەبێ بێ قەیدومەرج لە لایەن پاشا و گەداوە ڕێزی لێ بگیرێ.بەڵام لە چواچێوە و ئاستە تایبەتییەكەدا هەموو بنەماكانی ئاكار، وەك بابەتەكانی تری بیروژیان، پابەندی بنچینەی ڕێژەیین.ئەوی لە قۆناخی پێشتر باش بووە دوور نییە ئەمرۆ بە چاوێكی تر سەرنج بدرێت. ئەو كردارانەی ئەفلاتوون بەزمانی سوكرات دەیانگێڕێتەوە و بەچاكەكاری و ئازایەتی و خێرخوازی دایناون ئەمرۆ مرۆڤی سەردەم بە چاوێكی ترەوە لە ڕوانگەیەكی ترەوە سەرنجیان دەدات و بەپێودانگێكی تر هەڵیان دەسەنگێنێ. لەسەردەمێكدا دزی و ڕێگریی و پیاوكوژیی ستایش كراون كەچی ئەمرۆ بەتاوان دادەنرێن. ڕێژەیی ئاكار ڕاستییەكە لاری هەڵناگرێ.



دوو هەڵوێستی بەرامبەر بە ژیر و ئینجا دوو ئەنجام و دوو فەلسەفە و دوو جیهانبینی ئەوپەڕی لەیەكتری جیاواز:

كانت لە سەردەمێكدا ژیاوە و دەستبەكار بووە سەرەتا و گەشەكردن و بەتینبوونی قۆناخێك بووە تێیدا ژیر كراوە بەسەرپشك و چاوەڕێی ئەوەی لێ كراوە بە هۆیەوە ئەو ئامانجە بە دەست بێت كە سەرمەشقی ئامانجەكانی بوون و ژیان و مرۆڤ بووە. ئەو هەڵوێستەش لە فەلسەفەكەیدا بە گشتی و لەتیوری زانین و میتافیزیك و هونەری جوانی و ئاكاردا بە تایبەتی ڕەنگی داوەتەوە.

٨- كە مرۆڤ باسی ئاكار دەكات، بۆئەوەی ئۆبالی كەوتنە ئەستۆ و لێپرسینەوە ڕەوا بێت، یەكسەر ئازادی و سەربەخۆیی خواست بە بیردا دێت، بیرۆكەی ئازادیش كۆڕپەی ژیرە، قانوونەكانی ئاكار دەبێ پەیرەو بكرێن هەر لەژیرەوە سەرچاوە دەگرن و لە ئەنجامدا دادپەروەرییان لێ دەكەوێتەوە ئەمەش گرنگترین مەبەست و ئامانجێكە مرۆڤ سەرگەرمی بێ و كۆششی بۆ بكات، كانت، لەگەڵ ئەوەدا باوەڕی وابوو، بیرۆكە و بۆچوونی ڕەب و ئازادی و نەمریی سێ بیرۆكەن بەشێكی سەرەكی لەژیان و بوونی مرۆڤ پێك دێنن بە ئاشكرا و ڕاشكاوی كاتێك باسی بڕوا و ئایینی كردوە ژیری خستۆتە سەر هەموو شتێكەوە:كانت گوتوویەتی، دەبێ زانین هەڵگرم و بیخەمە لاوە بۆ ئەوەی جێگایەكم بۆ بڕوا دەستگیر ببێ(١٦)، لێرەدا بە ئاشكرا دەری دەخات كە ژیر و ئایین دانوویان بەیەكەوە ناكوڵێ، ژیر جەوهەر و بنەرەتە و دەست لێ هەڵگرتنی ناكرێت، ژیان و بەختەوەری و خۆشگوزەرانی مرۆڤیش جا ئایا ڕەوانی و دەروونی بێ یاخود جەستەیی بێت بەبێ ئایین و بڕوا ناگونجێ بۆیە جاروبار دەبێ مرۆڤ لەبەر داهێنانێك نیشان بدات و زانین و سەرچاوەكەی كە ژیرە بخاتە لاوە بۆ ئەوەی بڕواكە كە جۆرە ئاسودەییەكی گیانیی و ناوەكی پێدەبەخشێ جێگای هەبێت، ڕاستی

ئەم قسەیە ساغ دەکرێتەوە، ژیرو ئازادی لە یەکتری جیاناکرێنەوە و[١٧] بگرە پایە بەرزی و بایەخی ژیر لەوەدا هەیە کە ئازادی و سەربەخۆیی داهێناوە، ئاکار توندوتۆڵ بە خواستەوە بەندە((ئیرادە)) خواست ئەگەر ئازادی لەگەڵدا نەبوو هەموو دەستبەکارییەکی خۆی لەدەست دەدات، قانوون و بنچینە و ڕێ و شوێنەکانی ئاکار چ وەك چەمك و چ وەك بۆچوونیش هەموویان پێشیانە تەنیا لە ژیرەوە سەرچاوە دەگرن، ژیر ئازادی داهێناوە و دەستبەکاریی بنچیەکانی ئاکاری پشتراست کردۆتەوە، جۆرە ئەرك و فرمانێکی خستۆتە ئەستۆی مرۆڤ چۆن پابەندی ئەم ڕێوشوێنانە بێت بۆ ئەوەی بە پێی ئاکار ژیان بەسەر بەریت، ئەمەیە بنچینەکانی ئاکار بە پێی ڕێوشوێنی ژیر کە ئەنجامەکەی مرۆڤ ئامانج و مەبەستە نەك ئامرازە و، هیچ لەوە بەدتر نییە مرۆڤ ناچار بێ، دوور لەژیر، بە پێی فرمانی خواستی کەسانی تر کردار بکات، چاکە کاری لەوەدا نییە ئەنجام و سوود و قازانجی مرۆڤی تێدایە، بەڵکو لەوەدایە خۆی لەخۆیدا چاکەو بە پێی ژیر و ئەقلە و مرۆڤ وەك جەوهەر و بوونەوەرێکی ژیر ماف و ئەرك و فرمانی هەیە و ئەم ڕەوشە ئەو جۆرە ڕەفتارو کردارەی وەك ئەرك دەخاتە ئەستۆ، ئەم بە هەند زانینەی ژیر لە لای کانت لە تیۆری زانیندا باشتر ڕەنگی داوەتەوە و ئەو گۆرانە سەرتاپاگیرەی لێ پەیدا ببوە کە بە((بارگۆرینە کۆپەر نیکۆسییەکەی)) ناو بردووە[١٨]، بابەتێك لەو بابەتانەی لە سەردەمی پەیدابوونی فەلسەفەی یۆنانییەوە چوار پێنج سەدە پێش زایین، لەلایەن فەیلەسووفەکانەوە لێوەی کۆڵراوەتەوە سەرچاوەکانی زانین و زانستی مرۆڤ بووە، پتر خۆی لەپرسیارێکدا دیوەتەوە دەکرێ بەم جۆرە دابرژێرێ، چۆن ئەو شتانەمان زانیوە کە ئێستاکە دەیانزانین؟ ئەگەر بێتو لاهووت و فلسەفەی ئایین بخەینە لاوە کە بنچینەیەکی ترانسندێنتی سەرووسروشتیان کردووە بە سەرچاوەی زانین، ئەوا بەلای فەیلەسووفانەوە بە



شێوەی جیاواز، لە ڕوانگە و بۆچوونی فەلسەفە و ڕێبازە گشتییەکانەوە وەڵام دراوەتەوە، بەگشتی جیهانی دەرووبەرو تواناکانی مرۆڤ ئەو دوولایەنە بوون هاوکێشەکەیان لێ پێك هاتووە، کانت پشت ئەستوور بە توانا و هێزی ژیر کێشەکەی بە لایەنی تردا لاسەنگ کردووە، ڕاستە زانین و ئەزموون و تاقیکردنەوەو شارەزایی لە کردن نایەن ئەگەر فاکتەری کات لەبەرچاو بگیرێت، هیچ زانین و زانستێك بە پێی فاکتەری کات لە پێش ئەزموون وشارەزایی نایەت، بەڵام ئەگەر زانین بە ئەزموون و شارەزایی دەست پێ بکات، زانین تەنیا هەر لە شارەزاییەوە((خیبرە)ناکەوێتەوە ئەگەر چی شارەزایی وەك سەرچاوە بە بابەت و کەرەسەی دەوروبەرو دەرەوەی خۆیشی پشت ببەستێ، کانت لە چوارچێوەی پشتبەستن بە ژیر، لەم گۆرەپانەدا ڕۆڵی دەوروبەر تا ڕادەیەك کەمتر دەکاتەوە و تای تەرازووەکە بە لای ژیردا دەشکێنێ، بۆیە وتوویەتی (تا ئێستا وا دانراوە کە زانینی مرۆڤ پابەندی بابەتەکان بووە... با جارێك خەریك بین، بەشکم لە ئەرکی میتافیزیکیدا باشتر بەرو پێش بچێن و وای دابنێین بابەتەکان دەبێ و پێویستە پابەندی زانینی ئێمە بن[١٩] ئەمە لەگەڵ ئەو بۆچوونەدا گونجاو و تەبایە کە سەرگەرمی پشت ڕاستکرنەوەی شیاوەکی پێشیانەی زانینە.

لەگەڵ ئەو گۆرانە سەرتاپاگیرانەی لەکۆتایی سەدە درێژخایەنەکانی ناوەڕاستی ئەورووپادا بەسەر کۆمەڵگادا هاتووە، بۆ ڕەوانەکردنی گۆرانەکان و پەیدابوونی دامودەزگا نوێیەکانی کۆمەڵگا و ڕەواندنەوەی بەربەرەکانی لایەنگرانی قۆناخی پێشتر پەنا براوەتە بەر ژیر ((عەقڵ)) بۆ ئەوەی ڕەوانەکردنەکە بە بوونی ژیر پشت ئەستوور بکرێت و ئەوی قەماوە ئەنجامێکە لە بوونی ژیرەوە کەوتۆتەوە ئەو ژیرەی هێز و توانایەکی جیاکردنەوەی ڕاستی لەهەڵە و، مرۆڤ لە زیندەوەر و بوونەوەرانی تر جیا دەکاتەوە[٢٠]، پێشتر دیکارت وتبووی ژیریی لەسروشتەوە بە یەکسانی لە

هەموو مرۆڤێکدا هەیە، ئەو گۆڕانانەش کە کەوتوونەتەوە ئەنجامێکی ئاسایی ئەو توانایە زگماکییەیە لە مرۆڤ خۆیدا هەیە و ئەو بەرەو پێش چوونە رەوا دەکات، هیگڵ دواتر بە جوانترین شێوە ئەم بابەتەی دەربڕیووە گوتوویەتی ئەوی هەیە و راستەقینەیە ژیرەکییە و ئەوی ژیرەکیش بێت راست و راستەقینەیە... ئەو هەڵوێستەی بە هەند و گرنگ گرتنی ژیر پتر لە گۆڕەپان و پاوانی بەرهەمی بیری مرۆڤدا رەنگی داوەتەوە، رەنگدانەوەکەش بەدوو شێوە بووە:

یەکەم: لە نووسینە فەلسەفەییەکاندا جارێکی تر رۆڵی سەرەکی مەنتیق توند و تۆڵ بە چالاکی ژیرەوە بەستراوە کەئۆرگانێکی سەرەتایی لێکۆڵینەوەی زانستی و زانستە بە لقە جیاوازەکاییەوە، دوور لە پاوانی لاهووت و دەزگاکانی ئایین ژێر بەگرنگترین و بەرزترین فۆرمی زانینی تیۆرییانەی دانراوە... ئەم هەڵوێستە جگە لەو تەوژم و گوڕەی بە بەرچالاکی زانستیدا کردی، بوو بە هۆی بەپیت و پێزکردنی بابەت و ناوەرۆکی فەلسەفە بە هەموو لقەکانییەوە هەرلە کێشەی بوونی مرۆڤ کە جەوهەرێکی ژیرە، تا وەکو ژیان و کرداری و پێوەندییە و فرە رەنگیەکانی بەگشتی.

سەرەرای بابەتە کلاسیکییە باوەکانی تری فەلسەفە، کێشەی جیهانی دەوروبەر و سنوور و رادەبەدەربیی و بێ کۆتاییەکەی و یەك رەنگی و فرە رەنگگییەکە بوون بە کێشەی سەرەکی و بابەتی ناوەندیی فەلسەفە.لایەنی دووەم خۆی لە شێوەی رەخنەگرتندا دەربریوە، ئەم کارە بە لای کانت و لایەنگرانی رێبازی ژیرییەوە بەگرنگترین ئەرکی سەرشانی فەلسەفە دانراوە، رەخنەکە هەموو لایەنێکی ژیان و کۆمەڵگا و بابەتەکانی ئایین و لاهووت و بیری گرتۆتەوە، لەهەندێ بەرهەمدا ئەو رەخنەیە وا دەردەکەوێ کە برێتی بێ لە تێکۆشانێك دژی ئەو هەموو بیروبۆچوون و رێوشوێنانەی بە بێ توێژینەوە و هەڵسەنگاندن و لەبێژینگ دان پشت ئەستوور بە باوەرو بروا



پەسەند کراون و بڵاوبوونەتەوە، کانت رابەرێکی ئەم لایەنە وتوویەتی:((ئەم سەردەمەمان سەردەمی تایبەتی رەخنە و رەخنە گرتنە، ئەمە دەبێ هەموو شتێك، ئایین بە پیرۆزییەکەی و بەهێز و دەسەڵات و سەروەریی و رێ و شوێن دانەریەکەوە بگرێتەوە، ئەگەر بیانەوێ لە رەخنە قوتاربن ئەوا دڵ لێیان کرمێ دەبێ، و تەنیا ئەو لایەنەیان پەسەند دەکرێت کە بەرگەی تاقیکردنەوەی ئازاد و کراوە دەگرن[٢١] ئەو بریارەی کانت داویەتی بە باوەری من راستییەکی گومان هەڵنەگرە و پتر پشتراست دەبێتەوە ئەگەر ئەو سەردەمە بهێنرێتە بەرچاو کە رابەری فەلسەفەی ترانسندنتالی- تێیدا وتوویەتی و ئەگەر مرۆڤ لە تایبەتمەندی فەلسەفەی مەسیحی ئەوروپا و لاهووت و دام و دەزگا و دوگمەکانی بگات.

نیتشێ، هەڵوێستە جیاو و نامۆکەی، لەچاو کانت جگە لە هۆکارە کەسایەتییەکان کە پێوەندییان بە خودی خۆیەوە هەیە، لە کۆتایی ئەو قۆناغەدا ژیاوە کە بە پەرستنی ژێر دەستی پێکردووە، کۆتاییەك پتر لایەنە نالەبارەکانی ئەنجامی رووداوەکانی سەردەمی ناوبراوی نیشان داوە.

شۆرشی مەزنی فەرەنسا کە دروشمی ئازادی و یەکسانی و دادی هەڵگرتبوو تەختی فیودالیزمی لە سەرانسەری ئەوروپادا هێنابووە لەرزین و مژدەی بەهەشتی لەسەر زەمین بە گەلانی ستەمدیدە دەدا و ببوو بە مایەی پەیدابوونی چینی کەپیتالیزم و دروست بوونی شاری گەورە و فابریك و کارخانە، بەپێچەوانەوە ئەنجامی تری لێکەوتەوە: بە دەیان دیکتاتۆری دروست کردووە و لەجیاتی ئاسوودەیی جەنگی هەڵگیرساندووە و وەك درەندەیەك ئەو رۆڵانەی خۆی بەرپایان کردووە و لەدواییدا داکۆکییان لێ کردووە بە شێوەیەك لە شێوەکان لەناوی بردوون و چەندین ناپلیۆن و رۆبسپێری گۆش کردووە، هەڵوێستی نیتشێ تارادەیەك روون دەبێتەوە، بۆچی وا لەژیر بەداخە و بۆچی وا بەتوندی خۆی لەگەڵ بابەتی ئاکار خەریك

دەكات و ئەو گازندەیەی لە ئایینی سەردەمی خۆی كردوویەتی، هەڵوێستی نیتشیێ، كە لەبایەخی ژیر و دەوری ژیر لە ژیان و بیردا كەم دەكاتەوە و پەنا دەباتە بە هێزو دەسەڵاتی ئاكار، راستیەك روون دەكاتەوە:یاخی بوون لە ئایینی مەسیحی و بروانەمان بە رۆڵ و كاریگەری ئەو هێزە ترانسندنتالییە كە جاران بە لێپرسراوی بوون و نەبوون و ژیان و چارەنووس دانراوە، گومرایی بە مانا فراوانە مەسیحییەكەی ئەنجامێك نییە كەلە ناتەبایی و دژ بەیەكتری و نەگونجانی وێنەی جیهانی و جیهانبینی زانست لەگەڵ بۆچوونی ئایینی دەربارەی رەب كەوتبێتەوە، بەڵكو كرداری ئاكارەكانی مرۆڤی سەردەمی خۆی بوونی ئەو هێزە ترانسندتالییەی ناكردووە:ئەم هەڵوێستەی نیتشیێ لەبۆچوونی فۆیەرباخ دوورە ئەگەرچی هەردووكیان بەراشكاوی بێ بروایی و گومرایی خۆیانیان بەئاشكرا دەربڕیوە، فۆیەرباخ بۆچوونی رەب توندوتۆڵ هۆیەكییانە بە بوونی راستەقینەی مرۆڤـ خۆیەوە گرێ دەدات، بەڵام ئەو لەوەدا لەگەڵ فۆیەرباخ-دایە كە پرسی گۆرانی بۆچوون و هەڵوێستی ئایینی مرۆڤـ، هەڵوێست و بۆچوونی بەرامبەر بەبنەماكانی بروا بەشێكی گرینگی مێژووی مرۆڤیان لێ پێك دێت.

لەكاتێكدا كانت ئاكارو ئایین و فەلسەفە و میتافیزیك و زانستی بەیەكەوە بەستۆتەوە جاروبار زانینی خستۆتەوە لاوە بۆ ئەوەی جێگا بۆ بروا و ئایین بكاتە، هیچ كاتیك لاری لەرۆڵی ئایین لە ژیاندا نەبووە، كەچی رابەرانی بزووتنەوەی رووناكبیری ئەوروپا لەو باوەرەدابوون پەیوەندی لە نێوان ئاكارو ئایین و بروابوون بە رەبدا نییە، كردار جوانی و پەیرەو كردنی رێوشوێنەكانی ئاكار بە هیچ جۆرێك نابنە مایەی ئەوەی مرۆڤ بروا بەرەب بهێنیێ، تەنانەت لە كۆمەڵگایكی بێ بڕوا و بێ ئاییندا دەكرێ ئاكار و رێوشوێنەكانی و بنەماكانی ئەرك و فەرمان و ڕەوشت جوانی و كرداری باشی دەستبەكاربن و بەوپەری وریایی و هۆشیارییەوە پەیرەو بكرێن، هیچ



جۆرە پێوەندییەكی دەستیاوی لە نێوان ئاكار و ئاییندا نییە، ئەمە لە لای نیتشیێ بە جۆرێكی ترە، ئەو وای بۆچووە دەسبەرداربوونی ئایینی مەسیحی و نەمانی بۆچوونی ڕەب،[٢٣] لە دڵ و دەروون و مێشكدا، (سەردەمی راپەرینی ئاكارەكییە) لە ئەوروپای سەردەمی خۆیدا، بەڵام:لەلای خۆیەوە ئەمە راستییەكە كردار و رەفتار و رەوشت و پێكهاتەی ڕەوانی و دەروونی مرۆڤـ و ژیانی كۆمەڵایەتی مرۆڤـ لەلایەن كۆمەڵگا و دامو دەزگاكان و لە لایەن ژیرەوە كاریان تێكراوە و رەنگ و روخساریان رێژدراوە و خەت و خەیاڵیان پێ دراوە، بەڵام دابڕینی ئاكار لە ئایین و كەمكردنەوەی رۆلی ئایین لەژیاندا بە هیچ بنەما و بنچینەیەك، بەهیچ بەڵگەیەك ساغ و پێشت راست ناكرێتەوە.

٩- ئەگەر مرۆڤـ بەووردی چاوێك بە گولزاری ئەو بەرهەمە ئەدەبی و رەخنەییانەدا بخشێنیێ كە لە بواری ئەدەب و هونەردا لە سەدەی نۆزدەیەم لە ئەوروپا بە گشتی و لە ئەڵمانیا بە تایبەتی بڵاوكراونەتەوە جۆرە بەرامبەر دانانێكی دوو بزووتنەوە سەرنجی رادەكێشیێ لە لایەكەوە بزووتنەوەی سەرتاپاگیری رووناكبیری و لە لایەكی ترەوە بزووتنەوەی ڕۆمانتیكی، یەكەمیان لە هێزو توانای ژیر((ئەقڵ)) دا ئەو ئامرازەی دیوەتەوە كە دەوری گۆچانە ئەفسانایییەكەی مووسا و عیسا دەگێرێ و بكرێ بە سەرپشك ئەو بەهەشتە لەسەر زەمیین دادەمەزرێنێ كە لە ئەفسانە و فۆلكلۆر و ئایینەكاندا باس كراوە، ڕۆمانتیك بزووتنەوەیەكی بەرامبەر بەم رووناكبیرییە، بەپێچەوانەوە وای دادەنێ كە لە هەبوونی ئەم ژیرەوەو بەرزكردنەوەكەی و پشت پێ بەستنی بۆتە مایەی پشتگوێخستنی چەندین لایەنی تری هێز و توانای مرۆڤـ و لەمەشەوە كلۆڵی و بەدبەختی كەوتونەتەوە بۆیە ڕۆمانتیك لە ناوەرۆك و پوختەیەكدا ئەو دەورەی رووناكبیری بە ژیر دابووی دەیدات بە هونەر بەبەش و لقە

جۆربەجۆرەکانییەوە. هونەر بە پلەی یەکەم و هەندێ بابەتی تری ئەدەبی: شیعر و ڕۆمان. ئەو هێزە لەبن نەهاتووە ئەفسانایییەن دەکرێ مرۆڤ پەنایان بۆ بەرێ بۆ گەیشتنە ئامانجی دێرین و نوێ کە سەرگەرمی پێگەیشتیانە، تەنانەت لە هەندێ شاکار و بەرهەمی جوانناسی و هونەردا وا دێتە بەرچاو هونەر لە ڕێبازی ڕۆمانتیکیدا بەرامبەر بە جیهانی راستەقینە دانرابێ ئیتر لەو بەرامبەر یەکتری دانانەدا دوو جۆرە هەوڵ و کۆشش هەست پێدەکرێن بە گشت خاوەنەکانیان بە شێوەی جیاواز جۆرە هەوڵی پیادەکرنیان دەن(٢٤):

یەکەم- هەوڵدان، لەرێگا و بەهۆی کاری هونەرییەوە، مرۆڤ خۆی لەگەڵ جیهانی دەوروبەردا بگونجێنێ، یاخود وەك خۆیان دەڵێن : وا لە جیهان بکەن وەك پارچە هۆنراوەیەك((شیعرێکی)) دلڤرێن بێتە بەرچاو یاخود:

دووەم- بەچاوی هونەر و هونەرمەندانە سەرنجی بدرێت و رەخنە لە لایەنە ناهونەرییەکان بگیرێ و بەبابەتێکی هونەری بریکار و بریەکی لەجیاتی خۆ پێشکەش بکرێت، ئەمەش جارێکی تر لەخۆیدا بڕوابوونی بێ سنوور بەهونەر دەردەخات کە وەك ئامرازێکی کاریگەری ئەفساناوی هیچ کات وشوێن و سنوورێکی بۆ نییە، ئایا دەکرێ ئەم هەڵوێستە بەوە دابنرێ کە جێگای پەرستنی هێما و هێزێکی ترانسندنتالی سەروو سروشت کە لە نێوان هەموو میللەتاندا باو بووە دەگرێتەوە؟ بڕوابوون بە هونەر وەك بابەت و ئامرازێك بۆ گەیشتە مەبەستی دیار و تایبەتی لەکات و سەردەم و شوێنی دیاریکراودا لە چوارچێوەی هێز و توانای جیهانی بیریی مرۆڤ شتێکە پەسەند و لە جێگای خۆیدایە، بەڵام ئەو جۆرە سنوور بەزاندنە راکردنێکە لە راستیی و پەنابردنە بە جیهان و بابەت و ئامانجێکە دەکرێ تەنیا هەر لەمێشکی خاوەن خامە و لە شاکارەکانیاندا هەبێ، کاری



ئەدەبی و هونەریی هەموو کاتێك ڕۆڵ و کاریگەری خۆیان نواندووە، تەنانەت هونەرمەندێك بە پەرەمووچە ڕەنگینەی ڕەنگی دیاردەیەکی نا حەز یاخود ئاژەڵ و زیندەوەرێکی ناشرینی زەبەلاح یاخود ئەو پەری بچووك یان وێنەی مرۆڤێکی شێوا و ناحەزو کەم ئەندام دەکێشێ، ئەگەر چی ئەم وێنانە لە خۆیاندا ناحەزن و پەسەند نین بەڵام بەهرە و دەسترەنگینی هونەرمەندەکە لەگەڵ ئەو توانا هونەرییەی لە کێشانی وێنەی ئەو کەسە ناحەزە لە تابلۆیەکدا بەکاری هێناون وا لە بینەری خاوەن هەستی هونەر و ئەدەب دۆست دەکات تابلۆکە، وێنەکە بە بێ گوێدانە ناوەڕۆکەکەی، وەك شاکارێکی هونەری پەسەند بکات و، دوور نییە لەو کارە هونەرییە ئەنجامی لەبار بکەنەوە کە بریتی بێ لەوەی هانی بینەرانی بدات جۆرە گۆرانێك لەبیرکردنەوە و کرداریان بکەن، بەڵام دانانی هونەر و بابەتەکانی بە سەرپشك و ئامراز لە جێگای ژیردا و پێ سپاردنی ئەو ئەرکانەی جاران بەژێر سپێردرابوون ئەنجامی چاوەروان نەکراوی لێ دەکەوێتەوە، بە هیچ جۆرێك پێشکەوتن و هەنگاونانی سەرتاپاگیرانەی زانستیان تێدا بەدی ناکرێت، پشتگوێ خستنی ژیر و ئەو دەسکەوتە جۆراوجۆرانەی بە هۆیەوە بە دەست هاتوون، پەنا بردنە بەر هونەر و دەست گرتن بە دامێنی، ئەو ئەنجامانەی لێی دەکەونەوە پتر راکردنێکی ئاشکرا لە راستی و راستەقینە دەگەیەنێ! ئایا ئەم هەڵوێستە ئەرکێکی قورس، گران، سەخت بە ئامرازێك نابەخشێ نەك هەر تەنیا بۆخۆی و لەخۆیدا پێی هەڵناگیرێ بەڵکو دەبێ تێکراوو تەواوی ئەو ئامرازە فرە رەنگییانەی تائێستامرۆڤ دایهێناون و لەبەر دەستیدان پێکەوە دەستبەکار بن و هاوکاری و کۆمەکی یەکتری بکەن بۆ ئەوەی بەرێگایەکی شیاو و گونجاو کە لە توانادا بێت ئەو ئەرکە پیادە بکەن، بگەنە ئەو ئامانجانەی بەم پێیە مرۆڤ چاوەڕوانیانە و ڕەنگی بۆ ڕشتوون.

ڕێبازی ڕۆمانتیك لە ئەلمانیا و لە وڵاتانی سەرانسەری ئەوروپا ناكرێ وەك ڕێبازێك، قوتابخانەیەك، بزووتنەوەیەكی ڕێك و پێك و یەكگرتوو سەنج بدرێت، بەڵكو پتر دەكرێ باسی چەندین نووسەر و هونەرمەندی بیرو بۆچوون و ئامانج لە یەكتری جیاو سەربەخۆ بكرێت لە سێبەری ئەم ڕێبازە، ئەم بزووتنەوەیە ئەدەبییە هونەرییەدا كۆبوونەتەوە تەنانەت تاكە شتێك كەیەك ڕەنگیی لەنێو جەنجالی فرە ڕەنگی ڕۆمانتیكدا پشتراست و ساخ دەكاتەوە ئەوەیە كە هونەر بە گشتی و بە هەموو جۆر و لقەكانییەوە وەك بابەت و كەسەرەیەك و ڕەگەزی ژیانی مرۆڤ تا ڕادەیەك وەك شتێكی سەربەخۆی خەتوخاڵدا و بەرامبەر بابەتەكانی تری بەرهەمی بیر و مێشكی مرۆڤ هەر لە زانستەوە تا فەلسەفە دانراوە، ئەو جیاوازی و فرە ڕەنگینیەی نێوان ڕابەرانی ئەو ڕێبازە دا لە بەرهەمی تاكە كەسیدا یاخود لە تێكرایی ئەو بەرهەمانەی دەخرێنە پاڵ ئەو ڕێبازە دەردەكەوێ، فرە لایەنی و فرە ڕەنگیی بابەت و ناوەرۆك جیاوازی چەمك و بیرو بۆچوونی خامە و پەرەمووچەكان یەك ڕەنگییەكە لەناو ناخی فرە ڕەنگی و هەمە جۆرییەكەدا، ئەگەرچی هەندێ شتی لێ كەوتبێتەوە((نامۆ)) نائاسایی بێنە بەرچاو لە لایەنەكەی ترییەوە بەبڕشتی و بە پیت و پێزی ڕێبازەكە لە جیهانبینییە تایبەتییەكەی خۆیدا دەردەخات جگە لە وەی بۆتە مایەی بەخشینی جۆرە هێزو توانایەك بە ناو و چەمكی ڕۆمانتیك بۆ ڕاكێشانی سەرنج بۆ لای خۆی و بایەخ پێدانی وەك بزووتنەوەكی ئەدەبی و هونەریی و بیری، ئەگەر چی ئەمە وەك لێكەوتنەوەیەك لە دوا توێ توێ كردنەوەدا بە سوود و قازانجی ڕۆمانتیكییەكان تەواو نابێت چونكە ئەم بە پیت و پێزانە ئەنجامێكی بەلاوەنانی ژیر نییە و پەنابردنە بەر هەست و سۆز و چاوی دڵ و زمانی ناخ نییە كە لە هونەردا خۆی دەنوێنێ بەڵكو: ئەمە ئەنجامێكە جارێكی تر ڕۆلی سەرەكی ژیر ساخ دەكاتەوە بە تایبەتی فرە ڕەنگی و یەك ڕەنگی و



بەپێزی بەدی بكرێت چونكە فرە ڕەنگیی ڕێوشوێن و فۆرم و چوارچێوە و ناوەرۆك و، یەك ڕەنگیی بنچینەكان شتێكە وەك داخوازی لە سروشتی ژیر خۆیەوە دەكەونەوە(٢٥).

سەرەرای ئەو جیاوازییە گەورەیەی روخسار و ناوەرۆك و لە یەكچوونە كەمەی نێوان هەردوو بزووتنەوە:رووناكبیری ڕێبازێكی ژیر دۆستی فەلسەفە و ڕێبازی ڕۆمانتیك بزوتنەوەیەكی نامۆی ئەدەبی و هونەری، كە بەئاشكرا دژ بە ژیر و ڕێوشوێن و بنەماكانییەتی و دۆستی ئەندێشە و سروشت و خەون و خەیاڵ و هەست و سۆزو، وەك لەبەرهەرم نووسین و شاكارە هونەرییەكانی ڕابەرانی ئەڵمانی ئەم ڕێبازەدا دەركەوتووە و جیهانی ڕاستەقینەی لەبەرچاو بەلاوە دەنێ، دەخاتە لاوە، دەگەڕێتەوە بۆ سروشت و ئەو جیهانەی بەخامەی ئەدیب و شاعیر و پەرەمووچی هونەرمەند ڕەنگرێژراوە، مرۆڤ بەوە تەفرە دەدات بگرە دڵخۆشی دەكات گوایە ئەم پەیرەوە و ڕێو شوێنانە ئەو بەهەشتە دەدەنە دەست كە ئاواتی هەموو بوونەوەرێكی بەهرەمەند لەو هێزە ئەفسانایییەی مرۆڤە كە ژیرە.. سەرەرای ئەم هەموو جیاوازییە هەردووكیان دوو قۆناغی لە یەكتری جیاواز نیشان دەدەن، دوو جیهانبینی دەدەنە دەست كە لە دوو تابلۆی جوانی هونەرمەندی دەچن خامە و پەرەمووچی سوارچاكی گۆرەپانی فەلسەفە و ئەدەب و هونەر ڕەنگیان ڕشتوون.

بەڵام وەك سەرچاوە و بنج و بناوان، بە بۆچوونی من، هەردووكیان، ئەگەر جیاوازی سەردەم و دەوروبەر و فاكتەری هەمە ڕەنگیی پەرەسەندنی كۆمەڵگا و بابەتەكە خۆی لەبەرچاو بگیرێن، كۆرپەی لە یەكتری جیاوازی شۆڕشی مەزنی فەرەنسان: كۆرپەیەكی لە باری پەرە پێدەر، كۆرپەیەكی لاساری یاخیبوو!

ڕۆمانتیكییەكان تەنیا لایەنی نالەبار و ئەنجامە دڵ تەزێنەكانیان دیوە و هۆكاری ئەمانەیان هەموو لە ژێردا كۆكردۆتەوە و ئۆباڵەكەیان خستۆتە

ئەستۆی و لە مەیداندا دووریان خستۆتەوە، بە پێچەوانەوە رووناکبیران لایەنی گەشی شۆرش و ئەنجامە لەبارەکانیان بەدی کردووە، راستە شۆرشی فەرەنسا و هەردوو رێبازی فەلسەفەی رووناکبیری و هونەر و ئەدەبی رۆمانتیك بوون بە بەشێك لە مێژوو بەلاَم هەرسێکیان لە لای خۆیانەوە، لەبار یان نالەبار ساخیان کردەوە، ژێر و ئازادی و گۆرینی فۆرمی دەسەلاَت و دەسکاری کردن و چاکردنی پێوەندییەکانی ژیان لەکۆمەڵگادا مەرجی بەدیهێنانی ئەو ئامانجانەن فەیلەسوف و هونەرمەندان هەریەکە لەلای خۆیەوە و بەهۆی ئامراز و رێگای تایبەتییەکەوە هەوڵی بۆ دەدەن.مرۆڤی ئازاد هەمیشە داهێنەرە:ئەو ئازادییەی لە شۆرشی فەرەنساوە کەوتەوە ساخی کردەوە توندوتیژی و دەستخستنە بینە قاقای ئازادی ئیتر بەهەر ناوێکەوە بێت و بەشێوەیەکی رێك و پێك پیادە و بەکاربهێنرێت لە لایەن دەوڵەتەوە بێ یاخود لە لایەن داو و دەزگا جۆربەجۆرەکانی ئایین و کۆمەڵگاوە بێ کۆسپێکی سەخت و دژوار و نالەبارە پەرچێوەی لەبەکارهێنانی راست و دروستی ژێر و دەرکردنی بریارو حوکمی ئازادانە دەدات، بەکارهێنانی ژێرو برێار و هەڵوەستەی رەوا هەر تەنیا کەش و هەوای ئازادی و سەربەستی دوور لە کۆسپ و پێوەندی ترس و ئازار و توندوتیژیی دەستەبەر و زامنیان دەکات.

فەلسەفە، لە ژێر سێبەر و باڵیدا ئەدەب و هونەری ئازاد، هەرسێکیان کاتێك بنە بە بیروباوەری تاکە کەسانی ئازاد دەتوانن هێزێك بەرپابکەن گۆرانی ئەوتۆ بهێننە دی روخسار و ناوەرۆکی ژیانی کۆمەلاَیەتی بەلای لە باردا بگۆرن.

شۆرشی فەرەنسا مرۆڤی ئازادی گۆش کرد، تەختی دەسەلاَتدارە زەبروزەنگ بە دەستەکانی ئەوروپای تێك رماند..فەلسەفە بوو بە بیرو باوەری مرۆڤی ئازاد، ئاو کرایە ژێر ئایدیۆلۆجی و دەسەلاَتی قەشە و



ئابۆنە و داو و دەزگاکانی کلێسای مەسیحی... دوای سەدان ساڵ کوێرەوەری سەدەکانی ناوەراست توانرا رەوایەتی و شەرعییەتی دەسەلاَتداری زەبرو زەنگ و حکومرانی جیهانیی لە سنوور بەدەری مەسیحییەت بەسەر مرۆڤدا پووچەڵ بکرێت و لە ئایین بستێندرێتەوە و ئەو تیۆرییە بکەوێتەوە کە ناوی جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەتی لێ نراوە. **نارەواکردنی دەسەلاَتی سیاسی ئایینی مەسیحی بەسەر کۆمەڵگادا بە هیچ جۆرێك لە شۆرشی فەرەنسا کەمتر نەبووە ئەو ئامانجە مەزنە بەهۆی فەلسەفەوە، نەك بە کۆششی رێبازی رۆمانتیکی و ئەندێشە و خەیاڵی شاعیرانە، هاتۆتە دی و بەدەست هێنراوە.**

**(حوزەیرانی ٢٠٠٧)**

## سەرچاوە و پەراوێزەکان


1- RusseLL,B.,Denker des Abendlandes.dtv 1991. s.321

2- Gulyga, Arsenij, Schelling. Leben u. wrke stuttgart. 1989. s.92

٣- گولووگا. هەمان سەرچاوە وشوێن بە ئەڵمانی.

٤- هەمان سەرچاوە .. ل ٩٥ بە ئەڵمانی.

5- Pivcevic.Edo.,Ironie als Daseinsform…1960.s.23

6- Grimme, adolf., Vom Wesen dor Romantik;.1947.s.10.

٧- هلال، دکتور محمد غنيم، الرومانتيكيه. بيروت ١٩٧٣. ص ١٦.

8- Grimme, A. Ebenda.,s.15.

9- Schulz,Gerhedt., Romantik. Geschichte und Begriffe. 1960. s.53.

10- Schulz, Gerhard., Geschichte der deutschen Literatur. MÜNCHEN 1983 .S.70.

11- Nietzsche, Friedrich,. Also Sprach Zarathustra. In: Gesammelte Werke. Bd.13. Muenchen 1925.s.508.

12- Lukacs, Georg.,Die Zerstorung der Vernünft.Berlin 1962.s.293.

١٣- لوکاچ، گیورگ، هەمان سەرچاوە بە ئەڵمانی.ل ٣٠٠.

14- Kant,l.,Werke in sechs Bänden. Bd.3.Koenmann 1995 .s.203.





١٥- لوکاچ، هەمان سەرچاوە بە ئەڵمانی ل-٨٩.

16- Kant, kritik der reinen vernunft. vorredezur 2. auflage. dxxx

17- Kant,k.d.r.v. B 766

١٨- کانت، هەمان سەرچاوە بە ئەڵمانی، پێشەکی چاپی دووەم ب Vl.

١٩- کانت، هەمان سەرچاوە بە ئەڵمانی .هەمان شوێن و پەڕەگراف.

20- Oiserman, T.l.Dialekitshe materialismus und Geschichte der philosophie. Berlin 1982. s.103.

21- Kant.k.d.r.v.vorrede zur 1.AXII.

22- Lukacs, G, Die zerstorung der vernünft. Berlin 1962. s.317

23- Lukacs.G.Edenda.s,318.

24- Schulz, Gerhard.Geschichte der deutschen literatur. münchen 1983/s.76.

25- Kant,k.d.r.v. B3,2.

## (٢)

# فەلسەفە لە چواچێوەی ڕێبازی ڕۆمانتیکیدا

١- ئەگەر دیاردەی ژیان لە خۆیدا گرێکوێرەیەکی سامناکی سەرهورهێنەر بێ ولە گێژاوێك بچێ سەردەرکردن لێی وا ئاسان نەبێ، سەرەتا و کۆتاییەکەی دیارو روون نەبن و هەموو هەوڵ و کۆششێك بۆ کردنەوەی ئەم گرێکوێرەیە مایە پووچ نەبووبن سەرە داو و دەزوەکەیان پتر ئاڵۆزکردبێ، خۆشی مایەی ئەو حەپەسان و سەرسوورمان و سەرگەردانی و رامان بووبێ فەلسەفەی لێکەوتبێتەوە، بە پێی هەمان پێودانگ و پشت ئەستوور بە هەمان بۆچوون دوور نارۆین ئەگەر بڵێین هەر قۆناخە لە قۆناخەکانی پەرەسەندنی مێژووی فرە لایەن و هەمەرەنگ و بەپێزی کۆمەڵایەتی مرۆڤایەتی بە گشتی و مێژووی پەرەسەندنی بیرو فەلسەفە بەتایبەتی، بەهەموو سەرکەوتن و تێشکانییەوە، بە ساتمەکردن و بەرەو پێش چوونییەوە، سروشت، ناوەرۆك و روخسار و خەسلەت و تایبەتمەندی بەرچاو و شاردراوەی خۆی هەبووە لەقۆناخەکانی تری پێش خۆی و ئەوانی تری کە بەدوایدا هاتوون جیایان کردۆتەوە.

ئەگەر ئەم بابەتە لە رۆژهەڵاتی ناوەراست نا ئاسایی و دوور لە پێودانگی شارستانێتی بیرو فەلسەفەی ئەوروپا، ئیتر هۆکارەکانی هەرچیەك بن، ئایینی، کۆمەڵایەتی و سیاسی و تارادەیەکیش ئابووری بووبن، روون و ئاشکرا نەبێ و توێژینەوە و لێپێچانەوەیان ئەنجامێکی دڵنیایی لێ نەکەوێتەوە و ببێتە مایەی سەرسوورمان و هۆکار و ئەنجام تووشی



سەرگەردانی بن، تیشك دەخاتە سەر ئەو لایەنە و ئەو پاکانەیە بۆ هەڵوێستی هیگڵ دەداتە دەست کە لەم بوارەدا پەنای بردبێتە بەر راڤە و لێکدانەوەی رەمزی و هێماییانە.ئایا دەکرێ، پشت ئەستوور بەو رەوشە تایبەتیە جیایە لە چاو ئەوروپا، نەتەوە و ناوچە و کیشوەر و وڵاتان بە پێی پێودانگی تایبەتی رەنگی سنووریان بۆ بڕێژدرێ و دابەش بکرێن، وەك چۆن فیختە لەچەند نووسینێکدا بە شێوەی دیار و نادیار ئاماژەی پێکردووە!

هەر بە دووری نازانم لێرەدا ئەم قسەیە رووبەرووی گازندەیەك ببێتەوە بەم جۆرە: شارستانییەت بە چی دەزانرێ، پەرەسەندن لەخۆیدا چییە؟ ئەوە نییە رۆژهەڵات ناوەند و مەڵبەندی ئایین و رۆحانییەتە و بۆ ئەم مەبەستە ژیانی دنیایی ئێستای تارادەیەك بە کەم داناوە و بگرە ژیانی ئاسایی خستۆتە لاوە و بە قۆناخێك کە سەرەتا و کۆتایی هەیە سەرنج داوە، پەنای بردۆتە بەر ناخ و هەست و سۆز و سروشت و دوور لە ژیر ژێی هیوا و ئاواتی ورووژاندووە و بە باڵی تیژرەوی ئەندێشە بەرەو جیهانێکی سەرنجراکێشی ئەفساناوی ترانسندنتالی فڕیوە کە تێیدا هەموو جۆرە پێودانگی هۆیەکی (هۆکار و ئەنجام) و فاکتەرێکی کات(زەمەن) و گۆڕان و پەرەسەندن پەکیان کەوتووە.پەیدابوون و لەناوچوونی ئەرستۆ دانیان پیادا نەنراوە و هەر دەڵێی بۆچوون و ناوەرۆکی ئەو وتارە کە ئەسکەندەری مەکدونی لە بابل داویەتی بەرجەستە دەکات و کۆمەڵگا و ژیان و جیهانێك پیادە دەکرێت هیچ جۆرە چین و توێژ و دەستەی دژ بە یەکتری تیادا نەبێ، هیچ جۆرە جیاوازییەك لە نێوان ئاوات و کرداردا نامێنێ.تەنیا ئەوەندە بەسە مرۆڤ شتێك وەك ئاوات کە بەدڵیدا هاتووە بخوازێ بۆ ئەوەی جێبەجێ ببێت و بیگاتێ!

ئایا ئەم رەخنە و گازندەیە لەوە کەمدەکاتەوە کە مرۆڤی ئەوروپا ریالیست بووە ژیانی ئێستای بەلاوە گرنگ و مەبەست بووە بۆیە لەچوارچێوەی پرۆسەی بەرەو پێش چووندا شۆرشی زانستی و

سیاسی(فەرەنسا ١٧٨٩ ز) وتەکنەلۆجی بەرپا کردووە؟ باشە ئەم شارستانیەتە پڕشکۆیەی ئەمرۆ مرۆڤ لە سێبەرەکەیدا حەواوەتەوە چۆن و بۆچی لە دەڤەر و ناوچەیەکدا سەریهەڵداوە و خەتو خاڵی داوە و دەبێ دەوری رۆژهەڵات و ئاینەکانی چی بووبێ تیایدا؟

ئەوە نییە ئەو ئەوروپا شکۆمەندە بۆ بە پێزکردنی ژیانی کۆمەڵایەتی خۆی بە بێ سڵکردنەوە پەنای بردۆتە بەر رۆژهەڵاتی ناوەراست و مەسیحییەتی لێرەوە بردووە بۆ لای خۆی و بە پێی توانا و چی لەدەست هاتووە کردوویەتی بۆ ئەوەی ئاینی مەسیحی لە روخسار و ناوەرۆکدا بکات بە بڕوایەك هیچ پێوەندی بە رۆژهەڵاتەوە نەمێنێ و سروشت و خەسلەتێکی تری بە بەردا بکات.؟! ئەگەر شاری ئۆرشەلیمی لێ بەدوور بگیرێ دەبێ مەسیحییەت کە ئێستا لە ئەمریکا و ئەوروپا و ئەمریکای لاتیندا ئاینی کۆمەڵگایە چ تایبەتمەندییەکی مەڵبەند و ناوەندە سەرەکیەکەی خۆی کە تیایدا پەیدابووە پێوە مابێ و دیاربێت؟ ئایا ناوەرۆك و روخسار، دوور لە هۆکار و فاکتەری مێژوویی، مەسیحییەت هیچی بەسەر رۆژهەڵاتەوە ماوە؟ ئایا ئەمە ئەو جۆرە دیاردەی پرۆسەیە نییە کە لە فەلسەفەی سەدەی نۆزدەهدا، سەردەمی هیگڵ و فیختە و سەرهەڵدانی رۆمانتیکی ئەوروپا بە دیاردە و پرۆسەی نامۆ بوون لە بیانیدا ناوبراوە؟!. ئاینی مەسیحی رۆژهەڵات بۆ دەبێ لە وڵاتی خۆی لەئۆرشەلیم بیانی بێ و لەدوور وڵات جێگیر و بڵاوبێتەوە؟ ئایا تا چەند دەکرێ ئەم نامۆ بوونە لە ئەوی تردا، لە بیانیدا لەگەڵ منی بیانی لەمندا بخرێنە دوو تای یەك تەرازووەوە؟ ئایا دەکرێ بگوترێ ئەوروپای سیاسەتی دێموکراتی و داد و یەکسانی و تەکنەلۆجی و زانست و پێشکەوتوو ناتوانێ بە بێ لایەنی گیانی-ئایینی بەرەو پێش بچێ بە پێچەوانەی رۆژهەڵاتەوە کە وا دێتە پێش چاو لەگەڵ دیموکراتیەت و داد و یەکسانی و تەکنەلۆجی و پەرەسەندنی پێشکەوتنخوازدا نەیکێڵێ؟!



ئەگەر لایەنی گیانیی-ئایینی بابەتێکی گرنگی تەواوکاری کێشە و هاوسەنگیی ئەو شۆرشانەبن کە لە ئەوروپا روویانداوە دەبێ بۆچی رۆژهەڵاتی مەڵبەندە سەرەکیی هەرسێك ئاینەکە لەدواکەوتن بەولاوە- بە هەموو بابەت و رەنگ و لایەنەکانییەوە- شتێکی تری بەخۆیەوە نەدیبێ و لەوەشناچێ بیبینێ؟!

٢- ئەگەر لەرۆژهەڵاتی ناوەراستدا شۆرشی گیانی(رۆحی) کە بریتی بووە لە ئایین بەرپابووبێ و روخسار و ناوەرۆکی پێکهاتەی کۆمەڵگای گۆریبێ، ئایینی ئیسلام ئەو گۆرانە پێشکەوتنخوازەی بەدیهێناوە بریتی بووە لە تێکدانی داو دەزگای کۆمەڵایەتی کۆیلە و بەندایەتی و رزگارکردنی مرۆڤی کۆیلە و لەدوایدا سیستەمی فیودالی خەتوخاڵی داوە، ئەوروپا لە لای خۆیەوە لەم شۆرشە جۆر بەجۆرانەدا دەستپێشکەر بووە. شۆرشی مەزنی فەرەنسا لە سەدەی هەژدەیەمدا ئەو گەردەلوولە بوو گۆرانی سەرتاپاگیریی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئایدۆلۆجی لە ئەوروپادا بەرپا کرد، تەخت و تاراجی فیودالیزمی تێکداوە و رێگای بۆ خەتوخاڵدانی چین و توێژێکی تر خۆش کردووە. هەر لە سەرکەوتن و تێشکانەکانی ئەم شۆرشەوە بەپێزترین وانە و شارەزایی لێکەوتوونەتەوە لە لایەن فەیلەسووف و بیرمەند و سیایەتمەدارانەوە تاوتوێ کراون و تیشك خراوەتە سەر لایەنە لەبارو نالەبارەکانی. ئەم شۆرشە لە روانگەی سیاسییەوە یەکەمین شۆرشی رێك و پێکە میللەت — گەل بەرپای کردووە و سنووری بۆ دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی مەلیك و چینی فیودال داناوە و لە ئەنجامدا توێژ و چینی شارنشین — بورژوازی بەرامبەر بە چینی دەرەبەگایەتی لادێ نشین خەتوخاڵی داوە. رادە و سنووری بۆ دەسەڵاتی توقێنەری لە رادەو سنوور بە دەری کلێسە و دام و دەزگا و پیاوانی ئایینی مەسیحی داناوە و یەکەم هەنگاوی لەو گۆرەپانە

بەرین و فراوانەدا هاویشتووە کە بۆتە مایەی لێکترازاندنی ئالقەی زنجیرە سەختەکەی پەیوەند کردنی کاروباری سیاسەتی دەوڵەت و کۆمەڵگا و ژیان بە ئایینێکەوە مەسیح خۆی داوای لە یەکتری دابڕانیانی کردبوو! ئەم هەنگاوە دلێرانەیە لە سەردەمی نوێدا نەمامەکەی هاتە بەر و بەو دیاردەیە ناونراوە کە بە زمانی عەرەبی بە عەلمانیەت ناو دەبرێت، ئەم نەمامە لە سەرەتادا رابەرانی شۆرشی فەرەنسا ناشتوویانە و لەم سەردەمی نوێیدا هاتۆتە بەر و بە هیچ جۆرێك لە شۆرشەکە خۆی کەمتر نییە، شۆرشی لە یەکتری جیاکردنەوەی ئایین و سیاسەت، ئایین و کاروبارەی حکومرانی دەوڵەت. وە نەبێ کارو رۆڵی ئەم شۆرشە سەرتاپاگیرە لە جیهانی فەلسەفەدا کەمتر بووبێ. تەنانەت هەندێ مێژووناسانی فەلسەفە و بیرمەند و رەخنەگران لەو باوەرەدان فەلسەفەی ئیدیالیستی ئەڵمان لە سەدەی نۆزدەهەمدا بەرابەرایێتی فەیلەسووفی بەناوبانگ هیگڵ[١] لە پیادەکردنی بیرو بۆچوون و تێزەکانی ئەم شۆرشە لە بوارو کایەی فەلسەفەدا بەولاوە نەبووە. خۆ ئەگەر ئەم بۆچوونە گازندە و رەخنە بکرێت و بەجۆرە زیادەرۆییەك دابنرێت و بە بڕیارێك سەرەنج بدرێت تارادەیەك سنوور بە زاندنێکی تیادا هەست پێ بکرێت، بە هیچ جۆریك ناکرێ و ناشێ رۆڵی بیرەباوەر و بریارو بۆچوون و هەنگاوەکانی ئەم شۆرشە هەر لە ئازادییەوە، بەرەو برایەتی و تادەگاتە یەکسانی لە جیهانی پان و بەرینی فەلسەفەدا بە کەم بگیرێن.

بیرۆکەی ئازادی لە هەردوو کایە و بواری سیاسەت و فەلسەفەدا ئەو پڕیشکە بووە ئاگری لە قەدەخە و پاوان و گۆڕەپانی دەستبەکاربوونی سیاسەتمەدار و بیرمەند و فەیلەسووفان بەرداوە و مێشك و ناخی هەژاندون، دەروونی و رووژاندوون و کەرەسە و تفاقی لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی خستۆتە بەردەستیان.



لەگەڵ گەرەبوون و پتر بوونی رۆڵ و کاریگەریی دانیشتوانی شار بە تایبەتی خاوەن خامە و پاشەکشەکردنی لادێ و خاوەن زەوی و زار، هەستی نەتەوەیی هەندێك جار خۆی لەسەنگەری دژایەتی کردنی بێ سنووریی براو و ئایینی مەسیحیدا دیوەتەوە، گەشەی کردووە و وردە وردە پەرەی سەندووە و بەهێز وپتەو بووە. هەست کردن بە ئەندامێتی لە گروپ و نەتەوەی جەرمانیدا لە لایەن هیگڵ و ئەو پەیامانەی فیختە[٢] ئاراستەی نەتەوەی ئەڵمانی کردوون راستی ئەم بۆچوونەمان پشت راست دەکەنەوە.

ئەگەر جاران مرۆڤــــ شانازیی بەوەوە کردبێ خاوەن بڕواو ئیماندارە و هەولی پیادەکردنی رێ وشوێنەکانی ئاینی یەسوعی مەسیحی لە ژیانی رۆژانەیدا دابێ دواتر، لەو قۆناخەدا شانازیی کردن بە نەتەوە و خەسلەت و شکۆ و سەربەرزییەکانی نەتەوە جێگای بڕواو ئایینی جارانیان گرتۆتەوە. ئەم هەستە نەتەوەییە ئەوەندە زاڵ و بە گوڕ و جۆش بووە، تەنانەت فیختە لە پەیامەکانیدا بە بێ جیاوازیی چین و توێژە و خێل و هۆز رووی گوفتاری لە تێکرای نەتەوەی[٣] ئەڵمان کردوەو مەبەستە سیاسییەکانی خۆی بە راشکاوی پێ رانەگەیاندووە.

ئەگەر بێت و سەرەرای رۆڵ و کاری شۆرشی سەرتاپاگیری فەرەنسا و ئایینی مەسیحی لە رۆژهەڵاتەوە هێنراو پەیدابوونی هەست و نەستی نەتەوەیی کە لە ئەنجامی گوێزرانەوەی مەڵبەند و ناوەندی هێز و دەسەلات لە ئاواییەکانەوە بۆ شار پەیدابوو، فەلسەفە و جیهانبینییە فرەرەنگییە بە پێزەکەی کانت کە بە فەلسەفەی ترانسندنتالی ناسراوە بهێنینە پێش چاومان، تایبەتمەندییەکانی سەدەی نۆزدەیەمان بۆ دەرکەوێ و لایەنە جۆر بە جۆرەکانیمان بۆ روون و ئاشکرا ببێت کە شۆرە سوارارنی وەك فیختە و شیلینگ و هیگڵ و لەدوایدا فۆیەرباخ و مارکس و نیتشێ و شوپنهاوەر رەنگی تەلارە پتەو و بەرزەکەیان رشتووە، دەبێ لە سەرچاوەیەکی وا بە

پیت و پێز و بەبرشت و هەمەلایەنە چ بەروبوومێکی پڕ بایەخ و بەبڕشتی فەلسەفە و ئەدەب و هونەر و ئابووری سیاسی، پەیدابووبێ و پێگەیشتبێ و کەوتبێتەوە؟! پشت ئەستوور بە هەمان سەرچاوە نهێنی سەدەی نۆزدەهەممان بۆ روون دەبێتەوە، بە تایبەتی لە ڕێبازی ئەدەبی و هونەریی رۆمانتیکیدا کە بریتی بووە لە پشتگوێ خستنی ژیر و پەنابردنە بەر ناخ و هەست و سۆز و شلکردنی جلەوی ئەندێشە بۆیە رینێ ویلیك ناهەقیی نەبووە کە وتوویەتی: ((گەورەیی و مەزنیی رۆمانسییەت لەوەدا دەرکەوتووە کە دەرکی بەو لێکچوونە قووڵەی نێوان رەوشەکانی شیعر و رەوشی دۆزینەوە و داهێنانەکانی ئایین کردووە))[٤] ئەم دەرك پێ کردنە و هەست کردنە بەو لە یەکچوونەوەی بابەتی شیعر و ئایین کە هەردووکیان ژیر دەخەنە لاوە و پەنا دەبەنە بەر ئامرازو سەرچاوەی تر بریتی بووە لە جۆرە دید و روانگەیەك لە وێوە چارەسەری سەرگەردانی مرۆڤی گیرۆدەی دەستی کات و رادەداریی و زەمەن هەریەکە بەشێوەی تایبەت بە خۆی بەدی دەکات. هەر بۆیە دەکرێ بگوترێ، وشەی رۆمانتیکی، لە ناوەرۆك و روخساردا چەمك و بۆچوونی هەست کردن بە سروشت، ئایین بەو جۆرەی خۆیان تێی گەیشتوون و ویستوویانە، خۆشەویستی، نامۆیی و گۆشەگیری و حەز کردن لە شتی سەیر و بیانی بە بیرو مێشکدا دەهێنێ، لە یەکچوونی شیعر و ئایین، شاعیر و خاوەن بڕوا و ئیمان شتێکە لە جیهانی رۆمانتیکیدا هەست پێ دەکرێت، چونکە هەردوو لایان هیوا و هەستی مرۆڤیان کردووە بە نیشانە و تیری چالاکییەکانیانی تێدەگرن. ئەمەش ئەو لایەنەیە کە بە پێزە و پتر لە زانست لە ژیانی ناوەکی مرۆڤدا رۆڵی کاریگەری خۆی دەگێڕێ! ئیتر سەیر نییە کە ئایین پتر لە زانست مرۆڤ بۆ لای خۆی بەرێت! سەدەی نۆزدەیەم بە تایبەتی لە ئەڵمانیادا پلەوپایە و مەڵبەندێکی ئەوپەری گرنگی هەبووە کە لە بەرهەم و پلان و بە پێزیدا، لە



سەرکەوتن و ساتمەکانیدا مەزنی و گەورەیی نواندوە و لە بڕشتیدا بە باوەری من لە سەردەمی کۆنی یۆنان کە فەلسەفەی تێدا داهێنراوە و لە شۆرشی فەرەنسا کە جیهانی گۆریوە ئەگەر تێینەپەراندبێ کەمتر نەبووە. ئەو کۆشك و تەلار و سەراو باڵەخانانەی فەلسەفە و سیاسەت و ئابووری و رەواناسی و زانستی کۆمەڵایەتی (سۆسیۆلۆجی) ئەم سەردەمەمان و دوا رۆژیش، بەردی بناخەکانیان لە لایەن فەیلەسوف و سیاسەتمەدار و تیوریست و زانا و ئابووری و یاساناس و ئەدیب و بیرمەندانی سەدەی نۆزدەیەمەوە دانراوە، لە دواییدا بوو بە بناخە کۆشکەکانیان لەسەر دامەزراوە، ئەگەر مرۆڤ لەم سەردەمەماندا لە ناوەرۆك و روخساری ئەو بابەتانە ورد بێتەوە کە بەشەکانی شارستانی سەردەمیان لێپێکدێت بە ئاشکرا جێدەستی سەدەی نۆزدەیەمی بەرچاو دەکەوێت.

٣- ئەگەر بە پێی بیروبۆچوونی هەندێك شارەزا و مێژوونووسی فەلسەفە سەدەی نۆزدەیەم بە قۆناخی هەرەسهێنان و پاشەکشێ و تێکشکانی تەلاری فەلسەفەی ئایدیالیزمی ئەڵمان دانرابێت، بەتایبەتی دوای مردنی فەیلەسووفی بەناوبانگ هیگڵ[٥] و پتر بوونی چالاکی مەتریالیستەکان و ئەو هێرشە نەپساوانەی کروویانەتە سەر ڕێبازە ئایدیالیستەکان، ئەم ڕەوشە بە بیر و بۆچوونی پسپۆرانی تر، سەدەی نۆزدەیەم ئەو قۆناخە بووە، راستە فەلسەفەی ئایدیالیزم پاشەکشەی کردووە، بەڵام ڕێبازی تر گەشەیان کردووە کە وەك بناخە رەنگی ئەو گۆران و پەرەسەندن و پێشکەوتن و شۆرشە سەرتاپاگیرە هەمەلایەنەیان لەسەر رێژراوە کە لە سەدەی بیستەم و دواتر هاتوونەتە بەر. ئەوەی لەم کایە و بوارەدا فەلسەفە دەگرێتەوە، دەکرێ ئەم سەدەیە، سەدەی نۆزدەیەم پشت ئەستوور، بەو هەموو ڕێبازە فەلسەفەیی و ئەدەبی و هونەریی و ئەو پەرەسەندنەی زانست تیایدا گەشەیان کردووە و سەریان هەڵداوە بە قۆناخی فرە رەنگ کە بەسەرەتای پەیدابوون و

دەستپێکرنی فەلسەفەی تر و بایەخی سیاسەت و زانست بە کاملّیی ناوبرێت. فەلسەفەی ترانسندنتالی ئەلّمان کە لە سەدەی هەژدەیەمدا ئیمانۆییل کانت بەردی بناخەی دانابوو، لە زۆر کۆڕ و کۆمەلّگا ئەکادیمیایی و لایەن و کایە و بواردا گەرم گوڕ و کاریگەر دەستبەکاربووە، چونکە فەلسەفەی کانت بە راستی قۆناخی دروست کردووە، قۆناخی پێش کانت و قۆناخی دوای کانت. سەردەمی کانت کە سەدەی هەژدەیەم بووە سەردەمی ((شیکردنەوە و رەخنەگرتن)) بووە. ئەم شیکردنەوە و رەخنەگرتنە هەموو کەلەبەر و لایەن و بوارەکانی ژیان و بیرو ئایینی گرتۆتەوە. ئەم پرۆسەیەی بیری فەلسەفەییە تا رادەیەك کاروانی گومان و ئەگەری رەواندۆتەوە و زانست و فەلسەفە و ئەدەب و هونەر و ئاکار لەسەر بنچینەیەکی پتەو هەولّی دامەزراندنیان دراوە. سەدەی نۆزدەیەم پشت ئەستوور بەو پرۆسەیە سەرکەوتەوە کاری دامەزراندن و بنیاتنانی بیری دەستپێکردوە ئەگەر چی هەردوو سەدە و قۆناخ لە شێواز و ئامانج و لە رێباز و هۆکارو فاکتەردا ئەوپەری لە یەکتری جیاوازبوون.دۆگم و ئایدیۆلۆجی و ئایین و رێ و شوێنەکانی کلێسەی مەسیحی و بنەماکانی ئاکار و سیاسەت تیشکی رەخنەکردن و شیکردنەوە و توێ توێکردنیان خراوەتە سەر. هەردوو رێبازی سەرەکی فەلسەفە، ئایدیالیزم مەتریالیزم و بە لایەن و قوتابخانە جیاجیاکانیانەوە جارێکی تر لە بێژنگ دراونەوە و شەن و کەو کراون، دروشمە سەرەکییەکانی شۆرشی فەرەنسا بە تایبەتی ئازادی ببوو بە ویردی سەر زمانی بیرمەندان، چەندین جاری تر چاویان پێدا خشێنراوەتەوە و بە جۆرێك لە جۆرەکان پاکانە یان بۆکراوەو پاساو دراونەتەوە. لە ئەنجامدا چەند تیۆری سەرتاپاگیری بیری — فەلسەفەیی دانراون. ئەگەر لە سەدەکانی ناوەراستدا رەب و لاهووت کەرەسەی سەرەکی بیروخامەی رێبازی لاهووتی و فەلسەفەی مەسیحی بووبن، لە دوو سەدەی هەژدە و نۆزدەیەمدا مرۆڤ



و سروشت و سیاسەت و کاروباری ئاکاریی دنیا ئەو بابەتانە بوون مێشکی بیرمەندان پیانەوە خەریك بوون. لێکدانەوەی میکانیکی جیهان و بوون ئەو بنەما زانستییە بووە پشتی پێ بەستراوە. بۆیە وەك بناخەیەکی توند و پتەو و قایم تیوری جۆر بە جۆری زانستیانەیان لەسەر دامەزراوە. ئەو دوو رێبازەی لە سەدەکانی ناوەراستەوە تا کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم بە بنەمای زانست، هەر لایەنە بە پێی بۆچوون و سەردەمی خۆی و بە پێی پەرەسەندنی زانست و کۆمەلّگا دانراون، رێبازی میکانیکی و رێبازی ئامانجەکی بوون.

رێبازی ئامانجەکی بنەمایەکی لاهووتی ئایینی هەیە لە سەدەکانی ناوەراستدا باو ببوە و پەیرەو کراوە. خۆی لە وشەی لاتینی — یۆنانی Teleologie کەوتۆتەوە کە بریتییە لەو تیۆری — رێبازەی دەلّێ((پەرەسەندن هەر لە سەرەتاو بنچینەدا ئامانج و مەبەستی دیاریکراوی هەیە))[٦] واپێدەچی ئەم بنەمایە لە لایەن زۆربەی ئایینە جیهانییەکانەوە پەسەند بێت، بۆ نموونە لەکتێبە ئاینییەکاندا هاتووە کە(( بوونەوەران بەهەموو جۆرێکیانەوە بۆئەوە داهێنراون عیبادەت بکەن.)) ئەمە لە خۆیدا بە شێوەیەك لە شێوەکان رێبازی ئامانجەکی پێناسە دەکات. چونکە بە ئاشکرا نیشانی دەدات بوون، بوونەوەر، گەردوون، مێژوو...، ئامانجیان هەیە و بوونیان و بەردەوامیشیان هەر بە ئامانجی تایبەتییەوە بەندە. بۆیە دەکرێ بگوترێ ئەو دوو رێبازە، یەکێکیان وێنەی جیهانی و جیهاندیدی مرۆڤی سەدەی نوێ کە زانست سەرمەشق بووە نیشان دەدات.

کە مرۆڤ باسی لێکدانەوەی ئامانجەکی دەکات، لە فەلسەفەی ئیسلامی سەردەمی عەبباسیدا وشەی((غایە و غائیە)) ی بۆ بەکارهێنراوە، یەکسەر لێکدانەوەی دیاردە و رووداوەکان، لێکدانەوەیەکی پشت ئەستوور بە هۆکاری ئامانج و ئامانجەکی بە بیرومێشکدا دێت. ئەگەر ئایین لە سەدەکانی ناوەراستدا سەرپشك و ئاغابووبێ، ئایین هەمیشە توندوتۆلّ بە لێکدانەوەی

ئامانجەکییەوە بەندبووە. کە چی زانست- ژیر لە سەدەی نوێدا سەرمەشق بوون و پەنابراوەتە بەر لێکدانەوەی میکانیکی[7] ئامانجەکی لێکدانەوەیەکە هۆکارەکەی لە دوارۆژدایە، بەڵام لێکدانەوەکەی تر کە میکانیکییە هۆکارەکەی لە پێش خۆیەوە. ئەم دوو جۆرە هۆکار و ئەنجام و لێکدانەوەیە لە دوو مەبەست و روانگە و بۆچوونی جیاوازەوە سەرچاوە دەگرن یەکێکیان پشت بە هەست و سۆز و ناخ دەبەستێ و رووی گوفتار دەکاتە ئامانج و ئەوی تریان ریالیستییانە پەنا دەباتە بەر تێگەیشتن و ژیر و مەنتیق و هەموو شتێك ژیرانە پاساو و دەداتەوە و هەموو ڕووداو و دیاردەیەك بە پاکانە و ساخ کردنەوە، بە هۆی هۆکارێکەوە پشت راست دەکاتەوە.

٤- ئەگەر چی کانت لەسەدەی هەژدەیەمدا بۆ پیادەکردنی بۆچوونە زانستییەکانی نیوتن لە کایە و مەیدانی فەلسەفەدا کۆششی کردووە، لە جێگیرکردنی رێبازی رەخنەگرتن و شیکردنەوەدا رۆڵێکی گرنگی گێڕاوە. ڕێ و شوێن و بۆچوون و دۆگم و جیهاندیدی ئایین و کلێسە شیکراونەتەوە و رەخنەکراون بۆیە وردە وردە رێبازی ئامانجەکی پاشەکشێی کردووە و ئەو سێ بابەتەی لێوەی کەوتوونەتەوە وپێوەی بەند بوون و پشتیان پێ بەستووە: ((رەب)) و((ئامانجەکی بوون و گەردوون و جیهان و سروشت)) و((سیستەمی ئاکارەکی جیهان)) تارادەیەکی زۆر بایەخی جارانیان نەماوە و لە لایەن فەیلەسووف و بیرمەندانەوە وەك جاران بەهەمان چاو تەماشانەکراون.

هەرسێك بابەتەکەی لاهوت:کێشەی ئادەم و ئەو خەتایەی کردوویەتی، بەرجەستە بوونی عیسا گوایە رۆڵەی رەببە و رەب لەودا بەرجەستە بووە، ئینجا درامای جیهان[8] و رۆژی حەشر و قیامەت، بە نەشتەری رەخنە و ژیر توێ توێ کراون و تیشکی گومانیان خراوەتە سەر. دەبێ بۆچی ئۆباڵی گوناهی ئادەم بچیتە ئەستۆی نەوەیەك کە هەر ناویان نەبیستووە. زانست،



تیۆری پەرەسەندنی داروین بیری فەیلەسووف و زانا و بیرمەندانیان بە لایەکی تردا بردووە و جەرگ بڕانە دەستیان لە بیرۆکەی داهێنان و ئافەریدەکردنی تەوارتی جوولەکە وەشاندووە[9]. مەیموون کراوە بە باپیر و ئادەم لەبیرچۆتەوە. لێکۆڵینەوە جیۆلۆجییەکان لە لایەکی ترەوە گومانیان لە قسەکەی تەورات کردووە کە گوتوویەتی ((رەب لە شەش رۆژدا جیهانی داهێناوە / سفری پەیدابوون - سەرەتا)) .پەرەسەندن و بەستنەوەی بوونی مرۆڤ بە جیهانی زیندەوەرەوە و پشت گوێ خستنی گریمانەی ئافەریدەکردن و کۆنی و هەتا هەتایی مادە و کەرەسە و هەوێنی بوون و لەناونەچوونی ئەو مادەیە پتر بە لایەکی تردا، بە لای زانست و جیهانەکەیدا شکاندوویەتی.

گەورەترین بیرۆکەیەکی فەلسەفە کە وەك رەخنەو گازندە رووبەرووی ئایین و لاهوت و فەلسەفەی مەسیحی و دەزگاکانی کلێسە بۆتەوە ئەو بیرۆکەیەیە کە گوتوویەتی، ئەگەر پرسیارێك وەڵامەکەی سەخت بوو بەئاسانی وەڵامەکەی نەدۆزرایەوە، ئەگەر کەلەبەرێك لە پاساودان و لێکۆڵینەوەی گرێیەکی رێباز و جیهاندیدییەکی فەلسەفە دەرکەوت هیچ پێویست ناکات هۆکاری ((ڕەب)) و دۆگم و رێوشوێنەکانی ئایین بهێنرێنە کایەوە.. گەردوون، جیهان، ژیان، کاروباری کۆمەڵگا دەبێ بە رێگای لێکدانەوە و بە هۆی هۆکاری سروشتیانەوە لێکبدرێنەوە و پاساو بدرێن و هیچ پێویست ناکات بۆ کردنەوەی گرێ کوێرەیەك پەنا ببردێتە بەر بۆچوونێکی سەروو سروشتی، هەروەها نابێ رێگای دەزگاکانی ئایین بدرێت خۆیان لەم کاروبارانەدا هەڵبقورتێنن .. دەبێ بۆچی ئۆباڵی ئەو شتانەی لەو جیهانەدا روودەدەن بخرێتە ئەستۆی بوونەوەرێکی ترانسندنتالی سەروو سروشت و سنوور و رادەبەزێن؟ ئەمە ئەو بیرۆکە فەلسەفەیە بووە دژی رێبازی ئامانجەکی پەیرەو کراوە و سەرکەوتنی پێبڕاوە و بووە بەشاسواری مەیدانی بیر.کانت لەم سەردەمە ئالۆزەدا دەست بەکاربووە و بەو کۆشك و

تەلارە بەرزەی فەلسەفە دایمەزراندوە بەدرێژایی سەدەی نۆزدەیەم و دواتر کاری لە فەیلەسوف و بیرمەند و هونەرمەندان کردووە.بەلایەوە لەکردن نایەت میتافیزیك وەك ڕێبازێکی ژیرەکی دابمەزرێت بۆیە بیرمەند و فەیلەسووف لە چالاکی و کۆششی زانیندا دوو ڕێگای لە بەرەو لەم دووانە دەبێ یەکێکیان هەڵبژێرێ و پەیرەوی بکات:

یەکەم: زانین و دەرك بردن بە جیهانی دەوروبەر بە ڕێگای ڕێباز و پەیرەوەکانی زانست دەبێ، لەم ڕەوشەدا ڕۆڵی فەلسەفە بریتی دەبێ لە دارشتنی ئەنجامە جۆر بە جۆرەکانی زانست لە چوارچێوەیەکدا کە بە جیهانبینی زانستیانەی فەلسەفە ناو دەبردرێ، یاخود هەوڵ بدات:

دووەم: چۆن و بە چ شێوازێك فەلسەفە بە ڕێگای[١٠] بنەما ژیرییەکان کە لە پرۆسەی زانیندا پشتیان پێ دەبەسترێ دەگات بە ڕاستیی، لێرەدا فەلسەفە ئەرکێکی توێتوێکردن و شیکارییانەی پێ دەبڕێ کە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم و سەدەی بیستەمدا بە تەواوەتی ڕێبازە فەلسەفییە پوریتیڤیست و زانستەکان پەیرەویان کردووە. فەیلەسووفی فەرەنسایی ئۆگۆست کۆنت و رابەرانی ڕێبازی فەلسەفەی شیکردنەوەی مەنتیقی لەم باوەرەدا بوون ئەرکی سەرەکی فەلسەفە بە هەوڵ و کۆششی لێکدان و پێکەوە گونجاندن و دارشتنەوەی ئەو ئەنجامانەی زانست پێیان گەیشتووە بەو لاوە نییە[١١]. بە پێچەوانەوە رابەرانی فەلسەفەی ئایدیالیستی ئەڵمان خۆیان لەو دوو ڕێگایە دوورخستۆتەوە و هەوڵیان داوە بە هۆی چەند تیۆری و بۆچوونەوە جیهان لێکبدەنەوە و وای بۆچوون جیهانی دەوروبەر لە ئەنجامی بزووتنەوەی بیرو گیان بەولاوە شتێکی دیکە نییە. لەم کایەیەدا وشەی گیان، گیانی ڕەها، هۆش، بیر، هۆشی خۆ، من، خواست و بۆچوون لە بەرهەمەکاندا بەدی دەکرێن.



ئەوی لێرەدا دەبێتە مایەی گازندە و ڕەخنە کردن ئەو پرۆسەیەیە کە لە لایەکەوە لافی شیکردنەوە و ڕەخنەکردن لێدەدات گوایە فەلسەفەی لە چنگ و دەسەڵات و کۆنترۆڵی لاهووت و بۆچوونەکانی ((ئایین و کلێسە و قەشە و ئابونا)) ڕزگار کردووە کەچی لە لایەکی ترەوە دەست بە دامێنی جیهاندیدی زانستەوە دەگرێ ئەگەر نەڵێین جارێکی تر فەلسەفە دەکاتەوە بە پاشکۆ بەڵام لە جیاتی لاهووت زانست دادەنێ.دەبێ بۆچی هەمیشە هەوڵ بدرێ فەلسەفە سەربەخۆ نەبێ و ئەوەندەی دەکرێ و لە تواناداا هەیە لە یارمەتی بابەتەکانی تر بێنیاز نەبێت؟! ئایا دەکرێ ئەم گازندەیە وەك پاساودانك بۆ دەرکەوتن و گەشەکردنی ڕۆمانتیك بە هەردوو بەشییەوە:

- فەلسەفە: فیختە، شیلینگ، هیگڵ..
- ئەدەب و هونەر:تیك، شلیگڵ، نۆڤالیس، بە ئادەر، هێردەر، هولڎەرلین دابنرێت؟!.

ئەو دوو بابەتە لە ناوەڕۆك و ڕوخسار و شێواز و ئامرازی کارکردندا هەریەکە تایبەتمەندی خۆی هەیە لە کاتێکدا هیگڵ پشتی بە ژیر- گیان بەستووە، ڕێبازە ئەدەبییەکە بە پێچەوانەوە هەموو جۆرە لێکدانەوەیەکی زانستی ژیان و کۆمەڵگا و جیهانی بە نادروست داناوە و خستۆیەتیە لاوە ڕووبەڕووی ژیر و دژ بەرێ و شوێنەکانی پەنای بردۆتە بەر ئایین و هەست سۆزی ژیان و ناخ، لەو باوەڕەدا بووە دەکرێ بە هۆی پەیرەوی[١٢] ترەوە نەك بە هۆی پەیرەو و ڕێبازی زانستەوە بیرمەند بە ڕاستی بگات، جۆری بیرکردنەوەی فەلسەفەی ڕۆمانسی لە هی ئەدەب و هونەرەکە جیاواز بووە. ڕۆمانسییەتی سەدەی نۆزدەیەم ڕێبازێکی ئەدەبی و هونەریی و شانۆ جۆرە بیرکردنەوەیەك بووە لە شێوازێکدا خۆی نواندووە بریتی بووە لە بایەخدان بە هەست و سۆز و هەڵچوون و دەروون، ڕۆڵی ژیر و فامیان بە کەم زانیوە.

تا چەند دەكرێ ئەم بۆچوونە رۆمانسیەی فەلسەفە و ئەدەب لەگەڵ بۆچوونە ئایینەكە بخرێتەوە دوو تای تەرازووەوە. بۆچوونە ئاینییەكەی سەدەكانی ناوەراست تاوەكو راپەرینی بەم جۆرە بووە:

- لە لای ئەوان جیهان، گەردوون، سروشت مەبەستێكی تایبەتی هەبووە و داوایان كردووە ژیانی مرۆڤ بە شێوازێك لە گەڵیدا بگونجێ، بۆ ئەوەی ژینگە خۆی كە بەشێكە لە نەخشەی گشتی گەردوون پڕ مانا و بایەخدار بێت.

- جیهان، گەردوون لە لایەن هێزێكی گیانیی سەروو سروشتییەوە بەرێوە دەچێ لە ئایینیدا بە((ڕەب)) ناو دەبرێت.

- لە جیهاندا نەخشە و سیستەم و دابونەریتێكی ئاكاریی هەیە بریتییە لە چاكەكاری و داد ئەگەرچی هەندێك جار پێچەوانەی ئەمە هەست پێ بكرێت و بێتە بەرچاو[13].

- ئەوەی لێرەدا سەرنج رادەكێشێ و هیچ جۆرە گومان و ئەگەرێك هەڵناگرێت ئەوەیە ئەو بۆچوونە بەگشتی لە لایەن فەیلەسووف و چەند زانایەكەوە كە شارەزایی تەواویان لە فەلسەفە هەبووە، نەخشەكەی رێژراوە، بۆ نموونە ئیسحاق نیوتن زانا و فەیلەسووفێكی ناسراوی سەردەمی خۆی بووە چەندین نموونەی نیشان داوە كە جۆرە رێك و پێكی و سیستەم(نەزم) لە گەردووندا هەیە. ئەم رێكوپێكییە لە سروشتدا جۆرە هەماهەنگی و هارمۆنیی نێوان رێگا(شێواز) و ئامانجەكان نیشان دەدات هەبوونی نەخشە و نەخشەسازیی پشت راست دەكاتەوە و ئەم نەخشەسازییەش دەری دەخات دەبێ بوونەوەرێك، هێزێك هەبێت رەنگی ئەم نەخشەیەی رشتووە، ئەم هێزە سەروو سروشتییە((ڕەببە)).

گریمانەی هەبوونی نەزم و نەخشەسازی و پلان و رێكوپێكی لە جیهان و گەردووندا، جارێكی تر سەرنجی بۆ رادەكێشین، بیرۆكەیەكە تەنیا



مرۆڤ خۆی بە مێشكیدا هاتووە و دایناوە. پێكهاتەی بوون و فیزیكی لەشی مرۆڤ و مێشك و دەروون و فام و ژیری مرۆڤ بە جۆرێكە بوونی ئەم گریمانەیە رەوا دەكات، ئەگینا ئەم گریمانەیە ئەگەر بە سەلمینەو بەڵگە پشت راست بكرێتەوە، بەڵگەو سەلمێنەی تر هەیە كە پێچەوانەی ئەمە دووپات دەكاتەوە. دەبێ بۆچی نەتوانایی لێكدانەوەی بابەتەكانی سروشت و ژیان و كۆمەڵگا ببێتە مایەی ئەوەی بوونی هێزێكی ترانسندنتالی سەروو سروشت و توانا و هێز لە رادە و سنوور بەدەر گریمانە بكرێت؟! هەر چۆنێك بێت هیچ جۆرە پەیوەستیەكی مەنتیقی لە نێوان زانست و بابەتی ئامانجەكیدا نییە. زانست ساغی كردۆتەوە ئەم بابەتە كە بنەمای ئایین و لاهوتی مەسیحی بووە هیچ جۆرە بنەمایەكی ژیریی و زانستی نییە و هیچ بابەت و گریمانەیەكی بە ژیر و بنەما و بەڵگە زانستییەكان ساغ ناكرێتەوە.

٥- لەسەردەمی كانتدا رێبازی میكانیزم لە زانست و فەلسەفەدا دەست باڵاو باو و دەستبەكاربووە. بیرمەند و فەیلەسووفەكان پشت ئەستوور بەم رێبازە جۆرە بنەرەتێكی ناچارەكی(حەتمی) یان داناوە بریتی بووە لەوەی: ئەگەر مەرجەكانی رووداوێك بزانێت سەرەرای ئەو پاڵنەرو هۆكار و فاكتەرانەی رووداوەكەیان لێكەوتۆتەوە، دەتوانرێ هەموو قۆناخەكانی پێشوو لە مەودای پەرەسەندن بزانرێت و پێشبینی بكرێت. لەم كەش و هەوایەدا كانت هەوڵی داوە پشت ئەستوور بە هەردوو بنەمای میكانیزمی نیوتن و فەلسەفەی ئایدیالیستی خۆیەتی((باركلی و هیوم...)) بۆ پرۆسەی بیر و فەلسەفە و زانست و میتافیزیك و ئایین و ئاكار بنەما و بنچینەیەكی پتەو دابنێ. دانانی بنەمایەكی زانستی بۆ میتافیزیك، ئەگەرچی گازندەیەكی زۆر كراوە، بەشێك بووە لەم كۆششە و بۆتە كەرەسە و بابەتی چەندین لێكۆڵینەوەی فەلسەفە و زانست.

رشتنی ڕەنگی سیستەم و دیسپلینێکی پتەوی ئاکار لەسەر بنەمای ژیرو[١٤] جیاکردنەوەی ئاکار لە ئاین (ئایینی مەسیحی) ئەگەر لە خۆیدا کۆششێکی ئەوپەری جوامێر و زیرەکانە بووبێ، لە لای خۆیەوە بۆتە مایەی بێگیانکردنی ڕێوشوێنەکانی ئاکار و هەڵگیرساندنی ئاگری تەنگژە و قەیرانێك هەردوو ڕێبازی کانتیانیزمی نوێ((ماربورگ و بادن)) پێوە خەریك بوون و سەرگەرمی چارەسەرکردنی بوون. هەروەها ئەم بابەتە لە لای ڕێبازی ئەدەبی و فەلسەفەی ڕۆمانتیك ڕەنگی خۆی داوەتەوە.

لە فەلسەفەدا کانت، بوونی ڕەب، نەمری نەفس و ئازادی، بە سێ بابەتە سەرەکییەکەی بیری فەلسەفە داناوە چونکە ئەمانە چەند بەڵگەنەویستێکی ژیرنین و تەنیا خواست لە توانایدا هەیە بە لایەکیاندا بچات. تا چ ڕادەیەك ئەم بۆچوونە ڕێبازی خواستەکی ڕۆمانتیك بووە؟! لە کایەی تیۆری زانیندا، کانت کاریگەریی و دەستبەکاریی بیری پشت ڕاست کردۆتەوە، بە تایبەتی لەو بەشەدا کە بەفەلسەفەی ترانسندنتالی داناوە و ئەم هەنگاوەی خۆی و کۆششە زانستییەکەی کۆپەرنیکۆس بەراورد کردووە[١٥] لێرەدا بەوپەڕی بلیمەتانە ژیری مەنتیقی لە ژیری ترانسندنتالی جیاکراوەتەوە و پێی لەسەر کاریگەری قانوونەکانی مەنتیق و بیرکاری و فیزیك داگرتووە و ئەو ڕۆڵە ڕوون کراوەتەوە کە بیر لەکایەی ئەم قانوونانە و لە جیهاندا دەیگێڕێ، بەڵام لەم بوارەدا گازندە دەکرێ ئەو ئەنجامەیە کانت پێی گەیشتووە و بە بابەتی ((شت لە خۆیدا)) ناسراوە.کانت لە چوارچێوەی تەلارە فەلسەفەییەکەیدا لە چوارچێوەی ڕێبازی ئایدیالیزمدا پێی لەسەر جۆرە دوو ڕەنگییەك داگرتووە. جیهان لە دوو بەش پێك هاتووە، جیهانی دیاردەکان و Erscheinung جیهانی شت لە خۆیدا Das Ding an Sich، زانین، زانست تەنیا لە جیهانی دیاردەکاندا لە کردن دێ و دەگونجێ بەدەست بێن و دەست بەکاربن. بۆیە هەر میتافیزیکێك ئەو سنووری



دیاردانە ببەزێنێ شیاوەکی نییە و بوونی گومانی لێدەکرێت. ئەم بڕیارە بوار و گۆڕەپانی ئاڵۆزو و قووڵی زانینی گرتۆتەوە و مۆرکەکەی بە تەواوەتی بەم پرۆسەی شت زانینەوە دیارە. زانین بە بابەت و پڕۆسە لە دوو بەش، دوو ڕەنگ ئاسا، پێك دێت:

یەکەم: کەرەسەی خاو بەهۆی هەستەکانەوە دەستگیر دەبێت.

دووەم: من، خۆم کاتیگۆری و چەمك و چوارچێوە و بۆچوون و فۆرمەکانی جیهاندیدی پێشیانە دەداتە دەست. بەهۆی داڕشتنەوەی ئەو کەرەسە خاوەی هەستەکان داویانەتە دەست لە چوارچێوە و بۆتەی ئەم چەمك و کاتیگۆرییانەدا ئەو شتە پەیدا دەبێ و دەکەوێتەوە کە ((زانین))ی پێدەگوترێت.

کانت لەم پرۆسەی زانیندا ڕۆڵی کاریگەر و سەرەکی بە من، بەخۆم بە بیرو هۆش دەبەخشێ و ئەو بابەتەی لە جیهانی دەرەوەی من پەیدادەبێ پلەی دووەمی پێدەبەخشێ، دەکرێ وەك فەیلەسوفێك بخرێتە خانەی ئایدیالیستییەوە.من، خۆم Das Ich داهێنەرە، چالاکە دانەری ڕێ و شوێن و قانونەکانی سروشت و جیهان و ئاکارە. منی داهێنەر ئەو توانایەی خۆی لە بواری ئازادیدا دەنوێنێ و لە مەیدانی پان و بەرینی ئاکار و ئاییندا خۆی بەرجەستە دەکات, منی داهێنەر، ئازادی، مێژوو: ئەو بابەتانە بوون فەلسەفەی ئایدیالیزمی ئەڵمانیان لێ پێکهاتوو.[١٦]

٦- ئایا تا چەند بۆچوونەکەی پرۆفیسۆر ستێس لە جێگای خۆیدایە کە وای داناوە(کانت دامەزرێنەری ڕاستەقینەی ڕێبازی ڕۆمانسی)[١٧] بێت- گوایە-ڕۆمانسیەکان جیهاندیدییەکیان هەیە بریتییە لەوەی ئەو جیهانەی بەهەستەکان یاخود بە ژێر دەرەکی پێدەبردرێ جیهانی کات و شوێنە، ئەم جیهانی کات و جێگایەش دیاردەی ڕاستییەکی گیانییە زۆر لەو دیاردەیە ڕەسەنترە . چونکە کانت جیهانی کردووە بە جیهانی دیاردە و جیهانی

راستەقینە! لەم بۆچوونەدا، وەك من تێبگەم دوو خاڵ روون و ئاشکرانین بۆیە بۆچوونەکەی ستیس تەمومژاوی دێتە بەرچاو:

یەکەم: ئایا مەبەستی لە بزووتنەوە رۆمانسی بە مانا گشتییەکەیە کە بریتییە لە شۆرش و یاخیبوون دژی رێبازی کلاسیکی نوێ یاخود مەبەستی لە رێبازی رۆمانسییەتە بەمانا تایبەتیەکەی کە جۆرە بزووتنەوەیەکی ئەدەبی سەدەی نۆزدەیەم بووە و بنەماکانی تیۆری هێمای لە شیعردا داناوە و هەوڵی ئاوێتەکردنی شیعر و فەلسەفەی داوە و ئیتر تا چەند لەم ئەرکەدا سەرکەوتووە بابەتێکی ترە!

دووەم: یاخود مەبەستی لەو چەند فەیلەسووفە ئایدیالیستییەی ئەڵمان بووە کە بەڕابەرانی رێبازی ئایدیالیزم ناودەبرێن و کاریان لە رێبازی ئەدەبی رۆمانتیك کردووە و لە لایەن ئەم رێبازەشەوە کاریان تێکراوە بەتایبەتی فیختە، شیلنگ و هیگڵ..؟!

ئایا دەکرێ لە یەکچوونی دوو بۆچوون، لە یەکتری نزیك بوونی دوو هەڵوێست لە دوو بابەتی لە یەکتری جیاوازی ئەدەب و فەلسەفە ببێتە مایەی ئەوەی یەکەمیان بە داهێنەرەکەی و دووەمیان بەکارلێکراوە دابندرێن؟! کانت فەیلەسووفی قۆناخی رۆشنگەرییە و ژیری کردووە بەسەر مەشق.رۆمانسییەکان پەنایان بردۆتە بەر سۆسە(حەدس) و ژیریان خستۆتە لاوە!

کانت هەوڵیداوە ساغی بکاتەی بیر وەك ئۆرگانێك چالاکی و پرۆسەیەك بەرهەمدێنێ و، کارکردەیەکی رەسەنە و خۆی بابەتەکانی خۆی دادەهێنێ و پەیدا دەکات. ئەم سووربوونە لەسەر رەسەنێتی و کاریگەری بیر بەردی ئەو بناخەیە بووە دوای کانت چەندین فەیلەسووف تەلاری رێبازە فەلسەفەییەکەیان لەسەر دامەزراندووە. ئەم پرۆسە داهێنەرەی بیر ئەگەر ناوی تری لێنرابێ ئەوا کراوە بە بنەمایەکی ڕەها (موتڵەق) بنەما هەندەکی و



لقییەکانیان لێوە کەواندۆتەوە و کردوویانە بە ئامراز و کەرەسە و شێوازی لێکدانەوەی جیهان و ژیان و مێژوو و زانست و ئایین و هونەر. لەم بوارەدا تا ئەو رادەیە پێیان لێهەڵگرتووە و سنووریان بەزاندووە کە بڵێن- بوون- بێرادە و سنوورە، گۆران و بەرەو پێش چوون و گەشەکردن لە مێژوودا لە هەموو سنوورێك تێدەپەرێنێ و هیچ جۆرە کۆتاییەکی بۆ نییە. بێگومان ئەمە بە ئاشکرا سروشتی فەیلەسووف و زانا و بیرمەندی جەرمانی ساغ دەکاتەوە کە هەمیشە سەرگەرمی ئەوە بوون، لە بەرهەم و نووسین و سیستەمە جۆراوجۆرەکانیاندا هەر لە ئەدەب و هونەرەوە تاوەکو زانست و فەلسەفە و ئایدیۆلۆجی تاکە بنەمایەك بۆ فرەیی و هەمەرەنگیی و هەمە جۆریی بدۆزێتەوە، ژیان و پەرەسەندن و گۆران بە جۆرە تەوژمێك کە لە ناوەوە و لە ناخەوە بەرەو دەرەوە دەرەکییانە هەڵقوڵاوە سەرنج بدات.سەرەرای هەمەکیی کردنی هەڵوێستی هەندەکی و پشت بەستن بە ژیر(ئەقڵ) و بایەخدان بە هێزو تواناکانی ئەم ئامرازەو بە هەند زانینی ئەو ئامانجانەی لە بڕیارەکانی دەکەنەوە، ئەمەیە ئەو لایەنەی لە بواری بیرو فەلسەفە و ئایدیۆلۆجیدا بە رەوت و سروشتی بیرمەندی جەرمانی ناو دەبرێت، نموونەیەك لە فەلسەفەدا، بە تایبەتی لە سەدەی نۆزدەیەمدا فەلسەفەی سەرتاپاگیری ئاڵۆز و جەنجاڵی((یۆهان گۆتلیب فیختەیە)).

٧- ئەگەر پشت بەو سەرچاوانە ببەسترێت دەربارەی پەیوەندی نێوان فەلسەفە و رێبازی رۆمانتیکی سەدەی نۆزدەیەم بە تایبەتی و فەلسەفە و شیعر بە گشتی نووسراون گومان لەوەدا نامێنێ هەردووکیان دوو بابەتی لە یەکتری جیاوازن و ئەو جیاوازییەش بە تەواوەتی لە روخسار و ناوەرۆك و شێواز و ستایل و مەبەستیاندا دەردەکەوێ. شیعر بابەتێکی مەجازییە و پشت بە هەست و سۆز و ئەندێشە و دەروون دەبەستێ و بە وێنەی شیعری بۆچوون و خواستەکانی بەرجەستە دەکات، بەڵام فەلسەفە

سیستەمێکی رێکوپێکە لـە چـەندین تیـۆری پێکهـاتووە لـە چوارچـێوە گشتییەکەدا بەو بابەتە ناودەبرێ کـە دەکـرێ بـە جیهـانبینی ناوببرێـت. گومانیش لەوەدا نییە ئەزموون و تاقیکردنەوەی شیعریی و تەجرەبەکـەی شاعیر جۆرێك لە جۆرەکانی پرۆسەی ئیپستمۆلۆجی(زانین) نیـشان دەدەن، بەڵام ناکرێ بەهیچ شێوەیەك بخرێنە خانەی فەلسەفە و بیری مەنتیقیانەوە، چونکی نەبووە و ناکرێ شیعر و شاعیر دەستبەرداری ئەندێشە و هەست و سۆز و هێما و ئەفسانە ستایلی شیعریی بن و ئەمانەش چ وەك بابەت و چ وەك ئامراز بە لای فەلسەفەوە دەخرێنـە خانەکەیـەوە زۆر لـە پـشتگوێ خستنەوە نزیکە. خۆ ئەگەر نۆڤالیس[١٨]- ئەدەیبی بەناوبانگی رۆمانـسی ئەڵمان لافی ئەوەی لێدابێ کە دەبێ شیعر و فەلـسەفە ئاوێتـەی یـەکتری بکرێن، چونکە شیعر وەك ئەو لافی لێداوە لە زانینی راستیی بە باشـترین و قووڵترین شێوەی بەولاوە نییە، لە قـسەی شـاعیرێکی شـەیدای هێمـاو سروشت و ئەفسانە بەلاوە نییە.

**(کانوونی یەکەم ٢٠٠٥)**

## پەراوێز و سەرچاوەکان

١- بۆ نموونە پرۆفیسۆر دکتۆر یواخیم ریتەر کاتی خۆی مامۆستای فەلسەفە بووە لە زانکۆی مونیستەر- هەرێمی نۆرد راین فییستیڤاڵن لەو باوەرەدا دابووە هیگڵ فەلسەفەکەی لە سێ سەرچاوەوە هەڵهێنجاوە:

- شۆرشی فەرەنسای ١٧٨٩ز.
- ئایینی مەسیحی.
- بارودۆخی فرە رەنگی ئەڵمانیای سەردەمی خۆی. بڕوانە:

Ritter,J.Hegel und franzosische Revolution

Fichte,J.Reden an die deutsche Nation.

بەشێکمان لەم شاکارە سیاسیە- فەلسەفەییە لە ئەڵەمانیەوە کردووە بە کوردی و چاودێریی دەرفەتی چاپکردن دەکات.

٢- STORIG, Hans Joachim., Kleine Weltgeschichte der philosophie. Stuttgart 1961. s.506.

٣- ویلیك، رینیة، مفاهیم نقدیة، ترجمة: د.محمد عصفور، عالم المعرفة کویت ١٩٨٧، ص١٦٥.

٤- ئەم بەرهەمە بریتییە لە چەند نووسینێك کە پتریان دەربارەی ئەدەب و رەخنەی ئەدەبین نووسەر لە بۆنەی جیاوازدا بڵاوی کردوونەتەوە، بەرهەمەکە لە زمانی ئینگلیزییەوە وەرگێردراوە.

5- Schnadelbach, H,. philosophie in Deutschland Stw. 401.s.130,ff



6- Wahrig, Gerhard.,Deutsche Worterbuchn. Mosaik Verlag, Munchen 1980. S. 3690.

٧- ستیس، ولتر: الدین و العقل الحدیث. ت: د.امام عبدالفتاح امام مکتبة مدبولی — القاهرة- ١٩٩٨، ص ٣٧ فیما بعد.

ئەم شاکارە لە ئینگلیزییەوە وەرگێردراوە،وەك من بۆی بچم تا ئێستا نەکراوە بە ئەڵمانی.

٨- ستیس، و. هەمان سەرچاوە، بە عەرەبی.ل. ٢٥.

٩- تەورات بە زمانی ئەڵمانی، سفری پەیدابوون، سەرەتا.

١٠- بوخینسکی: تاریخ الفلسفة المعاصرة في اوروبا. ترجمة محمد عبدالکریم الوافي طرابلس- لیبیا- بلا ص ٣٣ فیما بعد.

١١- بڕوانە: د.حەمید عەزیز: بنەماکانی فەلسەفەی شیکردنەوەی مەنتیقی. دەزگای موکریانی هەولێر ٢٠٠٥.

١٢- بوخینسکی، هەمان سەرچاوەی پێشوو. ل ٣٤. ئەم بەرهەمە لە زمانی فەرەنسییەوە وەرگێردراوە.

١٣- ستیس، والتر، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل. ٢٠٩

14- Kant. Immanuel,.Grundlegung Zur Metaphysik der Sitten. Riga. 1785.Dritter Adschuitt:447-450 ff.

ئەم شاکارەی کانت- مان لە ئەلمانییەوە کردووە بەکوردی و چاوەروانی دەرفەتی چاپکردن دەکات

15- kant,I. Kritik der reinen Vernunft. Hamburg 1976. B362.

16- Storig, H.J,. kleine Weltgeschichte der philosophie Stuttgart 1961. S.397 – 398 .

١٧- ستیس، والتر، هەمان سەرچاوە.ل.٢٣.

18- Mahl, H-J,. Novalis. In: Deutsche Dichter der Romantik. (Hrsg) Von:Benno Von Wiese. 2. Auflage. \1983. S,234.

## (٣)

# رێبازی رۆمانتیکی لە جیهاندیدی فەلسەفەدا

١- پێوەندی نێوان فەلسەفە و ئەدەب وەنەبێ شتێکی روخسارەکی و دیاردەیەکی نوێ بێت، هەر لە سەردەمی ئەفلاتوونەوە سەرنج بۆ ئەم لایەنە راکێشراوە. ئەو سەرنج راکێشانەش دواتریش بە پێی مەبەست و ئامانجی لایەنەکە خۆی ناوەرۆك و روخساری ئەم پێوەندییەی دیارو دەستنیشان کردووە.بۆنموونە ئەفلاتوون فەیلەسووفێکی ئایدیالیستی کۆنسێرڤاتیڤ، هەڵویستێکی بە پارێزی بەرانبەر بە ئەدەب بەگشتی و بەرانبەر بە شیعر و هونەر بە تایبەتی هەبووە دەکرێ لەگەڵ هەڵوێستی ئایینەکاندا بە گشتی بخرێتە نێو دوو تای یەك تەرازووەوە.

ئەفلاتوون لە کۆمارەکەیدا بریاری داوە چەپکە گوڵ بداتە دەست شایەر و داوای لێ بکات کۆمارەکەی بە جێ بهێڵێ، چونکە لەم کۆمارەدا کە ئەفلاتوون رەنگی رشتووە و بەردی بناغەکەی داناوە جێگای ئەو جۆرە بیرکردنەوە و بابەتە نابێتەوە.

لە ئایینە جیهانییەکانیشدا، لە جولەکە و مەسیحی و ئیسلامدا، بەوپەڕی سڵ و پارێزەوە تەماشای شیعر و شاعیران کراوە. تەنانەت لە سەرەتای پەیدابوونی ئایینی ئیسلامدا ئەوەندەی نەمابوو شیعر و شاعیران لەبیربچنەوە، سەرەرای ئەوەی لە قورئاندا شاعیر بە مرۆڤێك دانراوە لە هەموو دیزەیەکدا ئەسکوێیە، قسەی زارو کرداری لە یەکتری جیاوازن[1].



لە سەرچاوەکانەوە دەردەکەوێ فەلسەفەش بە پێی قۆناغ و سەردەم هەڵوێستی جیاواز لە بارەیەوە بەدی دەکرێن.ئەو سڵ و پارێزەی بەرانبەر شیعر و شاعیران نیشان دراوە ئامانجێکی دیاری هەبووە بریتیی بووە لەوەی خوازراوە، شیعر و شاعیر هەڵوێست و ناوەرۆك و روخساریان بەو جۆرە بێت کە لێیان داوا دەکرێت. ئەمەش لە هەمانکاتدا فەلسەفەی گرتۆتەوە. لە لای ئەفلاتوون وای لێکراوە، یان هەوڵ دراوە ناچار بکرێت ببێ بە ئامرازێکی پەروەردە و پێگەیاندنی سیاسی. لەسەدەکانی ناوەراستدا بەسەدەکانی دەست رۆیشتنی ئایینە جیهانییەکان(مەسیحی و ئیسلام) دادەنرێت، فەلسەفە ناچار کراوە ببێ بە پالپشت بگرە ببێ بە دارەدەستی لاهووت و دۆگماکانی ئاین و دەستبەرداری سەربەخۆیی خۆی ببێ کاتێك ئەمە نەچۆتە سەر لەجیهانی ئیسلامی رۆژهەلاتدا لە لایەن ئیبن تەیمیە، فەتوای قەدەغە کردنی دەرکراوە. (**من تمنطق فقد تزندق**).

ئایا ئەم دوو چارەنووسە لە یەك چووی هەردووك بابەتی فەلسەفە و ئەدەب سروشت و تایبەتمەندییەکی هاوبەش و ناوکۆیی هەردووك بابەت نیشان دەدات؟! ئەگەر ئا ئەو تایبەتمەندییە سەرانجراکێشە کامەیە؟!

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە و چەندین پرسیاری تر، لەم نووسینەدا بابەتی ئەدەبی رۆمانتیکی لەگەڵ فەلسەفەدا بە هەردوو لایەنی لەبار و نالەباردا بەراورد دەکەین و هەوڵ دەدەین تایبەتمەندی هەردووك لایان کە لەلایەك لە یەکترییان نزیك دەکاتەوە و لە لایەکی ترەوە سەربەخۆیی و سروشتی جەوهەریی هەر یەکێکیان ساغ و پشت راست دەکاتەوە ئەوەندی لە توانامان‌دا بێ شی و توێ بکەین.

رۆمانتیك بزووتنەوەیەکی بە پێزی ئەدەبی و هونەری گۆشکراو بە شیری فەلسەفە و سیاسەتی سەردەمی خۆی لە سەدەی نۆزدەیەمدا پەیدا بووە پشت بە ئەندێشە و هەست و سۆز دەبەستێ و جڵەو بۆ ئەسپی

بالّداری خەیاڵ شڵ دەکات و لەجیهانی پڕ ئەفسووناوی خۆیدا تاوی دەدات، بەڵام فەلسەفە بە پێی تایبەتمەندی خۆی هەر لەو کاتەوە لە سەردەمی کۆنی یۆناندا خەت و خاڵی داوە پشت بە ژیر و مەنتیق دەبەستێ، هەست و سۆز دەخاتە چوارچێوەیەکی تایبەتییەوە کەم تا زۆر لە بواری توێژینەوە و شیکردنەوە و بڕیاردان و ئەنجامگیریدا ئەگەر هەوڵی دوورخستنەوەیان نەدات، بەپێی پێویست و ناچارەکی نەبێ پشتیان پێ نابەستێ. ئەم ڕەوشە تایبەتمەندی هەر لایەك لەم دوو لایەنە، بە پوختی، نیشان دەدات، کەوابوو دەبێ ئەو خاڵانەی لە یەکترییان نزیك دەکاتەوە کامانەبن؟!

ئەگەر هەمیشە هەوڵ درابێ فەلسەفە سەربەخۆیی خۆی لە دەست بدات و بێ بە ئامراز و پاشکۆی بابەتێکی تر، ڕۆمانتیکیش کە لە سەدەی نۆزدەیەمدا کاریگەری کردەکی خۆی هەبووە، سوودی لە دەوروبەری خۆی وەرگرتووە و کاریشی لە دەروبەری خۆی کردووە، تۆمەتی سیاسی و ئایینی خراوەتە پارسەنگ و دراوەتە پاڵ. هەندێ شارەزا لەو باوەڕەدابوون کە گوایە ڕێبازی ڕۆمانتیکی بەکوڵك و پێستەوە تایبەتمەندی کۆنەپارێزی نیشان دەدات و ئەو گازندەیە کراوە، گوایە، ڕێگای بۆ بزووتنەوە کاولکارەکەی ناسیۆناڵ سۆسیالیزمی ئەدۆڵف هیتلەری دامەزراێنەری رایخی سێیەمی ئەڵمان خۆش کردووە. هەروەها پشت بەو هەڵکەوتە دەبەستن دوای شۆڕشی مەزنی فەرەنسا ساڵی ١٧٨٩ ز لەم ڕێبازە دەرکەوتووە و جان جاك ڕۆسۆی ڕابەری گیانی و کولتووری سوودی لێوەرگرتووە. گوایە ئەمە سەرەتایەکی پەیدابوونیەتی و ڕوخسارێکی سیاسی نیشان دەدات.

٢- فەلسەفە بابەتێکی هۆشیاری کۆمەڵایەتییە، جۆرە هاوسەنگی و تەوازوویەك لە نێوان بابەت و شێوازی دەربریندا نیشان دەدات، فەیلەسووف بۆ ئەم مەبەستە بە پێی بۆچوونی خۆی و بەپێی پلەوپایەی لە ڕەوشی



کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری کۆمەڵگادا پەیرەوێکی دیاریکراو و ڕێگایەکی ڕەنگ بۆ ڕێژدراوە لە چوارچێوەی ئەو میتودەدا دەگرێتەبەر.

دەبێ ئەم لایەنە لە لای ڕێبازی ڕۆمانتیکی بخرێتە کام خانەوە و بە چ لایەکدا بشکێتەوە؟! ئایا قسەکەی نووسەری ناودار و بەناوبانگ(بۆ دلێر) چەندە ڕاستەکە وتوویەتی:

لە ڕۆمانتیکیدا نە هەڵبژاردنی کەرەسە و بابەت و نە وردەکاری دەربڕین و نە نیشاندان، بەڵکو تەنیا جۆر و هونەر و بابەتی هەست و سۆز گرنگ و بایەخ دارن.[2] ڕێبازی ئەدەبی و هونەری ڕۆمانتیکی لەسەردەمێکدا سەری هەڵداوە کە فەلسەفەی ڕەخنەگری — ترانسندنتالی ئیمانۆیل کانت باڵا دەست بووە، هەروەها کەڵە فەیلەسووف و نووسەری وەك هیگڵ و فیختە و شیلنگ و فۆیەرباخ و کیرکێگارد و نیتشێ و گۆتی و بایرۆن و هۆلدرلین، بەردی بناغەی تەلارە بڵندە شکۆمەندەکەی ئەو جیهانبینییە بە پێزە فرە ڕەنگ و لایەنەیان داناوە شارستانیەتی مۆدێرن و پشت ئەستوور بە بنەماکانی زانست و تەکنەلۆژی سەردەم لەسەری دامەزراوە.

هەموو دیاردەیەکی شارستانی و هەموو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیش کۆرپەی گۆشکراوی کەشو هەواو سەردەم و هەلومەرجەکانی خۆیەتی، ئایا ئەم بۆچوونە لەگەڵ قسەکەی تۆلستۆیدا دێتەوە کە وتوویەتی:

**گۆرانی و سترانی جووتیارێکی ڕووس پتر لە گەورەترین شاکاری ئەدەبی و هونەری و مۆسیقاو سیمفۆنی جیهانی کارم تێدەکات!**

لە ڕوانگەی فەلسەفەوە دەخرێتە چ خانەیەکەوە؟! ئایا ئەو لایەنەی ئەو نووسەرەی ڕووس باسی کردووە کە دەکرێ بە لایەنی خودی — خۆیەتی دابنرێت لە گەڵ ئەوەی ڕۆمانتیکی بە گشتی پەنا دەباتە بەر هەست و سۆز و سرووش و ناخی دەروون بە تێکدان و شێواندنی ئەقڵ و ژیر و مەنتیق و ڕاکردن لە ڕاستەقینەو گۆشەگیری ناگەیەنێ؟ یان ئەو لایەنە

لەلای خۆیەوە تایبەتمەندی بابەتەکە و ئەو کەشوهەوایە وئەو هەڵومەرجە ئاڵۆز و هەمە چەشنە و ئەو دەوروبەرەی رابەرانی ئەم رێبازەی تێیدا گۆش کراون و پێگەیشتوون ساغ و روون دەکاتەوە؟! نابێ ئەوەش لە یادبچێ ئەو کەشوهەوا و زەمینەی ئەم رێبازە تێیدا هاتۆتەبەر لەکارتێکردنی ئاییینی مەسیحی کە ئەمرۆ بۆتە ئاییینی ئەوروپا، بەدوور نەبووە، کەوابوو لە چ بوارێکدا ئەم ئایینە لە دەریای رۆمانتیکدا، پەریوەتەوە؟!

٣- ئەگەر چاو لە برە جیاوازییەکی نێوان شارەزا و پسپۆرانی ئەم بابەتە بپۆشرێ، دەکرێ بگوترێ ,وشەی رۆمانتیك کە بووە بەناوی رێبازەکە لە وشەی فەرەنسی رۆمانز Romanz کەوتۆتەوە، ئەو چەمکە، ئەم زاراوەیە لە بنەرەت و سەرەتاکەیدا زمانی رۆمانی خەڵکی سادەی بەرانبەر بە زمانی وشك و بێ گیان لاتینی کە زمانی زانستی سەدەکانی ناوەراست و ئایین و نووسین بووە، نیشان داوە.

لەسەرەتادا وشەکە هیچ جۆرە بۆنی رەخنەگرتن و سیمای گازندەی پێوە دیار نەبووە، بەڵکو بەرانبەر بە زاراوە و چەمکێکی کلاسیك کە ئەدەب و هونەر و کەلەپووری ئەنتیکی نیشان داوە، بەکارهاتووە.[٣] هەر لەم وشەیەوە وشەی رۆمان کە چیرۆکی درێژ بەرانبەر کورتە چیرۆك نیشان دەدات، کەوتۆتەوە.

بە پێی سەرچاوە هەمە چەشنەکان رێبازی رۆمانتیکی لە نێوان ساڵانی ١٧٩٠- ١٨٤٠ ز لە ئەڵمانیادا چالاك و کاریگەر و دەستبەکاربوە[٤]. لە سەرەتادا سەرگەرمی بڵاوکردنەوە و پەخشی رەوتی تاکە کەسی و یەکتایی و خۆیەتی بووە و لەدواییدا مشتومالکردنی هەست و هۆشی نەتەوەیی لە بابەت و بەرهەمی ئەدەبیدا کردووە بەسەر مەشق.

نۆڤالیس لە بەرهەمێکدا ساڵی ١٧٩٩ ز باسی رۆمانتیکیەکانی کردووە، فرە دریش شلیگل ١٧٧٢-١٨٢٩ ز فەیلەسووفی ئیستێتیکی



ئەڵمان (فەلسەفەی جوانی و هونەر) بەرابەری ئەم رێبازە لە ئەڵمانیادا دانراوە. کتێبی وتووێژێك دەربارەی شیعر و شاعیر[٥] کە لە ساڵی ١٨٠٠ ز بڵاوی کردۆتەوە سەرچاوەیەکی بە پێزی ئەم بزووتنەوە ئەدەبی و هونەرییەیە. جگە لە گۆتی و نۆڤالیس، شیلینگ کارێکی گەورەی لە پرۆسەی ئەم رێبازەدا کردووە. ئەوی لە چوارچێوەی هەڵسەنگاندنی رێبازی رۆمانتیکی ئەڵماندا سەرنج بۆ لای خۆی رادەکێشێ ئەو گازندەیەیە کە نووسەری بلیمەتی جوولەکەی ئەلمان هانریش هاینە لەو کایەیەدا دەیکات .بەلای هاینەوە :رێبازی رۆمانتیکی ئەلمان بزووتنەوەیەکی ئەدەبی وهونەری بووە ,شا مەبەستەکەی زیندووکردنەوەی شیعرو ئەدەب وهونەری سەدەکانی ناوەراست بووە[٦]، ئەو ئەدەبەی ئەو سەردەمە کەبە جوانی خۆی لە ستران وگۆرانی وسرووود و وێنە وتابلۆ وجۆری دروستکردنی خانوو وتەلارو کۆشك و ژیاندا نوواندووە .

هاینە هەر لە هەمان بەرهەمیدا تێکرای سەدەکانی ناوەڕاستی بە سەدەی بڕوا بوون بە شتی نابەجێ داناوە ولەگەل سەدەی سەردەمی خۆیدا کە تێیدا دەستبەکاربووە، بەراوردی کردووە و وتوویەتی :ئەم سەردەمە بەوە ناسراوە کە مرۆڤ شەیدای دراو و پووڵ و ماڵی دنیایە، بۆیە لە سەردەمی سەدەکانی ناوەڕاستدا دەستی جەرگ بڕ لەژێر وەشێندراوە وپەکی خراوە وئەم سەردەمی پارەو پوول پەرستنە پەکی هەموو جۆرە هەست وسۆزیکی خستووە.[٧] ئەو رایەی هاینە پتر لە بڕیارێکی پێشیانە دەچێ وبە هیچ بنەمایەکی زانستی توێژینەوەو رەخنە و ڕەخنەگرتنەو پشت ئەستوورە نییە، ئەو ئەنجامەش لێی کەوتۆتەوە لە چوار چێوەی هەست و سۆز و گازندەی بێ سەروبەر ناچێتە دەرەوە.

شەیدابوونی پوول دیارە ئەگەر مرۆڤ وردتر بدوێ، دەرکەوتنی بەرچاوی فاکتەر و هۆکاری ئابووری لە ژیاندا بەهیچ جۆرێك نابێتە مایەی پەکخستنی

((هەموو جۆرە هەست و سۆزێك)). پەکخرانی هەست و سۆز لە ئەدەبدا ناکرێ و ناگونجێ، چونکە ئەگەر ئەوە کرا ئەدەب و هونەر جەوهەر و سروشت و پوختەی خۆیان لە دەست دەدەن، زانستیش وەك ئامرازێکی توێژینەوەو بنیادنانی پاشەرۆژ و گۆرینی کۆمەڵگاو چارەسەرکردنی کێشەکانی ژیان سروشت خۆی و جەوهەرەکەی لە دەست دەدا ئەگەر لە چالاکی و دەستبەکاربووندا پەکی هەست و سۆز نەخات و کارەکتەری بابەتییانەی خۆی راست و ساغ نەکاتەوە.

ئەگەر لە سەدەکانی ناوەراستدا، بەقسەی هاینە دەست لەژێر وەشێنرابێ، رەوشێك بووە لە هەڵومەرجی سەردەمی خۆی و لە پوختە و ناوەرۆك و سروشتی ئایینی مەسیحی خۆیەوە کەوتۆتەوە. دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی پشت بە بڕوا ببەستێ و بەچاو و دڵ و ناخی دەرون سەرنج بدات، جیهانی راستەقینە بە سێبەر و ناراست دابنێ و پەنا بەرێتە بەر رێگایەکی ترانسندنتالی سەروو سروشت، نە پێویستی بە ژێر هەیە و نەدەکرێ بەژێر و مەنتیق بابەت و بڕواکانی راست و ساغ بکرێنەوە، بۆیە پشت کردنە ژێر، لە سەدەکانی ناوەراستدا، ئەنجامێکی مەنتیقی هەڵکەوتی ئایین خۆی بووە چونکە دامەزراوێکی ئایدیۆلۆژی و سەرخان و دۆگم و دامودەزگانی کۆنترۆڵی ژیان و کۆمەڵگایان کردووە.

٤- ئاوڕدانەوە لە رابردوو، سوود وەرگرتن لەبابەتە رەنگین و لەبارەکانی، بەکارهێنانی ئەو بابەتە رەنگین و بەپێزانە لە روخسارێکی مودێرنی گونجاو لەگەڵ سەردەمدا لەچوارچێوە و بەرگ ودوو توێی ئەدەب و هونەری وفەلسەفەی سەردەمدا، بەشێوەیەکی سەرکەوتووانەی ئەدەبی و هونەری ناوەرۆك و روخسارەکە بە جۆرێکی تر خەت و خاڵ بدات، جۆرێکە لە داهێنان و سامانی مرۆڤایەتی وەك ئەڵقەکانی زنجیرێك بە یەکەوە بەستراون، پەرەپێدەدات و بەرەو پێشتری دەبات، بۆیە ئەو گازندەیەی هاینە



نابەجێ و ناوەڕا دێتە بەرچاو. ئەگەر ((لەسەدەکانی ناوەراستدا بڕوا بەشتی نابەجێ هەبووبێ)) ئەمە، وەك هەڵکەوت و دیاردە و رەوشێك بەهیچ جۆرێك رێگا لەوە ناگرێ بە شێوازێکی رێکوپێکی سەرکەوتووی ئەدەبی و هونەری مایەی سەرنجراکێشان و بایەخ بێت هەڵوێست بەرانبەر بەو((بڕوایە)) دەستنیشان بکرێت.

ئەو سەردەمەی هاینە تێدا ژیاوە لەئەڵمانیا، سەردەمی گۆران و تەوژمی فەلسەفەی ئایدیالیستی بووە، هەر لە کانتەوە تاوەکو فیختە، شیلنگ و هیگڵ. ئەو فەیلەسووفانە ئەگەر چی ئەجیندە و بۆچوونی تایبەتی جیاواز لە جیهاندیدی مەتریالیستی(ماددییان)دا هەبووە و دەکرێ تارادەیەك بەسەردەمی رۆحانییەتیش دابندرێت، لاری لەوەش نییە دەوری ئایینی مەسیحی تا ئەمرۆ لە ئەوروپادا بەگشتی و لە ئەڵمانیا بەتایبەتی گەرموگوری و کاریگەری خۆی، نەك بەشێوەی سەدەکانی ناوەراست، لەچاوچێوەی کۆمەڵگا و ژیاندا لە دەست نەداوە.

نۆڤالیس شەیدای سروشت بووە، لە هەموو شتێکی سروشت و دەورەبەردا جۆرە((موعجیزە)) یەکی بەدی کردووە و لەو باوەرەدابووە رووەك، دارودرەخت و گوڵ و گیا خۆیان هەست و ژیانێکیان لەبەردایە، بەزمانی تایبەتی خۆیان دەدوێن و گۆرانی و ستران دەبێژن، دەرکەوتنی پایز و گەڵارێزانی بە کۆتای ژیان و مردنی داناوە، شلیگل شەیدای رابردوو بووە، بەردەوام سکاڵای لەدەست بەدکاریی و جەورو ئێش و ئازاری سەردەمی خۆی کردووە.ئەمە هەمووی راستە و لە بەرهەمەکاندا دەخوێنرێتەوە، بەڵام ئەو هەڵوێستە نە بەزینەو نەچاونووقاندنە لە بەرامبەر راستی و راستەقینەدا، بەڵکو تیشکدانەوەی رەوش و هەڵومەرجی ئەو سەردەمەیە کە ئەو ئازار و جەوەر و بوونە ناچارییەکەیان بە هەتوانی سارێژکردنی زامی برینی دوا رۆژی بوون داناوە. کەس لاری لەوە نییە ئەو خۆرەی سەر

لەبەیانیان لە کەل و ئاسۆی بڵندەوە دەردەکەوێ و هەڵدەکشێ وردە وردە بە هەمان گوڕ وتەوژم بەرەو ئاوابوون دەچێ و تاریکی شەوەزەنگ جێگای رووناکییەکەی دەگرێتەوە، بەڵام ئەو هەڵکەوتە هیچ کاتێك گازندە و هاتوهاوار ڕەوا ناکات، چونکی دوای ئەو شەوە تاریکە، سبەینێ، خۆری گەشی تیشك پژێن جارێکی تر لە بەندەنی بڵندو بەرزی وڵاتەوە سەرەتاتکە دەکاتەوە. لە دایکبوون و پەیدابوونی شتی نوێ مۆرکی سەردەمی پێوە دیار بێ و شایستەی مانەوە بێت، هیچ کاتێك بەبێ ئازار و ژانی سەختی لەدایکبوون و چاو هەڵهێنان نابێ و ناکەوێتەوە. ئەو ئازارەی شلیگل لەو سەردەمدا دیویەتی ئازارێکی داهێنەرانە بووە، ئەگەرچی ئەو لە روانگەی ئەدەبەوە سەرنجی داوە، ئازارێك مژدەی ژیانێکی نوێ دەبەخشێ. کورد گوتەنی، ئەوی مەیلی دیتنی جوانی تاوسی هەبێ دەبێ ئامادەبێ بچێتە ژێر باری چێشتنی ئازار و سەختییەکانی برینی بیابانی دوور و درێژی بەرەو چین و ماچین!. هەبوونی ئازار و سەختییەکانی ژین هاندەری سەرەکی تێکۆشانی دژ بە ئازار بوون بۆ ئاسانکردنی سەختییەکانی ژیان خۆیان.

هەر کە مرۆڤ باسی پێوەندی نێوان فەلسەفە بە تایبەتی فەلسەفەی ئایدیالیستی و رێبازی ئەدەبی رۆمانتیك دەکات لەئەڵمانیادا راستەوخۆ فەلسەفە سەرتاپاگیرە ئایدیالیستییەکەی فەیلەسووفی مەزن گیۆرگ ڤیلهێلم فریدریش هیگڵ ١٧٧٠-١٨٣١ ز دێتە بەرچاو. هەردوو بابەتەکە شان بەشانی یەکتری لە کەشوهەوای لەیەکچوودا چرۆیان کردووە و پەرەیان سەندووە و هاتوونەتە بەر تەنانەت دوای کۆچی دوایی هیگڵ و ئەو دیاردەیەی بەهەرەس هێنانی رێبازی ئایدیالیزمی ئەڵمان ناودەبرێ، پایزی ژیانی رێبازی رۆمانتیکیشی لەگەڵ خۆیدا هێناوە. ئەگەر ئەدەبی رۆمانتیك و هونەرە جۆربەجۆرەکانی بە ئەدەب و هونەری فەلسەفەیی ناوببرێن، فەلسەفە لە لای خۆیەوە لەو سەردەمەدا لە بۆن و بەرام و چێژی ئەدەب



بەفرە رەنگ و جۆرەکانییەوە بێبەش نەبووە. هەروەها ئەدیبی فەیلەسووف و فەیلەسووفی ئەدیب ئاسایی لەو سەردەمەدا هەبوون و دەسبەکار بوون, لەم فەلسەفەیەدا کە بە ئایدیالیزمی ئەڵمان ناوی دەرکردووە، هەروەها لە ئەدەب و هونەرە هاوچەرخەکەیدا چەند تایبەتمەندییەك بەدی دەکرێن پتر کارەکتەر و کەسایەتی جەرمانی(کۆمەڵگا و تاکە کەسی) ئەڵمان دەدەرخەن.لەو بوار و گۆڕەپانی فەلسەفەدا کۆششی جوامێرانە کراوە، هەوڵ دراوە سیستەمی سەرتاپاگیری فەلسەفە بەلقە جۆراوجۆرەکانییەوە، میتافیزیك، لۆجیك، تیۆری زانین، ئاکار، هونەری جوانیی، رەنگ برێژدرێ، سیستەمە فەلسەفەییەکەی فیختە و شیلینگ و هیگڵ راستی ئەم قسەیە ساغ دەکەنەوە. سەرەرای رشتنی رەنگی سیستەم و تەلاری شکۆمەندی فەلسەفە لە لایەکەوە، دەوری تاکەکەسی بە گرنگ دانراوە. لە لای فیختە خودی مرۆڤ و سروشت خراونەتە دوو تای تەرازووەوە، شیلینگ پێ لەسەر ئەوە داگرتووە سروشت و دەوروبەر سەرچاوەی زانینن و ئەوی مرۆڤ دەیزانێ و پەی پێ دەبات بەهیچ جۆرێك لەو جەوهەر و پوختەی سروشت و ئەو شتانەی دەوروبەر جیاوازنین. هیگڵ کە پەرەی بەم رێبازە داوە جەوهەری سروشت و بوونی لەژێری رەهاو بێ سنووردا بەدی کردووە.

٥- ئەگەر بزووتنەوەی رۆمانتیکی گەرانەوە بۆ سروشت و بایەخدان بە تاکە کەسان و خود و تاکرەوی بووبێ و باڵابردنی هەستی نەتەوەیی و نەتەوەپەرستی و کەلە پوری میللی[٨] سەر مەشقی ئامانجەکانیان بووبێ، ئەوا ئەو فەلسەفەیەی لە هەمان سەردەمدا سەری هەڵداوە و پەرەی سەندووە لەلای خۆیەوە چەند تایبەتمەندییەکی پێوە دیار بووە:

بابەتە سەرەکییەکانی لە بواری میتافیزیك و تیۆری زانیندا بریتی بوون لە(بوون، هیچ، شت). ئەو سێ بابەتە توند و تۆڵ بە پێی بۆچوون و سیستەمی فەلسەفەکە و فەیلەسووف پلەو شوێنیان دیاری کراوە. ئەو سێ

چەمکە کاتیگۆرییە، کاتیگۆری(بیر) یان خراوەتە سەر و لەو سێ خاڵەدا سیستەمەکەیان رەنگ رشتووە"

- یەك خستن و یەك رەنگی کردنی هەردوو پرۆسەی بوون و بیر، ئەگەر چی هەریەکەیان بە جیاواز و سەربەخۆ دێتە بەرچاو.

- پشت راست کردنەوەی یەکێتی توند و تۆڵی هەر سێ لای (راستی-چاکەکاری-جوانی)یە بەمانا هونەرییەکەیەوە.

- زانست و فەلسەفە بەرانبەر یەکتری خراونەتە دوو تای تەرازووەوە[9].

ئەگەرچی لە مێژووی فەلسەفەدا بەرانبەر بە بوون و بیر چەمکی تر بەکارهاتوون و بەدوو جەمسەری لە یەکتری جیاواز سەرنج دراون وەك خۆ و بابەت، نەفس و لەش..، بەڵام رێبازی ئایدیالیستی ئەڵمان ئەو جۆرە یەك رەنگی کردنەی لە روانگەی جۆرە دیالێکتیکێکەوە سەرنج داو کە دیالێکتیکی یەك رەنگییە، لە یەك چوون و یەك رەنگی بوونی لە یەك چوو لەگەڵ لەیەك نەچوودایە..، هەروەها یەك بوونی کۆتایی و بێ کۆتایی، سنووورداو بێ سنوور... ئەم دوو رەنگییە لە بواری سرۆشتیدا کراوە بە دوو شیاوەکی و راستەقینە، ژیر و راستەقینە.رستە بەناوبانگەکەی هیگڵ دێتەوە یاد کە وەك بڕیارێك داویەتی و بریتییە لەوەی کە ئەوی ئەقڵ بیبڕێ راستەقینەیە و ئەوی راستەقینە بێ ئەقڵ دەیگرێ[10]. ئەگەر چی ئەو تێزەیە بە جۆری جیاواز و لە روانگەی سیاسی سەیر و بە پێودانگی هەمە جۆر ئەو قسەیەی هیگڵ تاوتوێ کراوە، بەڵام وەك من بۆی بچم هیگڵ مەبەستێکی دیاری هەبووە و بنەمای دیالێکتیکی رێبازە ئایدیالیستییە سەرتاپاگیریەکەی پێ پشت راست کردۆتەوە .ئەقڵ سەرپشك و رەنگ رێژو ئەندازیارە. ئەوەی دەقەومێ و رووداوەدات هۆکاری دیارو مەبەستی رەنگ بۆ رێژدراوی خۆی هەیە نەدەکرا پەیدا نەبێ و نەیەتە دی ئەوە بڕیار و چارەنووس و پرۆژەی بەرەو پێش چوونی ئەقڵ و ژیرە، بۆیە ئەوەی هەیە لە



روانگەی ئەقڵەوە بە پێی پێودانگی ژیر رەوایە و پاکانەکەی خۆی لە خۆیدایە و لەگەڵ خۆیەتی. ئەو بڕیارەی هیگڵ لە راستییەوە دوور نییە, وردبوونەوە لە پرۆسەی پەرەسەندن و بەرەو پێش چوونی مێژوو بە هەموو جۆرە کۆمەڵایەتی و ئایینی و سیاسییەکەیەوە بڕیارەکەی هیگڵ پشت راست دەکاتەوە, ئەگەر چەمکی ئەقڵ و ژیر ساتێك بخەینە لاوە و لە رەوانگەیەکی بێ لایەنیەوە سەرنجی بابەتی پەرەسەندنی مێژوو بدەین بە ئاشکرا بۆمان دەردەکەوێ کە رێکوپێکی لە هەموو کات و شوێنێکدا بنەرەت و بنەمایەیە و ئاژاوە و نارێکوپێکی چەند دیاردەیەکی ساتەکی بوون پتر هەبوونی رێکوپێکی و دیسپلین و نەزمیان ساغ کردۆتەوە, راستە لە رەوتی گۆڕان و بزاڤی نەسرەوتی مێژوودا ئەگەر ساتمە و هەڵەنگوتن و پاشەکشە و گلان و سڕبوون و دواکەوتن بەرچاو بکەون بەڵام ئەمانە هیچ کاتێك لە خۆیاندا لە دیاردەیەکی لاوەکی وەك کۆسپ و تەگەرەی سەر رێگا هاتوونەتە بەردەم بەو لاوە نەبوون و رەوت و پرۆسەکە بەردەوام لە بەرەو پیش چووندا بوون. دوور نییە سەدەکانی ناوەراست وەك بەڵگەیەك دژی ئەم بۆچوونە بخرێتە بەرچاو,راستە سەدەکانی ناوەراست سەدەی سستی و کەم پێزیی و بێ بڕشتی بوون، بەڵام قۆناغێك بوون لەو قۆناغانەو ئەوانیش هەلومەرجی تایبەتی و گشتی خۆیانیان هەبووە. ئەگەر چی لایینیتس لەم باوەڕەدا بووە کە داهێنانەکانی سەدەکانی ناوەراست وەك تەونی جاڵجاڵۆکە ئەوپەری وەستایی و زیرەکی و وردەکارییان تێدا بەکارهاتووە، بەڵام ئەو تەونە دەبێ چ سوودێکی هەبێ و چاوەڕوانی چی لێ بکرێت. ئەم جۆرە بۆچوونە، جۆرە زیادەڕۆیی و لە راستی لادانێکی تێدایە. سەدەکانی ناوەراست سەدەی سێ ئایینە جیهانییەکە بوون. ئەم ئایینانە وەك دیاردەی کۆمەڵایەتی نەدەکرا نەبن و پەیدانەبن، ئەگەرچی لە هەندێ لاوە ئەنجامی نالەباریان لێ کەوتبێتەوە، لە لای خۆیانەوە ئەرکی سەرشان و ئامانجی

دیاری کراو و ڕەنگ بۆ ڕێژراویان هەبووە.تەورات ئینسکلۆپیدیایەك بووە هەرچی کەلەپووری سەدەمی خۆی هەیە کۆی کردۆتەوە و بەشێوەیەکی پێشکەوتوو دایڕشتۆتەوە، هەمەرەنگی بت و خواوەندی کردووە بەیەك ڕەنگی و یەك تایی(ڕەب) پەرستیی. بەردی بناغەی لێکۆڵینەوەی جوگرافی و مێژوو شوێنەوارناسی و لاهووت و قانوونی داناوە و هانی مرۆڤی مەسیحی ئەوروپای داوە بە دوای ئەو شتانەدا بچێ کە لە تەوراتدا هاتوون. ئیتر بە پشت ڕاست کردنەوە، یان بە پووچەڵ کردنەوەی قسەکانی تەورات ئەنجامی نوێ بەدەست هاتوون و بابەتی سەربەخۆیان لێ کەوتۆتەوە.

مەسیحیەت گەشەی بە سیستەمی کۆیلەیەتی داوە و چوارچێوەی چەمکی جوولەکایەتی(میللەتی هەڵبژاردەی ڕەب)ی لە بنەرەتەوە هەڵتەکاندووە، لە نێو جەرگەی جیهانی مەسیحییەتدا بەداموودەزگاکانییەوە سەدەی ڕاپەرین و ڕۆشنبیری چڕۆیان کردووە و گەرای زانست و فەلسەفە و هونەری نوێ دانراوە. ئیسلام لەلای خۆیەوە، ڕێژیمی دەرەبەگایەتی جێگیر کردووە و کۆتایی بەکۆیلەتی هێناوە و میللەتی عەرەب کە پێشتر لە چەند خێڵ و تیرەیەکی پچڕ پچڕ و جیا و دژ بەیەك پێك هاتبوون، کردووە بە میللەتێکی گەورەی جیهان و بەهەزاران کیلۆمەتر خاك و زەوی میللەتانی تری زەوت کردووە و داویەتی بە عەرەب و هەزاران کەسانی میللەتانی تری هانداوە دەستبەرداری نەتەوە و خاك و زمانی خۆیان ببن و ببن بە عەرەب[١١].

هەر لە سێبەری ئایینی ئیسلامدا، پێش ئەوەی چینی دەرەبەگایەتی(فیودال) بە تەواوەتی ناوەڕۆکە تا ڕادەیەك پێشکەتوو خوازەکەی- لەچاو سەردەمی پێشتر کە کۆیلەیەتی بوو- بگۆڕدرێ، ئەدەب و زانست و هونەر و فەلسەفەو لاهووت تا ڕادە و قۆناغێك پەرەیان سەندووە و شایانی نازناوی زێڕین بوون.ئایین سیستەمێکی بڕواو باوەڕ(عەقیدەو ئیمان) و



دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییەو بۆ دەرخستنی ڕاستی و ڕاستەقینە پەنا دەباتە بەر ڕێگایەکی ترانسندنتالی سەروو سروشت، ئەو ڕێگایەی (سرووش) وەحی وکتێبە ئاسمانییە ئاینیەکانی پێداهاتوون. ئەرك و فرمانی دیاری کراو بەجۆرێك پابەندبوونی پەیرەوەکەی لێبکەوێتەوە دەخاتە ئەستۆی لایەنگرەکانی. ئەم ئەرك و فرمانانە کراون بە دوو بەشەوە:

- بەشێکی تیۆری، کە بریتییە لە شایەتمان و بەزمان دەگوترێ و بڕوای پێدەهێنرێ.
- بەشێکی کردەکی کە دەبێ وەك ئەرکی سەرشان(ڕۆژانە).جێبەجێ بکرێت، وەك نوێژ و ڕۆژ و زەکات و ....

پشت ئەستوور بەو لایەنەی ئایین کە ئەرکی تیۆری و کردەکی بە لایەنگرانی دەسپێردێ، دوو پرسیار لەسەر شێوەی ڕەخنەگرتن لە ڕێبازی ڕۆمانتیك دەکرێن:

- بۆچی ئەم ڕێبازە ئەدەبییە پشت بە ئایین دەبەستی و هانی بە تەوژم بوونی هەست و نەستی نەتەوەیی دەدات؟!
- هیگڵ(گیان- ژیر- ئەقڵ)ی کردووە بە فاکتەر و بگرە شا هۆکاری بزووتنەوەی بوون و سەر مەشق و سەرپشکی هەموو شتێك کەچی ڕۆمانتیکییەکان ژێریان خستۆتە لاوە و پەنایان بردۆتە بەر سۆزو ئەندێشە و خەیاڵ.. ئەم لایەنە بە یەکتری ناکۆکە چۆن بە یەکەوە هەڵدەکەن و چۆن دەکرێ بخرێنە نێو دوو تای یەك تەرازووەوە؟ تا چ ڕادەیەك بڕوابوون بە ئایین و بنەما سەرەکییەکانی لەگەڵ مشتوماڵ کردن و زاخاودانی هەستی نەتەوەیی پێکەوە دەگونجێن؟!

٦- سەدەی نۆزدەیەم سەدەیەکی بەبڕشت و بە پێز بووە، تێیدا ئەوەی پێوەندی بە فەلسەفە و ئەدەبی ڕۆمانتیکییەوە هەیە، چەند دیاردەیەك سەرنج ڕادەکێشن:

یەکەم: کێشەی ئازادی و ئازادی کردار، ئازادی بیروڕا دەربرین و هەولبژاردنی بەئازادی ئایین و بڕوا، ئازادی زانست و لێکۆلینەوەی زانستی، ئەم کیشەیە خۆی لە چوارچێوەی پرسارێکدا دەدۆزێتەوە، ئازادی چییە؟ چ کەس ئازادە؟ ئەم هەلومەرجانە کامانەن دەستەبەری پەیدابوونی ئەو رەوشە دەکەن کە بە ئازادی ناودەبرێ؟ ئایا ئازادی لە خۆیدا ئامانجە یان رێگەیە بەرەو گەیشتنە بەمبەستی دیارو ئاشکرا؟پێوەندی نێوان ژیان و ئازادی چییە؟ دەکرێ ئازادی وەك بابەتێك بەرانبەر بابەت و کێشەی هۆیەکی و کێشەی هۆکارو ئەنجام دابندرێ؟ بۆنموونە وای دادەنێین، مرۆڤێك ئازادە و کارێك دەکات، بیروبۆچوونی خۆی دەردەبرێ و بابەتێك هەڵدەبژێرێ، بەجۆرێك دەژی کە خۆی گەرەکییەتی. ئایا ئەم هەڵوێستەی هیچ هۆکارێکی هەیە، یان نا؟ دەکرێ بەبێ هۆکار مرۆڤ شتێك بکات، باشە ئەگەر هۆکار هەبوو ئازادی هیچ مانایەکی دەمێنێ؟ ئەم پرسیارە تاقی کردنەوەکەی مرۆڤی لاهووتی بەناوبانگی سەدەکانی ناوەراست بۆرێدان ١٢٨٥- ١٣٦٦ ز دێنێتەوە یاد. بۆرێدان ویستوویەتی تاقی بکاتەوە ئاخۆ هەڵبژاردن وەك کارێکی ئازاد بەبێ هاندەر و هۆکار دەبێ، یان نا؟ گوایە لە جێگایەکی تایبەتیدا ئاخورێکی شێوە بازنەی دروست کردووە و پری کردووە لە ئالیکی وەك یەك و گوێ درێژێکی خستۆتە ناو ئەو ئاخورە بازنەییەوە کە بە چواردەورەیدا ئالیکی وەك یەك هەبووە. گوایە گوێ درێژی تایین هەر تەماشای ئالیکی دەورو بەری خۆی کردووە و نەیتوانیوە بریار بدات و نەیزانیوە لە کام لا بلەوەڕێ، چونکە هەموو ئالیکەکە وەك یەك وابووە. ئەمە نموونەیەکە بە گوێدرێژی بۆرێدان ناوبراوە[١٢]. ئەوە دەدەخات هەڵبژاردنی ئازاد بە مانایەك ئازادی نییە، چونکە ئەگەر هاندەر و هۆکار نەما هەڵبژاردنی ئازاد نامێنێ کە وابوو ئازادی چییە؟ ئایا ئازادی لە هەمان کاتدا نا ئازادییە؟ لەوەدەچێ فرەدریك



ئینگلز هەستی بەو لایەنە تەموژاوییەی ئازادی کردبێ، بۆیە لە کتێبی ئایدیۆلۆژی ئەلماندا وتوویەتی، ئازادی، جۆرە سەربەخۆیی خەیالاوی نییە، ئازادی پابەند بوونە بە یاساکانی سروشتەوە. ئەم پابەندبوونەی ئینگلز باسی دەکات وە نەبێ تاریکی و تەمومژی ئەم بابەتە بڕەوێنیتەوە، بەڵکو جارێکی تر ساغی دەکاتەوە کە ئازادی لەخۆیدا وەك بریاری سەربەخۆ بوونی نییە و ناکرێ! لە لایەکی ترەوە تێزی ناچارەکی وەك قانوون و پەیڕەو ئەوەندەی تر کێشەی ئازادی سەخت دەکات . هەموو قەومانێك، هەموو رووداێك، هەمووئەنجامێك هۆکاری خۆی هەیە و بەبێ ئەو هۆکارە هیچ شتێك روونادات و هیچ ئەنجامێك ناکەوێتەوە، مێژووی کۆمەلگا هەر لە سەرەتای پەیدابوونییەوە تا ئەمرۆ گوایە مێژووی خەباتی چینایەتی بووە ئەم خەباتە وەك فاکتەرێك مایەی گۆڕان و بەرەو پێش چوونی قۆناغەکانی کۆمەلگا بووە، جۆرە ناچارییەك لە رەوت و پرۆسەی مێژوودا هەیە بەلاتینی دیترمەنیزمی پێ دەوترێ جارێکی تر کامەتا ئازادییەکە؟ دەکرێ بڵێین، هیچ شتێك بەبێ پێچەوانە و دژی خۆی نابێ . ئازادی کاتێك دەبێ کە نائازادی و پابەندبوون هەبوو؟ ئەم کێشەیە رابەرانی ئەدەبی رۆمانتیکی و فەلسەفەی سەدەی نۆزدەیەمی نارەحەت کردبوو. لە جیاتی وەلام دانەوەی پرسیارەکە بە لایەکی تردا شکاندوویانەتەوە!

دووەم: ئایین، ژیرو ئەندێشە، تاکرەوی و هەستی نەتەوەیی . دەبێ تا چ رادەیەك ئەم دیاردە و بیرو بۆچوون و ئۆرگانانە پابەندی یەکتر بن و چ پەیوەندییەکیان بە ئازادیەوە هەیە؟ ئایین لاف لێ دەدات بۆ ئەوە هاتووە دادپەروەری پیادە بکات و بیچەسپێنێ، یان وەك لە ئەدەبی میللی کوردی دا باوە، گورگ و مەڕ پێکەوە ئاو بخۆنەوە . باشە ئەم دادپەروەرییە بە بێ ئازادی دەبێت و لە کردن دێت؟ لە لایەکی تریەوە ئایا ئازادی بە بێ ئۆبالی ئەستۆو ئەرکی سەر شان و بەرپرسی دەگونجێ؟ دەکرێ لە

كەشوهەواو رەوشێكدا كە درِ بەژێر بدرێت پەنا ببردرێتە بەر ئەندێشەو خەياڵ، باسی ئازادی و دادپەروەری بكرێت؟ ئەمانە هەموويان چ پەيوەندييەكيان بە پرۆسەی ديموكراتييەوە هەيە؟! ئايا دەكرێ بەم ((جۆرە پەتی و دابرِين و ئەبستراكتە)) باسی ئازادی بكرێت؟! لە چ سەردەم و شوێنێكدا ديموكراتييەت و يەكسانی و ئازادی توانيويانە مرۆڤی ئازاد دروست بكەن؟! چۆن دەكرێ و دەتوانرێ پشت راست بكرێتەوە كە تاك رەويی و گۆشەگيری و سۆزو ئەنديشەو خەياڵ و هەستی نەتەوەيی پێكەوە هەڵدەكەن و دەگونجێن؟! پشت گوێ خستنی ژير، پشت بەستن بە ئەنديشە، شلكردنی جڵەوی هەست و سۆز، پەكخستنی بنەمای ژيرەكی پەيوەندی نێوان هۆكارو ئەنجامەكەی، ديارەدەی ناڵەبارييان لێ دەكەوێتەوە. ئەو كاتە لە جياتی قانوون و بنەما، رێككەوت و رێتێچوون دەبن بەبنەرەت و دەستوور و دابی ژيان . مرۆڤ ئەو كاتە لەرەوش و بارودۆخێكدا دەژی هەموو شتێك پابەندی رێككەوت دەبێ، ئايا لەم دۆخەدا داب و دەستوور و قانوونەكان و ئاكار هيچ جۆرە بايەخ و دەورو كاريگەرييەكيان دەمێنێ ؟ دەكرێ مرۆڤ هيچی تر باسی راستی و راستەقينەو ئازادی و ديموكراتی و دادپەروەری بكات، دەبێت چۆن كێشەو بەرەی نێوان كۆمەڵگای سيڤيل(مەدەنی)و دەوڵەت هەڵبسەنگينرێت؟

ئەگەر چی بزووتنەوەی رۆمانتيكی ناوی ئەدەب و هونەری پێوەيە، بەڵام وا پێ دەچێ هيچی تر بەلايانەوە مرۆڤ داهێنراوی رەب نەبێ وەك ئەوەی لە ئاييندا وتراوەو نە ئەو بوونەوەرە خاوەن ژيرو ئەقڵە بێت كە فەلسەفە باسی دەكات، ئايا لێرەدا پتر سياسەت وەك فاكتەر تەنگی بە هەردوو ديارەی ئايين و فەلسەفە هەڵچنيوە يان نا؟ دەبێ بوونی مرۆڤ و مرۆڤ خۆی و ژيان چ بايەخێكيان هەبێ كە بير لە بەزاندنی سنووری دابونەريت و بنەماكانی ژير بكاتەوەو جڵەو بۆ ئەندێشە شل



بكات و ئۆباڵی ئەستۆ و بەرپرسياری سەرشان لە بيرو ياد بكات. كەسێك ئەمە بيروبۆچوونەكەی بێت هەر لە پاڵەوانەكەی رۆمانی رۆبێرت موسيل دەچێ كە ناوی (ئەو مرۆڤەی هيچ سيفەت و خەسڵەتێكی نييە) لێ ناوە[١٣]. ئەو جۆرە مرۆڤە و ئەم جۆرە هەڵوێست و بۆچوونانە تەنيا كۆرپەی ئەندێشە و خەياڵن لەجيهانی رازو نياز بەولاوە تێناپەڕن و بڕناكەن، تەنيا هەر لە مێشكی نووسەرەكانياندا هەن. راستە ئايين(بڕوا) سرووش(وەحی) وەك رێگايەكی ترانسندنتالی سەرو سروشتی بە پلەی يەكەم دادەنێ و ژير دەكات بە پاشكۆيان، بەڵام هيچ كاتێك ئايين دەستبەرداری ديسپلين و رێكوپێكی بنەماكانی ئاكار نەبووە و نابێ. لە ئاييندا روون و ئاشكرايە كە بڕوا(عەقيدە)و ئيمان خراوەنەتە سەر هەست و هۆش و ئايديۆلۆژی نەتەوەيی. ئەگەر ئايينی جوولەكە بەدەر بيگيرێ، كێشە و هەستی نەتەوەيی لە ئاييندا هيچ خانەيەكيان بەرنەكەتووە. ئەو كەسە خۆشەويستی(رەب)بە ئەگەر بەراستی خەريكی رەب پەرستيی(تەقوا)بێ، ئەگەر نەخوێندەوار و نەزانيش بێت! دەمێنێتەوە دەوری ئايين و ئەو كارەی لە رێبازی رۆمانتيك و فەلسەفەی ئايدياليستی ئەڵمان و بە تايبەتی لە هيگڵ كردوويەتی ئەو كارەی بنەماكانی شۆرشی فەرەنسا لە فلسەفەی ئايدياليستی ئەڵمان و رێبازی رۆمانتكيدا كردوويانە پێويستان بە جۆرە وردبوونەوەيەك هەيە. راستە شۆرشی فەرەنسا، شۆرشێكی سياسی بوو، بەڵام سەرتاپاگير رەوشی كۆمەڵگا و پێوەنديیە كۆمەڵايەتی وسياسی وئابوورييەكانی گۆريوە و ئەورووپای خسۆتە قۆناغێكی ترەوە. ئەو سێ دروشمەی هەولی بۆ دراوە، ئازادی، برايەتی و يەكسانی، ئەگەر چی لە سەردەمی خۆيدا بە نيوە چڵێش پيادە نەكراون، بە لام دواتر كاری گەورەيان كردووە و ئەنجامی گەورەيان لێ كەوتۆتەوە، وشەی ئازادی و سەربەستی لای هيگڵ و رۆمانتيكييەكان بە

تایبەتی و لە لای فەلسەفەی ئایدیالیستی ئەڵمان (سەدەی نۆزدەیەم) ئەو وشە و بابەتە بووە کە وەك تەلیسم هەست و سۆز و دەروون و مێشکی بیرمەندانی بۆ لای خۆی راکێشاوە. تەنانەت هیگڵ بۆ رێزلێنانی ئەم شۆرشە لە شاری تربر نەمامی ئازادی ناشتووە. وشەی ئازادی ویردی سەرزار و زمانی هەموویان بووە لە بەرهەمەکانیاندا رەنگی داوەتەوە، جا ئازادی تاکە کەسی بێ، یان ئازادی بەگشتی. ئەم تێگەیشتنەی ئازادی وەك پرۆسەیەکی ئالۆزی فرە لایەن، بێگومان پابەندی هەلومەرج و سروشتی ئابووری و سیاسی و کۆمەلایەتی سەردەمی خۆی و دەوروبەرەکەی بووە.

ئازادی کە دروشمێکی شۆرشی فەرەنسا بووە ئەوەندە کاری لە بیر و هزری هیگڵ کردووە[14]، بووە بە فاکتەر و هۆکارێکی ناوەکی کە نەك هەر تەنیامایەی پەرەسەندنی فەلسەفەکەی بووە بگرە، لە زۆر لاوە بنەماو بناغەی ئەو تەلارەی بووە کە بە درێژایی ژیانی سەرگەرمی بنیادنانی بوو و خاوەنەکەی گەیاندۆتە ئەو رادەیەی ((مرۆڤایەتی مرۆڤ لە رەوشی ئازادیدا ببینێ))، کاتێك ئازادی جێبەجێ و پیادە دەکرێت مرۆڤایەتی مرۆڤ جێگیر و چەسپاو دەبێ دەگۆڕێ بە شتێکی هەڵکەوت و راست و راستەقینە. لێرەوە بە هۆی شۆرشی فەرەنساوە یەکێتی و بەیەکەوە بەسترانی((ئازادی و بە مرۆڤ بوونی مرۆڤ)) ئەو بنەما و بنەرەتە دەستبەربووە کە رەنگی مێژووی جیهانیان لەسەر رێژراوە[15].

لە بارەی ئەو دەورەی ئاین و باوەڕ لە بزووتنەوەی رۆمانتیکی و فەلسەفەدا گێراویەتی، بە پێی سەرچاوەکان، نەك هەر روون و ئاشکرا نییە، بەڵکو جێگای ئەگەر و گومان و دڵ کرمێ بوونە. ادەبێ کام فەیلەسووف و ئەدیب و هونەرمەند بڕوای تەواوی بە ئاین هەبووە، وەك ئەوەی ئایینەکە خۆی داوای کردووە.راستە بزوتنەوەی رۆمانتیکی بۆ بەگژداچوونی رێبازی ژیر لەگەڵ لاهوت



یەکی گرتۆتەوە، بەڵام مەبەستی هەر لایەیان لەم کار و کاردانەوەیەدا لەوی تر جیاواز بووە. رۆمانتیك جلەوی بۆ خەیاڵ شل کردووە، لاهوت و کلێسە پەنایان بردۆتە بەر هەست و سۆز و ناخ و دەروون. ئەو ئایینەی رۆمانتیك هەولی بۆ داوە ئەرز و ئاسمانن لەگەڵ ئایینی مەسیحی جیا بووە. ئەوەی پێوەندی بە فەلسەفەی ئەو سەردەمەوە بەگشتی و بە هیگڵ بەتایبەتی هەبووە، ئەو کارەی ئاین کردوویەتی، کەم و هەندەکی بووە، یان بەجۆرێك بووە بە سوود و قازانجی وئایینەکە نەبووە. ئەگەر مرۆڤ بە وردی ئەو جیهاندیدە سەرتاپاگیرەی کە هیگڵ رەنگی رشتووە شارەزابێ، جۆرە هەست و سۆزو رەوشی ناخێکی دەروون بەدی دەکات کەلە ئاینەوە نزیکە، بەلام بە هیچ جۆرێك ناکرێ لەگەڵ دۆگماکانی مەسیحیەتدا بخرێنە دوو تای یەك تەرازووەوە.

٧- ئایینی مەسیحی بە تەواوەتی پشت بە ئینجیل دەبەستێ و ئەو ئینجیلەی دوای کۆبوونەوەی نیکیا بەو شێوە و ناوەرۆکەی ئێستا لێ هات. لە(١٢٠) بەشە ئینجیل کە لە یەکتری جیابوون ئەم چوار بەشە ئینجیلە کە چوار کەس نووسیویانە و گوایە پەیامبەری مەسیحن(مەتتا، مارکوس، لوکا و یوحەننا) پەیام و کرداری پەیامبەران دێت. ئەمەیە ناوەرۆکی ئەو ئینجیلەی ئەمرۆ پەسندە. ئەگەر لە روانگەی فەلسەفەوە سەرنجی ئەو ئینجیلەی ئەمرۆ بدەین دەگەینە ئەم ئەنجامە:

ئەگەر لە ئینجیلەکان ئەو بەشە جیا بکرێتەوە کە بە ئاشکرا لە تەوراتی جوولەکەوە وەرگیراوە، یان خۆی خزاندۆتە ناو ئینجیلەوەو ئەو لایەنەی لە فەلسەفەی یۆنانی بە گشتی و فەلسەفەی قۆناغی هیلینستی بە تایبەتی وەرگیراوە، پشت گوێ بخرێت، ئەوا ئەو بەشەی دەمێنێتەوە بە هیچ جۆرێك تایبەتمەندییەکی پێوە دیار نییە کەساغی بکاتەوە ئەم کتێبە کتێبی ئاسمانییە، بەڵکو پتر لە حیکایەت و سەرگوزەشتە و گێرانەوە و ئامۆژگاری و (ئەمە بکە و ئەمە مەکە) دەچێت.

ئەو قسانەی ئەو چوار پەیامبەرە کردوویانە بە هیچ جۆرێك نە لە ناوەرۆك و نە لە روخساردا ناگەنە ئاستی قووڵیی و تێروتەسلیی بیرو بۆچوون و فەلسەفەی هیگل. بە لای منەوە هەرچی ئەو چوار کەسە وتوویانە وەك فەسلێك و کەمتریش لە فەلسەفەی هیگڵ دێتە بەرچاو. سێ رەنگی رەب کە لە مەسیحییەتدا بەردی بناغەی ئایینەکەیە واتە- رەب و رۆڵە و گیانی پاك — هیچ جۆرە پێوەندییەکیان بە دیالێکتیکییە سێ رەنگەکەی هیگڵەوە نییە، گیان لە پرۆسەی بەرەو پێش چوونیدا پابەندی رەوتێکی سێ قۆڵییە. لەسەرەتادا بە بابەتێکی لە بار دەست پێ دەکات، ئینجا بە بابەتێکی نالەبار بەپەرچی خۆی دەداتەوە و لە قۆناغی سێیەمدا هەردووکیان لە پلەیەکی بالاّتر ئاوێتەی یەکتری دەبن، ئەمە بنەما و فاکتەر و هاندەر و هۆکاری بەرەو پێش چوون و پەرەسەندنی نەپساوەی بیرو هۆش و گیانن کە ئەو بە تێزە و ئەنتی تێزە و سونتێزە، ناویان دەبات. کەچی سێ رەنگی مەسیحی بنەمای بڕوایەکی وشك و بێ گیان و دۆگماتییانەیە. ئەو بڕوایەش هەر لە سەرەتاوە جێگای گومان و دڵ کرمێ بوون بووە، تەنانەت لە نێو لاهووتییەکانیشدا وەك خۆی بە کوڵك و پێستەوە پەسند نەکراوە[16]. راستە و کەس لاری لەوە نییە ئایین، ئەوانەی لافی بنچینەی ئاسمانی خۆیان لێ دەدەن گەورەترین دیاردەی کۆمەڵایەتین و لەهەموو هۆکارێکی تر پتر کاریان لە ژیان و شارستانیەت کردووە، بە باوەڕی من گەورەترین تەنگژە و قەیران و کێشەیەك کە یەخەی مرۆڤ و شارستانیەتی مرۆڤیان گرتبێ لە قەیرانی بڕوا و باوەڕ(ئایین) بەو لاوە نەبوون، خۆ ئەگەر قەیران و تەنگژەکە لە روخسار و رواڵەتدا بە جۆرێکی تر هاتبێتە بەرچاو لە ناوەرۆکدا لەوە بەولاوە نەبوون، لاری لەو راستییەش نییە بەهۆی ئایینەوە زۆر بابەت پەیدابوون و فەلسەفە و رێبازی رۆمانتیك بایەخیان پێ داون وەك ژین و مردن و چارەنووس و بەختەوەری. ئەگەرچی



چۆنیەتی قسەکردن لەو بابەتانە و جۆری توێژینەوەیان و مەبەست لە لێکۆڵینەوەیان لە ئەدەب و هونەر و فەلسەفەدا زۆر جیاواز بووە لەوەی ئایینەکە کردوویەتی و مەبەستی بووە. بۆنموونە لە کاتێکدا ئایین ئۆباڵی بەدکاری خستۆتە سەرشانی مرۆڤ و باری سەرشانی پێ گران کردووە، لەجیاتی ئازادی ویست و خواست باسی چارەنووسی کردووە، فەلسەفە و رێبازی رۆمانتیك بە تەواوی لەو باوەڕەدا بوون، لەژیان و جیهاندا بەدکارییەك(شەڕ) نییە کە مرۆڤ ئەگەر هەل و بارودۆخی لە باری بۆ هەڵ بکەوێ، دەستی بیانگاتێ نەتوانێ لە بنەڕەتەوە چارەسەریان بکات و، بەلایەکیاندا بخات، مرۆڤ ئۆباڵی ئەو کار و کردەوانەی دەکوێتە ئەستۆ کە بە ئازادی لە توانایدا هەیە بیانکات ئەگەر نا پێویست بە هیچ جۆرە گەردن ئازادییەك نامێنێ. ئەمەیە جیاوازی فەلسەفە و ئەدەب و هونەر لەگەڵ بیروبۆچوون و دیدی ئاییندا. بە لای ئایینەوە، نەخۆشی، سەریەشە، ئازار چێشتن، هەژاری و نەداری و دەست کورتی ئەگەر پشوودرێژی و خۆ راگری و شوکرانە بژێرییان لە گەڵدا بێت وبەرەب وخواپەرستی پشت ئەستووی بن ئەوا مرۆڤ لەو مەبەست و ئاوات و ئامانجە نزیك دەبێتەوە کە ئایین بەڵێنی پێگەیشتنیانی داوە بە تایبەتی بەهەشت. کەچی بەلای فەلسەفەوە ئەم رەوشە و بەدبەختیانە چەند دیاردەیەکی نالەباری ژیانن و هۆکاری تایبەتی و گشتییان هەیە و بەهیچ شێوە و جۆرێك نەچارەنووسن و نەلە ئاسمانەوە بەسەردا سەپێنراون و نەلەناو چاوان نووسراون. چارەسەرکردنیان بە گۆڕانی پێوەندییە ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسیەکان دەبێت. گەیشتنە ئامانجی سەرەکی بەوە نابێ بە هەژاری و بەدبەختی رازی بێت، پشوو درێژبێ و خۆگراگر بێ و بەڵکو دەبێ کۆشش بکرێت بۆ دۆزینەوەی رێگای لە بار و راستەقینەی گۆڕینی ئەو فاکتەر و هۆکار و پێوەندییانەی ئەم دیاردە نالەبارانەیان لێ دەکەوێتەوە.

دیاردەی سێیەم: دیاردەی رەخنە و رەخنەگرتنە. ئەو دیاردەیە پەلوپۆی هاویشتۆتە نێو هەموو کون و قوژبن و کە لە بەریەك و شتێك نەماوە لە ژیان و دەوروبەر و کۆمەڵگادا دەستی رەخنە نەیگاتێ و تەنانەت دابونەریت و ئاکارو ئایین خۆیشی بەرتیری ئەم رەخنەیە کەوتوون. لە لای رۆمانتیکییەکان ئەم رەخنەگرتنە جیا لەفەلسەفە شێوەی تەوس و گاڵتەپێکردن و گاڵتەجاری پێ براوە بە تایبەتی ئەو دیاردەیە لە لای کیرکێگارد بە ئاشکرا دەرکەوتووە[١٧]. ئەم رەخنەگرتنە ئاوێنەیەك بوە ئەو قەیران و تەنگژەیەی تێیدا بینراوە کە رێبازی هیومانسی (مرۆڤ پەروەری) ئەوروپا دوای مردنی هیگڵ دووچاری بووە، بە پێی بۆچوونی هەندێ سەرچاوە، ئەو قەیرانە هۆکارێك بووە لە هۆکارەکانی پەیدابوونی هەردوو جەنگی کاولکەری یەکەم و دووەمی جیهان. بابەتێك و خاڵێك لەم خاڵانەی رۆمانتیك بە رەخنەگرتن دەری خستووە تارادەیەك ئایین دەگرێتەوە و لە دواییدا بووە بە بابەتێکی سەرەکی فەلسەفەی ئیگزیستیانتیالیزم ئەوەیە:- ئایا بوونی مرۆڤ وەك بوونەوەر لەم جیهانەدا دیاردەیەکی رێککەوتە، یان چارەنووسە؟لەمەوە بایەخدان بە ئازادی تاکە کەسی و پەسەند نەکردنی پرۆسەی میکانیزەکردنی کۆمەڵگا بە بیانووی هەرەشەکردنی لە ئازادی تاکە کەسی و بایەخدان بە هەست و هۆشی نەتەوەیی و دانانی((پێودانگی جوانی)) لە جێگای ((سوودبەخش)) کەوتوونەتەوە.سوود و قازانج وەك پێودانگ خرانە لاوە و پێودانگی جوانخوازی کەوتۆتەکار.

٨- بابەتی جیهانبینی بابەتێکی سەرەکی تری سەردەمی رێبازی ئەدەبی و هونەری رۆمانتیك و فەلسەفەی ئایدیالیستی ئەڵمانە، هەر فەیلەسوف و هەر ئەدیب و هونەرمەندێك لە دیدی تایبەتی خۆیەوە سەرنجی ژیان و سروشت و کۆمەڵگای و داوەو لەمەوە بە خامەکەی، بە



پەرەمووچەکەی تابلۆیەکی فرە رەنگی نەخشاندووە جیهانبینییە تایبەتییەکەی لە روانگەی کەسایەتی خۆیەوە دەنوێنی. هیچ گومان لەوەدا نییە ئەمە دیاردەیەکی بەرچاوی سەدەی نۆزدەیەمە ئەو سەدەیەی رێبازی رۆمانتیك و فەلسەفەی ئایدیالیستی ئەڵمان تێیدا شین بوون و هاتنەبەر. ئەم جیهانبینییە هەمیشە خەسڵەت و مۆرك و تایبەتمەندی تاکە کەسایەتی خاوەنەکەی نیشان داوە، لێرەوە رابەرانی رۆمانتیك کە لە سەدەی نۆزدەیەمدا پەرش و بڵاو و دەست باڵا بوون، رۆمانتیکی بزووتنەوەیەکی گیانیی ئەدەب و هونەر و هونەری جوانی جۆرە رەوتێکی ئایدیالیستی تێدا دەبینرێ بە گشتی وەك هەستی ژیان، دەبرینی راز و نیازی ناخی دەروون لە کەلتوور و شیعر و هونەر و نیگارکێشی و تابلۆ و گرافیك و موزیك و هەڵوێست بەرانبەر بە سروشت وکۆمەڵگا و ئایین و زمان و مێژوو و سیاسەت و فەلسەفەدا بەدی دەکرێت، رەنگی داوەتەوە. ئەم هەڵوێستە وەنەبێ شتێکی لابەلایی بووبێ، بەڵکو تارادەیەکی زۆر رەسەنی ئەم رێبازەی ساغ کردۆتەوە. هەروەها ئەم بزووتنەوەیە وەنەبێ لەناکاو دوومەڵ و کاردوو قارچك لە زەوی و لە کەشوهەوای خۆی دەپەریبێ، بەڵکو لەسەر بنەمای قۆناغی دواتر و لەسەردەمی خۆیدا چۆن کاری تێ کراوە و فاکتەری پەیدابوونی هەبووە، کاری لە دەوروبەر و دوای خۆی کردووە و هەروەها فاکتەری راستەقینە و هۆکاری پەیدابوونی کەشوهەوای لەباری جۆرە پەرەسەندن و پەیدابوونێکی تر بووە. بێگومان ئەو نەوەیەی هۆکاری دامەزراندنی تەلاری رۆمانتیکی بووە، لە خۆیدا شتێکی دیار و بەرچاوی لە باردا بووە، دوای ژانگرتنێکی سەخت و گران کە ئاوێتەبوونی هەردوو هۆکاری ناوەکی و دەرەکی بەرپایان کردووە ئامادەی لە دایك بوونی بابەتێکی نوێ بووە. ئەم بۆچوونە لەوە کەم ناکاتەوە کە هۆکاری ناوەکی و تایبەتی دەست باڵابوون ئەگەرچی ئەو هەلومەرجانەی هۆکارئاسا بوونەتە

مایەی پەیدابوونی کەلتوور و ئەدەب و هونەر و سەرهەڵدانیان لەسەردەم و قۆناغێکی دیاری کراودا، فرە رەنگ و هەمەجۆر بوون و ئیتر با نەوەیەکی دیاری کراو، رەوش و بزووتنەوەیەکی دیاری کراوی جۆرە یەك رەنگییەکی تایبەتیشی داهێنابێ، ئەم هەڵومەرج و فاکتەرانە هەمە رەنگین و لەسەرچاوەی جیاوازەوە هاتوون و جۆرە پێوەندییەکی وایان لە نێودا بووە کە فرە رەنگی و جیاواز ئەگەرچی هەموویان بەیەکەوە، بەڵام نەك بەشێوەیەکی وەك یەك و یەکسان، خەت و خاڵ و کارەکتەر و کەسایەتی و ناسنامەی تایبەتییان بەو بزووتنەوە گیانییە، بەو بزووتنەوە ئەدەبی و هونەری و کولتوورییە بەخشیوە کە لە رەوشێکی دیاری کراو و لە قۆناغەکانی تایبەتیدا لە ژێر دروشمی دیاری کراو و ناوی تایبەتیدا دەرکەوتووە و ناسراوە و دەست بەکاربوون. سوارچاکەکانی ئەو گۆرەپانە ئەو فەیلەسووفانە بوون کە مەیلی ئەدەب و هونەریان هەبووە و ئەو هونەرمەند و ئەدیبانە بوون کە بە لای فەلسەفەدا، بەڵام بە لای فەلسەفەی ئایدیالیستیدا شکاندوویانەتەوە:-برایان شلیگڵ، هیگڵ، نۆڤالیس و هولدیرلن، ڤاکن رۆدیر، شیلینگ، فریدریش تیك[١٨] و گۆتی، هەر یەکێك لەم فەیلەسووف و ئەدیب و هونەرمەندانە بە کاراکتەر و بە بەرهەم و هەڵوێست بەو پەری جوانی و سەرکەتووانە ئەو رێبازەیان بەرجەستە کردووە و دەریان بریوە و پەرەیان پێ داوە.

ئەدەبی رۆمانتیکی بایەخ بە مرۆڤ دەدات، لەسەچاوە رەنگینەکانی سروشتەوە سرووش و بەهرە و بابەت هەڵدەهێنجێ و بەچاوی هونەرمەند سەرنجی مرۆڤ و شت و دەوروبەر دەدات. هەوڵ دەدات مرۆڤ و سروشت و ژیان بەفرەرەنگی و بەپێز و هارمۆنی و هەماهەنگییەکانیانەوە تێ بگات و بیانناسێ.هەڵوێستێکی فەلسەفە، دیاردەی پەیوەستی هۆکار و ئەنجام پشت گوێ دەخات و بایەخ بەو دیاردە گەرمو گورانە دەدات کە



کۆنکرێتین و لەبەر چاو و لەبەر هەست و دڵ و دەروون دان. بۆ نموونە ئەگەر مرۆڤ لە بەرهەمەکانی شێکسپیر و سێرڤانتس و نووسەر و ئەدیبانی پێش قۆناغی رۆمانتیك وردبێتەوە و بەچاوی کڕیار سەرنجیان بدات بۆی دەردەکەوێ ئەم کەڵەنووسەرانە لە دید و جیهانبینی تایبەتی خۆیانەوە کە لە بەرهەمەکانیاندا رەنگ دەداتەوە، بە چاوێك سەرنجی جیهانیان داوە وەك ئەوەی کەرەسەیەکی شت زانین بێت و هەوڵ بدرێ بە جۆرێکی تایبەتی لێك بدرێتەوە و گۆڕینی تێیدا بکرێت جا لە سروشت خۆیدا، یان لە پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێو ئەندامانی کۆمەڵگادا بێت بە بێ هیچ جۆرە هەست کردنێك بەوەی پێوەنییەکی گیانی لە نێو نووسەر و سروشتدا هەبێ، یان خۆشەویستی و هەست و نەستێکی قوول وگەرم گور نیشان بدرێت. بە پێچەوانەوە نووسەری رۆمانتیکی مرۆڤێکی هەست ناسك و ئەندێشە بە پێز و برشت وا سەرنجی سروشت دەدات کە تابلۆیەکی رەنگین و رەنگاورەنگە، هەموو شتێك جۆرە گیانێکی تێدایە، دار و درەخت و گوڵ زمانی تایبەتییان هەیە و پێی دەدوێن.جیهانی پێش رۆمانتیك جیهانێکی پانوبەرین و فراوان و بێ سنوورە، پێوەندی مرۆڤ لەگەڵ مرۆڤدا شتێکی ئاساییە. کەچی مرۆڤی رۆمانتیك و ئەوی سەر بە رێبازی رۆمانتیکە لەبەرهەکانیداو لە هەڵوێستی کۆمەڵایەتیدا وەك پادشایەك دێتە بەرچاو کە لە خۆی و ناخی خۆی بەلاوە دۆست و هەڤاڵێکی تری نەبێ. هەموو شتێك لە دەوروبەر و سروشتدا بەو شێوە و رەنگە دەردەکەوێ کە لە ناخی خۆیەوە ئەو پێی بەخشیبێ[١٩]، یان بە رەنگی ئەو چاویلکەیەی کە بە هۆیەوە شتی پێ دەبینێ، دەردەکەوێت دیمەنی دەشت و کێو و نزار و دارستان، خوڕەی چەم و قەڵبەزەی ئاو، بزەی لێوی گوڵی پشکتووی کێوی، ئاوابوونی خۆر و زەردەپەڕ، مانگی چواردە، ئەستێرەی ئاسمان وەك دیمەنی رەنگاو رەنگ دە ئەوەندەی سەختی و ناخۆشی ژیان و نەخۆشی و دەست کورتی و کڵۆڵی

کاری تێ دەکەن. هیچ ڕووداوێکی سیاسی و سیستەمێکی فەلسەفەیی وشاکارێکی ئەدەبی و هونەری سەدەی نۆزدەیەمی ئەورووپا نییە و بەرچاوناکەوێ ئەگەر لە لایەن شۆرشی مەزنی فەرەنسا و تاڕادەیەك لەلایەن ئایین و فەلسەفەی کانت بە شێوەیەك لە شێوەکان کاری تێ نەکرابێ و لە دەست نیشان کردنی ڕەوت و بابەتەکانیدا دەوری نەگێرابێ.

شۆرشی فەرەنسا لەسەرکەوتندا دروشمی ئازادی کردە وێردی سەر زمانی بیرمەند و سیاسەتمەدار و فەیلەسووف و ئەدیبان، بەپڕیشك ئاگری لە قەدەغە و پاوانی ڕێژیمە کۆنەپەرستە کاردەبەستانی ئەورووپا بەرداوە و بارودۆخی تر، ڕەوشی مرۆڤـ دۆستی و سەربەستی و دیموکراتیەتێك هاتە کایەوە. بەهەمان شێوە تێك شکانی هەمان شۆرش و هەرەس هێنانی بۆتە مایەی ئەوەی چالاکی فەلسەفەیی و سیاسی، وردبوونەوە و سەرنج دان و پێداچوونەوە، بۆ سوود وەرگرتن لەو هەڵانەی کراون و ڕێگەنەدان بۆ دووبارە بوونەوەیان، بکەونەوە. فەیلەسووفی مەزن هیگڵ و فیختەو سەرتاپای بزووتنەوەی ئەدەبی ڕۆمانتیك لە لایەن بیری ئازادی شۆڕشەکەوە بەشێوەی تەلیسم و جادوو کار لەهۆشیان کرابوو. ئەو پەیامانەی فیختە ئاراستەی گەلی ئەڵمانی کردوون، ڕاستی ئەم قسەیە ساغ دەکەنەوە. ڕووداوە سیاسیەکان هیوای جیهانێکی نوێ و ژیانی خۆشتر و دوا ڕۆژێکی خۆشتریان بەبەر خەڵکدا کردبوو، لەچوارچێوەی فەلسەفە و سیستەمی سیاسی تیۆریدا وردە وردە بزووتنەوەیەك خەت و خاڵی دا کە دواتر بە بزووتنەوەی کۆسمۆ پۆلیتیزمۆس ناسرا[٢٠]. ڕاستە ئەم لایەنە چاوەڕوانی چی لێ دەکرا وا نەکەوتەوە ئەنجامی تری هەبووە وەك بزوتنەوەی ناسیۆنالیستی وجەنگی جیهانی...فەیلەسووف وسیاسەتمەداری گەورەی ئەڵمان کارڵ مارکس لەچەند بەرهەمێکی پڕ بایەخدا شۆرشی فەرەنسا و سەرنەکەوتنەکەی توێ توێ و شی کردۆتەوە[٢١]. لە شۆرشی



فەرەنساوپێشکەوتنی زانستی ئابووری و هەلومەرجی سیاسی و کۆمەڵایەتی سەدەی نۆزدەیەمی ئەڵمانیا دوو ڕێبازی سیاسی و ئابووری و فەلسەفەیی کەوتنەوە هەردووکیان دوای مردنی هیگڵ بە تەواوەتی خەت و خاڵیان داوە یەکەمیان بەرابەرایەتی کارڵ مارکس کە دەخرێتە خانەی ڕێبازی چەپی هیگڵ و ئەوی تر جگە لە هیگڵ ڕاستەخۆ سوودی لە ڕێبازی کانت و شۆرشی فەرەنسا وەرگرتوە و بەرابەرایێتی فێردیناند لاسال بووە. ڕێبازی یەکەم لەفەلسەفەدا ناوی دیالێکتیکی مەتریالیزمی لێ نراوە و بووە بە ئایدیۆلۆژی و بابەتی پارتێکی سیاسی و لە پرۆسەی پیادەکرنیدا گۆڕانی وای بەسەردا هێنراوە خاوەنەکەی خۆی نەیناسێتەوە.مارکس پتر بایەخی بە هۆکاری ئابووری داوە و بگرە کردوویەتی بە شاهۆکاری گۆران و پەرەسەندن. مێژووی کۆمەڵگا بریتییە لە مێژووی زۆران و شەری دەستەو یەخەی چینە جیاوازەکان. ئەنجامی ئەم خەبات و زۆرانە لە کۆتاییدا بە سوود و قازانجی چینێك تەواو دەبێ.ڕابەری ئەم ڕێبازە بە چینی پرۆلیتێر ناوی بردووە. ئەم چینە لە ڕەوت و پرۆسەی بەرەو پێش چوونی خەبات و تێکۆشاندا ڕێزەکانی خۆی یەك دەخات و ئامرازی ڕاستەقینەی خەبات و گۆڕینی کۆمەڵگاو وەدەستهێنانی دەسەڵاتی سیاسی دەدۆزێتەوە کە بریتییە لە پارتی چینی پرۆلیتێر. ئەم چینە بە ڕزگار کردنی خۆی تێکڕای کۆمەڵگا و چین و توێژەکان ڕزگار دەکات. مارکس لەو پرۆسە مێژوویەدا خەباتی نا ئاشتیانە و پەنا بردنە بەر توندوتیژی بەڕەوا داناوە.لەو شیکردنەوەو ئەنجامگیرییەدا مارکس سوودی لەپەیرەوە دیالێکتیکیەکەی هیگڵ وەرگرتووە، بەڵام وەك خۆی وتوویەتی ئەم پرۆسەیە تەنیا هەر مەنتیقی و گیانی نییە و لە مێشکدا ڕوونادات، بەڵکو لە کۆمەڵگادا و لەنێو چینە جیاواز ورقەبەرەکانی کۆمەڵگادا دەقەمێ. ئەم پرۆسەی بەرەو پێش چوونە

دەگاتە قۆناغێك كۆمەڵگایەك تێیدا خەت و خاڵ دەدات كە لە كۆمەڵگای بێ چینی دژ بە یەكتر و بێ رەقەبە پێك دێت. لە كاتێكدا ماركس پشتی بەخەباتی چینایەتی بەستووەو سەرگەرمی گۆرینی شۆرشگێرانەی سەرتاپای كۆمەڵگابووە، رێبازی دووەم بەرابەری لاسال بووە و ناوی سۆسیال دیموكراتی لە خۆی ناوە بە رێگایەكی تری ئەوپەری جیاواز كۆششی گەیشتنە ئامانجی دەست نیشان كراوی خۆی كردووە.

لاسال بە تەواوەتی بیرۆكەی دیكتاتۆری پرۆلیتاری رەت كردۆتەوە و گۆرانی سەرتاپاگیر و شۆرشگێرانەی بە پەسەند دانەناوە و داوای خەباتی نەقابە و پەرلەمان و گۆڕانی لەسەرخۆو هەنگاو بە هەنگاوی كردووە و لەو باوەرەدا بووە خەباتی چینایەتی و چەكدارانە بە پێچەوانەی بنەماكانی سروشت و كۆمەڵگا ژیانەوەیە و دەبێتە مایەی تێكدانی پرۆسەی بنیاتنانی كۆمەڵگائیتر لە ژێر هەر ناوێكدا بێت. لاسال لەو باوەرەدا بووە(ئەمە لە پەیرەو و پرۆگرامی پارتی سۆسیال دیموكرات- ئایزناخ ١٨٦٩ ز پەسەند كراوە) دەبێ بۆ رزگاركردنی چینی كرێكار و گۆڕینی شێوەی بەرهەم هێنانی سەرمایەداری بە شێوەی كاری بەرهەمی هەرەوەزی[٢٢] بگۆردرێ.ئازادی سیاسی هەمیشە بنەماو هەڵ و مەرجی ناچارەكی رزگاربوونی ئابووری چینی كرێكارە، ئەم ئازادیە سیاسیە لە هەموو قۆناغێكدا شتێكە ناكرێ مرۆڤ دەسبەرداری ببێ، چونكە بەرێگای سروشتی، هەڵبژاردن و خەباتی پەرلەمانیانە دەستەبەری چارەسەرەكردنی گیروگرفت و كێشە سیاسی و ئابووری و رۆشنبیری كۆمەڵایەتییەكان دەبێ. كێشەی كۆمەڵایەتی لە كێشە و گیروگرفتی سیاسی جیاناكرێتەوە و چارەسەركردنیشی بە رێگای سیاسی دەبێت، بەڵام لە سێبەری دەوڵەتێكی دیموكراتیدا. بۆیە سۆسیال دیموكراتەكان لەماركس جیادەبنەوە لەوەدا كە نایانەوێ دەولەت لە بنەرەتەوە تێك بدەن، بەڵكو



كۆششی گۆرینی سروشتییانە و دیموكراتیزەكردنی دەكەن. بەلای سۆسیال دیمۆكراتەوە سۆسیالیزم نابێ و ناكرێ لە دیموكراتی و ئازادی جیابكرێتەوە.دیكتاتۆری لە ژێر هەر ناوێكدا بێت و لەهەر قۆناغێكدا بێت هەر دیكتاتۆرییە و پێشێل كردنی مرۆڤایەتی مرۆڤە! سۆسیالیزم بەبێ ئازادی ناكرێ و نابێ. هەر لە سێبەری دیموكراتیدا دەكرێ و لەتوانادا هەیە سۆسیالیزم پیادە بكرێ.دێموكراتیش لەلای خۆیەوە بەهۆی سۆسیالیزمەوە دواخەت و خاڵ دەدات[٢٣].

وەنەبێ فەلسەفەی كانت و بزووتنەوەی رووناكبیری دەوریان لە رۆڵی شۆرشی فەرەنسا كەمتر بووبێ. لەكاتێكدا ماركسیستەكان سەرقاڵی خەباتی چینایەتی و شۆرش و دیكتاتۆری پرۆلیتێر بوون و سۆسیال دیموكراتەكان لایەنگیری خەباتی پەرلەمانتاری و نیقابەو ئازادی تاكە كەسان و مافی مرۆڤ بوون، فەلسەفەی كانت بەتەواوەتی لەكەش و هەوایەكی تردا دەست بەكاربووە. سەدەی هەژدەیەم سەدەی رووناكبیری و دەست بالآیی فەلسەفەی كانت بووە. رووناكبیری وەك قۆناغێك نیشانەی خەت وخاڵ دانی پرۆسەی ژیری مرۆڤ بوو. ژیر ئامرازێكی چالاكی گیانی لەژێر دەسەلآتی كلێسا رزگاری بوو، بەلآم ئەم قۆناغە لەسەدەیەك پتر درێژەی نەكێشاوە، سەدەی نۆزدەیەم كە سەردەمی رۆمانتیكی و رێبازی ئایدیالیستی ئەڵمانە بە تەواوەتی رەوتی قۆناغی پێشتری گۆڕیوە. ئەگەر قۆناغ و ئەنجام و شوێنەواری رووناكبیری لانەبردبێ، لاوازی كردووە و رەوتەكەی بە لایەكی تردا شكاندۆتەوە. جارێكی تر لاهووت و ئایین پەل و پۆیان كێشاوەتەوە ناو فەلسەفە وئاكارەوە وهەوڵی پشت راست كردنەوەی بابەتەكانی ئایین و بوونی رەبیان داوە. لە جێگای ژیر و رەوتی مرۆڤ پەروەری دۆگم و بابەتەكانی لاهووت و كلێسا هاتوونەوە مەیدان، بەتایبەتی لە ئەڵمانیادا. ئەوی لێرەدا بەوپەری گەرانەوە بۆ دواوە و بە تێكشكانی

رووناکبیری و مرۆڤ پەروەری و بەدژی پێشکەوتن دادەنرێ ئەو کۆششەیە بەپشتیوانی کلێسا کراوە بۆ ئەوەی جگە لەفەلسەفە سیاسیەتیش بکرێت بەپاڵپشتی ئایین و سوودی لێ وەربگیرێ.

٨- لەسەدەی هەژدەیەم و لە فەلسەفەی کانتدا وا بەرچاو دەکەوێ مرۆڤ گیان و چوست و چالاکی لە دوو بەش پێك هاتووە. لایەکیان ئەوەیە بڕیار دەدات و لایەنەکەی دیکە بریتییە لە هەست و هۆش و ئارەزوو خواستن[٢٤]. هەر بۆیە بوونی دابو دەستوور و بنەماکانی ئاکار هۆکاری ڕێکخستنی کار و کرداری مرۆڤ و کۆمەڵگان و بابەتی شتی هەمەکی و ناچارەکین و ناکرێ مرۆڤ و کۆمەڵگا دەست بەرداریان بن. هەر ژیانی ئاکارەکییە بوونی خوا و پێداویستی ئایین پشت ڕاست دەکاتەوە. ئەمە ئەو ئەنجامە بووە کە لە کۆششی گیانی سەدەی هەژدەیەم کەوتۆتەوە. ئەم جۆرە دوو ڕەنگییە بە تەواوەتی لەبیروبۆچوون و فەلسەفەی کانتدا ڕەنگی داوەتەوە. جیهانی دیاردەو ڕاستەقینە، شت وەك چۆن بەرهەست دەکەوێت و شت لە خۆیدا، هەست و ژیر[٢٥]، ئەرك و فەرمانی سەرشان و خواست و ئارەزوو، ناوەڕۆك و ڕوخسار.دوو جیهان هەیە، جیهانی ڕاستەقینە لە خۆیدا کە کانت نەیتوانیوە جەوهەر و پوختەکەی بزانێ و جیهانی دەرکەوتوو دیاردە بەهەستەکان پەی پێ دەبردرێ. سەرچاوەی شت زانین لەلای خۆیەوە، ئیتر پرۆسەی زانین بێ، یان زانین لە خۆیدا لە دوو بەش پێك هاتووە: کەرەسەی خاو بەهۆی هەستەکانەوە لە جیهانی دیاردەوە کەوتۆتەوە ئینجا فام وژیر چەمکەکانیان بەسەردا دەسەپێنن وەك چوارچێوە ئەم زانینە کرچ و کاڵەی هاتووە تێیاندا جارێکی تر بە پوختی دادەڕێژێتەوە. زانین، زانست بەگشتی تەنیا لەم جیهانە دیاردە بەر هەستییە دەکەوێتەوە و هەر زانستێك سەرگەرمی تێپەڕاندنی ئەم بنەمایە و بەزاندنی ئەم سنوورە بێت، خۆی دەخاتە گێژاوی ناتەبایی،



بیروبۆچوونەکانی بە سەرەتا و ئەنجام ناکۆك بەیەکتری دەبن، بۆیە هیچ جۆرە میتافیزیکێك کە ئەم سنوورەی جیهانی دیاردە ببەزێنێ شیاوەکی نییە. فەلسەفەی کانت لەسەدەی نۆزدەیەمدا بۆتە مایەی بەرپابوونی سێ لایەن و ڕێبازی جیاواز لەنێوان پەسەندکردن، بژار و پەرەپێدان، تا وەکو ڕەت کردنەوە و وەلانانی، ئیتر لەلایەن تاکە فەیلەسووفانەوە بووبێ، یان لەلایەن ڕێبازێکەوە وەك کانتیانیزمی نوێ و مەتریالیزم و پۆزیتیڤیزم. لایەنی چالاکی و ئەکتیڤ و بەبرشتی فەلسەفەی کانت بەتایبەتی بابەتی(منی داهێنەر) کەبەهۆش و هۆشیارییەوە بەندەو قانوون و بنەماکانی بوون و جیهان و سروشت دەس نیشان دەکات و خۆی لەجیهانی ئازادیدا دەبینێتەوە ئەو ئازادییەی لەمێژوودا وەك پرۆسە دێتە بەر، ئەم لایەنە منی داهێنەری چالاك و ئازادی و مێژوو بوو بەبابەتی سەرەکی ڕێبازی ئایدیالستی ئەڵمان[٢٦]. لەکاتێکدا ئایدیالیزمی ئەڵمان پەرەی بەفەلسەفەی کانت داوە کانتیانیزمی نوێ درێژەی بەو پرۆسەیە داوە کە کانت دەستی پێ کردووە، لایەنی سێیەم بریتی بووە لە وەلانان و وەرنەگرتنی کانت، ئەمانە لەفەلسەفەدا مەتریالیست و لەئەدەبدا ڕۆمانتیکییەکان بوون هەڵوێستەکەیان دەکرێ، ئەوەندەی پێوەندی بەکانتەوە هەیە، بەرەخنەگرتن و پرۆتیست ناوبرێت.ئەم ڕەخنە و نارەزاییە بەتایبەتی ئاراستەی لایەنی ژیرەکی فەلسەفەی کانت و پرۆسەی روناکبیری کراوە لەکاتێکدا کانت و ڕابەرانی بزووتنەوەی رووناکبیری سەرگەرمی ئەوەبوون هەبوونی قانوونی ناچارەکی و هەمەکی پشت ڕاست بکەنەوە و تاکەکان بکەن بەپاشکۆ و پابەندی ئەو قانوون و بنەما هەمەکییانە، ڕۆمانتیکییەکان ئەو جۆرە تێزە و بیرەیان هەڵگێراوەتەوە و پێیان لەسەر بوون و سەربەخۆیی تاك و تاکەکەسی داگرتووە.

راسته رێبازی رۆمانتیکی فەلسەفە نییە، بەڵکو پتر ئەدەب و شیعر و هونەرە بەشێوە جیاوازەکانییەوە، بەڵام لەم گۆرەپانەدا زۆر فەیلەسووفی ناسراو وەك شیللەر و شلیگل و کیرکێگارد شان بەشانی ئەدیب و نووسران لەپەرەپێدان و بەپێزکردنی ناوەرۆکی ئەم رێبازە دەوری کاریگەریان گێراوە.

لە نووسینەکانیاندا بەتایبەتی لەرۆمان و بەرهەمە شانۆییەکاندا بە ئاشکرا جێ دەستی فەلسەفە دەبینرێ. نووسەری رۆمانتیکی بەهۆی فەلسەفەوە، بایەخی بە ئایین داوە چونکە ئایین بەشێوەیەك لە شێوەکان یارمەتی تاکەکەسانی راماو و داماو و بێ دەسەڵات دەدات و وەك هۆکار و فاکتەری دەروونی جۆرە دڵنیاییەکی ناوەکی بەناخ و دەروونی ورووژاوو نارەحەتی دەبەخشێ.

٩- راستە سروشت سەرچاوەیەکی لەبن نەهاتووی ژیانە، پڕ لە لایەنی نهێنی و جوانی و ئەفسانەیە، بەڵام هیچ گومان لەوەدا نییە کە سروشت نهێنی و گرێ کوێرەیەو وا بەئاسانی مرۆڤ بەو تواناو ئامرازانەی لەبەدەستی دان نەهەڵدەهینرێ و نەدەکرێتەوە. بۆیە سەیر نییە کە هولدیرلین بۆ کردنەوەی ئەم گرێ کوێرەیە پەنا بەرێتە[27] بەرهەستی خۆشەویستی و جوانی. هولدرلین لەو باوەڕە دابووە کە ئەگەر مرۆڤ بەچاوی دڵ سەرنج بدات، بۆی دەردەکەوێ کە ئەو بنەمایەی هارمۆنی و هەمئاهەنگی و فرەرەنگی سروشت رادەگرێ لەهەستی خۆشەویستییەوە دەکەوێتەوە و پشت ئەستوور بەهەستی جوانی سروشت تایبەتمەندی دڵفرێن و ئەفسووناوی بەدەست دەهێنێ.

لە هەست و خۆشەویستی و جوانیدا بنەمای راگرتنی رێکوپێکی سروشت و هارمۆنی وهەم ئاهەنگی ببینرێ پتر لەقسە وشیعرێك دەچێ کەلەناخەوە هاتبێت و هیچ جۆرە ئاشناییەکی لەگەڵ ژیرو مەنتیقدا نەبێ. سروشت بمانەوێ و نەمانەوێ شتێکە لەخۆیدا زۆر لەوە قووڵتر و فراوانترە



کە مرۆڤ بەبیرو هۆش و ژیرەکەی ئەسپی خۆی تێیدا تاو بدات و گۆشە تاریکەکانی رووناك بکاتەوە و نهێنییەکانی هەڵبهێنێ و شارەزاییەکی تەواوی لێ پەیدا بکات.دانانی سروشت بەسەرچاوەیەکی جوانی و هەماهەنگی و خۆشەویستی، لەوەوە کەوتۆتەوە کە چاوی هەست و دڵ و دەروون لەدیاردە و روخساری سروشت بەولاوە بر ناکات. هەڵوێستی رێبازی رۆمانتیکی دەربارەی سروشت، ئەگەر لایەنەکەی تریشیان بهێنرێتە بەرچاو و بەیەکەوە گرێ بدرێن، لایەنی گاڵتەجاری، دەردەکەوێ ئەم هەڵوێستە کاردانەوەیەکە دژی قۆناغی رووناکبیری وسەرهەڵدانی شۆرشی پیشەسازی و پێشکەوتنی زانست و لێکۆڵینەوەی زانستی بووە. لێرەوە ئەو رەخنەیە روون دەبێتەوە کیرکێگارد، نیتشێ و بۆدلێر لە رێبازی فەلسەفەی پۆزیتیڤیست و ریالیزم و تارادەیەك لە ئایدیالیزم گرتوویانە، هەر ئەم رەخنەیە بووە لەچوارچێوەی زانستی هونەر و جوانیدا (ئیستێتیك) خەت و خاڵی داوە و رێبازی رۆمانتیکی بەپیت و بەهێز کردووە[28]. بۆیە کە مرۆڤ وشەی رۆمانتیکی دەبیستێ یەکسەر نهێنییەکانی هەست و دەروون و ناخ، سۆز، ئارەزوو حەز و پەرۆش، جوانی سروشت و شۆخی ئافرەت، شیعر و میوزیك و هونەری دێتە بەرچاو ودڵ. ئیتر دەکرێ بوترێ رێبازی رۆمانتیکی کەلە کۆتایی سەدەی هەژدەیەم سەری هەڵداوە و لە ناوەراستی سەدەی نۆزدەیەم گەیشتۆتە لووتکەی گەشەکردنی، بریتی بوو لە بزووتنەوەیەکی گیانی ئەدەبی و هونەری و جوانناسی ئاوێتەبووی فەلسەفەی سەردەمی خۆی. رۆمانتیکیەت لە رێبازێکی ئایدیالیستی بەولاوە نییە. راستە ژیان بە جوانی سروشت و ئافرەت و مرۆڤ رازاوەتەوە و شیعر و ئەدەب و هونەر ئەو بابەتەن پتر گۆشەی ژیان دەرازێننەوە، بەڵام هەستی شاعیر شتێکە و ژیان و گوزەران و راستەقینە شتێکی ترن. دەربڕینی هەست و نەستی مرۆڤ بە شیعر و

ڕۆمان ئەگەر جۆرە لەباری و پۆزەتیڤێکی تێیدا دەربکەوێ، لەلایەکەی تریەوە بێ دەسەڵاتی و دەستەوسانی و ڕاکردن لە ڕاستی و ڕاستەقینە دەگەیەنێ. ئەگەر هەست و نەست یەکەم هەنگاوی دەرپین بن، دەبێ هەنگاوی تریان بەدوادابێت و هیوا و ئاوات وخۆزگە هیچ لایەکی تاڵ و تفتی و سەختیەکانی ژیان ناگۆڕن. پێ داگرتن لەسەر دەوری تاکەکەسی ئەگەر ئازادی لە چوارچێوە گشتییەکەیدا پێشێل نەکات، سنوورداری دەکات. ئازادی شتێکی هەمەرەنگی نییە. ئازادی و ئۆباڵی ئەستۆ و ناچارەکی دژ بە یەکتری نین و یەکتری ڕەت ناکەنەوە، بەڵکو توندوتۆڵ بەیەکەوە بەندن و تەواوکاری یەکترین. جەوهەری مرۆڤ لەوەدا دەردەکەوێ چ دەکات و چی لە توانایدایە، نەك لەوەداچ دەخوازێ وچ ئاوات وهیوایەك لەناخیدایە.توانای مرۆڤ، دەسکەوت و بەرهەمەکەیەتی کە مرۆڤایەتی مرۆڤ ساغ دەکەنەوە.

# سەرچاوەكان


١- والشعراء يتبعهم الغاون، الم تر انهم في كل واد يهيمون وانهم يقولون مالا يفعلون....(سورة الشعراء: ٢٢٤- ٢٢٦)

2- Baudelaire, Charles,. Samtliche Werke. Briefe Bd.I.Darmstadt./1977.S.1990.

3- Schulz, G., Romantik. Geschichte und Begriff. Munchen 1996. S 11.

4- Schulz, Gerhard. Ebenda S.8.

5- Schlege,Fr.,Gespräche uber die poesie. Stuttgart 1968.

6- Heine, Heinrich., Historisch- Kritische Gesamtausgabe der Werke. Bd.8/1Hamburg1979.S.126.

7- Hein, H., Ebenda. S.222.

8- Grimme, Adolf, Vom Wesen der Romantik Hamburg 1947 S.18.

9- Schnadelbach, H., Philosophie in Deutschland. 1831-1931-Stw 401 S.18.

10- Hegel, G.F.W., Grundlinien der Philosophie des Rechts. Hamburg 1955 S.14.

١١- بە باوەری من قسەكەی هاینریش هاینە دەربارەی ئايينی مەسيحی كردوويەتی راست نييە و جۆرە ناحەقييەكی تێدايە.هاینە وتوويەتی((ئايين (مەسيحی و كاتۆليك) لەگەڵ رياكاری و نيفاقدا دەستە خوشكن و لەيەكتری جيا





ناكرێنەوە.هەرسێكيان هەمان جەوهەر و روخسار و جلوبەرگ و زمانيان هەيە و ناكرێ چاوەرێی راستی و هەقيقەتيان لێ بكرێت))

-Heine, H., Gesamelteausgabe Bd 8-1 S.166.

12- Vorlaender, Karl, Philosophie des Mittelalters. Rowohlt 1967 S.108.

13- Musil, Robert, Der Mann Ohne Eigenschaften. Reinbeck 1981 In WerkeBd.I

14- Ritter, J0achim, Metaphysik und Politik. Stw 199 S.192.

15- Ritter, J., Hegel und die franzosische Revolution S.199 In: Metaphysik und-Politik Stw 199.

16- flasch., K., Aufklaerung im Mittelalter. Frankfurt 1989 S.99.

17- Pivcevic, Edo., Ironie als Daseinform bei Soren Kierkegaard. Gutersloh1960 S.14.

١٨- رابەرانی رێبازی رۆمانتيك پترن لەوەی لێرەدا ناويان هاتووە.بەلای ئێمەوە ئەو كەسانە گرنگن كە پێوەندی دەستياوی لە نێوانياندا هەبووە، فەيلەسووف و ئەدەب دۆست و ئەديب و هونەرمەندی فەيلەسووف لێرەدا خراونەتە بەرچاو.

19- Dilthey, W., Das Erleben und die Dichtung. Gottingen 1985 S.187.

20- Schulz, G., Romantik Geschichte Und Bergriffe. Munchen 1996 S.52.

21- Marx, Engels, Ausgewahlte Schriften in zwie Banden. Berlin 1955. S.226.ff.

22- Miller, S. und potthoff, H., Kleine Geschichte der SPD Bonn 1988 S.13.ff

٢٣- ئەم بیروڕایانە بە تێرو تەسەلی لە پرۆگرامی پارتی سۆسیال دیموکرات ئایزناخ ساڵی ١٨٦٩زدا پاس کراون.بڕوانە:

-Susanne, M. und Potthoff, H., Kleine Geschichte der SPD. Bonn 1988 S.308-209.

24- J0dl.F.Geschichte der Ethik. Bd2 Essen:-S.27.

25- Kant, Kritik der reinen Vernunft. A50 B74.ff.

26- Storig, H.J., Kleine Geschichte der Philosophie. Stuttgart 1961 S.498.

27- Dilthy, Wilhelm., Das Erlebnis und Die Dichtung. Gottingen 1985 S.235

28- Bohrer,K.H., Die Kritik der Romantik. Suhrkamp Frankfurt A/M 1989 S.62.

# (٤)

# فەلسەفەی دیاردە كۆمەڵایەتییەكانی

## ژیان لە ڕێبازی ڕۆمانتیكیدا

١- ڕێبازی ڕۆمانتیكی بزوتنەوەیەكی ئەدەبی و هونەریی گۆشكراو بەشیری چەندین چەمكی فەلسەفە، ئەگەر لەبەرچاوی كەسانێك لەبابەت و ناوەرۆك و شێواز و ئامرازی كاركردنیدا بەهۆی ئەو ئامانجانەی ڕەنگی ڕشتوون و هەوڵی بۆ داون و ئەو كارەی لەسەردەمی خۆی و دواتر لەدەوروبەردا كردوونی نامۆ بێتە بەرچاو، ئەو وێنە تەمومژاوییە تارادەیەك ڕوون دەبێتەوە، بەرگە نامۆییەكەی لەبەر دادەماڵدرێ و وردە وردە ئاسایی و نیمچە دەستەمۆ دێتە بەرچاو ئەگەر مرۆڤ بە چاوێكی وردبینەوە ئەو بارودۆخ و هەلومەرجانەی تیایاندا گۆش بووە، ئەو فاكتەر و هۆكارە كاركردانەی جۆش و خرۆشیان بەبەر شادەمارەكانیدا كردووە، سەرنج بدات و توێ توێ بكات.ڕۆمانتیكی لە ئەڵمانیا بەتایبەتی و لەسەرانسەری ئەوروپا بە گشتی، بزووتنەوەی چەندین فەیلەسووف و نووسەر و هونەرمەند و ڕووناكبیری یاخیبووی سیاسی و كۆمەڵایەتی بووە بە تەواوەتی باڵیان بەسەر ئەڵمانیادا كێشابوو. نەرەوشە كۆنەكە بە تەواوەتی كۆچ و كۆچباری كردبوو نەنوێیی هەوڵ بۆ دراوە و چاوەروان كراو جێگیر ببوو، قۆناخێك بە ئافرەتی ئاوسی دووگیان هاتووەتە بەرچاو، (ژان) بیگرێ و ئەوپەری نا ڕەحەت بێ و بەو ڕەوشە نائاساییەی چاوەڕێی لە دایكبوونێك بكات، لەخۆیدا دوای نۆ



مانگ چاوەروانییەكی بێ دەنگ و ڕەنگ، گۆڕانێكی چۆنییێتی بكەوێتەوە، هاتنە دنیای جەوهەرێك كە بە مرۆڤ ناودەبرێت.

شۆرشی فەرەنسا توانی لە زۆربەی وڵاتانی ئەوسای ئەوروپا(١٧٨٩ ز.) فیودالیزم (دەرەبەگایەتی)وەك چین و پێكهاتەیەكی كۆمەڵایەتی لەسەر كار لابدات و لە جێگاكەیدا، دوای چەندین گۆڕانی سەرتاپاگیرانە دوور نەبوون لە توندوتیژی و كوشتار، گیانی بە بەر پێكهاتەیەكی تری كۆمەڵایەتیدا كردووە دواتر بە پێی ئەو ڕۆڵەی لە ژیانی ئابووری و كۆمەڵایەتی و سیاسی كۆمەڵگاو پەیوەندییە جۆر بە جۆرەكانی بەرمهێناندا هەیبووە بە (كەپیتالیزم) سەرمایەداریی ناسراوە، ئەم گۆرانە، گۆرانی فیودالی لادێ بەرەو كەپیتالیزمی شار، فاكتەر و هۆكارێكی سەرەكی سەرهەڵدانی فەلسەفەی ڕۆمانتیكی سەدەی نۆزدەیەم بووە، كە دواتر لە دوو روخساردا بە جیهان ناسراوە، لایەنێكی كە بە ڕابەرێی هیگڵ، فیختە، شلینگ بووە و بە ئایدیالیزمی ئەڵمان ناوبراوە و ئەوی تری كە پتر بەلای ڕۆمانتیكدا شكاندوویەتی و شۆپنهاوەر و نیتشێ ڕەنگیان ڕشتووە، سەرەرای لایەنە ئەدەبی و هونەرییەكە لەلای شیللەر و گۆتی و شلیگل و نۆڤالیس و هیلدەرلین و تییك لە چەند ڕوخسارێكدا نەخشاوە، دروشمی ئازادی و یەكسانی و داد پەروەریی سەرانسەری ئەوروپای هەژاندووە. شۆرش ناوێكی تری ئەو بزووتنەوەیە بووە كە بیروبۆچوون و چەمك و بیرۆكەی زاڵی ئەو سەردەمەی ئەوروپا بووە، بیرۆكەی ئازادی[1]. ئازادی وێردی سەر زمان و بابەتی سەرەكی سیاسەت و هونەر و ئەدەب و فەلسەف بووە، ئەو ئازادییەی دەستەبەری رزگاربوونی مرۆڤ بووە بەهەردوو تای تاكە كەس و ئەندامی كۆمەڵگا، رزگاربوونی لە پاشماوەی رابوردوو، لە داب و نەریتی پێشتر و كۆن. لەسەردەمی ناسراو بە رووناكبیردا، بەهۆی ئەم شۆرشەوە، چەمكی یەكسانی هەموو مرۆڤ و، مافی ئازادی[2] بوون بەبابەتی

سەرەکی فەلسەفە، بەڵام ئازادی و هەموو بابەتێکی تر ئەگەر سنووری خۆی بەزاندو نالەبارانە بەکاربرا، ئەنجامی نالەباری چاوەڕێ نەکراوی لێ دەکەوێتەوە. وەك ئەنجامەکانی شۆرشی فەرەنسا دەریانخستووە، داب و نەریت و بەهاکانی کۆن هەرەسیان هێناوە و لەناوچوون کەچی لەجێگایاندا هی نوێی شیاو و گونجاو و شایسیەی سەردەمی نوێ نەیانتوانیوە بە تەواوەتی جێگا بگرنەوە. ئەو دیاردەیە لەخۆیدا جۆری شێواییەکی لێ کەوتۆتەوە، دەزگا و دامەزراوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی سەردەمی پێشوو لەناوچوون و وا بە ئاسانی لەکردن نەهاتووە هی نوێ لەجێگایاندا دابمەزرێت.(کارل مارکس لە روانگەی سیاسی و ئابوورییەوە بە تێرو تەسەلی لە لێکۆڵینەوەی-١٨ی برومیر لویس بۆناپارت- ئەم لایەنەی شی کردۆتەوە، بەڵام کەمتر پەیوەندی بە لایەنی ئەدەبی و فەلسەفەوە هەیە کە بابەتی ئەم نووسینەمانە).

لە بەرامبەر ئەو رەوشە ئاڵۆزەدا لایەنگیر و رابەرانی بزووتنەوەی رووناکبیری پەنایان بردۆتە بەر ژێر، فەلسەفەیەکی ئایدیالیستی-میتافیزیکی سەرتاپاگیریان رەنگ رشتووە. لە گۆرەپانی ئەدەب و هونەردا رۆمانتیکییەکان ئەسپی خۆیان تاو داوە، بەڵام دۆخە شێواوەکە وەك هۆکار و ئەنجامی ئاسایی رەوت و رێباز و بۆچوونی جیاوازی لێ کەوتۆتەوە، رەوتێك لەم رەوتانە کە پتر لە لایەن رۆمانتیکییەکان پەیرەو کراوە رەوتی(شت بەخۆمالیکردن و گەڕانەوە بۆ فۆلکلۆر و سروشت و و رووژاندنی هەست و نەستی نەتەوەیی)بووە.بۆیە راست وتراوە کەهەستی ناسیۆنالیزم ئەگەرچی لە پاوان و زەمینەی سەرمایەدارییدا چرۆی کردووە، بەڵام لە خۆیدا داهێنانێکی رۆمانتیکیەکان بووە. ئەم داهێنانەی بیری نەتەوەیی وەنەبێ کاری شەو و رۆژێك بووبێ، بەڵام ئەنجامی زنجیرەیەك فاکتەر و هۆکار و گۆرانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری بووە



لەسەدەی نۆزدەیەمدا خەت و خاڵی داوە.بۆ بەرهەڵستی کردنی سیستەمە فەلسەفییە میتافیزیکییەکان کە کیرکێگارد وتەنی مرۆڤیان بە ئامرازێکی بچووك لە دەزگاو مەکینەیەکی گەورەدا داناوە، لە نێو جەنجاڵ و هەراو هۆریای ئەم رەوشەدا مرۆڤ لەبیرچۆتەوە، لە لایەکی ترەوە بەرانبەر بە رێبازە سیاسییە کۆسمۆپۆلیت و سەرتاپاگیرەکانی ئەوسا دەستەیەکی هونەرمەند و ئەدیبی هەست ناسك ویاخیبوو لە بەرهەمەکانیاندا ئەم یاخیبوونەیان بە چەند شێوەیەك دەربریوە، هەر لە شێوەی هاندانی هەستی نەتەوەیی و کەلەپووری خۆماڵی و فۆلکلۆر و پێداگرتن لەسەر ئازادی تاکە کەسان و بانگشە کردن بۆ ئایینی خۆماڵی-نەتەوەیی کە هیچ پەیوەندییەکی بە جیهانێکی سەروو سروشتەوە نەمێنێ تا دەگاتە بایەخ دان بە هونەر و پشت کردنە ژیر(ئەقڵ). ئەم تاقمە ئەدیب و هونەرمەندە یاخیبووە لەرەوانگەی جۆربەجۆرەوە سەرنجیان داوە و وردبوونەوە و جیهانبینی جیاواز و تایبەتی خۆیانیان هەبووە، بەگشتی لەجێگای خۆیدا بووە ناوی رۆمانتیکیان لێ نراوە.

٢- ئەگەرچی رۆمانتیك، لەبەرهەمەکانییاندا دێتە بەرچاو، رێبازێکی یەکگرتوو، یەکرەنگی بە رێك و پێکیی خەت و خاڵدراو نییە، بەڵکو لەچوارچێوەکەیدا بیروبۆچوون و هەڵوێستی جیاواز، لایەنی فرە رەنگی و هەڵوێستی نامۆ و سەیر دەبینرێ، بەڵام دەکرێ ناوی فرە رەنگیی، هەمەجۆرە، وشەی کۆ پر بەپێستی ئەم بزووتنەوەیە بزانرێ.

کاتێك مرۆڤ سەرنجی هەڵوێستی رۆمانتیکییەکان دەدات دەربارەی دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی ژیان جۆرە هەماهەنگی و تەبایی و یەك هەڵوێست و بۆچوون و جیهانبینییەکی تا رادەیەك بە پێز لە ئەدەبەکەیاندا بەگشتی و لە هونەر و فەلسەفەکەیاندا بەتایبەتی دێتە بەرچاو.جێگای خۆیەتی ماوەیەك بچینە ناو ئەو جیهانە سەرنج راکێشە

نیمچە- نامۆ و ئەفساناویە و— هەوڵ بدەین روونی بکەینەوە رابەرانی ئەم رێبازە لەم هەڵوێستەیاندا سەبارەت بە دیاردە ناوبراوەکان پابەندی چ بنەما و بنچینەیەکن؟! فەلسەفە، زانست، هونەر، ئەدەب، ئایین، لاهوت چەندین دیاردەی کۆمەڵایەتیی بەهۆی هۆکار و فاکتەری دیارو دەستنیشا کراوەوە لەکات و سەردەم و شوێنی تایبەتیدا پەیدابوون، ئەو پەیدابوونەیان هۆکار و فاکتەری هەیە، ئەو بوونەیان رۆڵ و ئامانجی دیاریکراوی هەیە، ئەو رۆڵە و ئامانجە ئەگەر بە هی پێشترەوە، بەجۆرێك لە جۆرەکان بەند بێ، لەچوارچێوەی کۆمەڵگایەکی دیاریکراودا سەبارەت بەچەندین پەیوەنییەکانی ژیان و گوزەران و بەرهەم هێنان برێنراوەتەوە و دەستی دەگاتە قۆناغی دواتریشی و لەلای خۆیەوە جارێکی تر دەبێتەوە بە بنەما. پرۆسەی هاتنە دنیا، لەدایك بوونی زارۆ، لەدایك بوونەکە ئەگەرچی جۆرە لەپریی و لەناکاوییێك نیشان دەدات، بەڵام بەندبووە بەخۆ بۆ ئامادەکردنێکی نۆ مانگی. ئەم پرۆسەیەی ژیانە: سەرەتا زارۆ و لاوێتی و پیرێتی ئینجا جارێکی تر لەناوچوونی تێدایە، بەڵام بەر لەناوچوونەکە ئاسایی، هەمان دەور کەبەئەوانی پێشتری سپێردرابوو، دەگێڕێ و دەبێتە مایەی کەوتنەوەی ژیانێکی تر. بەم نموونەیە دەمەوێ هەڵوێستی چەند رابەرێکی رێبازی ئەدەبی و هونەریی رۆمانتیك بە تایبەتی لیسینگ و نۆڤالیس روون بکەمەوە کە پەیوەندی دەستیاوی و هەمەچەشنەی نێوان رۆمانتیك و ئایینی مەسیحی پشت راست دەکاتەوە[٤] و دەری دەبڕێ مەسیحیەت سەرەرای ئەو هەموو لایەنە نالەبارەی هەیبووە و ئەو رۆڵە نێگەتیڤەی لە سەدەکانی ناوەراستدا بەسەدان ساڵ گێراویەتی، بێ فەڕ نەبووە و زۆر شتی لێ کەوتۆتەوە کە لایەنی پۆزیتیڤ و رۆڵی لەباری ئاینەکە لە ژیاندا وەك دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی پشت راست دەکاتەوە.



٣- ئەو پرسیارەی راستەخۆ رووبەرووی ئەو کەسە دەبێتەوە کە خۆی لەگەڵ رۆمانتیك خەریك بکات جیا لەوەی ئایا رۆمانتیك دیاردەیەکی مێژووییە یاخود هەڵوێست و روانگە و بۆچوونە؟

ئەوی پەیوەندی بە بەشە ئەڵمانییەکەی ئەم بزووتنەوە ئەدەبی و هونەری و فەلسەفییەوە هەیە، لە کۆتایی سەدەی هەژدەیەم و سەرەتای سەدەی نۆزدەیەمدا، دەکرێ بە پێشەنگی رۆمانتیك دابنرێت[٥]، لەشاری بینای ئەڵمانیا لە لایەن چەند ئەدیب و نووسەرێك: برایان شلیگل، نۆڤالیس، تییك، ڤەکنرۆدیر دامەزراوە و بەپێی ئەوبابەتانەی بڵاویان کردتەوە وەك شیعر و تیۆری ئەدەبی و رەخنە و فەلسەفە کە لەنێو ئەدەبی نەتەوەیی ئەڵماندا جێگای خۆیان کردۆتەوە و لە چوارچێوەی بزووتنەوەیەکی ئایدیۆلۆجی ناوەرۆکدا خەت و خاڵی داوە، دەکرێ بە دیاردەیەکی مێژوویی دابندرێ و لەوەشدا کە دەربارەی بابەتە ئەدەبی و هونەری و سیاسی و رووداوە فرە رەنگییەکانی پێشتر و سەدەمی خۆیان و دوارۆژ، ئەگەرچی لەچوارچێوەیەکی نالەبار (نێگەتیڤیشدا بووبێ) بە ئاشکرا بۆچوون و هەڵوێستایان هەبووە و لە روانگەیەکی تایبەت بەخۆیانەوە لە چوارچێوەی جیهانبینییەك کە دەکرێ بە رۆمانتیکی ناوبرێ سەرنجی خۆیان دەربارەی ئەم شتانەی کەوتوونەتە بەرچاویان نیشان داوە بۆیە ئەو بزاڤە دەشێ بە هەڵوێست و بۆچوون و روانگەش بژمێردرێ.

پەیوەندی دەستیاوی نێوان فەلسەفەی ترانسندنتالی و ئایدیالیزمی ئەڵمان و رێبازی رۆمانتیك هەر لەسەرەتاوە لەبەرهەمی ئەم رێبازە ئەدەبییەدا لەسەر شێوەی سوود وەرگرتن و شوێن کەوتن یاخود رەخنەگرتن و کاردانەوەی نالەبار بووبێ دەبینرێ.

بەهۆی شۆرشی فەرەنسا، بزووتنەوەی روناکبیری جیێگیربووە ژێر و ئازادی بەتایبەتی ئازادی تاکەکەسی (Emanzipation) بوون بەویردی

سەرزمانی رۆشنبیران و ئەکی سەرشانی سیاسی و سۆسیۆلۆج و فەیلەسووفان. ئەم ئازادی تاکە کەسییە لە زۆر بەرەو بوار و گۆرەپاندا کاری کردووە و ئەنجامی فرە رەنگی لێ کەوتۆتەوە. لە ئەدەبدا بەتایبەتی لەلای رۆمانتیکییەکان بەئاشکرا رەنگی داوەتەوە، ئەگەر جاران، پێش ئەم قۆناغە، بەمەبەستی رقەبەریکردنی ئەو ئەدەبەی سەدەکانی ناوەراست (مەسیحی) دایهێنابوو، رووکرابێتە ئەدەبی کلاسیکی بەتایبەتی یۆنان و رۆمان، لێرەدا بابەتەکە پشت ئەستوورە بەئازادی تاکەکەسی. بەهۆی وروژاندن و بەگوربوونی هەست و هۆشیاری نەتەوەیی هەوڵ دراوە و کۆشش کراوە بابەتی خۆماڵی، بەپێز و دەوڵەمەند و تێر و تەسەل بێت، بابەتەکە ئەدەبێك بێت رەنگ و تام وچێژ و روخسار و ناوەرۆکێکی نەتەوەیی روون و رەوان و بێ گەردی هەبێت، ئەم لایەنە لە شاکارەکانی ((هێردەر و نۆڤالیس و هۆلدەرلین و گۆتی))دا بەدی دەکرێت. لە شیعر و ئەدەبدا ناوەرۆك و روخسار پتر رەنگ و روخساری خۆماڵی وەرگرتووە، تەنانەت کۆکردنەوەی ئەدەبی نەتەوەیی- میللی کە لە دواییدا بە فۆلکۆر ناسراوە، راستی ئەم قسەیە دەسەلمێنێ.

لە پاوانی فەلسەفەدا نووسینی فەلسەفە لەلای کانت بە تەواوی بە زمانی زگماکی خۆی- ئەڵمان- نووسراوە، جاران زمانی لاتینی زمانی رەسمی ئینجیل و رۆشنبیران بووە، وردە وردە ئەو زمانە جێگای بۆ زمانی نەتەوەیی چۆڵ کردووە، تارادەیەك، جگە لەکلێسە و دەزگاکانی ئایینی مەسیحی، هەر لە چوارچێوەیەکی تەسکدا بەکارهێنراوە، فیختەبەو پەیامانەی ئاراستەی نەتەوەی ئەڵمانی کردووە گیانی نەتەوەیی، هۆش و هەستی شانازی کردن بە نەتەوە و زمان و کەلەپووری خۆماڵیی ئەڵمان جێگای شانازییەکەی تری جارانی گرتۆتەوە، پێشتر لە ئەوروپای مەسیحیدا وا باو بووە مرۆڤی ئاسایی، بۆرە پیاو شانازی بە ئایینەوە بکات، لەوەدا کە بڕوا و ئیمانی هەیە



و گومرا و بێ دین نییە و رێگای راستی دۆزیوەتەوە! دوای گۆڕان و پرۆسەیەکی درێژخایەن، ئەم بیروبۆچوونە گۆڕاوە. شانازی کردن بە نەتەوە بووە بەجێگری شانازییەکەی پێشوو، لە جیاتی خۆ خەریك کردن بە ئینجیل و باسە لاهووتییەکان بایەخ بەزمانی نەتەوەیی و کەلەپوور و دابو دەستوور و نەریتی کۆمەڵایەتی خۆماڵی دراوە، بۆ پاککردنەوە و بژارکردنی ئەم گەنجینە و سامانە نەتەوەییانە لە هەموو ئەو کارە تێکدەر و هەوڵە شێوێنەرەی دەسەڵاتی درێژخایەنی کلێسەی مەسیحی لە کەلەپووری ئەو میللەتانەی ئەوروپای کردبووی، رۆژێك لە رۆژان بە خۆشی بێ یان بە ناخۆشی بووبێ کرابوون بە مەسیحی، هەوڵێکی فەرهادانە دراوە، کۆکردنەوەی فۆلکلۆر لەم بوارەدا یارمەتیدەر بووە. رەخنەکردنی دوگم و رێ و شوێنەکانی ئایینی و بیر کردنەوە لە ئایینێکی تر جا نەتەوەیی بێ یان هەر جۆرێکی تر، جاروبار لەبەرهەم و نووسینەکانی رۆمانتیکییەکاندا بەرچاو دەکەوێت.تەنانەت نیتشێ تا رادەی گومرایی و بەتەواوەتی پشت کردنە ئایینی سروش ئاسا پێی لێ هەڵبڕیوە و باسی مردنی ڕەبی کردووە[٦]. بەپێی تێگەیشتنی من نیتشێ بەو هەڵوێستەی دژایەتی جەوهەرێکی ترانسندێنتالی هێز و دەسەڵاتی بێ سنووری نەکردووە، بەهیچ جۆرێك نەیویستووە لە رۆڵ و بایەخی ئایین و بڕوا، وەك فاکتەرێکی دڵنیایی و هێمن بەخش بەناخ و دڵ و دەروونی مرۆڤی پەژارە و نەسرەوت و بێ چارە لەجیهانێکی جەنجاڵی سەر لێ شێوێنەردا کەم بکاتەوە، مرۆڤێك سارتر وتەنی:(لەسروشتەوە و بەسروشت ئاسا بەدبەختێکی هوشیارە و هیچ چارە و دەرفەتێکی نییە بەسەر ئەو رەوشە کلۆڵی و بەدبەختییەیدا زاڵ بێت)[٧]. پێ داگرتن لەسەر ئەوەی مرۆڤ بەگشتی لەم جیهان و ژیانەدا هیچ ئاورێکی لێ نادرێتەوە، بەتەنیایە چارەنووسی دڵنایی لێ ناکرێت و بگرە دیار نییە، بە پێچەوانەی ئاییەنەوە، گۆمڕایی لێ کەوتۆتەوە. کەچی ئایینی مەسیحی لافی لێ داوە

جێگای هیوای مرۆڤ بێ لەم دنیایەدا بەڵام پتر باری سەرشانی قورس کردووە و پتر مایەی بەدبەختی بووە نەك رزگارکردن لەم سەختییانەی ژیان کە مرۆڤ گازندەیان لەدەست دەکات. ئەمانە بوون هۆی سەرەکی ئەو هەڵوێستەی نیتشێ، ئەگەر ئەمەشی بخەینە سەر ئایین، لە زمانە ئەوروپییەکاندا لەگەڵ وشەی- تیۆدیسێ-واتە-دادی رەب-دەخرێتە دوو تای تەرازووەوە، ئەرکێك لە ئەرکەکانی سەرشانی ئایینی مەسیحی جێگیرکردنی داد و دادپەروەری و لابردنی زۆر و جەوەر و زوڵم بووە، بەڵام لە چ جێگا و سەردەمێکدا، بە درێژایی سەدەکانی ناوەراستی مەسیحی ئەوروپا، دادپەروەری هەبووە و زوڵم نەبووە؟ لێرەدا دەکرێ جۆرە پاکانەیەك بۆ قسەی نیتشێ بکرێت.گەرانەوە بۆ سروشت، بایەخدان بە ئەدەبی میللی، پشتکردنە ئاینی مەسیحی ئەوروپا، شل کردنی جڵەوی هەست و سۆز و ئەندێشە، وردبوونەوە لە جیهانی قووڵ و بەرین و بەپیت و پیزی ناخ کە لای فیختە بووە بە من بەرامبەر بە نا من، بە تەوژم کردنی هەستی نەتەوەیی، وەك چەند چەمکێکی ئەدەب و بەرهەمەکانی رێبازی رۆمانتیکی، لە جیهانی سیاسەتدا تا رادەیەك هەرەس هێنانی ئایدیۆلۆجی رەها و ئەبسولیۆتیزمی فیودالیزم و دەرکەوتنی خۆری تازەی چینی سەرمایەداری نیشان داوە.

لەقەدەغە و پاوانی فەلسەفەدا، دوای کانت، کە رەخنەگرتن کرابوو بەسەرپشك، هەموو کون و کەلەبەر وقوژبنێکی گرتبووەوە، تەنانەت ژێر خۆی، ئامرازی ئەم چالاکییەیە، لەم رەخنەیەدا بەدوور نەبووە[8]، هیگڵ ئەوەندە پێی لێ هەڵگرتووە، وتوویەتی ژێر حوکمرانی جیهان دەکات(فەلسەفەی مێژوو. ل:٣٤) پەرەسەندنی جیهان لەپەرەسەندنی ژێر بەولاوە نییە و ئەم پەرەسەندنە بە سێ قۆناغدا تێپەریوە و لەهەر قۆناغێکدا فۆرمێکی دیاریکراوی دەوڵەت بەناوی ژێرەوە حوکمرانی کۆمەڵگای کردووە. وەك بەڵگەیەکی گیانی نەتەوەیی، هیگڵ بەئاشکرا ئەو



لایەنەی کەوتویەتی جیهانی جەرمەنیی و ئەو دەسەڵاتە سیاسییەی هەیەتی و ئەو کەسەی سەرۆکی رێژیمی فەرمانرەوایەکە بووە چاکترین رژێم و چاکترین فەرمانرەوا بوون، چونکە هەموو کەسێك لەسایەکەیدا ئازادە و تاکە ئاغایەك(شایەك) هەیە و تاکە کەسێك کۆیلە و بەندە نییە تێیدا[9]. ئازادی و دەسەڵات، ژیر و ئەقڵ، بەجۆرێك کە باشتر لە توانادا نەبووە، بەرقراربوون . ئەم بۆچوونە بۆ هەمان مەبەست، بەڵام بەجۆری جیاواز و لەسەر شێوەی چەمك و بۆچوون لە چوارچێوەیەکی بەرامبەر بە یەکتری دانانیدا دارێژراوە، لە هەندێ بابەتی بیرمەنداندا بەرچاو دەکەوێ وەك دانانی ژێر بەرامبەر بەهەستەکان و خۆ بەرامبەر بە بابەت و من، خۆم((فیختە)) بەرامبەر بە نا من و جیهانی دەرەوە، بە باوەری من، ئەم جۆرە دوو رەنگییە فەلسەفەییە، بە تایبەتی لەلای فەلسەفەی ئایدیالیزمی ئەڵمان((هیگڵ، فیختە، شیلنگ)) تا رادەیەکیش لەلای ئەو ئەدیبانەی رۆمانتیك کە بە شیری چەمکە فەلسەفەییەکان گۆش کراون، جۆرە رقەبەرێکردنی یەك رەنگیی سەخت و کەمەر شکێنی ئایینی جوولەکە و تا رادەیەکیش هی جیهانبینی کلێسە مەسیحی نیشان دەدات، ئەگەر چی رابەرانی مەسیحی، لەسەدەی یەکەمی بڵاوبوونەوەیدا، لە چوارچێوەی ئایینەکەدا جۆرە گۆرانکارییەکیان کردووە بەوەی سێ رەنگی باوك((رەب)) رۆڵە و گیانی پاك داهێنراوە، وەك من بۆی دەچم، مەبەستی ئەم داهێنان و گۆرانکارییە شتێکی تر بووە بریتی بووە لە دەرخستنی تایبەتمەندی مەسیحیەت لە بەرامبەر سەختی سەرچاوەکەدا کە تەورات و ئایینی جوولەکە بووە و لە لایەکی ترەوە بۆ کردنەوەی دەرگا لەبەردەم نەتەوە و میللەتە جۆر بەجۆرەکاندا بۆ پەسەنکردنی ئاینەکە بەجۆرێك لەسەرەتاوە هەرپابەندی((موعجیزە))وشتی لەرادەبەدەر بێت ئەگەر چی ئەو سێ رەنگییە ئەنجامی سەختی نالەباری لێ کەوتۆتەوە و کێشە و بەرەی زۆر سەختی بۆ رابەرانی ئایینەکە پەیدا کردووە.

سەرای ئەمانە، ئەو بارو دۆخەی ئایینەکە سەری تێیدا هەڵداوە بەهۆکار و فاکتەرە هەمەرەنگییەکانیەوە نەکراوە لەوە پتر دەرفەتی پەرەسەندنی ئەو بەرەو پێش چوونە دەڵەمەییانە بدەن. لە چوارچێوەی سیستەمی کۆیلەیەتی – فیودالیزمی کۆمەڵگادا وا ئاسان نەبووە فرە رەنگییەکی رێك و پێك و دەستبەکار لە بەرامبەر یەك رەنگی داخراو و کڵۆم کراوی ئایینی یەك رەگەزیی جوولەکەدا پیادە بکرێت.

ئەو مەسیحییەتەی لە ئۆرشەلیم پەیدا بووە زۆر لەوەی ئێستا جیایە ئەمە جارێکی تر ساغی دەکاتەوە ئایین دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە و هەرگیز هیچ کۆمەڵگایەك دەستەوسان لە بەرامبەر هۆکار و ئەنجامەکانی ئەم دیاردە گرنگەدا نەوەستاوە، بەڵکو کۆمەڵگا ئۆرگانێکی زیندووە، بەپێی قۆناغ و کات و سەردەم هەڵوێستی خۆی لەبەرامبەریدا تۆمار و پیادە کردووە.

٤- رێبازە فەلسەفەییەکان، ژیانی سیاسی ئەوسا و هەڵومەرجە جۆرەکانی کۆمەڵایەتی، بێ سێ و دوولێکردن ناوەرۆکی بزووتنەوەی ئەدەبی و هونەریی رۆمانتیکیان بەپێز کردووە و ئەمەش لەلای خۆیەوە جۆرە کارێکی دیاری لەبەرامبەرەکەی خۆیدا کردووە.هیچ گومان لەوەدانییە بەرهەمەکانی ((گۆتە و شیلەر و هۆلدەرلین و شیلنگ و نیتشێ)) بەجۆرێك لە جۆرەکان بەشدارییان لە رشتنی رەنگی ئەو کۆشك و تەلارە کردبێ کە لە کۆمەڵگادا بە سیاسەتی فەرمانرەوایی و حوکم کردن ناودەبرێت، من هیچ بەدووری نازانم رێژێمێکی وەك ناسیونال سۆشیالیزمی ئەدۆلف هیتلەر (لەنێوان هەردوو جەنگی جیهانیدا) ئەوپەری سوودی لەنووسینەکانی بزوتنەوەی رۆمانتیکی و فەلسەفەی ئایدیالیستی ئەڵمان، بەتایبەتی فیختە و لایەنە نەتەوەییەکەی وەرگرتبێ، بەڵام چۆنیەتی و رادەی[١٠] ئەو سوود وەرگرتنە چۆن بووە، وا بە ئاسانی دیار و دەستنیشان ناکرێ و بابەتی ئەم نووسینە نییە.



پەیوەندییەکی دەستیاوی، کارکردن و کار لەیەکتری کردنی دوو لایەنە، لەنێوان فەلسەفە و رێبازی رۆمانتیکی هەبووە و من بە تەواوەتی لەو باوەڕەدام کە ئەگەرچی فەلسەفە و ئەدەب و هونەری سەدەی نۆزدەیەم، سەدەی سەرهەڵدانی رۆمانتیکی لە روخسار و ئامانج و پەیرەو(میتۆدەدا) جیاوازی و سەربەخۆیی و تایبەتمەندی خۆیان بەدەرخستبێ ئەوا هەردوولا، فەلسەفە و هونەر، چەند بابەتێك لەو بابەتانەی هێناویانەتە سەر خوانی باسکردن لە یەکتری نزیك کردوونەتەوە بەتایبەتی ئەو بابەتانە:

ژیر، هەست و سۆز، خۆیەتی، نامۆیی، ژیان، مردن، زانست، دەوری کۆمەڵایەتی و سیاسی ئەدەب و هونەر و فەلسەفە لە ژیاندا، پەیوەندی مرۆڤ و ئایین بەسەر و سروشتەوە.

لەگەڵ ئەمەشدا ئاساییە بگوترێ، هەریەکێك لەو بابەتانە لە جیهاندیدی خۆیەوە سەرنجی داوە و هەڵوێستی خۆی نواندووە، بۆیە دەکرێ باسی جیهاندیدی لاهوت، جیهانبینی فەلسەفە و هونەر و روانگەی ئەدەبی و وێنەی جیهانی زانست بکرێت.لاهوت، ئیتر هەر جارە بەپێی ئەو ئایینەی لێی کەوتۆتەوە وێنەیەك لە چوارچێوەیەکی پێشتر رەنگ بۆ رێژراودا دەربارەی ئەو ئەرکەی ئۆباڵی بە ئەستۆی خۆی دەزانێ و ئەو ئاوات و نیاز و مراز و ئامانجانەی گوایە سەرگەرمی هەوڵ بۆ دانیانە لەبەرگێکی-دەشێ وناشێ- و چاکەکاریی و بەدکاری، پاداشت و سزدا کە راستەوخۆ زمانی گوتار دەکاتە هەست و ناخی شڵەژاوی مرۆڤ جۆرە رەوشێکی تایبەتی کە مەبەستیەتی بیخاتەوە، دەکێشێ.

دیدی ئایینی جوولەکە وەك ئایینێکی ئاسمانی کتێبی تایبەت بەخۆی هەیە بە تەورات (قانوون و رێ و شوێن) ناودەبرێت بریتییە لەو وێنە سەرتاپاگیرەی لەتابلۆیەکی رەنگینی هونەرمەندی دەچێت، تێیدا هەڵوێستی ئایینەکە دەربارەی جەوهەرێکی ترانسندنتالی ئافەریدەکار و

داهێنەر و چۆنیەتی داهێنانی بوون بە گشتی و سروشت و مرۆڤ و ژیان و مردن و چاكە و بەدكاریی و سزا و پاداشت و بەهەشت و دۆزەخ و چۆنێتی كەوتنەوەی گوناه و بەدكاری و رێگای رزگاربوون لەم بەدكارییە، نیشان دراوە. ژیان و بوون سەرەتا و كۆتاییان بۆ دانراوە، چارەنووس و قیسمەت لەچوارچێوەیەكی تەم و مژاویدا رەنگیان رێژدراوە. خواردن لەبەری درەختی زانست و زانین سەرەتای بەدكاری بووە[11]. دوو جیهان لەو وێنە و دیدە ئایینییەی جوولەكەدا دەبینرێ، جیهانێكی پاشەڕۆژ كە نەهاتووە و جیهانی راستەقینەیە و تێیدا مرۆڤی خاوەن بڕوا و ئیماندار لەهەموو شتێك بێ نیاز دەبێ.جیهانێكی تر ئەو جیهانەی ئێستایە و سەرەتا و كۆتایی هەیە و لەمادە پێك هاتووە و مادەش بنچینەی بەدكارییە. ئەم جیهانە قۆناغ و كاروانە رێگایە رێ بەرەو جیهانی دووەم خۆش دەكات...ئەگەر لەجیهانی دووەمدا پاداشت و سزا(بەهەشت و دۆزەخ) هەبن ئەوا لەم دنیایەدا مرۆڤ دەرفەتی تاقی كردنەوەی لەسنوورێكی دیاریكراودا پێ بەخشراوە بۆ ئەوەی دەركەوێ شایستەی پاداشتە یاخود سزا... لەم دیدەدا بایەخ بە ئاكار دراوە و ژێر لە بەرابەر هێزی سروش و ئیلهام و(وەحی) دا خراوەتە پلەیەكی ژێرەوە، بڕوا و ئیمان مرۆڤی ژێر پێدەگەیەنن نەك بە پەرستن و جۆرە رەفتارێكی رەنگ بۆ رێژراو دەستنیشان كراو. لە بیری فەلسەفە و لاهووتی جوولەكەدا سێ بیرۆكەی سەرەكی هەست پێدەكرێت: وێنەی جیهان بە گشتی، ئامانجەكی جیهان و ژیان، بیرۆكەی سێیەم بریتییە لەوەی جیهان لەخۆیدا سیستەمێكی ئاكارەكییە.بایەخدان بە ئاكار و بنچینە و رێ و شوێنەكانی شتێكی ئاسایی و سروشتییە، چونكە هەر لە سەرەتاوە. مەبەست و ئامانجەكانی ئایین دیار و ئاشكرانە. ئاكار لەخۆیدا وەك بابەت و زانستێك لەم سەردەمەماندا جۆرە سەربەخۆییەكی بەخۆیەوە



دیوە، بەتایبەتی دوای بڵاوبوونەوەی بابەتی (بەهاكان)، وەك بابەت ئەگەر چاو لەهەندێ وردەكاری و لایەنی هەندەكی بپۆشرێ، دەكرێ بە دوو بەشەوە:

- حوكمدان- بڕیاردان.
- هەڵوێست.

هەردووكیشیان لەو بڕیاردان و هەڵوێست دیاریكردنەدا پشت بە چەند بنچینە و بنەما و رێ و شوێنێك دەبەستن بەتێكرایی كۆشك و تەلاری بابەتی ئاكاریان لێ پێك دێن.

لەكاتێكدا فەلسەفە بەگشتی بایەخ بەهەڵوێست دەدات و لەهەندێ رێبازیدا- نیتشێ و كیركیگارد، هایدگەر، كامۆ، سارتر، بەچاوێكی بەكەم زانین تەماشای بنەما و رێ و شوێنەكانی ئاكار دەكەن بەو بیانووەوە گوایە ئەمانە بەتێكرایی[12] چەند بارگرانی و قورساییەكن دەخرێنە سەرشان و ئەستۆی بوونی مرۆڤ، لەدەرەوەیەوە، بۆ ئەوەی ناچاری بكەن بەجۆرێكی دیاریكراو كردار بكات و بجووڵێتەوە. رێ و شوێنەكانی ئاكار بەگشتی كۆت و پێوەندن و سنووری ئازادی مرۆڤ تەنگەبەر دەكەنەوە.لەم بۆچوونەدا جارێكی تر هەڵوێستی سۆفستەكانی یۆنان دێتەوە یاد كە بەلایانەوە، بۆدابینكردنی ئازادی مرۆڤ ئەو ئازادییەی نرخ و بایەخی شیاو بەژیان دەدات، پێویستە، بنەمای رێژەیی پیادەبكرێت، جارێكی تر لە بنج و بناوانەوە چاو بە بنەما و رێ و شوێنەكانی ئاكاردا بخشێنرێتەوە، چونكە مرۆڤ خۆی، نەك سەرچاوەیەكی تر، پێوادنگی ئەوەی هەیە و نییە[13]. نیتشێ و رێبازی ئیگزیستێنتالیزم، هەروەها پراگماتیزمی ئەمریكایی بەجیا جۆرە هەڵوێستی لەم بارەیانەوە هەیە.هەردوو لایەكەی ئاكار تەواوكەری یەكترین.ئەو رێبازەی پشت بەقانوون و بنەماكانی ئاكار دەبەستێ، هەروەها ئایینیش بەتایبەتی — جوولەكە و مەسیحی- پتر

پابەندی رابردوو و دابونەریت و ریێ و شوێنەکانی رابوردوون بۆ نموونە مەسیحی راستەقینە ئەو کەسەیە پابەندی ئەو ریێ و شوێنانەیە کە دوو هەزار ساڵ لەمەوبەر عیسا دایناون و بەو جۆرە دەژیا کە یاوەرانی عیسا ژیاون، ئەمە گوایە جۆرە ئاسوودەیی و دڵنیایی دەروونی بە ناخی مرۆڤ دەبەخشێ. ئەم هەڵوێستە شتێکی چاوەروان نەکراوە نییە، چونکە ئایین بڕوا و باوەڕ و ئیمانە، نەك زانین و سەنجدان و وردبوونەوەیە. بڕواو ئیمانیش بەهیچ جۆرێك پەکیان لەسەر ژیر و بڕیاری ئەقڵ نەکەوتووە، بەڵکو هەستێکن لەناخی دەروونەوە هەڵدەقوڵێن تەنیا بەچاوی دڵ هەستیان پێ دەکرێت، بڕوا جۆرێکە لەخۆیەتی و هەڵقوڵاوی پەیام و پەیمانی دڵ و دەروونە.. لەم دەرگا تەسکەوە جارێکی تر مرۆڤ دەچێتەوە ناو پاوان وجیهانی سەیر و سەرنجراکێشی رێبازی رۆمانتیك و هەڵوێست و بۆچوونیان لەم بوارەدا، ئەگەر چی جارێکی تر جۆرە جیاوازییەك دەبینرێ بەتایبەتی لە وەدا کە ئەو ئەدیب و هونەرمەندانەی سەر بەو رێبازەن پتر لەسەر هەڵوێست و روانین بەرەو دوا رۆژی دوور پێ دادەگرن.

چونکە هونەرمەند و ئەدیب و شایەر، جیهانی تایبەتی خۆیان هەیە، ئەفلاتوون ئەم جیهانەیانی بە جیهانی سێیەم و بەسێبەری جیهانی راستەقینە و ئایدیا داناوە.

لەجیهانی پان و بەرینی ئاکاردا کاتێك بڕیاردان رەوا و پەسەند دەبێت و ئۆباڵی کردار دەکرێ بخرێتە ئەستۆ ئەگەر پشت بەئازادی خواست ببەسترێ، ئازادی خواست لەخۆیدا کردارێکی لێ بکەوێتەوە پابەندی هیچ جۆرە فاکتەر و پاڵنەرێکی دەرەکی نەبێت و ئامانج و مەبەست و سوود و قازانجێکی پێشەکی دیاریکراوی لەبەرچاو نەبێت. هیچ بڕیارێك رەوا و دادپەروەر نابێت ئەگەر دەربارەی کارێك و هەڵوێستێك بدرێت، رەوشی تایبەتی و فاکتەری دیاریکراو رەنگیان بۆ رشتبێ.دوور نییە لێرەدا رەخنەیەك بگیرێ بریتی بێ



لەوەی بوترێ، ئەو قسەیە بەهیچ جۆرێك نە جوولەکە و نە مەسیحی وەك دوو ئایینی تەواوکەری یەکتری و لەیەکتری جیاواز ناگرێتەوە، چونکە هەردووکیان بەجۆرێك لە ئازادی دەگەن لەگەڵ ئازادی ئاسایی ئەم سەردەمەدا هیچ شتێك بەیەکەوە کۆیان ناکاتەوە، ئەوەتا مووسا وتوویەتی لەتەوراتیشدا چەندین جار دووپات کراوەتەوە: مرۆڤ لە (بەندەیەکی رەب) بەلاوە نییە، جوولەکەیەك، مەسیحییەك بەندەی رەب بێت، دەبێ چۆن ئۆباڵی کردارەکان بکەوێتە ئەستۆی؟ئایا لێرەدا بنەماکانی ئاکار وەك ریێ و شوێنی کردار هیچ رۆڵ و بایەخێکی ریالیستی راستەقینەیان دەمێنێ؟

٥- پەیوەندی نێوان رۆمانتیك وەك بزووتنەوەیەکی ئەدەبی و هونەری لەگەڵ ئایینی مەسیحی و ئەو لاهووت و بەرهەمە جۆر بەجۆرانەی داونیەتە دەست شتێکە جێگای ئەگەر و گومان نییە. هەردووك لایان لەچەند خاڵ و بابەت و هەڵوێستدا یەك دەگرنەوە. هەردووکیان ژیان و رژێمی کۆمەڵایەتی و سیاسی کۆمەڵگاو بارودخی هەبووی راستەقینە پەسند ناکەن لەجیاتیانیان برییەکی تر پێشکەش دەکەن.لەلای رۆمانتیکییەکان ئەو بڕییەی لەجێگای هەبووی راستەقینەدا پێشکەش دەکرێ بە ئاشکرا رەنگ و روخسار و بۆن و بەرامی شیعر و ئەندێشە و خەیاڵی پێوە دیارە و پتر لەوە دەچێ هونەرمەندێك لەخەودا و بەخەون بە پەرەمووچەکەی وەك تابلۆیەکی پڕ لەفەنتازی رەنگی کێشا بێ. بابەتی گۆڕان لێرەدا جیهانە وژیانە، بەڵام ئەو جیهان و ژیانەی شایەرەکە بەهەستی ناسك و چاوی دەروونی ورووژاندووە و بەدی دەکات، ئامرازی گۆڕینەکە شیعرە کە لەناخیدا پەنگی خواردۆتەوە و بەیارمەتی ئەندێشەی سنوور بەزین کەوتۆتەوە، برییە نوێیەکە جیهانی پڕ ئەفسانە و فەنتازی شیعر و شایەرە. نۆڤالیس شاعیر و ئەدیبێك بووە ئەسپی خۆی لەو گۆرەپانەدا تاو داوە. بەلای نۆڤالیسەوە هەر شیعر[١٤] کە بەرامبەر ئاژاوە

و تەنگژە و جەنجاڵی ژیانی ڕۆژانە و سەختییەکانی گوزەران و نادیاریی وتەم ومژاوی چارەنووس، لە بەرامبەر ئازار و ئەشکەنجە و ناتەباییەکاندا هارمۆنی و هەماهەنگی سروشتی و ئازادی ڕۆمانسییانە بۆ مرۆڤ بەرەو ئاسۆی بێ بنی دەریا ئاسا دابین دەکات.

نۆڤالیس وا پێدەچێ هەل و مەرجە سیاسییەکانی سەردەمی خۆی کاریان تێ کردبێ بۆیە ڕۆل و ئەرك و فەرمانێك بەشیعر دەبەخشێ، هەر لەجیهانی پان و بەرینی سیاسەتدا باوە. گوایە شیعر ڕەنگی هەبووی ڕاستەقینە(ڕێئالیتێت) بەو جۆرە نارێژێ کەهەیە و لەئارادایە، بەڵکو بەو شێوەیەی دەبێ لەپاشەڕۆژدا وابێ! بێگومان ئەمەش دەربڕینێکە تەنیا هەر لە شایەر دەوەشێتەوە، چونکە لە ئەندێشەی باڵدار بەولاوە بنەمایەکی ڕاستەقینە شك نابات.دوور نییە، وەك ڕۆمانتیکییەکان و بەهەست و سۆز بۆی چوون، مرۆڤ لە زگماکەوە و سروشت ئاسا هەست و سۆز و توانا و مەیل و ئارەزووی شیعر دانانی لەناخدا هەبێ و ئەمەش جۆرە بەهرەیەکی داهێنانی شیعری پێ ببەخشێ. شیعریش، لەمەشدا ڕۆمانتیکییەکان چاك بۆی چوون، بۆ وروووژاندنی هەست و سۆز و ناخی مرۆڤ و کارتێکردنی، توانایەکی ئەفسانەیی هەیە.نابێ ئەوەش لەبیر بچێ شیعر لەخۆیدا بەهرە و چالاکییەکی بێ سنووری مرۆڤە. ئەمە شتێکە کەسی شارەزا لاری لێ نییە، بەڵام توانای ئەو کارەی شیعر لەمرۆڤی دەکات لەخۆیدا دیار و سنووردارە و لەرادەیەکی تایبەت بەولاوە تێناپەڕێ. هیچ کاتێك نەبووە و نابێ، شیعر فاکتەری سەرەکی گۆڕین بێ، بەڵکو هەمیشە هۆکارێکی یارمەتیدەری فاکتەر و هۆکارە سەرەکییەکانی گۆڕان بووە. گۆڕانەکە خۆی، بەفاکتەر و هۆکارەکانییەوە دەبێ لەئارادابن ئینجا شیعر و شاعیر هاندەرێکی سەربار و تەواکار و یارمەتیدەری فاکتەرەرەکانی تر بن و ڕۆڵی خۆیان دەگێرن و کارەکەیان دەکەن. ئەو



بارودۆخەی هەست و هۆش و ناخی شاعیریان وروووژاندووە و چاوەڕێی گۆڕان دەکەن، هەر ئەوانن مرۆڤی ئاساییان نا ئارام کردووە و هیوای گۆڕانیان بە بەردا کردووە. لێرەوە دەوری شیعر دێت وەك یارمەتیدەرێك، بەڵام نەك وەك هۆکارێکی سەرەکی گۆڕانەکە.ئەگەر بارودۆخی نالەبار کە چاوەڕێی گۆڕان دەکەن لەئارادا نەبوونایە نە شاعیر ئەوی لافی گۆڕان بە پشتیوانی شیعر لێ دەدا، ئەو شیعرە گەرم و گور و بەجۆشانەی بۆ دەهات و نەکەس ئەمرۆکەش ئامادەبوو گوێ لە شیعرەکەی بگرێت. شیعر وەك فاکتەری خۆشەویستی و زمانی دڵ و دەروون دەکرێ هۆکاری جۆرە هەماهەنگی و هارمۆنی نێوان دوو دڵ بێت، بەڵام ڕۆمانتیکییەك، تسك یاخود نۆڤالیس مرۆڤ وەك گەردوونێکی بچووك بە جیهان و بوونەوەرێکی هەندەکی بەرامبەر بە گەردوونێکی گەورە و جیهان و بوونێکی هەمەکی دابنێ، ئینجا وەك نۆڤالیس لە ڕۆمانێکی نیوەچڵدا باسی کردووە[15] لاوێك بۆ ئەوە لە دایك بووە بە شاعیر و بەهۆی خۆشەویستی شیعر کە لەناخیدا وروووژاوە گەیشتۆتە ئەو ڕادەیەی بڕوای وابێ کە ئەرکی سەرشانی گۆڕینی جیهانە، هەر لە وێنەی شیعر و تابلۆیەکی هونەرمەندی دەچێت و فڕی بەسەر ڕاستی و ڕاستەقینەوە نییە، ڕاستە ئەو بارودۆخەی نۆڤالیس تێیدا ژیاوە، هەلومەرجی ژیانی سووك و ئاسان نەبووە، هەرەسهێنانی فیودالیزم و بە تەواوەتی جێگیر نەبوونێ کەپیتالیزم، پەك کەوتنی کۆن و دابونەریت و ڕێ وشوێن ولا وازی و ناتوانایی نوێ، ناهارمۆنی و ناهەماهەنگی پەیوەندییە جۆر بەجۆرەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و کۆمەڵگا، بەکەم زانینی مرۆڤ وەك جەوهەرێکی تاکە کەسی ئازاد، پابەند نەبوو بە هیچ بنەما و قانوون و کۆت و پێوەندێك، ئەمانە دەکرێ تا ڕادەیەك بەبیردا بێن، بەڵام هەر نەبێ دەبێ شاعیرە لاوەکە یەکەم جار هەوڵی زانینی دەوروبەر و ئینجا بەلای کەمەوە سەرگەرمی لێکدانەوەی

بێ پێش ئەوەی هیچ ئامرازێکی کارکردنی بەدەستەوە بێ و هەوڵی گۆڕانی شتێك بدات کەئەرکەکەی دەکەوێتە ئەستۆی نەوەیەك بەگشتی. ئەم هەڵوێستەی نۆڤالیس ئەگەر لە جیهانییە شیعر و هەست و سۆز و ئەندێشەکەی جیابکرێتەوە، بەئاشکرا رەنگی هەلومەرجە مێژووییەکەی کاڵ دەبێتەوە و لەگەڵ پرۆسەی بەرەو پێش چوونی ئەو کۆمەڵگایەی تێیدا ژیاوە ناتەبا دێتە بەرچاو، لەو جیهانە و لە پرۆسەی گۆڕانەکەیدا لە نامۆیەکی هەست ناسك و ناخ ورووژاو بەو لاوە نییە.

٦- گومان کردن و رازی نەبوون بە هەبوونی راستەقینە وەك خۆی بەکوڵك و پێستەوە. شتێکە کەس لاری لێ نییە، بەڵام دڵ کرمێ بوون، بەبێ ئەوەی بەپەیڕەوێکی زانستی-بابەتییانە پشت ئەستوور بێت، بە پێچەوانەی راستی و راسەقینەیە.کانت سەرکەوتووانە لەکاتی توێ توێ کردنی هێزی ژیری مرۆڤدا دژی گومانکارانی دڵکرمی بوون بوو، ساغی کردەوە کە بوونی بنەمای هەمەکی و ناچارەکی[١٦] لە چوارچێوەی ناوەرۆك و بابەتەکانی زانین و ژیردا ئاودەکاتە ژێر هەموو کارێك پشت ئەستوور بە دڵ کرمێ بوون بێت.بە پێی بوونی ئەم دوو بنەمایە لەژیانی پرۆسەی ژیردا گومان وەك چالاکییەکی پەیرەوی لەچوارچێوەی بیرو کاری ژیردا رەوایە، چونکە ئەوجۆرە گومانە لەخۆیدا هۆکار و پاڵنەری رامان و وردبوونەوە و رەخنەگرتن و بەرەو چاکتر و بەرەو باشتر بردنە.هەبوونی راستەقینە، هیچ کاتێك بەبێ کەم و کوڕی نەبووە ونابێت، هەر ئەم کورتی و کەم و کوڕییانە بوون لەرابردوودا و ئێستاش و لەپاشەڕۆژدا هۆکاری داهێنانی پرۆسەی گۆڕانکاری بەرەو پێش بردن و دەست بەکاربوونی دەبێ. ژیری مرۆڤ، هێزو توانایەکی هەڵسەنگاندن وتوێژینەوەو بڕیاردانە لەچەند سەرچاوەیەکەوە هەڵدەهێنجێ وەك هەست و تێگەیشتن(فام) و توانای تایبەتی ژێر خۆی .خۆ ئەگەر مرۆڤ، لەکارێکی تایبەتیدا بکەوێتە



هەڵەوە، هەڵەکە لەوەوە پەیدابووە ژیر خۆی بەسەرچاوە جیاوازییەکانیەوە تەفرەی داوە و بە هەڵەی بردووە، بەڵکو مرۆڤ خۆی بەهەڵە ئەوتوانایەی لەجێگایەکدا کە جێگای خۆی نییە و دەربارەی بابەتێك کە سنووری ئەو دەبەزێنێ، بەکارهێناوە، کانت وتەنی، دەربارەی جەوهەری شت، شت لە خۆیدا کە زانینی سنووری توانای پەی پێ بردنی مرۆڤ دەبەزێنێ، تێپەڕێنراوە، چەمکەکانی تێگەیشتن کە فۆرمی دیدەنێ و سنوور و پاوانی بیری رووت دیاری دەکەن لە پاوان و گۆرەپانی دەرەوەی سنووری هەستەکان بەکارهێنراون و بەسەر بابەتەکانی سەروهەستەکاندا پیادەکراون.ئیتر لێرەوە ناتەبایی و ناکۆکی دەکەوێتەوە[١٧].

ئەم رەوشە، بە باوەری من هۆکارێك بووە بۆتە مایەی ئەوەی لە توانای ژیری مرۆڤ، لەو کارەی زانست لە ژیاندا دەتوانێ بیکات، لەو ئەنجامانەی دەکرێ بیانداتە دەست گومان بکرێت!

راستە زانست لەو رۆژەوە لایەنە کردەکی- پراکتیکییەکەی پیادەکراوە و دەست بەکارە، لە ژماردن و سنوور بەدەر، دەسکەوتی چاوەران نەکراوی بۆ مرۆڤ داوەتە دەست، بەڵام وەك هەموو دیاردە و هۆکار و بابەتێکی تر لایەنی نالەباریشی هەبووە، بە گوتەی، ئەدیب و نووسەرە رۆمانتیییەکان ((ژینگە و سروشتی دڵڕفێنی شێواندووە و تێك داوە)) ئیگزیستێنتالیزم وتەنی، مرۆڤ نەك هەر بووە بە پاشکۆیەکی لە بیرچووەوە، بەڵکو کراوە بە ئامرازێکی بچووك لە مەکینەیەکی زەبەللاحی بێ بەزەییدا، زانست هەر خۆی چەك و تفاقی کوشتن و بڕین و کاول کردنی داهێناوە. ئەو ئەتۆمەی لە سەرەتادا چاوەڕێی شتێکی تری لێ دەکرا هەڕەشە لە بوونی مرڤی ئەم سەرزەمینە و هەبوون و ژیان و شارستانێت و جیهان دەکات. راستە لەلایەکەوە تارادەیەکی زۆر باری سەرشانی مرۆڤ سووك کراوە، بەڵام لەلایەکی دیکەوە، بە جۆرێکی تر، هەڕەشە و گوڕەشەی جاران، نەخۆشی

کوشندە، نائارامی و پەشێوی، برسێتی و کلۆڵی لە بەرگ و ناوەڕۆك و روخسارێکی تردا هەر دەست بەکارن.ئەگەر زانست لەهەندەکی و لایەنی وردەکاریدا کاری باشی کردبێ، لەچواچێوە گشتییەکەدا لایەنە نالەبارەکانی ژیان و گوزەران بەدەست کێشە و بەرەی سەردەمی خۆیانەوە، بەناوەڕۆك و روخسارێکی ترەوە گیرۆدەن و دەناڵێنن، بۆیە سەیر نییە مرۆڤ بڵێ، کەس بەبەشی خۆی رازی نییە، ئەی ئەم جیهانە بۆ کێ و بۆچ کەس دانراوە و داهێنراوە.هیچ نەما مرۆڤ پەنای نەباتە بەرو تاقی نەکاتەوە، کەچی کلۆڵی و نائارامی و نەخۆشی کوشندە و برسێتی و خێوی تۆقێنەری مردن و دوا رۆژ هەر لەئارادان. ئەو سروشت و دەوروبەرەی جاران مرۆڤی تۆقاندبوو، ناچاری کردبوو پەنا بەرێتە بەر داستان وئەفسانە و جلەو بۆهێزی چەموشی ئەندێشەی شل بکات و دەست بەدامێنی جۆرە کردار و رەفتار وپەرستن نمایشێکەوە بگرێت، تەنانەت هەندێك جار وەك لە سەردەمی سۆمەر و بابل و میسری کۆندا باو بووە، قوربانی بە مرۆڤ- ئاژەل- زیندەوەر بدرێت بۆ رەواندنەوەی ترس ورازی کردنی خواوەنەکان و وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە سەختانەی لەکارەسات و رووداوەکانی سروشتەوە دەکەنەوە.ئەو سروشتەش و ئەو دەوروبەرە خۆیان بەشێوەیەکی تر بەڵام بە ناوەڕۆکێکی ترسناکتر تەگەرە و کۆسپن لەبەردەم مرۆڤدا.مرۆڤ جاران ئەگەر بەئامراز و کەل و پەلی سادە و ساکاری سەردەمی خۆی مرۆڤی چەوساندبێتەوە و ئازاری دابێت، ئیتر بۆهەر مەبەستێك و لەژێر هەر ناوێکدا بووبێ و بگرە ژیانیشی لێ ستاندبێ، لەسەردەمی شۆرشی تەکنەلۆجی و جیهانگیری و میدیای سەرتاپاگیریدا زانست چەك و تفاق و ئامرازی وا مۆدێرنی دروست کردووە، پتر لەجاران مرۆڤی پێ ئازار دەدرێ و دەتۆقێنرێ، بەڵام ئایا دەکرێ ئەمانە بن بەهۆکار و پاڵنەر و دڵ بەو رادەیە لەفەلسەفە و زانست کرمێ بکەن؟ دەبێ بۆچی ئۆباڵی ئەم دیاردە و قەومان و کارەسات و نالەباریی و بەدکارییانە تەنیا بدرێتە پاڵ



زانست و فەلسەفە و، بۆچی پشت بکرێتە ژێر، بۆچی شارستانی و کۆمەڵگا بەلاوە بنرێن و پەنا ببردرێتە بەر ئەندێشە و سۆز و سروشتی تازەبووك؟ ئایا ئەم جۆرە تومەتبارکردن و گازندەیەی فەلسەفە و زانست لەوەوە نەکەوتۆتەوە کە بۆچوونێکی ناراست دەربارەی فەلسەفە و زانست و ئەرك و فەرمانیان لە مێشکدا هەیە؟

دەبێ فەلسەفە بەچی دابندرێت و داوای چی لێ بکرێت؟ دەکرێ فەلسەفە بەشێك بێ لەزانستە ئەزموونیەکان کە پشت بەشارەزایی و تاقیکرنەوە دەبەستن؟یان فەلسەفە زانستێکی ژیرییە؟ ئایادەبێ فەلسەفە بابەتێکی سەربەخۆی بێت یان بەلای زانست و لاهووتدا بشکێنێ؟دوور نییە بوترێ لەم بارەدا ئەگەر وەڵامەکان ئاڕێ بن فەلسەفە سەربەخۆیی خۆی لە دەست دەدات، تارادەیەك پێدەچێ بەڵام ئایا فەلسەفە بەئامراز و بابەت و توانای تایبەتی خۆی، ئەگەر تایبەتمەندی خۆی لەدەست نەدات، دەتوانێ لەسەردەمی شۆرشی تەکنەلۆجی و زانستدا، بێ باك و بێ خەم بەبێ کۆمەك و یارمەتی زانست و ئەنجامی توێژینەوە و داهێنانەکانی ئەو ئەرکەی پێی سپێردراوە، پیادە بکات؟ئایا ئەوە دەبێ ئەرکێکی سەرەکی بێ یاخود بەپلەی دووەم بێت؟ دەبێ ئەم هەنگاوە کار لەپەیوەندی دەستیاوی فەلسەفە و لاهووت نەکات؟ ئەگەر فەلسەفە و زانست و لاهووت پێکەوە، هاوکاری یەکتری بەکەن و ئەو جۆرە فرە رەنگییە سروشتییەی ژیان ناشێوێندرێ؟ ئەگەر ئەم هاوکاری و تەباییە پەیدا ببێ، چۆن ئەو سەربەخۆ بوونی ئەم زانست و بابەتانە و هەبوونی فرەرەنگی لە هەموو بوار و پاوانێکدا، کە بەراستی لە جەوهەر و پوختەی ژیان لە سروشتیدا تا رادەیەك لە چوارچێوەی یەك رەنگییە روخسارییەکەیدا جۆرە هەمە رەنگی و جیاوازی تایبەتمەند نەنوێنێ لە پێناوی هێشتنەوەی و بۆ بەردەوام بوونی کۆشش نەکات؟ یەك رەنگی هەمیشە، ئەگەر لە بارودۆخی

دیاریکراودا دڵگیر و پەسەند بێت، لە روخسار و ڕەواڵەتی بەرچاو بەولاوە نییە، شت لەخۆیدا، لە پوختە و جەوهەردا هەمەڕەنگە.

٧- کێشەی هەمەڕەنگی و یەك ڕەنگی، گۆران و نەگۆران و، جەوهەر و روخسار ئەو پڕیشکە بووە ئاگری لە قەدەغە و پاوانی فەلسەفە بەرداوە و فەیلەسووفانی سەرقاڵ و نارەحەت کردووە هەر بیرمەندە لە بۆچوون و ڕەوانگەی تایبەتی خۆیەوە بەشداری لە کردنەوەی گرێ کوێرەی ئاڵقەی ئەم زنجیرەیە کردووە و تێکرای وەڵامەکانی ئەو بابەتەی لێ کەوتۆتەوە کە بە جیهانبینی ناو دەبرێت.

هەر لەسەردەمی یۆنانی کۆنەوە، شەش سەدە بەر لە زایین فەیلەسووفی یۆنان سەرنجیان بۆ لای ئەو بابەتە چووە، ئیتر لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا دەبێ بنج و بنەوانی بوون، شت بەتێکرایی چی بێت؟ ئایا لە دوای ئەو گۆڕان و رواڵەتە هەمەجۆرانەوە کەبەشێوە جیا و لەروخسار و چوارچێوەی جیاوازدا دێنە بەرچاو، بنەمایەك، جەوهەرێکی نەگۆڕاو هەبێ یان نا ؟لەوەڵامی پرسیای ئەم بابەتەنەوە میتافیزیك پەیدا بووە، بابەتەکەی لە سەرەتادا بریتی بووە لەتوێ توێ کردنی چەمك و بۆچوونی هەمەڕەنگ و یەك ڕەنگی، روخسار و ناوەرۆك، گشتی و تایبەتی، بنج و هۆکار و جەوهەری هەموو شتێك چییە و، شت لەچی کەوتۆتەوە، ناچارەکی و ڕێککەت چین، لەقۆناغێکی تری پەرەسەندنی بیری فەلسەفە و میتافیزیکدا ئەم بابەتە شێوەی سەروسروشتی ترانسندنتالیدا خەت و خاڵی داوە و ناو و چەمکی تر کەوتوونەتەوە و خراوەنەتە ژێر تیشکی شیکردنەوە وەك: چەمك وبۆچوونی هێزێکی ترانسندنتی دەسەڵات بێ سنووری سەر و سروشتیە لە ئایینی مەسیحدا بە(رەب) ناوبراوە، لەچوارچێوەی ئەو پرۆسە نەسرەوتەی پەرەسەندندا چەمکی تر وەك بیرۆکەی جەوهەر و ماددە، سروشت و گیان و بیر وژیر و کات و شوێن و جیهانی دەوروبەر و ناوەکی، هۆکار وئەنجام، ژین



و مردن، سەرەتا وکۆتایی، یەکە و فرە، تایبەتی وگشتی، کەوتوونەتەوە. بەرامبەر بەیەکتری دانانی ئەم چەمك و بۆچوونانە کە بەئەڵمانی(Begriffe) و بەیۆنانی و لاتینی (Kategorie) پێ دەوترێ، بەپێی قۆناغ و دەوروبەرە جیاوازەکانی کۆمەڵگا و شارستانیەت لە روانگەی جیاوازەوە سەرنج دراون و خراونەتە سەر خوانی باس و لێکۆڵینەوە.

لە سەدەکانی ناوەراستی ئەوروپادا کە بە سەدەی دەسەڵات و هێز وبیری لاهووتی مەسیحی ناسراوە، ئەم چەمکانە گۆرانی گەورەیان بەسەردا هاتووە، تارادەیەك لە چوارچێوەی پێنج هەمەکییەکەدا باس کراون، پرسیار کراوە ئاخۆ ئەمانە بوونی ڕاستەقینەیان هەیە یاخود چەند بۆ چونێکن تەنیا لە میشکی مرۆڤدان؟

پشت ئەستوور بە فەلسەفەی یۆنانی وئینجا هیلنستی و فیلۆنی جوولەکەو ئەفلۆتین ,هەردووئاینی جولەکەو عیسایی لاهووتێکی پشت قایم بەفەلسەفەیان داهێناوە وتییێدا سوودیان لە بنەماکانی مەنتیقی پێوانەی ئەرستۆتاڵیس وەرگرتوە و چەندین بابەتیان توێ توێ کردووە .دەربارەی ئەو چەمك وبۆچوونانەی پێشتر ناویان هێنرا رۆلێکی بەر چاو و دیار گێردراوە، ئەگەر چی رۆلەکە خوی لە چەند کۆشش وتەقەللایەکی زیرەکانەی بەکارهێنای ژێردا دیوەتەوە دەست رۆیشتویی لاهوتییەکان لە بواری بەکارهێنانی وەستایانەی وشە و مەنتیق وبابەتەکانی زماندا دەردەخەن چەمکیك لەو چەمکانەی مەسیحییەکان,بەتایبەتی لاهوتییەکان بەکاریان هێناوە وسەدان باسی لاهوتییان لە سەر نوسینەوە هۆکارێکی ژێری سەروو سروشتییان، بە ئافەریدەکاری بوون وژین وگەردوون و سروشت و ماددە داناوە. هەبوونی هەمەرەنگی و گۆڕان وجەوهەرو رووکەش وژین ومردن و گشت ناکۆکی وبابەتە ناتەباییەکان خراونەتە چوارچێوەیەکەوە بەجۆرێك

ناراستەخۆ بچنەوە سەر بنج و بناوانی ئەو یەکە ژێرە ترانسندێنتیە. بۆساغ کردنەوەی راستی ئەم بۆچوونە و بۆپشت راستکرنەوەی بوونی ئەم هۆکارە ژێرە رەسەنە کەلە خۆی بەولاوە هیچ هۆکارێکی تری نییە بابەتێکیان لەچوارچێوەی فەلسەفەی ئایینی و لاهووتدا داهێناوە ناوی خەسڵەت و سیفەتەکانی — رەب- یان لێ ناوە[١٨] ئەم خەسلەتانە (Attribute) کراون بەدوو بەشەوە.بەشێکی نالەبار:

(negativ)ئەوانەی بەبێ هۆکارە ژێرە سەرووسروشتییەکە بوونی تایبەتی و سەربەخۆی خۆیانیان نییە: نەمریی، هەتا هەتایی، بێ وێنە، بێ سنوور و لەرادەبەدەر، بێ رەنگ....

بەشی دووەمی خەسلەتەکان لەبار(Positiv) ناودەبرێن، چونکە ئەوهۆکارە بەبێ ئەم خەسڵەتانە ناکرێت وەك جەوهەر و هۆکاری سەروسروشت بەبیر و مێشك دابێت، وەك، گیانی بێ گەرد، لە هەموو ماددەیەکەوە دوورە، لە رادەبەدەر دادپەروەر و ئازاد و خاوەن خواستی بێ رادە و سنوور، ئافەریدەکارو بە بەزەیی و لێ بوردوو.

فرە رەنگی، یەك رەنگی، کەم و زۆر، ژین و مردن، نەخۆشی، لەش ساغی، بوون و نەبوون لەچوارچێوەی بڕوابوون و پشت ئەستوور بەو هۆکارە ژێرە لێك دراوەتەوە، ئەم هۆکارە ترانسندینتالییە خۆی بەم رێگایەدا کە بەسەرچاوەی راستی و راستەقینە دانراوە پەیامی بۆمرۆڤ- بەندەکانی- ناردووە، ئەم رێگایەش بەسروش(وەحی) ناسراوە.

٨- دوای پێچرانەوەی دامو دەزگاکانی سەدەکانی ناوەراست ودەست پێکردنی شۆرشی فەرەنسا ودەرکەوتنی نێرگزی بەهاری رۆناکبیری سەدەی هەژدەیەمی ئەوروپا ئەو دەورە لە لاهووت ستێندرایەوە زانست جێگای گرتەوە ژێر بوو بەسەر مەشق ووشەی ئازادی و یەکسانی وداد ببوون بە دروشمی سەرەکی ژیانی سیاسی ئەو دەستە وتوێژانەی سوودیان



لە لایەنی چاك ولە باری رابردوو وەرگرتووە ,بۆ دەست رۆیشتن بە سەر سەردەمدا بەکاریان هێناوە وبۆ ڕشتنی ڕەنگی دوارۆژیك سوود وقازانجی مرۆڤ دابین بکات کۆششیان کردووە.ئەم زانستە تارادەیەکی زۆر بریتی بوو لە فەلسەفەی فیزیك، فەلسەفەیەك لەگەل زانستدا شان بەشانی یەکتری لەمەیدانی لێکۆلینەوەو توێژینەوەدا هاوکاری بکەن، زانا لە تاقیگەکەیدا ناکرێ لەئەنجامی بیرۆبۆچوون و ووردبونەوەکانی فەیلەسوف بێ نیاز بێت فەیلەسوفیش ناتوانی دەستبەرداری ئەنجامەکانی توێژینەوەی زانستی زاناکان بێت ئەو هاوکارییەی هەردوو لا لە لایەن بارودۆخی سیاسی ئەوسا، ئاوابوونی خۆری فیودالیزم و خەت وخاڵدانی کەپیتالیزم هان دراوە وپشتگیری لێ کراوە.دانانی بەردی بناغەی کۆمەڵگای نۆی پێویستی بە کەرەسەو ئامرازیك هەبووە زانست بتوانی دابینی بکات، رووبەرووبونەوەی ئایدیۆلۆجی کۆنیش پێویستی بەفەیلەسوفی سیاسەتمەدار هەبووە جگە لەوەی هەل ومەرجەکە خۆیشی سەردەمی ئازادی مرۆڤ و رێزگرتنی ژیر وتواناکانی ئادەمیزاد بووە وا پێ دەچی هەروەك سەرچاوەکان باسی دەکەن بەتایبەتی سەرچاوە سیاسیەکان هەموو سەردەمێك لە هەموو جێگاو دەوروبەرو قۆناغدا لە نێوان هیواو ئاوات وئامانجی چاوەروانکراو لە لایەك وڕادەو سنوورو توانا و ئامرازی بەدیهێنانی ئەم ئامانجانە کە خواستراون لە لایەکی ترەوە جیاوازی گەورە هەبووە وهەیە ئەوەی لە سەردەمی شۆرشی ژیر وزانستدا چاوەری کراون پتر بوون لەوەی بوونی ڕاستە قینە بتوانی بەدییان بهێنی. کێشەی کەپیتالیزم و خەت وخالدان وکۆنترۆلکردنی کۆمەڵگا ودەست هەلگرتنی لە دروشمە پێشکەوتنخوازەکانی پێشوو تەنیا هۆکارێك بووە بەلام هەرگیز هۆکاری سەرەکی پشت کردنە فەلسەفەو زانستی ئەو سەردەمە نەبووە کەرۆمانتیکییەکان تێیدا دەست بەکار بوون بەتایبەتی

ئەوقسەیەی پرۆفیسۆر لۆکاچ کردوویەتی کە ئەو بەسەردەم وقۆناغی ناکردنی ژیروپشتکردنە ئەقلی داناوە، لەجێگای خویدا نییە چونکە لۆکاچ بەم بڕیارەی پتر ئایدیۆلۆجی وسیاسەتێکی دەستبەکاری سەردەمی خۆی رەوا کردووە بۆ چونی ئەم فەیلەسوفە کەمتر بەگیانی بابەتییانەو شیکردنەوەی فەلسەفە پشت ئەستوورە. ڕوانگە سیاسییەکەی مایەی ئەم بڕیاردانە بووە .فەلسەفە لە هەموو سەردەم وشوێنێکدا بە گشتی ودوای شۆرشی فەرەنسا بەتایبەتی رووبەرووی کێشەیەك بۆتەوە خۆی لە چوارچێوەی ئەم پرسیارەدا دەربڕیوە:

- فەلسەفە دەتوانێ لە ژیاندا چ رۆلێك بگێرێ؟ لە وەلامی ئەو پرسیارەدا دوو جۆر بۆچوون دێنە بەرچاو یەکێکیان لە سەردەمی دیکارتەوە ماوەتەوە بریتی بوو لەوەی لێکدانەوە و توێژینەوەی جیهان بەکولّك و پێستەوە بەئەرکی سەرەکی فەلسەفە زانراوە بۆ نموونە ویستراوە بزانرێ ئایا ئەو قسەیەی لەتەوراتدا هاتووە راستە یان نا: بوون جۆرە داهێنانێکی بێ سەرەتا و لەکەرەسەی نادیارەوە بووە، یاخود بوون کۆنە و نە سەرەتای هەیە نەکۆتایی؟ئایا لەدوای ئەم ژیانە ژیانێکی تر هەیە یان نا؟ ئایا فەلسەفە دەربارەی ئەو جیهانە میتافیزیکییە سەروو سروشتییەی بریتییە لە (بوونی رەب و گیان و نەمریی و بەهەشت و دۆزەخ) دەتوانێ چی بۆمرۆڤ روون بکاتەوە.هەر ئەو پرسیارە بووە داهێنانەکەی داروێنی لێ کەوتۆتەوە. لایەنی دووەمیان، بۆچوونەکە لەروانگەی سیاسییەوە بەپێشکەوتنخواز دادەنرێت، بەلاّم لەخالێکەوە سەیر دێتە بەرچاو، سەیرەکە لەوەدایە ئەم بۆچوونە لەهەندێك خالّدا لەگەلّ بۆچوونی رۆمانتیکییەکاندا دەگونجێ، ئەگەرچی مەبەستی ئەوان شتێکی تر بووە، بەلای ئەو لایەنانەوە کلۆلّی و لێ نەهاتووەیی فەلسەفە لەوەدا دەردەکەوێ تا ئێستا ئەرك و فرمانی راستەقینەی خۆی نەزانیوە.لە جیاتی ئەوەی



فەلسەفە ئەو شتانە لێکبداتەوە و باسی سروشت بکات دەبێ ئامرازێکی گۆرینی سروشت بێت[١٩]، بەلاّم دەبێ ئەو گۆرینە بە چ لایەکدا بێت؟ ئامرازی بەکارهێنانی ئەم گۆرینە چی و دەبێ چۆن بی؟لێرەدا چەندین رێباز ولایەنی جیاواز دێنە کایەوە.لەلای مارکس و لایەنگیرانی خەباتی چینایەتی، هێز و توانای رێکخراوی چینێکی تایبەتی ئەو بە پرۆلیتری نابردووە ئەگەر لەئۆرگان و رێکخراوی سیاسی دیاریکراودا رێك بخرێن ئەم ئەرکە پیادە دەکرێت.سۆسیال دێموکراتەکان ئەو رۆلّەیان بە تێکۆشانی سیاسی و هەلّبژاردن و راپرسی و پەرلەمان سپاردووە، هەموو جۆرە توندو تیژییەك لەژێر هەر ناو و دروشمێکدا بێت بەهەر شێوەیەك بێ، بەهەلّە و چەوت و نارەوا و نادیموکراتتییانە دانراوە. گۆڕان دەبێ بریتی بێ لەپەرەسەندنی هەنگاو بەهەنگاوی سروشتییانە. گۆڕینی سەرتاپاگیرانە پشت ئەستوور بە توندو تیژی، لاساییکردنەوەی قۆناغی پێشووە و بەکارهێنانی شێوازی کارکردن و ئامرازەکانییەتی، بەلاّم لەژێر چەند ناوێکی بێ ناوکی سەرنج راکێشدا.

٩- رۆمانتیکییەکان ئەو رۆلێ گۆڕانە بە جۆریکی تر، لە چاوی شیعرەوە دەبینین دەبی مرۆڤ چاوەرێی چ گۆڕانیك لە شاعیرو هونەرمەند بکات، هەلوێستی گۆشەگیری ودووره پەرێز وەستاون نەڕەنەڕی بێ مانـاو پشت کردنە زانست وفەلسەفەو سیاسەت وکۆمەلّگایە بە گشتی، پەنابردنە بەر ئەندێشەو هەست وسۆز، بەناخی خۆدا قولّ بوونەوە، لێکدانەوەی خەونە جۆربەجۆرەکان وەك ئامراز ,شیعر بەشێوە جیاجیاکانیەوە، ئەدەب (رۆمان )وبابەتی هونەری لە چوارچێوەی گالتە جاڕی وسەرزەنشت و گەمەپێکردندا بۆ رەخنە گرتن بەکارهاتوون. لە جیهانی پان وبەرینی فەلسەفەدا بەتایبەتی لە پاوانی فەلسەفەی ئایدیالیستی ئەلّماندا کە لەدوای کانت سەری هەلداوە هەلوێستێکی تارادەیەك نزیك لە بۆچوونی رۆمانتیکییەوە لە لای شیلینگ

دێتە بەرچاو. بە پێچەوانەوە هیگڵ بە توندی ڕۆمـانتیکی ڕەخنـە کـردووە، کەم وکورییەکانی لە بۆچوونی تایبەتی خۆیەوە لە فەلسەفە کەیدا خـستۆتە بەرچاو[٢٠] هیگڵ لەو باوەرەدابووە راستی و راسـتە قینـە لەچوارچـێوەیەکی شـیاوی خۆیانـدا تـەنیا لـە سیـستەمێکی زانـستی فەلـسەفەیدا دەبـن، پەرەسەندن، گۆڕان لە پەرەسەندن وبەرەو پێش چونی گیـان بـەو لاوە نییـە. هیگڵ سەردەمی خۆی، سەردەمی رژێمی فەرمانڕەوایی پروسـی بەلوتکـە و چلە پۆپەی پەرەسەندنی گیانی رەهـا دانـاوە وای بۆچـووە ئـەو پەرەسـەندن وگۆرانە ناچارەکی لە ژێر کەوتوونەتـەوەو نـەکراوە ونـاکرێ نـەدەبوو لەمـە باشتربوونایە یاخود بەجۆرێکی تر روویاندابایە. بەلای هیگڵەوە لێرەوە بەدەر نە پاشە رۆژ هەیە بەمانای هاتنی  شـتێکی جیـا نـە پەرەسـەندن وگـۆران روودەدەن[٢١] (واپـێ دەچـێ فرەدریـك ئینگلـز کاتیـك باسـی قۆناغـەکانی سۆسیالیزمی کردووە بەتایبـەتی کاتیـك ناکۆکییـە دوژمـن بـە یەکترییـە چینایەتییکان نامێنن سوودی لەم قسەیەی هیگڵ وەرگرتبی).شیلنگ بەبێ ئـەوەی پەیوەنـدی راسـتەوخۆی بـە رۆمانتیکییەکانـەوە هـەبووبێ لـەو گازاندەیەی لە فەلسەفەو بابەتـەکانی کـردووە تارادەیـەك لـە هەڵوێـست و بۆچوونی ئەم رێبازە ئەدەبیە نزیك بۆتەوە، شیلینگ وای بۆچووە زانستەکان لە پرۆسەی پێشکەوتن وبەرەو پێشچونیاندا وردە وردە دوورە پـەرێز دەبـن، وەك جاران پەیوەندی راستەوخۆیان بە ژیان وهەست ونەسـت وسـۆز ودەروون وخۆشی وترشی خەڵکەوە نـامێنی. زانـستەکان بـوون بـە موڵـك وپـاوانی کەسانێکی تایبەتی بۆیە جـۆرە سـیماو خەسـلەتی  ئەریـستۆکراتییەتێکی بەرچاویان پێوەدەبینرێ، دەبـی لـەم رەوشـەدا، لەپەیوەنـدی نێـوان زانـست وفەلسەفە ئەگەر پەیوەندییەکی دەستاویش بێت، بۆ مرۆڤ چـاوەرێ چـی لێ بکرێت ؟!ئەگەر زانست بووبێ بە موڵکی ئەرستۆکراتەکان رۆژێك لـە رۆژان لە بەرامبەر ئەم دیاردەیـەدا وەك رقەبـەریی جـۆرە یـەکبونێکی فەاسـەفەو



شیعر پێش بینی[٢٢] دەکرێت.لەم دۆخـەدا سـەرەرای بابەتـەکانی فەلـسەفە مادەو گیان، چەمك وبۆچوون، جەوهەرو روکەش، وێنـەی شـیعری وجـوانی وشۆخی وخۆشەویستی ونەمری وبەهەشـت وهەسـت ونەسـت ببنـە بابـەتی سەرەکی. ئەم بۆچوونە بووە بە هەلوێستی سەرەکی دامەزرێنەری فەلسەفەی ئیگزیـستیانتیالیزم، کیرکیگـارد کـە لـە بەرهەمەکانیـدا گالتـەجاریی (Ironie) کردووە بە ئامرازی سەرەکی رووبەرووبونەوە وگازاندەکردنی ئـەو هەبووە راستەقینەیەی خۆی بەرەنگاری بۆتـەوە، هـەر لـەم بارەیـەوەدەکرێ باسی ئەو کارە بکرێت شیعرو ئەدەبی رابەری رۆمانتیکی ئـەڵمان هۆلـدەرلین لە فەلسەفەی مارتین هایدیگەری کردوە[*]

بە بۆچوونی من هاوکاری نێـوان شـیعرو فەلـسەفە تارادەیـەك پەسـەند دەکرێت ئەوەتا هایدیگەر سوودی لە شیعرو وەرگرتووەو باسـێکی لـە سـەر هولدەرلین نوسیوە. کامو، گابریال مارسیل , جان پول سارتر بە ئەدەب فـرە بۆچوون و بیروڕای خۆیانیان دەربریوە. ئایا، ئەو پرسیارەی لێـرەدا دەکرێـت ئـــەو هاوکارییـــەی  ئـــەدەب وفەلـــسەفە لـــەلای فەیلەســـوفەکانی ئیگزیـــستیانتیالیزم و ئـــەو ئەنجامانـــەی لێـــی کەوتوتـــەوە بـــەلای رۆمانتیکیەکانەوە پەسەندن؟ ئایا فەلسەفە بە لقەکانییەوە  تەنیا بریتی یـە لـەو تیوریـە زانینـە نیـوە چـلەو ئـەو بەشـە ئاکـارو ئێـستاتیکەی ئـەو فەیلەسوفانە تێیدا دەست بەکاربوون؟ بە بـاوەری مـن ئـەو هاوکاریـە، لـە هاوکـاری نێـوان فەلـسەفەو زانـست، سـەبارەت بـە رێبـازی رۆمـانتیکی سەرکەوتووتر نابێ، ئەگەر وەك شتێکی سەیرۆبابەتێکی نامۆ نەیەتە بەرچاو مەنتیق وتێوری زانین ومیتافیزیك کەبەشی سەرەکی فەلـسەفە پێـك دێـنن هیچ کاتێك بە لای ئـەدیب وشـاعیرانی هەسـت ناسـك وهونەرمەنـدی لـە بەهرەی ژێر بێبەش پەسەند نەبووە ئەوەتا کاتی خۆی نیتشی وهولدەرلین لـە ئەلمانیا ودیستۆێڤسکی بە ئاشکرا بێزاری خۆیان لە بیری (وشك وبێ گیانی)

مەنتیق دەربڕیوە، کیرکیگارد مەنتیقی بە سەرچاوەی ئەو پرۆسەیە داناوە کە بوونی تایبەتی تاکەکان نەك هەرپشت گوێ دەخات بەڵکو راست وچەپێکی بە سەردا دەهێنێ.

مەنتیق بەشێکی سەرەکییە لە فەلسەفە و لە چالاکی فەلسەفەدا خۆی بریتییە لە ئازادی بیرکردنەوەی راست و رەوان و زانستیانە، ئازادی بەکاربردنی ژیر دەکات بە هەلومەرج بۆیە ناشێ و ناگونجێ مرۆڤی گیرخواردوو بە دەست ئەندێشەو خەیال، مرۆڤی راکردوو لە راستی وراستەقینەکانی ژیان و کۆمەڵگا پەسەندی بکات. مەنتیق بەلای مرۆڤی رۆمانتیکییەوە نامۆیە[٢٣] ئەمەش خۆی لەخویدا قسەیەکە هیچ شتێکی نوێی لەباردانییە چونکە مرۆڤی رۆمانتیکی بە هەموو هێزو تواناو بەهرەی کەسایەتی خۆیەوە هەوڵی مایە پووچ کردنی ژیر دەدات ئیتر چۆن ژیر بکرێت بەپێودانگێك و حوکمی بەسەردا بدرێت ؟یاخود بابەتێك لە ژێرەوە کەوتۆتەوە و ئامرازێکی بەکارهێنانی ژیرە چۆن بەلای یەکێکەوە پەسەند دەبێت خۆی دۆستی ژیر نەبێت؟! شکاندنی چوارچێوە وبەزاندنی رێ وشوێن و پشت کردنە کۆمەڵگا وشارستانی وشل کردنی جلەوی ئەندێشە دەبێ لە ئاژاوە بێ سەروبەریی خوم شێواوی بەولاوە چی تریان لێ بکەوێتەوە! ئەم هەڵوێستە لەبەرهەمێکی لودڤیك تییك دا بەراشکاوی دەربڕاوە. تییك بەزمانی پاڵەوانێکی بەرهەمەکەی ئەمەی دەربریوە کە وتوویەتی:هۆی ئاژاوە و بێ سەروبەریی چۆڵ و بیابان، دارستانی چڕوپڕ ئاسای خۆشی و شادی بەخش بەخێرهاتی سەرچاوان. من کاتێك وەك کۆیلە و بەندەیەك بەنێو جیهانی نەزم ورێك وپێکدا هەنگاودەنێم، تۆ من دەکەی بەگەرورە و ئازاد[*]. ئەم جۆرە راوبۆچوونە نەك هەر هەبوونی راستەقینە دەکات بەشتێکی شیاوەکی بەڵکو ئازادی دەکات بەچەمکێکی نادیار و دەیخاتە چوارچێوەی بۆچوونێکی لێل و



تەمومژاوییەوە، پاشەرۆژ بەهیچ شێوەك نایەت و نایەتەدی و ئێستا و سەردەمیش بەراست و چەپێك دەخرێنە لاوە و لەکاردەخرێن! رابردوو نەبووە و نابێ، ئیتر لەخودی شاعیر بەولاوە دەبێ چی بمێنێتەوە؟ ئەمەیە مەبەست کە گوتراوە، لەلای مرۆڤی رۆمانتیکی چەرخەکە بەلایەکی تردا دەسوورێتەوە(ژیر) سارد و سووکی پێکراوە و زانستەکان کەوتوونەتە بەر قەمچی و مستەکۆڵەی- گەردەلوول و پاڵەپەستۆ- ئەمە هەڵوێستێکە بەرامبەر بە ژیان کە بە هیچ جۆرێك نەڕەوایە و نەبڕ دەکات[٢٤]. ئەم پرسیارە بەبێ وەڵام دەمێنێتەوە:ئاگا لەدیدو بۆچوونی ئەدیب و شاعیری رۆمانتیکییەوە، نەك لەدید و بۆچوونی ناحەزانیانەوە، ئەمەیان لەخۆیدا جۆرە پەیوەندی و هەڵوێست نواندن نییە بەرامبەر بەو دەوروبەر و هەبوونە راستەقینەیە، بەرامبەر بەجیهان و ژیان لەمێشك و ناخ و دەروون و جیهانبینییەکەی خۆیاندا پەنگی خواردۆتەوە هەر خۆیان شاعیر هونەرمەند بەخامە و پەرەمووچ تابلۆ ئاسا رەنگیان رشتووە؟رۆمانتیك بەشیرین و تاڵ و ترشییەوە بەشێکی گرنگ لەسەدەی نۆزدەیەم پێکدەهێنێ وشیلەرونیتشێ و شلیگل وتییك و هولدەرلین ناویان لەمێژووی ئەدەبدا دیارە.

١٠- کەس لاری لەوە نییە ژیان لەهەر گۆشەیەکەوە سەرنج بدرێت، لەخۆیدا نهێنیەکی سەیرە، گرێیەکە کردنەوەی وا ئاسان نییە، سەرچاوەیەکی بێ بن و دەریایەکی بێ قەراخی پڕ لە شتی چاوەروان نەکراوە، بۆیە سەیر نییە شاعیری وەك نۆڤالیس و تییك هولدەرلین هەڵ بکەون و ناکۆکی و فرە رەنگی و جیاوازی و ناتەبایییەکان:من و نامن، گیان و رەوان (نەفس) و ژیر و تێگەیشتن و خواست و ئەندێشەو سۆز و هەست و بڕواو زانین و بیر و ژیان، مردن، بێ سنوورو بێ کۆتایی و کۆتایی سەرنجیان رابکێشن ...لەجێگای خۆیدا بووە مرۆڤی هەست ناسکی سەر بەرێبازی

رۆمانتیك پرسیبێتی ئایا ئەم فرە رەنگییانە كە دەكرێت ناتەبای بێنە بەرچاو پوختە و جەوهەری ژیان، بە روخسار و ناوەڕۆكەوە پێكدەهێنن یاخود چەندین دیاردە و روواڵەتی جەوهەر و بنەمایەكی نەگۆڕاون؟ چۆن مرۆڤ لەتوانایدا هەیە لەگەڵ ئەم رەوشە جەنجاڵ و سەیر و سەرنجراكێش و نامۆ و دڵەخورپێ هێنەردا هەڵدەكات...

هەتا بڵێی ژین خۆشەویستە، هیچ شتێك لە ژیان خۆشەویستتر نییە، بەڵگەی ئەو خۆشەویستییە لەوەدایە هەموو ژیان لەبەرێك ئەوەندەی لەتوانایدایە و بۆی بكرێ هەوڵ ئەدات ئەو ژیانە درێژخایەن بێت(تەمەن درێژ بێت)، پڕ بێ لەو خێر و خۆشیانەی ئاسایی ژیانیان لێ پێك دێت، خۆ ئەگەر مرۆڤی بێچارە و سەرلێشێواو، كۆتایی بە ژیانی خۆی دەهێنێ و، خۆی لەناو دەبات كەلەهەندێ شوێندا بە (قوربانی) ناودەبرێ، ئەم كاری قوربانیدانە بەژیان ساخی دەكاتەوە كە هیچ شتێك لە ژیان خۆشەویستتر نییە و ئەو كەسە قوربانی بەبەهاترین و بەنرخترین و خۆشترین شتی لەبوونی خۆی داوە.بۆیە ئاساییە ژیان و هەڵهێنانی مەتەڵەكانی ببێ بەبابەتی جۆراجۆری بیرمەند و زانا و فەیلەسووف و شاعیر و هونەرمەندان.نهێنییەكانی ژیان ئەو بابەتە بووە بەشێوەیەكی بەرچاو ئارامیی لە نووسەر و شاعیری رۆمانتیكی بریوە و هانی داون بەچاوی دڵ بروانن ناخی خۆیان، هەست و نەستی ناوەكی خۆیان و خەونە فرە رەنگەكانی لێك بدەنەوە، ئەمەش لە چوارچێوەی پرۆسەیەكدا دارێژراوە لە فەلسەفەدا بە پێكەوە هەڵكردنی ناكۆكییەكان و رشتنی رەنگی یەكخستن و یەكگرتنی هۆشیاریی[٢٥] تاكە كەس ناودەبرێت.ئەگەرچی هەڵبەستنی پردی پەیوەندی و بەیەكەوە هەڵكردنی ناكۆكی و ناتەباییەكانی ژیان شتێكی وا ئاسان نییە و لە بۆچوون و روانگەی هەندێ بیرمەندەوە، ئەمە خۆی لەخۆیدا كێشەیەكی رەسەن نییە و چارەسەركردنیشی بە پێچەوانەی سروشتی



ژیانەوەیە، چونكە بوونی ئەم كێشەیە بەو جۆرە خراوەتە بەرچاو بێ سێ و دوو لێكردن فاكتەری رەوانی- كۆمەڵایەتی خۆی هەیە پێویستی بەلێكۆڵینەوە و توێژینەوەی لەبار (پۆزێتیڤ) و راستەقینەی زانستییانە هەیە و وا بەسادەیی لەلایەن شاعیر و هونەرمەندێك بە لایەكدا ناخرێت. ئەم یەكخستنەوەی هۆشی تاكەكەسی، هێنانەوە و دامەزراندنەوەی یەك رەنگیی هۆش كە بەهۆی ئەم كێشەیەوە لەبەریەك چووە بە تەنیا نەكاری فەلسەفەیە و نە بە شاعیر و هونەرمەند دەكرێت.ئەركی سەرەكی فەلسەفە رەخنەگرتنە، كانت بەو رەخنەیەی لە هێز و سنوور و هەلومەرجی شیاوەكی ژیر گرتی ساخی كردەوە لەتوانای فەلسەفەدا هەیە جارێكی دیكە لە جەنجاڵ و سەرقاڵییەكانی ژیاندا، بەردی بناخەی كۆشكی یەكرەنگی كردنەوەی هۆش دابنێ، بەڵام ئەمە بە تەنیا خۆی لەخۆیدا بەس نییە،... پشت ئەستوور بەهێز و توانای ژیر ئەو ئازادییەی ژیر دەیداتە دەست و دەستەبەری دەبێ، دەكرێ لایەنی داهێنەرانەی شیعر و ئەدەب و هونەر لەبەرچاو بگیرێ. رەخنەی ورد و رەسەنی فەلسەفە و توانای داهێنەرانەش ئەندێشەی بەپێزی شاعیر و هونەرمەند دەتوانن لایەنی تەمومژاوی ئەم كێشەیە روون بكەنەوە، گرێ كوێرەكانی خاو بكەنەوە، ئەمەیە كە بە دیدی شاعیر و روانگەی هونەرمەند و جیهانبینی فەلسەفە دادەنرێت، لەبەرهەمەكانی نیتشێ و كیركێگارد و شیلینگ و فەلسەفەی ئیگزیستیانتیالیزمی سەدەی بیستەم و لەبەرهەمە ئەدەبییەكانی هۆلدەرلین و گوتێ و نۆڤالیس و تییك و دیستۆیفسكی و تورگنیڤ بە رەوانی ئەم كۆشش و لایەنانە دێنە بەرچاو. لیڤ تۆڵستۆی لە رۆمانی- مردنی ئیڤان ئیلیتش- دا لایەنێكی گرنگی ئەم بابەتانەی روون كردۆتەوە. سەیریش نییە كە لە ئەدەب و هونەری سەدەی بیستەمدا هەندێ چەمك(كاتیگوری) بەرچاو بكەن لە ئەدەبی ئەوسای رۆمانتیكییەوە كەوتبنەوە.

پەسند کردن یاخود گازندەکردنی ڕێبازی ڕۆمانتیکی توندوتۆڵ بەو ڕوانگەوە بەندە لێیە مرۆڤ سەرنجی ئەو ڕێبازە دەدات، چۆن هۆکاری پەیدا بوونەکەی و ئەو ئەنجامانەی کەوتوونەتەوە و ئەو کارەی لەرێبازە ئەدەبییەکانی سەردەم و دوای خۆی کردوویەتی، هەڵدەسەنگێنێ. زۆربەی زۆری ئەو ڕەخنانەی لە ڕۆمانتیکییەکان گیراون و زۆریترینی ئەو هەڵوێستانەی کەپتر سروشت و ڕووی ڕقەبەریی و ناحەزیی و نا دۆستانە نیشان دەدەن و دەربارەی ئەم ڕێبازە نوێنراون پشتیان بە دوو جۆر پێوانە-پێودانگ بەستووە لە لایەن فەیلەسووف و سۆسیۆلۆج و ڕەخنەگرانەوە داڕێژراون. ئەم دوو پێوانەیە بەرهەمەکانی ڕۆمانتیکییان پێ شەن وکەو کراون پەنایان بردۆتە بەر دوو چەمکی ڕاستەقینە (ڕێالیتێت) و چەمکی ڕاستیی (هەقیقەت).دووەمیان لە ڕوانگەی سیاسی و بە پێودانگی ئەو بۆچوونەی ئایدیۆلۆجییەکەیان لەکار و چالاکی ڕەخنەگرتندا ڕەنگی بۆ ڕشتوون، خەسڵەتی دیاریکراویان داوەتە پاڵ ئەو بزووتنەوە ئەدەبییە لەم سەردەمەماندا و بەلای سەرنجدەری ئاگادارەوە نەك هەر پەسند نین، بەڵکو جێگای گومان و دڵ کرمێ بوونن! بۆ نموونە وا گوتراوە گوایە ڕۆمانتیکییەکان لەسەردەمی خۆیاندا پەیوەندییان بەچین و توێژێکی دیاریکراوەوە هەبووە، بەنووسین و بڵاوکراوەکانیان ڕێگایان بۆ پەیدابوونی بزووتنەوەی سیاسی ناسیۆنالیستی شۆڤێنیستی ئەڵمان خۆش کردبێ!

هەردوو ڕەخنەکە خۆیان و ئەو دوو پێوانەیەی پشتیان پێ بەستوون دەکرێ بەپێی چەمکی ڕیالیستی و ڕاستیی گازندە بکرێن و گلەییان لێ بکرێ ئەوانیش سنووری ئەم دوو پێوانەیان بەزاندووە، چونکە ڕێبازەکە خۆی چ لە ئەدەب و چ لە هونەردا هیچ کاتێك لافی ڕیالیستی لێ نەداوە بەو مانایەی لەم دوو پێوانەیەدا هەست پێدەکرێت و هەروەها دانیان بەڕۆڵ و هێزی لەباری ژێردا نەناوە. ڕەخنەکردنی ڕێبازی ئەدەبی و هونەریی دەکرێ پەسند بێت ئەگەر



پشت بەپێودانگێك ببەستێ لەجیهانی ئەدەب وهونەر کەوتبێتەوەو لەچاوی ئیستاتیکی (فەلسەفەی هونەری جوانەوە) سەرنج بدات. لە لایەکی ترەوە ئەم ڕوانگەیەی پشت ئەستوور بە چەمکی ڕاستەقینە و ڕیالیستی پتر تەنگەبەرکردن، تەسك کردنەوە و سنوور بۆ ڕشتنی جیهانی ڕێبازەکە دەگەیەنێ کە لە خۆیدا لافی هەبوونی جیهانێکی ئەفساناوی ئەندێشە و هەست و سۆزی بێ قەید و مەرج و سنوور لێدەدات.

هاوکاریی نێوان فەلسەفە و ئەدەب و هونەر، یان فەلسەفە و زانست، یاخود فەلسەفەو لاهووت (ئایین) لە لای خۆیەوە کاتێك دروست و پەسندکراوە دەبێ لە چوارچێوەیەکدا پیادە بکرێت سنوورەدا ڕێژراوەکە نەبەزێنێ. ئەو سنوورەی فەلسەفە وەك بابەتێکی سەربەخۆ لە بابەتەکانی تر جیادەکاتەوە لەبەرچاو بگیرێ.

هەر لە سەرەتای سەدەی نۆزدەیەمەوە، دوای دەرکەوتنی ڕێبازی سەرتاپاگیری ئایدیالیستی ئەڵمان بەرابەرێتی هیگڵی مەزن و دەرکەوتنی ڕێبازەکانی کانتیانیزمی نوێ و هیگلینیزمی نوێ و فینۆمینۆلۆجی...فەلسەفە توندو تۆڵ بە جیهانبینییەکانی تایبەتییەوە بەندبووە کە بە جیهانبینی فەلسەفە ناودەبرێ و تێیدا دیدی تایبەتی فەیلەسووفەکە خۆی دەبینرێ و ئەو ڕوانگە و بۆچوون و ئەنجامانەی نیشان داوە کە تایبەتن بە فەیلەسووف و داهێنەری ڕێبازەکەوە. بۆیە هیچ کاتێك ناگونجێ و ناشێ هەلومەرجەکانی فەلسەفە لەگەڵ (ڕیالیستی سیاسەتدا) بە ناوەڕۆك و ڕوخسارەوە تەباو یەك ڕەنگ بن، چونکە لەو کاتەدا فەیلەسووفەکە و سیاسییەکە هەرکەسە لە لای خۆیەوە سەربەخۆیی و کەسایەتی و دیدی تایبەتی خۆی لە دەست دەدات.

هیچ کاتێك ناکرێ فەلسەفە ببێ بە بڕوا و باوەڕ و جێگای لاهووت و ئایین بگرێتەوە. هەردووکیان دوو دیاردەی کۆمەڵایەتین و لەبابەت و پەیرەو

جیاوازن. هەر هەولێکی بۆ بەیەکەوە گونجانیان درابی و بدرێ لای تەرازووەکە بەلایەکدا لاسەنگ دەکات.

- ڕێبازی ڕۆمانتیکی لە سەدەی نۆزدەیەمدا دوا ڕوخساری پێ براوە، کاتێك لە تواناد دەبێ وێنەکەی بە ڕێکوپێکی لە ناخ و مێشکدا بنەخشێنرێ ئەگەر هاتو مرۆڤ بەتەواوی لەسەدەی نۆزدەیەم و ڕووداو وئەنجامی پێش هات و دیاردەکانی ئاگاداربێت. ئەم سەدەیە لە مێژووی مرۆڤ و شارستانیەتدا بەگشتی سەدەیەکی چارەنووساز بووە. هەر لەو سەدەیەدا بەردی بناخەی شارستانیەتی هاوچەرخ و بنەماکانی شۆرشی زانست و تەکنەلۆجی دوای خۆیان دانراون. هەر لەم سەدەیەدا تۆوی زۆربەی هەرە زۆری ڕێبازە فەلسەفەیی و زانستی و هونەرییەکانی ئیمرۆ چێنراون و هاتوونەتە بەر، بەتایبەتی ئەو ڕێبازانەی لەم سەردەمەماندا دەستبەکارن. ئەو بناوانە هەڵبەسترا کە جیهانگیری ئەمرۆ پشتی پێ دەبەستێ.ڕۆمانتیکی بزووتنەوە و ڕێبازێکی ئەدەبی و هونەری ودیاردەیەکی پشت ئەستوور بەهەل و مەرجی دیاریکراو - تایبەتی و گشتی- لە قەدەخە و پاوانی ئەم سەدە بە بڕشت و پیت و پێزەدا سەری هەڵداوە. خۆ ئەگەر لایەنی لەبار و کەم و کووڕیشی هەبێ بێ گومان ئەمەش لە ڕادە بەدەر مشەیە، ئەوا بە بێ هەبوونی ئەم ڕێبازە نەدەکرا بیر لەڕێبازی ئەدەبی ریالیزم بکرێتەوە. ڕاستە گیانی زانستییانە بەهیچ شێوەیەك لە لای ڕۆمانتیکییەکان نابینرێ، بەڵام لە بواری کاری ئەدەبی و هونەری تایبەت بەخۆیان ئەوپەری دەست ڕەنگینی و وردەکاری و بەهرەمەندییان نواندووە و نیشان داوە. وەك بزووتنەوەیەکی بیر و هۆش توانیویەتی وەستایانە بابەتی پێش خۆی کە بەکەلەپوور ماوەتەوە، لەگەڵ ئەوەی هەبووە و لەبەردەست دابووە بە پێودانگی هەستەکان شەن و کەو بکات[٢٧] و لەگەڵ وردبوونەوەی بەپێزی پشت ئەستوور بە ئەندێشە و



سۆزی هەڵقوڵاوی ناخی دەروون توند و تۆڵ بەیەکەوە بیان بەستیتەوە و ئاوێتەی یەکترییان بکات. ڕۆمانتیکییەکان، لەپرۆسەیەکی ئەنجام نێگەتیڤدا ڕێیان بۆ ریالیزم خۆش کردووە، هەر ئەو سەدەی نۆزدەیەم بوولە باوەشیدا ڕێبازی ڕۆمانتیکی گۆش کراوە، جارێکی تر گیانی بەبەر دروشمە مرۆڤ پەروەرەکانی شۆرشی فەرەنسادا کراوەتەوە، سوود لە کەوتن و ساتمەکانی ئەم شۆرشە وەرگیراوە. پلەو پایە و ڕۆڵی ژیر لە ژیانی زانستی بەرزکراوەتەوە، سەرنج بۆ لایەنی پڕ بایەخ و جیهانی بە پیت و پێز و پر لە ئەزموون و شارەزایی مێژوو ڕاکێشراوە..دروشمی ئازادی و سەربەستی لەچوارچێوەی هۆشیاری نەتەوایەتی پێشکەوتنخوازدا گیانی بەبەردا کراوە، دادپەروەریی، یەکسانی ئازادی ویردی سەر زمانی مرۆڤی ڕووناکبیری ئەو سەردەمە بووە. چەمکی مادە کاڵا لاهووتییەکەی لەبەر دامالڕاوە و هیچی تر لەچاوی ئاینەوە سەرنج نەدراوە، خەسڵەتی بەدکاریی جاران بە ماددە درابوو، وردە وردە کاڵ بۆتەوە و خۆی لەسەرەتادا بووە بە کەرەسەی توێژینەوە و ساخ بۆتەوە نەسەرەتای هەیە و نە لەناودەچێ! بەڵام لەدواییدا ئەم بۆچوونە جارێکی تر گۆڕانی بەسەرداهاتووە و چەمکی مادە وەك بۆچوونێکی میتافیزیکی لە مەیدانی لێکۆڵینەوەی زانستیدا دوورخراوەتەوە.

سەدەی نۆزدەیەم شانازی بەوەوە کردووە، بیرۆکەی ئەو پلانەی جیهانی دۆزیوەتەوە کە لە مێژوودا دەست بە کارە و دواتر بە ناچارەکی مێژوویی (دیتر مینیزم) ناوبراوە. پەرەسەندن لە کۆمەڵگادا بێ پسانەوە سەرگەرمی وەدەستهێنانی پلەیەکی باڵاتری ئازادی ژیرە، هیگڵ وتەنی، مێژووی جیهان لە پرۆسەی بزووتنەوەیدا بریتییە لە بەرەو پێش چوون و هەنگاونان لە چوارچێوەی هۆشیاری ئازادیدا. هەر قۆناخێکی مێژوو، ئەگەر چی هەرچی تیایدا ڕوودات بە پێی ڕێ و شوێنی ژیر کەوتۆتەوە و نەدەکرا لەو

راستتر و راستەقینەتر هەبێت، بەهۆی بیرو ئایدیایەکەوە نیشان دراوە و دەربڕدراوە کە بە پێی سەردەمی خۆی بنەما و بنچینە بووە لە توانادا هەبووە ئەو لە کەسێکی رابەردا بدۆزرێنەوە و ببنە مایەی پیادەکردنی!
دیاردە کۆمەڵایەتی و دام و دەزگاکانی ژیان لەگەڵ هێز و توانای بەرهەمهێنان خراونەتە دوو تای یەك تەرازوو، بیر و تیۆری و ئایدیا و جیهانبینی و ئۆرگان و دەزگا سیاسی و بیریی و قانوونی مافییەکان و بگرە ئایین خۆی، بەپێی بۆچوونی سەدەی نۆزدەیەم، لەئایدیۆلۆجی بەولاوە نین، لەم جیهانە و لەنێو جەرگەی ئەم سەدە بە پیت و پێزە جەنگەڵ ئاسایەدا، کەسانی بلیمەتی وەك ماکس شتێرنەر، نیتشێ و کیرکێگارد سوار چاکانە لە گۆرەپانەکەیدا ئەسپی خۆیان تاو داوە و چەندین چەپکە گوڵیان خستۆتە سەر خەرمانی سەدەی ناوبراو، کە بەهێزییەکەی لەو فرە رەنگییەدا بووە.

## پەراوێز و سەرچاوەکان

1- Pivcevics, E,.vom Hussrel zu Sarter.List Verlag Munchen 1972.S,185

2- Schulz,Gerhard.,Geschichte der deutschen Literatur. MUNCHEN .1983.S.83-84

3- Marx- Engels., Ausgewaehlte Schriften in2.Baenden Berlen 1955.S.222ff.

4- Schulz,Gerhedt., Romantik.Geschichte und Begriffe MUNCHEN 1996.S.93-94.

5- Dahnke, Hans- Dietrivch. (Hrsg). Geschichte der deutschen Literatur, Bd.7.Berlin (ost)1978.1.S.368.

6- Nietzsche,F.,Also Sprach Zarathustra.in.:Gesammelte Werke .B.B.Muenchen 1925 .S.8.

7- Sartre,J-p., Das Sein und das Nichts.Rowoht Verl. Hamburg, 1995 .S.797.

8- Kant, kritik der reinen vernunft.vorredezur ersten Auflage, AXLL.20.

9- Marcuse,H., Vernunft und Revolution.Darmstadt. 1972 .S.209.

10- Lukace , G.,Die Zerstorung der Vernunf.Berlin, 1962 .S.270 ff.



١١- تەورات- سفری پەیدابوون (٣: ١-٧) بە ئەڵمانی.

12- Samuelson, Norbert M., Moderne juedische philosophie rowolts enzykopaedie. Hamburg.1995. S.83ff.

(*)- ماکوری، جون، الوجودیە- عالم المعرفە، ٥٨ کویت ١٩٨٢ ص ٣٨٥.

13- Russell, B., philosophie der Abendlandes .Munchen 2000 .S.99

14- Dahnke,H- D., Geschichte der deutschen Literatur, Bd.7. Berlin1978.S.397.

15- Dahnkr,H- D- Ebd. S. 433.

16- Kant, kritik der reinen vernunft.vorrede. B.4-20. kant., Ebenda. B. 882-40.

17- Schelling, F.W.J.,zur Geschichte der neueren philosopghie Darmstadt. 1959 .S.63.

18- Luckacs,Ebenda.S.

لوکاچ لەو کتێبەیدا کەلە دوو بەرگدا بە ئەڵمانی بڵاوکراوەتەوە و تیایدا نموونەی هیگڵ و شیلینگ و نیتشێ و کیرکیگارد دەهێنێتەوە، راستە پشتی بەچەند کتێبێکی مارکس بەستووە، وەك کلۆڵی فەلسەفە و ئەو باسانەی لەسەر شۆرشی فەرەنسا و ئیدیۆلۆجی ئەڵمان نووسیوویەتی، بەڵام باسەکە بەجۆرێك شی دەکاتەوە بگاتە ئەو ئەنجامانەی رێژیمە سیاسییەکەی سەردەمی خۆی مەبەستی بوون.

19- Marx,K., Engels Berlin 1957.

مەبەستم ئەو تێزەیەیە کە مارکس لەکاتی باسکردنی باخ دا وتوویەتی.

20- Pivcevics.Edo.,Ironie als Daseins form bei soren kierkegaard. Guetarsloh . 1960 .S.18 .ff.

21- Bohere, k.h., Die kritik der Romantik.Surkamp.1989 .S.142 .ff.

22- Fulda ,H.f., Hegel . Munchen 2003 . S,16 ff.

23- Gulyga Arenij., Schelling. Leben und Werke. Stuttgart 1989 .S.231.

* پیڤچیڤیچ، ئیدۆ، هەمان سەرچاوە بە ئەلمانی ل ٢٣.

24- Grimme, A.,Vom wesen der Romantik. Hamburg 1947 .S.10.

25- Pivcevics.Edo., Edo .S.29.

26- Bohere, k.H., Ebd .S.23 ff.

27- Schnabel, Franz., Deutsche Geschichte im neunzehnten Jahrhrundert. Wien 1965 .S.47.

# (٥)

# فەلسەفە و ئەدەب و هونەر

## یەکرەنگی و دوو رەنگی و فرە رەنگی

١- ئەگەر چی رێبازی سەرنجراکێشی رۆمانتیکی، لە لایەنی فەلسەفەیی و لە لایەنی ئەدەب و هونەرییەکەیدا، بزووتنەوەیەکی کاریگەری سەدەی نۆزدەهەم بووە، ئەمرۆ لەم سەردەمەماندا بووە بە بەشێك لە مێژووی بیری ئەدەبی و هونەریی و فەلسەفە، لە هەندێ خاڵ و بابەت و لایەندا، لە تایبەتمەندییەکەیەوە کەوتۆتەوە، بایەخی خۆی لە دەست نەداوە و هەر ماوە، ئیتر ئەم بایەخ و گرنگی و رۆڵە لەو کارەدا بەدی بکرێت کە لە بزووتنەوەی ئەدەبی و هونەری و شانۆگەریی سەردەم و دوای خۆی لەو رێبازە جۆر بەجۆرە فەلسەفەییانەدا کە لە پەیرەو و بابەتدا لەسەر بنەما و لە کایە و قەدەخە و پاوانی ئەو بزووتنەوەیەدا شین بوون و هاتوونەتە بەر، کردوویەتی. بۆیە دەگونجێ و دەکرێ کاتێك مرۆڤ سەرگەرمی خۆ خەریك کردن بێت بەم بابەتەوە، دوو جۆرە هەڵوێست لە چوارچێوەی کارلێکردن و کاردانەوەدا لەم کایە و بوارەدا دەستنیشان بکات:

یەکەم: هەڵوێست بەرامبەر بەژیر بەتایبەتی و ئەو ئەنجامانەی لێی کەوتوونەتەوە بەگشتی.

ئەم رێبازە لەئەدەبدا بەگشتی دژی بە ژیر داوە و لەمەیدان دووری خسۆتەوە، بەشێوەیەکی مەبەستەکییانە جارێکی تر گەرموگوریی ژیانی بە بەر ناخی مرۆڤ و هەست و سۆز و دەروون رەواندا کردۆتەوە.



ئەوی لێرەدا جێگای رامان و پرسیارە، دوای ئەو گۆڕانە سەرتاپاگیرەی بەسەر جیهان و ژیاندا هاتووە، دوای ئەو پەرەسەندنە تیژڕەوەی تیشك ئاسای زانست و تەکنەلۆجی و جیهانگیری و کۆمپیوتەر هەموو کون و کەلەبەر و قوژبنێکی بوون و ژیانیان گرتۆتەوە، دەبێ ئەم لایەنەی هەست و سۆز و ناخ و دەروون کە ئەم رێبازە لە سەردەمی خۆیدا بایەخی پێداون، لەم سەردەمەماندا لە جیهانی ریالیستیدا چی لەدەست بێت و چی بکات و چی لێ بکەوێتەوە؟

ئەم سەردەمەمان کە سەردەمی تێپەڕاندن و بەزاندنی سنوورە و چاخی هاوکاری و پێکەوە ژیان و کۆمەکی نێو نەتەوەییە، دەبێ پێداگرتنی رۆمانتیکییەکان لەسەر رێوشوێن و دابونەریتی نیشتیمانی و نەتەوەیی لەچوارچێوەیەکی تەسك و تەنگەبەردا، هاندانی رەوتی تاکڕەوی و گۆشەگیری و بایەخدان بە بوونی تاکە کەسی، ئەمرۆ چ سوودێکی لێ وەربگیرێ، چ گوڵێك بخاتە سەر خەرمانی شارستانی پێشکەوتووی ئەمرۆی مرۆڤی حەپەساو لەبەرامبەر گۆڕانی سەرتاپاگیری هەموو شتێکی ژیان و کۆمەڵگاو دەورووبەردا ؟! ئایا ئەم پرسیارانەی لەم سەردەمەماندا رووبەرووی رێبازێك دەکرێنەوە کە هەر لەسەردەمی خۆیدا کێشەی لەگەڵ بەردەوام بوون و درێژەدان بەژیانی تایبەتی خۆی هەبووە، لەجێگای خۆیدایە و جۆرە سروشتێکی راستەقینەییانە نیشان دەدات؟پێداگرتن لەسەر بایەخدان بە خۆیێتی و خودی مرۆڤ و تاکڕەوی ئەگەر لەلایەکەوە، لەروالەت و روخساردا جۆرە بە گرنگ دانانێکی کەسایەتی کەسیی مرۆڤی لێدەربکەوێت، لەلایەکی تریەوە پتر چاونووقاندنە لە ئاقار راستی و دوورکەوتنەوە و دوورپەرێزییە لە راستەقینە.

دووەم : فەلسەفەی ئیگزیستێنتیالیزم هەر لەسەرەتای پەیدابوونیەوە، لەلایەن فەیلەسووفی دانیمارکی سورین ئابای کیرکێگارد تاوەکو گابریل

ماسێل، ئەلبێر کامۆ، مارتن هایدیگەر، کارڵ یاسپەرز، میشیل دو ئونامونو، ژان پۆل سارتر لەپشت راستکرنەوە و پەرەپێدانی فەلسەفەییانەی ئەو چەمك و بۆچوون و بابەت و پرسیار و کێشانە کە رۆمانتیکییەکانی سەدەی نۆزدەیەم بەردی بناخەی تەلار و کۆشکەکەیان دانابوو، بەولاەوە نەبووە.

٢- راستە ئەم رێبازە فەلسەفەییە لەلایەن هەندێك لە رابەرانێکەوە لە روخسار و ناوەرۆکدا بێپێز و لاواز کراوە و لەهەموو جیهانی پان و بەرینی فەلسەفەدا ئامرازێکیان شك نەبردووە بیروبۆچوونی خۆیانی پێ دەربڕن و رەنگی جیهاندیدییەکەیانی پێ برێژێن لە رۆمان و شانۆ بەولاوە!! ئەم دوانەش فڕیان بەسەر جیهانی بەپێزی فەلسەفەوە نییە، لەگەڵ ئەم لایەنە لاوازەدا کە دەکرێ رەخنەی لێ بگیرێت و دوچاری گازندە ببێ، لە ناوەرۆکدا بەراشکاویی تایبەتمەندی خۆی لەبەرابەر بابەتەکانی تردا بەوپەری دیار و روون و ئاشکرایانە پاراستووە!.

لە چوارچێوەی ئەم رێبازە فەلسەفەییەدا چەندین لایەنی جیاواز بەدی دەکرێن بەرچاوترینیان لایەنی بەبڕوا و ئیمان و لایەنی بێ بڕواو بێ ئیمانە سەرەڕای ئەو جیاوازە ئاشکرایەی لەنێوان تاکە فەسلەسووف و بۆچوون و جیهانبینییە فەلسەفەییەکەیاندا سەرنج رادەکێشێ، بنەما و خاڵی ناوکۆیی و هاوبەش و هەڵوێست و چەمك و کاتیگوریی و بیرورای لە یەکچوویان هەیە ببێتە مایەی ئەوەی مرۆڤ هەموویان پێکەوە بە گشتی بخاتە نێو ئەو خانەیەی لەو سەردەمەماندا بەفەلسەفەی  ئیگزیستێتیالیزم ناو دەبرێت.

بابەتی توێژنەوە کێشەی واتای ژیان و راستی و بنەماکانی کردار و رەفتاری مرۆڤی تاك و تاکە کەسان و ئامادەبوون و هەبوونی کردەکی لەهەڵوێست و رەوشە جەنجاڵ و سەختەکانی ژیانی رۆژانە لەجیهاندا، دیاریکردنی هەڵوێست لە بەرامبەر کێشە تایبەتییەکانی ژیانی رۆژانەدا،



ئەو کەرەسەیە بووە رابەرانی ئەم رێبازە بەگشتی پێوەی خەریك بوون و قسەیان لێوە کردووە.ئەمانە دەکرێ بەتێکرایی بەکێشەی بوون دابندرێن، چونکە وەك خۆیان لافیان لێداوە بوون و مەبەست و هەست و نەست و ئارەزوو تانوپۆی ئەو بابەتەیان لێ پێکدێت کە بەراست و راستەقینە ناو دەبرێت. هەر لەم روانگیەوە مرۆڤی بیرمەند دەبێ، رابەرانی ئەم فەلسەفەیە داوایان کردووە، بۆ بابەتی فەلسەفەکردن ئەم خالانەی لەبەرچاو و ناخ و دەروون بێت و سەرگەرمی توێژینەوەیان بێت:

کە دەوترێت ئیگزیستێنس یاخود دازارین(Dasein) مەبەست لە بوونی مرۆڤە، بەڵام مرۆڤی دیاریکراوی لە خوێن و گۆشت و ئێسقان، لە بوونی خودی خۆی و هەست و نەست و ناخ و دەروون پێکهاتووە، بۆیە ئەم فەلسەفەیە بە مرۆڤپەروەر ناو دەبرێت، چونکە مرۆڤی تاك ناوەندی بایەخ پێدان و توێژینەوەیە[1] و بوون( Exist) یاخود وشە ئەڵمانییەکە(Dasein) هەمیشە بوونی مرۆڤی تاك مەبەستە نەك بوون بەگشتی بەبێ دیاریکردن و دەستنیشانکردن. لێرەوە بوونی گشتی لە بوونی هەندەکی و تایبەتی جیا دەکرێتەوە و سنوور لەنێوان ئەم بوونە هەندەکییە تاکییە و بوونی شت و بابەتەکانی نا من دەکێشرێ و بۆ ئەم مەبەستە پەنا دەبرێتە بەر رێباز و میتۆدەی فینۆمینۆلۆجی ئیدمۆند هوسەرل.بوونی مرۆڤ بەوەدا لە بوونی شت و گشتی جیا دەکرێتەوە کە هەمیشە بوونێکی کاریگەری دەستەبەکارە، بوونێکە بریتییە لە بوون لە ناو جەرگەی جیهاندا، ئەم بوونە لە لای خۆیەوە لەلایەن بوونی((ئەوانی تر))ەوە دەستنیشان دەکرێ و سنووری بۆ دادەنرێت.بوونی من بەرامبەر بە بوونی نامن .

لەم سەردەمەماندا هەرسێك بابەتی سۆسیۆلۆجی و دەروونناسی و ئەنترۆپۆلۆجی بایەخ بە بوونی مرۆڤ دەدەن و هەریەکە لەلای خۆیەوە بەشێکی تایبەتی هەڵبژاردووە و کردوویەتی بە کەرەسەی لێکۆڵینەوەی

خۆی. بۆیە بەلای رابەرانی فەلسەفەی ئیگزیستێنتیالیزمەوە ئەم زانستانە بە تەواوەتی مرۆڤ بە بوونەوەرێکی سەربەخۆ دانانێن و بەو پێیە بایەخی پێ نادەن وبەڵکو هەریەکە پارچەیەکی لێ دادەبڕێ و دەیکات بە کەرەسەی توێژینەوە، بەڵام مرۆڤ لەوە پتر و گەورەتر و گرنگترە بتوانرێ بە تەواوەتی بزانرێ و پەی بەنهێنی پیرۆزی بوونی ببردرێ. مرۆڤ شیاوەکییەکە بەردەوام هەبووە ولەوە مەزنترە تەنیابەچەند توانا و هێزێك دەرکێ بزانرێ و پەی پێببرێ، مرۆڤ بوون و هۆش و هۆشیارییە لەوە پتر و گەورەترە بکرێ بە بابەتێك بابەتییانە پەی پێببرێ[٢]، بوون، بوونی مرۆڤی تاك ناکرێ و لەتوانا نییە بەهۆی چەندین چەمکی وشك و بێ گیان باس بکرێت و وەك ئامرازێك بخرێتە دوو توێی سیتەمێکی بێ سەروبنی سەرتاپاگیری کلۆم و داخراوەوە، ئەم بوونەی دەکرێ تەنیا سەرنجی بۆ رابکێشرێ و روون بکرێتەوە، ئەم سەرنجڕاکێشان و روونکردنەوەیە تەنیا بەهۆی چەمکەکانی بوونەوە دەبێ کە هەمیشە و بێ پسانەوە بوونی مرۆڤی دیاریکراو ساغ و پشتراست دەکەنەوە، ئەم چەمکانە لەئازادی و پێوەندی دەستیاوی و بوونی مێژوویی بەولاوە نین.

ئەم سێ چەمکە سێ بابەتن مرۆڤایەتیی مرۆڤ پشتراست دەکەنەوە، دەبێ بوون و ژیان بەبێ ئازادی چ بایەخێکیان هەبێ؟بەڵام ئەو رێبازەی فەلسەفە چۆن لەئازادی دەگات وبەچی دادەنێ؟

پێوەندیش لەلای خۆیەوە شتێکی دەستیاویی ئاساییە. ژیان لەکۆمەڵگادا ئەوەندە سەخت و ئاڵۆزە هیچ کەسێك بەبێ هاوکاری کەسانی تر لەتوانایدا نییە بەو شتە بگات مەبەستیەتی و سەرگەرمی پێگەیشتنیەتی. بوونی مێژووی Geschichtlichkeit یاخود مێژوویتی کردن بابەتێك بووە لەو بابەتانەی بەدرێژایی قۆناخەکانی پەرەسەندنی ژیانی کۆمەڵایەتی خامە و بیری بیرمەندانی ورووژاندووە. ئەو بابەتە توندوتۆڵ بەکات و زەمەنەوە بەندە دوو جەمسەری سەربەخۆ و جیاواز و یەکتری تەواوکارن.مێژوویتی



لەسەرێکیەوە بەکات و گۆران و لەناوچوون و کۆتایی هاتنەوە بەستراوە و لەلایەکەی تریەوە هەمیشەیی و بەردەوامی و نەمری و نەپساوەیی و بێ کۆتایی نیشان دەدات. ئەم چەمکە بریتییە لە یەکێتی و یەکرەنگی کات و هەتاهەتایی,ئەمەیە مەبەستی رابەرانی ئەم رێبازە کەئەو بابەتە بە بڕیاردان و هەڵبژادن ناو دەبەن.

لەژیاندا چەندین رەوش هەیە سنووری بڕیار و هەڵبژاردن و هەڵوێستی مرۆڤ دەبەزێنێ، ئەگەر چی ئەم رەوش و هەڵوێستانە بەشێوەیەك لە شێوەکان بوون دەکەن بەشتێکی راستەقینە[٣].. چونکە لە توانای هیچ هێزێکدا نییە خۆی لەبەرابەریان رابگرێت تۆزقاڵە گۆرانێك بەسەریاندا بهێنێت. لەو هەڵوێست و رووداوورەوشانەدا سنوورو رادەی بوون دەبن بەشتێکی راستەقینە، ئەمانە بریتین لە: مردن، ئێش و ئازارچەشتن، تێکۆشان و تاوان و ئۆباڵی ئەستۆ[٤]. ئەم رەوشانە بەدوو چاو دەبینرێن و هەستیان پێدەکرێت و دەبن بەبەشێکی سەرەکی و پوختە بوونی مرۆڤ، بەڵام ئایا مرۆڤ لە بەرامبەریاندا چی لەدەست دێت بیکات؟

٣- هەندێك جار مرۆڤ دێتە سەر ئەو باوەرە بە کەم زانینی رێبازی رۆمانتیکی لەخۆیدا جۆرە ناراستی و نارێئالیستییەکی تێدایە، ئەم ناراستییە بریتییە لەوەی ئەلقەیەکی گرنگی زنجیرەی پەرەسەندنی ئەدەب و فەلسەفە بەگشتی پشتگوێ بخرێت.ئایا ئەم بە کەم زانینەی رابردوو چ دەگەیەنێ و ئایا ئەوە جۆرە بایەخدانێکی بەسەردەم و هاوچەرخی لێناکەوێتەوە؟

دەبێ هەڵوێستی رۆمانتیکییەکان کە رابردوویان بە چەرخی زێرین داناوە و سەرگەرمی گەڕانەوە بۆ دوێنێ و ئارامگرتن لە باوەشی سروشتی بێگەرد بووبن، بەکام هۆکار و فاکتەرەوە هان دراوە و سەرچاوەی گرتووە؟

جەنجاڵ و هەراوهۆریای سەردەم، تەنگژە و قەیرانی پێکەوە هەڵنەکردن و شەڕی دەستە و یەخە و بەگژداچوونی نێوان کۆن و نوێ، کێشەو بگرە و

بەردەی نێوان بەهاو نەریت و داب و دەستوور و ڕێوشوێنەکانی ژیان کە زانستی ئاکار لە کایە و پاوانی خۆیدا ڕەنگیان دەرێژێ، لەچوارچێوەی بایەخدان بە پرۆسەی بەرەو پێشچووندا مرۆڤ هان دەدەن لەم تەنگژە و بگرە و بەردەیەی لەپیت و پێزی وفرە ڕەنگیی ژیان دەکەونەوە سەردەر بکات و ئاوڕێکی وردبینانە، ئەگەر چی جاروبار سیماو ڕوخساری بێهیوایشی پێوە دیار بێت لە ڕابردوو بداتەوە، بۆ ئەوەی هەر نەبێ برە سوودێك کەلەتوانادا بێت، لە تاقیکرنەوە سەرکەوتووەکانی وەربگرێت و لەم تێکشکان و سەرنەکەوتننانە لە ڕابردوودا مرۆڤ دووچاریان هاتووە و تێیان کەوتووە خۆی بپارێزێ. ئایا ئەو هەڵوێستەی ئەو ڕێبازە کە بریتی بووە لە ئاوەڕدانەوە لە ڕابروو، هەڵسەنگاندنی تاقیکردنەوەکانی کردووە بە مەبەست و ئامانج، یان ڕازی نەبوونی بەسەردەم و ڕەت کردنەوەی بووە، ئایا پرۆسەکە لەخۆیدا ئامراز وڕێگاو ڕەواکردنی شتێکی دیار و تایبەتی بووە کە دەکرێ بە جۆرە هەڵوێست و جیهاندیدی ناو ببرێت؟ ئەگەر ڕێگامان بدرێت دوو وشە لە جیهانی پانوبەرینی سیاسەت بخوازینەوە، دەکرێ بڵێین ئەم گەرانەوەیە بۆ ڕابردوو جۆرە کۆنەپارێزی و کۆنەخوازی پەرستیەکی تێدا دەردەکەوێ.

دانانی بەردی بناخەی کۆشکی ژیانی شارستانی سەردەم ئەمڕۆ، دوارۆژیش لەبەرچاو بگیرێت، ناکرێ و ناگونجێ ڕابردوو پشت گوێ بخرێت بۆ ئەوەی خەسڵەتی مێژوویی لە پرۆسەکەدا دانەبڕێت و کۆششی قۆناخەکانی پێشتر لە بۆشایی و بازنەیەکی بێ سەرەتا و کۆتایی و نەزۆك و بێبەر گیر نەخوات، بەڵام جارێکر تر هەمان پرسیار دەکرێتەوە: گەرانەوەکە بە چ مەبەست و چۆن کاری هەڵسەنگاندنەکە دەکرێت؟!

هەندێك جار بزووتنەوەی پرۆسەی بەرەو پێش چوو و پەرەسەندووی ژیان هێمن و لەسەرخۆ دێتە بەرچاو بە ڕادەیەك لە ڕوخسار و ناوەڕۆکدا سەرنج ڕادەکێشێ، جۆرە وێنەیەکی جارسی و بێزاری و یەکرەنگییەکی درێژخایەن و



بەردەوام دووبارەبووەوەی سارد و سڕ و بێ گیان نیشان دەدات، ژان پۆل سارتر لەچەند ڕۆمان و بەرهەمێکیدا بە((بێزاری و قێزهاتنەوە و جارسی)) ناوی بردووە. کەچی لەبەرامبەر ئەم ڕەوشی بێزاری ئامێز و یەکڕەنگییەی ژیاندا لە دووبارەبوونەوە بەولاوە نەبووە، بۆیە هەندێك بیرمەند وەك هایدیگەر لە زۆر بابەتدا چەمکی ((هیچ))یان بەرامبەر بەکارهێناوە، بە پێچەوانەوە ئەگەر لە ڕوانگەیەکی ترەوە سەرنج بدرێت و پێودانگێکی تر بکرێت بە سەرپشك، گۆڕانی خێراو لە پساوە نەهاتووی ڕوودا و شت و دیاردەکانی دەوروبەر بە ئاشکرایی هەست پێدەکرێت. مرۆڤیش ناچارە گیرۆدەی دەستی سەرسورمان و حەپەسان و ڕامان ببێ، چونکە لە نێوان دوو هێزی بەرداش ئاسای بێزاری بەخشی ژیان و پرۆسەی دەرکەوتن و ون بوون و لەبەرچاونەمان و گۆڕانی خێرای دیاردەکان سەرگەردان دەبێ.

٤- ئەو بەرهەمانەی، بەئەدەبی و فەلسەفەوە، لە سەدەی نۆزدەهەمی ئەوروپا بڵاوکرانەتەوە و ئەو نووسینانەی دەربارەی ئەو بابەتانەی ئەو قۆناغە نووسراون سەرنج بۆ لای چەند خاڵێك ڕادەکێشن دەبێتە مایەی لێوردبوونەوە و ڕامان و سەرنجدان. لەگەڵ سەرهەڵدان و پەیدابوونی ڕێبازی ئەدەبی و هونەری ڕۆمانتیکی و دوای مردنی هیگڵ(١٨٣١)، فەلەسەفەی ئایدیالیستی ئەڵمانی هەرەسی هێنا و[٥] دیاردەی ڕقەبەری کردنی فەلسەفەی ئایدیالیستی و میتافیزیك، بروانەمان بە ڕێوشوێنەکانی ئایینی مەسیحی و بڵاوبوونەوەی نائومێدی و ڕەشبینی و تاکڕەوی و گۆشەگیری هەموو گۆشەیەکی ژیانی گرتۆتەوە، بەچاوی ئەگەر و گومانەوە ڕوانراوەتە ئەنجامەکانی زانستەکان و گۆڕانە سیاسیەکان، گیانی تاکڕەوی و خۆپەرستی و گۆشەگیری هەموو کون و کەلەبەرێکی گرتۆتەوە.لەبەرهەمەکانی ئەوسەردەمەدا چ فەلسەفە بووبێ و چ ئەدەب، هەڵوێستی جیاواز و بیروبۆچوونی سەیر و سەرنج ڕاکێش بەرچاو دەکەون کە تێیاندا پتر ئەنجام گازندە و ڕەخنە کراوە و هۆکار و فاکتەرەکان

پشت گویّ خرابن وا دیّتە بەرچاو، لەهەندیّك بەرهەمدا ئۆبالّی ئەوپاشاگەردانییە وئەو دواکەوتوویی و بیّ سەروبەرەییە خراونەتە ئەستویّ فەلسەفە بە گشتی و فەلسەفەی ئایدیالیستی و میتافیزیك بە تایبەتی[٦]، لە هەندیّکی تردا بیروبۆچوون و ریّوشویّنە ئایینیەکان بەهۆکاریّکی ئەم نەهامەتی و دوچاری خوم شیّواوی و رەشبینییە دانراوە. لەو بوارەدا فەیلەسووفان: فۆیەرباخ، نیتشیّ، کیرکیرگارد[٧] بەرچاو دەکەون.

کۆتایی سەدەی هەژدە و سەرەتای سەدەی نۆزدە قۆناخی پەیدابوونی ریّبازی رۆمانتیکییە، رقەبەری و پیّکهەلّپرژانی بیرمەندان بە نووسین و وتار لەنیّو خۆیاندا، دیاردەیەك بووە جا ئیتر ئەمە بەشیّك بووبیّ لە میراتی پیّشووتر، بەتایبەتی سەردەمی راپەرین، یاخود بارودۆخ و سروشتی گۆرانە هەمەچەشنەکان خستبیانەتەوە، دوو ریّباز لە چوارچیّوەی بیروبۆچوون و جیهانبینیدا بەدی کراوە:

یەکەم: بریتی بوو لە کۆشش کرن و هەلّدان بۆ پیادە و جیّگیرکردنی نەزم و ریّکوپیّکی و دیسپلین و تەرازوو راگرتن و ریّزلیّنانی قانوون و ریّوشویّن و دابونەریت و دەستووری باو و رشتنی رەنگی بۆچوونیّك ببیّ بە چوارچیّوەیەك تیّیدا هەمەکی و گشتی لەسەر و هەندەکی و تایبەتیدا دابندریّن.

دووەم: لەم لایەن و ریّبازەدا کۆشش کراوە بۆ دووپاتکردنەوە و پیّداگرتن لەسەر رەوتی تاکرەوی و گۆشەگیری و تاکە کەسی و جۆرە سەربەخۆییەکی خۆ (خود) و هەندەکی و تایبەتی بەگرنگ دانراون و درِ بە هەمەکی و گشتی دراوە. ئەم جۆرە هەلّویّستە دەکریّ بە گرنگی دانان وبایەخدان بە تایبەتی و پشت گویّ خستنی گشتی و هەمەکی بیّت وا پیّدەچیّ پاشماوەیەکی سەدەکانی ناوەراستی مەسیحی بیّت[٨] لەو سەردەمەدا زیندوو کراوەتەوە. دیار و ئاشکرایە کە ئەم ریّبازە لە لایەن ڤیلهیّلمی ئۆکامییە گیانی بەبەرداکراوە، بۆیە فەلسەفەکەی بە نۆمینالیزم ناوبراوە.



ئەو ناکۆکی و رقەبەری یەکتری کردنە و پیّکهەلّپرژانە لەبیروبۆچوون و ریّباز و فەلسەفە و جیهانبینیدا بەجۆرە بوگژیەکتریدا چوونی دووئموونەی جیهانبینی هاتۆتە بەرچاو لە دوو تایپی بەهاو نەریت و داب و ریّوشویّنی جیاوازەوە سەرچاوەیان گرتبیّ! بۆیە دەکریّ و شیاو و گونجاوە هەولّ بدریّت ئەو لایەن و کارەی لەم بوار و کایەدا لە فەلسەفە و ریّبازی رۆمانتیکی کراون، روون بکریّتەوە.

رۆمانتیکییەت ریّبازیّکی ئەدەب و هونەرە، بەلق و بەشە فرە رەنگ و جیاوازەکانییەوە، ئەگەر لە روالەتدا بووبیّ یاخود ئەگەرچی لەو ئەنجامانەی دەکریّ لە بۆچوون و بەرهەم و هەلّویّستەکانیانەوە بکەنەوە، بەدلّی خۆیان نەبووبیّ و نەبیّت لە رەوتی گشتی و پرۆسە هەمەکییەکەیاندا سەرگەرمی بایەخدان بوون بە بەرهەمی سەدەکانی ناوەراست(مەسیحی ئەوروپا) و هەست و نەست و بزووتنەوەی نەتەوەیی و تایبەتی و هەندەکی و سروشت و دیمەنە دلّرفیّنە جیاوازەکانی، ئەو سروشتەی هەر بەکچی و بووکی ماوەتەوە و دەستی تیّکدەرانەی مرۆڤی شەیدای تەکنەلۆجی نەیگەیشتۆتیّ، ئەمەش بە شارەزایی و لیّزانین و ئەزموونیّکی(خیبرە) ی راستەوخۆی تاکە کەسی دانراوە.

تیشکی مانگەشەو و خۆرەتاو و بەربەرۆچکەی پایز، شەوی کشومات وژین و مردن و خەونەکانی مرۆڤ بە تایبەتی مرۆڤی تاك[٩] باخ و رەز، خورەی شیو و دۆلّ و قەلّبەزەی ئاو، ئەو بابەتانە بوون لەگەلّ چەندین بابەتی تر خامەکانیان و پەرەمووچی هونەری خۆیانیان پیّوە خەریك کردوون. مرۆڤی رۆمانتیکی مرۆڤیّك بووە تەنیا بەشیّوە و شیّوازی تایبەتی و بە باریّکی دیاریکراودا بیری کردۆتەوە، سەرنجی داوە و وردبۆتەوە. خۆی و ناخی خۆی ئەو دوو ئەژنۆیەی بووە (مام هیّمن موکریانی) وتەنی، هەمیشە توند گرتوونیتە باوەشی! بۆیە بەدلّ و ئارەزووی خۆی کونجی

قەناعەتی گرتووە، بەوەی گۆشەگیرە و تاکرەو بێ ئەگەرچی دووچاری ئێش و ئازار و بێزاری وجارسی ببێ بە جۆرێکی تایبەتی رەفتاریان لەگەڵدا بکات و جۆرە چێژێکیان لێوەربگرێت! گوایە پەناردنە بەر هەست و سۆز و شۆڕبوونەوە و قووڵ بوونەوە بەناخدا سەربەستییەکی بێ رادە و سنوور دەستەبەر دەبێ و کەچی وا دێتە بەرچاو ئەمانە جۆرە یاخی بوونێکیان تێدا بێ و مرۆڤی یاخیبوو بە مانای ئەم رێبازە و بەپێی تێگەیشتنی ئەوئەدیب و هونەرمەندانە ئەو کەسەیە بەهیچ شتێك رازی بێت.مرۆڤی رۆمانتیکی یوتۆپیستی دوا رۆژە[١٠] دڵی بە بێ سەروبەریی و ئاژاوە دەکرێتەوە لە رابردوودا ئەو هەتوانە بەدی دەکەن کە برینی سەردەمیان سارێژ دەکات و ئەو ئازارشکێنە دەبینن ئێش و ئازاریان هێور و کپ دەکات ئەو کەرەسەیە دەبینن خەمیان دەڕەوێنێتەوە. راستە سروشت و دەوروبەر، گەردوون و ئایین و ژیانی ژیری و گیانی و کولتوور ئەو بابەتانەن راستەخۆ بە جۆرێك لە جۆرەکان پێوەندییان بە مرۆڤەوە هەیە و مرۆڤ نەلە توانایدا هەیە و نە دەخوازێت دەستبەرداریان ببێ، بەڵام کە دەڵێین ژیان، بەهەموو جۆرەکانیەوە بە پێزی و فرە رەنگی، بزووتنەوە و گرژبوون، بێ سنووریی و رادە و لە رادەربەدەریی بابەتە بەیەکتری ناکۆکەکان ئیتر لەبیرو کرداردا بن یاخود لەخواست و ئاوات و ئامانج دا دێنە بەرچاو و بەهیچ جۆرێك چاوپۆشییان لێ ناکرێت.

پەنابردنە بەر هەست و سۆز و رێزلێنانی ئازادی و سەربەستی تاکە کەسی ئەگەر لەچوارچێوە تیۆرییەکەی بچێتە دەرەوە، ئەگەر بە تەواوەتی مەبەست لەو ئازادییە پێناسە و دەستنیشان بکرێت، بکرێت بەسەر مەشقی ژیان کاتێك بنج و بناوان و بنەمایەکی پتەویان دەبێت، ئەگەر سەربەخۆییەك لەژیاندا دەستپاکی و چەکەخواز لەبریاردانـدا و ئارەزووی راستەقینەی چاکەکاریی و خۆشی گشتییان لێ بکەوێتەوە[١١] دڵ سووتان و



دڵ لێدان بۆ رابردوو پشت کردنە ئەمڕۆ، نەئازادییە و نەهیچ جۆرە سەربەستییەك دەستەبەر دەبێ، بگرە جۆرە لێکدانەوە و پێناسە کردن و تێگەیشتنی ئازادییەکە بەهیچ جۆرێك لەگەڵ ئازادیدا تەبا و گونجاو نییە ئەگەر ئازادییەکە خۆی لەکەدار و بێ سەروبەر نەکات!

٥- لە هەست و سۆزدا، دەکرێ و دەگونجێ، جۆرە رەهایی و سنوور بەزاندن و بێ کۆت و پێوەندییەك بە بیردابێت و هەستیش پێبکرێت و دەشێ لەو رەوشەدا مرۆڤ سەرچاوەیەکی بەپێزی داهێنانی شیعر و بابەتی هونەری دەسگیرببێ، بابەتێك تان و پۆیەکەی ئەندێشەی دوور لەژیرەوە بێ، بەڵام بەبێ ئازادی راستەقینە، بەبیری راستەقینە پشت ئەستوور بێت زۆر جار جۆرە یاخیبوونێك لە بنەما و رێوشوێن و نەریتە باوەکان و دەسەڵات بە مانا جۆر بە جۆرەکانییەوە نیشان دەدات، ناشێ و لە کردن نایەت.

پێوەندی کۆمەڵایەتی بە بڕشتی نێوان مرۆڤ و ژیان و کۆمەڵگاو دەوروبەر ئەو بنەمایەیە شارستانی لەسەر رەنگ دەرێژرێ، کۆمەڵگابمانەوێ و نەمانەوێ لەچین و توێژ و پلەو پایە و ئاستی جۆراوجۆر و جیاواز پێکهاتووە، هەر پلەیەك، هەر پارچەیەك ئەرکی دیاریکراو و مافی تایبەتی لێدەکەوێتەوە کە بەمرۆڤ ببەخشرێت هەڵوێست و باجی سەرشان و ئۆباڵ و فرمانی دیاریکراو ئەوەندەی خۆی پێداویست دەکات. هەبوونی هەمەرەگی و ناکۆکی و ناتەبایی، سەرەرای ئەو تەباییەی نێوان کۆمەڵگا و تاکە کەسان((مرۆڤ)) دیاردەیەکی ئاسایی و سروشتییە و بەپیت و پێزی و بڕشتی ژیان خۆی نیشان دەدا و تەرازوویەکە هەوڵی بەربەستکردنی لاسەنگیی لە دیسپلین و نەزم و رێوپێکی کۆمەڵگاو پرۆسەی بەرەو پێش چوونی شارستانی دەدات.بۆ روونکردنەوەی ئەم بۆچوونە نموونەیەك بهێنینەوە:

ئەو کۆششانەی بۆ بەلایەکداخستنی ئەم بەگژیەکداچوون و پێکهەڵپڕژانە کراون یاخود بۆ سەرخستن و زاڵکردنی لایەنێکیان دژی ئەوی تریان هەمیشە

سەرنەکەتوو و مایە پووچ بوون، چونکە ئەو فرە رەنگی و هەمەجۆرییە هەمیشە بەبرشت و بەپیزیی و فرە لایەنەیی ژیان خۆی پشت ئەستوور بووە.

ئەگەر هاتبایە لەجیهاندا تەنیا تاکە دەسەلات و هێزێکی بە توانای دەست رۆیشتووی سیاسی یاخود تەنیا هەریەك ئاین هەبوایە بێگومان ئەو دەسەڵاتە یاخود ئەو تاکە ئایینە ئەوپەڕی زەبرو بەدەست و ترسناك و دیکتاتۆر و زەبر و زەنگی پیادە دەکرد و پەکی بەهیچ شتێك نەدەکەوت و لە هەموو شتێك بێ خەم دەبوو.

خۆ ئەگەر لە جیهاندا تەنیا دوو هێزی دەسەڵاتی سیاسی یاخود دوو ئاین هەبوایە ئەوا هەمیشە هەردووکیان بەشێوە و جۆری جیاواز لەنێو خۆیاندا خەریکی پێك هەڵپرژان و بەگژیەکداچوون و شەڕ و جەنگ دەبوون[١٢]. بوونی فرە رەنگی و جیاوازی و هەمەچەشنەیی بابەتێکە، رەوشێکە شتێکە ژیان خۆی دایهێناوە. ئەوی ژیان دایبهێنێ بێگومان دەستەبەری بەردەوام بوون و مانەوەشی دەبێ. ئەوی لەناودەچێ و نامێنێ ئەو بنەما و پوختە و جەوهەرەی نییە ببێتە مایەی ئەوەی شایستەی مانەوە و ژیان بێت.

لەژیاندا سێ ئایینی جیهانی هەیە و ئەمەش لەخۆیدا جۆرە فرەرەنگییەکی ژیان دەردەخات و پشتراست دەکاتەوە بۆیە هەر نەبێ تارادەیەکی بەرچاو ئەگەر لە رواڵەتیشدا بێت هەرسێك ئایینەکە بەئاستی شان بەشانی یەکتری دەژین و بەردەوام سەرگەرمی کاروباری تایبەتی خۆیانن. بۆیە ئەو هەوڵانەی بۆ تەبایی کردنی رەوش و پێکەوە گونجاندنی لایەنە جیاوازەکان دەدرێت هەمیشە سەرکەوتنیان بەدەست هێناوە، چونکە جیاوازی جەوهەری ئەم بابەتەنە جیاوازانە لەبەرچاو گیراوە و پشت گوێ نەخراوە.ئەوهەلوێستە، پتر بۆتە مایەی درێژەکێشان و بەردەوام بوون و بەرەوپێش چوونی رەوت و پرۆسەی پەرەسەندنی کۆمەڵگا و شارستانی،



تەبایی کردن و پێکەوە گونجان لەگەل لەبەرچاوگرتنی جیاوازی وتایبەتمەندی تایبەتی خودی هەر لایەن و بابەتە شتێکی سروشتییە و تێگەیشتنی راستەقینەی ژیان و شارستانییەت و مێژوو نیشان دەدات، بەپێچەوانەوە پەنابردنە بەر تۆبزی و ناچارکردن بۆ گۆڕینی ئەوەی هەیە نەك هەر بە پێزی و فرەرەنگی سروشت نەزۆك وبێ پێزدەکات، بەڵکو بە پێچەوانەی بنەما سەرەکییەکانی ژیان و مێژووەوەیە.

هەبوونی چەندین راستی، راستی ئایین و راستی زانست و راستی فەلسەفە هەمیشە جەوهەری ژیانی پشتراست کردۆتەوە. ئەمەش ئەگەرچی شەری دەستەویەخەی نێوان دوو جۆرە بەهایە:

یەکەم: بەهایەك هێز وتوانا و رەوایی خۆی لەمەنتیقی ژیان و[١٣] پەرەسەندنەوە هەڵدەهێنجێ.

دووەم: بەهایەکی تر کۆمەڵگا بەهۆی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییەوە ئایین و کلێسە و کەنیشتە بووبێ یاخود شتێکی تر سەپاندوویەتی و رەوایی بوونەکەی پێبەخشیوە.

ئەوی بایەخی بەلایەنی یەکەم داوە سەرگەرمی پشت راستکردنەوەی زانست بووە بەلقە جۆر بەجۆرەکانیەوە.ئەوی تریان بانگەشەی بۆ جیهاندیدی ئایینی کردووە.هەبوونی راستی و دڵنیایی و بڕوا((یەقین)) لە فەلسەفە و لە ئەدەب و هونەردا رەنگدانەوەی هۆکار وفاکتەری سیاسی((دەسەڵات و رژێم)) و هۆکاری فەلسەفەیی ((بە رێبازە جۆر بەجۆرەکانییەوە)) و هۆکاری ئایینییە بە هەرسێك ئایینە جیهانییە سەرتاپاگیرەکەوە بووە: جوولەکە و مەسیحی و ئیسلام.

٦ - ئەو سەرچاوە و قەباڵە و بەڵگانەی لەو باوەرەدان کە رێبازی رۆمانتیکی ئەڵمان لەسەرەتادا دیاردەیەکی جوانناسیی (ئیستێتیکی فەلسەفە و هونەر) بووە، بەهۆی ئەو گۆڕان و پەرەسەندنانەی بەسەریدا

هاتوون لە ناوەڕۆك و روخساردا گۆڕانی سەرتاپاگیری بەسەردا هاتووە و بەهۆی لاهووتی یا کوبی و فەلسەفەی سپینۆزاوە بووە بە بزووتنەوەیەکی ئایینی[١٤]و جارێکی تر سەرگەرمی دامەزراندنەوەی یەکگرتوویی لەدەست چووی ئایینی مەسیحی بە لایەنە جیاوازییەکانیەوە بووە ئەو یەکگرتوویی و تۆکمەییەی لەکۆتایی سەدەکانی ناوەراستدا گوایە هەرەسی هێناوە. ئەو بۆچوونە، یاخود ئەو بڕیار و حوکمدانە چاو لە هەندێك راستی مێژوویی و بابەتییانە دەپۆشێ.

کۆمەڵگای ئەڵمان، سەرچاوە باوەڕپێکراوەکان دەریانخستووە، کۆمەڵگایەکی ئاین دۆست و پرواو ئیمان پەروەر بووە(بەمانا مەسیحییەکەی).تەنانەت لەفەلسەفەشدا هەمیشە ڕێبازی ئایدیالیزم بە ئاشکرا ئاسەوار و جێدەستی ڕێوشوێنی ئایینی پێوە دیارە، بالادەست بووە! هیچ ئەگەر و گومانی لەو ئایینە نەبووە کە لە سەدەکانی ناوەراستەوە بۆی ماوەتەوە. گەورەترین بیرمەند و فەیلەسووفەکانی تا کۆتایی سەدەی نۆزدە پێویست بووە لە سەریان لەقوتابخانەو پەیمانگاو زانکۆکاندا بابەتی ئایین و لاهوت بەدەرس بخوێنن. لەلایەکی ترەوە ئەو کارەی ئاین لەو ڕێبازانەی کردووە ئاشکرایەو کەس لاریی لێ نییە، بەڵام ئەو کارلێکردنە جاروبار کاردانەوەیەکی نالەبار(نێگەتیڤ) ی لێکەوتۆتەوە و بووە بە مایەی ئەوەی هەندێك ئەدیب و هونەرمەند و فەیلەسووف ئەگەرچی بەپەنجەی دەستێك ژمێردرابن لە ڕێوشوێنەکانی ئایین لابدەن. یاخود ئەمانە پشتیان کردۆتە ئایینە مەسیحییە باوەکە و هەوڵی داهێنانی ئایینێکی تریان داوە.نۆڤالیس و تیك و هیلدەرلین، چەند نموونەیەکن ئەم لایەنە بەدەردەخەن. جگە لەمە گەورەترین گۆڕانێکی سەرتاپاگیری چاکخوازییانە پشت ئەستوور بە باوەر و ئیمان کە بەسەر ئایینی مەسیحیدا هاتبێ و ڕێبازی پرۆتستانت(ئیڤەنگلیست) ی لێکوتۆتەوە لەسەر دەستی لوتەری ئەڵمان نەژاد بووە.



لوتەر بە پێچەوانەی فەلسەفەی رۆشنگەریی مرۆڤێکی بە ئیمان و ئایین پەروەر بووە، هەوڵی داوە بنەما رەسەنەکانی ئایینی مەسیحی لە گەرد و خەوشی رۆژگار پاك بکاتەوە و لە گیاکەڵەی پیاوانی کلێسە و دەزگاکانی ئاین و لاهووت بژار بکاتەوە. بەلای ئەم کەڵە پیاوە چاکخوازە مەسیحییە، ئاین بە هیچ جۆرێك پەکی لەسەر ژیر و ڕێوشوێنەکانی مەنتیق نەکەتووە، هەموو شتێك چاوەرێی بەهرە و بەزەیی و رەحم و لوتفی رەب دەکات، مرۆڤ، ئەوی بەسەری دێت و لێی دەقەومێ لە ئاسمانەوە لەناوچاوان ولە چارەی نووسراوە.

بەپێچەوانەی لوتەرەوە فەلسەفەی ئایدیالیستی ئەڵمان، هەر لەکانتەوە تا هیگڵ و فیختە و شیلنگ و شۆپنهاوەر خەسڵەت و تایبەتمەندی و سروشتێکی دنیاییان بە لوتف و رەحم و بەزەیی و بەهرەی رەب بەخشیوە[١٥]، ئەگەر هەموو خێر و بێر و بەختەوەری و خۆشییەك لە بەهرە و لوتفی رەببەوە بکەونەوە ئەو خەسڵەتانەی بەهرەکە کاتێك سروشتی دنیایی -جیهانییان پێدەبرێ، دەبن بە خەسڵەتی پرۆسەی زانین، بۆیە هۆشی ترانسندنتالی و ژیری هەمەکی و گیانی رەهاچەمك وبۆچوونی سەرەکی فەلسەفەی ئایدیالیستی ئەڵمانن چەند شێوە و روخسار و وێنەیەکی بەهرە و لوتفی رەبن سەرچاوەیەکی لەبن نەهاتووی زانینن، بەڵام لوتەر زۆربەی هەرە زۆری میللەتی ئەڵمان زمان شانازی پێوە دەکەن، بەهیچ جۆرێك، وەك سەرچاوەکان بەزمانی ئەڵمانی باس دەکەن، بیری لەکاروباری دنیا نەکردۆتەوە، بەلایەوە پاکبوونەوە لە خەتا و گوناه بە هۆی بڕوابوون و ئیمان هێنان بە ئینجیل دەبێ، ئەو ئینجیلەی بەلای لوتەرەوە سرووش و پەیام و وەحی رەب[١٦] بووە بۆ مرۆڤ، بۆیە بەوپەڕی بڕوا و پێداگرتنەوە لاهووت و فەلسەفەی لە یەکتری جیا کردۆتەوە و بەچاوێکی نزمەوە سەرنجی ژیری داوە و کردوویەتی بەهۆکار و مایەی بەدکاری و پشتی بەسرووش (وەحی) بەستووە، ئەگەرچی، ئەوەندەی من خوێندبێتمەوە هیچ

جۆرە وەحیەکی ئاسمانی لەمەسیحییەتدا نەبیستراوە لەو حیکایەت و سەرگوزشتانە بەولاوە یاوەرانی عیسا لە چوار ئینجیلەکاندا تۆماریان کردووە وسەردەمی لوتەر و پێشتریش شتێك نەبووە کە وشەی راستەقینەی ئایین مەسیحیەت پڕ بەپێستی بێت. مەسیحییەتی دوای چوار مێخەکێشانی عیسا لەئاینەوە بووە بە بڕوایەکی بێ پابەندبوون و هیچ جۆرە ئاینێك نییە ! چونکە هەموو شارەزایەك دەزانێ کە ناوەرۆکی ئەو چوار ئینجیلانەی کلێسە پەیرەویان دەکات فڕیان بەسەر سرووش و سەروو سروشتنەوە نییە و چەند کەسانێکی ناسراوە نووسیویانەتەوە و لەنێوان پتر لەسەد ئینجیلی جیاجیا لەنێکیا ئەم چوارە پەسەند کراون!.

ئەم لایەنە هیچ کاتێك بابەتێکی سەرەکی ڕێبازی ئەدەبی و هونەری و فەلسەفەیی سەردەمی رۆمانتیك نەبووە، مرۆڤی رۆمانتیك ئەگەر جۆرە هەست و سۆزێکی لەناخی خۆیدا شك بردبێ یاخود هەس پێکردبێ، ئەم هەستە ناکرێ بە ئایین و بڕوا و ئیمان دابندرێت، خۆشی لە خۆیدا ئەنجامی هۆکار و فاکتەرێکی تر بووە کە دەکرێ لە تێکرایی دیاردە کۆمەڵایەتییەکانەوە کەوتبێتەوە، ئەو دیاردانەی لە لای خۆیانەوە ئاییینەکەش بەدیاردە و فاکت و فاکتەرێك دەگرنە خۆ.

ئەگەر فەلسەفەی سپینۆزا بەتایبەتی و بیربۆچوون و جیهانبینییەکەی بەگشتی جۆرە رۆلێکیان گێرابێ و کارێکیان لە بزووتنەوەی ئەدەبی و هونەری رۆمانتیکدا کردبێ، ئەو کارە لەچاو ئەوەی لە فەلسەفەی ئایدیالیستی ئەڵماندا کردوویانە لاوەکی و هەندەکییانە دێتە بەرچاو. ئەو جۆرە کارتێکردنە وا پێدەچێ بەشێوەیەکی ناراستەخۆ بووبێ دەکرێ بگوترێ لە ڕێگای هەندێك فەیلەسووفی ڕێبازی ئایدیالستی ئەڵمانەوە بووبێ ئەوان لەلایەن ئەم فەیلەسووفە جوولەکەوە کاریان تێکراوە و ئەوانیش کاریان لەرێبازی ئەدەبی و هونەری و دیدی کۆمەڵایەتی و جیهانبینی گشتی رۆمانتیکییەکان کردبێ.



٧- سپینۆزا چ وەك کەسایەتی(کارەکتەر) و چ فەلسەفەکەی دەرفەتی ئەوە دەدەن و مەودا دەرەخسێنن بەشێوەی جیاواز لێك بدرێنەوە. ئەو لێکۆڵینەوانەی کاتی خۆی لەبارەی گوزەران و ژیان و کەسایەتی سپینۆزا کرابوون و هەوڵیان دابوو بە مرۆڤێکی سۆفی گۆشەگیر و تاکرەوی دوورە پەرێز و دوور لە رووداو و جەنجاڵی ژیانی دەوروبەر و کۆمەڵگا نیشان بدەن تا رادەیەك لە راستییەوە دوور بوون.

لێکۆلینەوە نوێیەکان دەریان خستووە سپینۆزا هیچ کاتێك نە بە کرداری ژیانی رۆژانە و نە بەنووسین و بەرهەمەکانی شتێك نەبووە دوور و نزیك لە رۆمانتیکییەکان و ڕێبازەکەیانەوە نزیك بووبێ یاخود بوبێ بە مایەی ئەوەی بە نموونەیەك رەچاو بکرێت یان سوودی لێوەربگیرێت. وەك مرۆڤ و فەیلوسووف لە بارەی ژیان و کۆمەڵگاو سیاسەت و بڕوا و ئایین و کێشەکانی سەردەمی خۆی هەڵوێستی دیار و بەرچاوی هەبووە. هەندێ لایەن و نووسەر ئەوەندە بە پێشکەوتنخوازیان داناوە تا ئەو رادەیەی بە نموونەیەك سەرنج دراوە گوایە لەسەر نەتەوەی ئەڵمانی رەگەز (جەرمان) جۆرە مەترسییەك بووبێ[17].

فەلسەفەی سپینۆزا لە لایەکی ترەوە، ئەوەندەی من تێی گەیشتبم ناکرێ بە سەرچاوە و هۆکاری هاندەری ڕێبازی ئەدەبی و هونەری رۆمانتیکی دابندرێ، وەك هەندێك نووسەر ئەم لافەیان لێداوە[18]، ئیترشاکاری ئاکار Ethic یاخود شاکاری تراکتاتی تیۆلۆجی- سیاسی مەبەست بێت. ئەو بلیمەتە رەنگی جیهانبینییەکی سەرتاپاگیری ڕێکوپێکی سیستەم ئاسای ئایینی و ئاکاریی و میتافیزیکی و ئیستاتیکی بەشێوەیەکی ڕێبازەکی — میتۆدەیی ئەوتۆ رشتووە بە هیچ شێوە و شێوازێك و ناوەرۆکەوە لە لای ڕێبازی رۆمانتیکییەکان بەرچاو ناکەوێت و واش نایەتە بەرچاو ئەو خۆی کاری تێکردبن.

دوور نییە بگوترێ سپینۆزا شارەزاییەکی فرە خاسی لە تەورات و ڕێوشوێنی جوولەکایەتی هەبووە و دەکرێ وادابنرێت داهێنانە فەلسەفەییە سەرتاپاگیرەکەی ئەم کەڵە بیرمەندە لە سەرچاوەی هەست و هۆشیاری ئایینییەوە هەڵقوڵابێ و کەوتبێتەوە، تا ڕادەیەکیش ڕۆمانتیکییەکان هەڵوێستێکی سۆزاوی پەسەند کردنانەیان بەرامبەر بە ئایینی مەسیحی و هەندێك لایەنی میراتی کەلەپووری سەدەکانی ناوەڕاست هەبووە. ئەم بۆچوونە تا ڕادەیەك لە جێگای خۆیدایە و شیاوەکییە، بەڵام بەهیچ جۆرێك تاکە خشت و کەرپووچێك ناخاتە سەر بناخەی دیواری دامەزراندنی پێوەندی پردئاسای نێوان هەردووك لا. جۆری بیرکردنەوەی سپینۆزا و ئەو کێشە و پرسیار و بابەتانەی مێشك و بیروناخیان وروووژاندووە، زەوی و ئاسمان لە هی ڕۆمانتیکییەکان جیاوازن.

لەکاتێکدا ڕۆمانتیکییەکان بە شاعیر و ئەدیبەوە بە چاوی هەست و سۆز پشت ئەستوور سەرنجی کێشە سەختەکانی ژیانیان داوە و بە ئەسپی باڵداری ئەندێشە و خەیاڵ لە بەرزایی ئاسماندا لەشەقەی باڵیان داوە و خەونەکانیان دەربڕیوە، سپینۆزا ژیری کردووە بەسەر پشك و پێودانگ و حەکەم و بەهیچ جۆرێك، بە پێی ڕەوشی پەرەسەندنی سەردەمی خۆی ڕێگای نەداوە، هەر نەبێ لە وتووێژ و ژیانی ڕۆژانەیی و لە هەڵوێست و بەرهەمەکانیدا ژیر ببێ بە قەرەواش و خزمەتکار و پابەندی لاهووت، چونکە بەلایەوە هەر یەکێك لەم دووانە، ژیر کە ئامرازە، سرووش و لاهووت بابەتی ئایینن کایە و پاوان و مەڵۆی تایبەتی خۆیانیان هەیە. ڕاستی پاوان و کایەی ژیرە، لاهووت دەست بە دامێنی ((ڕەب پەرستی)) و تەقواو پابەندبوون و ملکەچییەوە دەگرێت. ئەم فەیلەسووفە ئازا و بوێرە بەراشکاویی و چاونەترساو دەری بریوە هیچ کاتێك لەتوانای لاهووتدا نییە شتێك بکات یاخود شتێکی لێبکەوێتەوە دژ و ڕقەبەر و پێچەوانەی ژیر



بێت. لاهووت هیچ شتێکی نوێ ناخاتە بەردەست، لەوە بەلاوە ئەوەندەی خواپەرستن بە پێویستی دادەنێ، بنەماکانی بڕواهێنان دیار و دەستنیشان دەکات و ڕێگا بۆ ژیر چۆڵ دەکات، ئەو ژیرەی تیشك و ڕووناکی بیرو مێشکە، ڕاستیی بڕوا بەدەردەخات، ئەو لاهووتەی بەبێ ژیر دەکەوێتە چاڵی بێ بنی خەون و خەیاڵ و ئەندێشەوە. بەهۆی ژیرەوە لاهووت ڕاستیی دەستگیر دەبێت. بۆیە بەبێ پارێز و سڵ کردنەوە نابێ ژیر بە هیچ شێوازێك پابەندی تەورات و تەوراتیش لەلای خۆیەوە نابێ پابەندی ژیر بێت، چونکە هەریەکەیان کایە و پاوان و بابەتی تایبەت بە خۆیانیان هەیە[١٩].

ئەگەر سەرنجێك لە ناوەڕۆکی کتێبی (ئاکار) ی سپینۆزا بدرێ بە ئاشکرا تێیدا ڕێباز و پەیرەو میتۆدی ئەندازە پیادە دەکرێت، ناکرێ بەسەرچاوەیەکی سرووش بەخشیی ئەدەب و هونەری ڕۆمانتیکییەکان دابندرێت. ئەم شاکارە تەنیا فەلسەفە و لاهووتە . شیعر بەگشتی لەلای ڕۆمانتیکییەکان بە چەند بنەمایەك بەندە: هەبوونی جۆرە لە یەکچوونێکی نێوان مرۆڤ و سروشت. لە ڕوانگەی بایەخ و بەهاکانی مرۆڤییەوە دەڕوانێتە سروشت و بڕوای بەو هەیە کە هەست و سۆز و هەڵچوون و دەرمارگیران و بەهرەی بۆ هاتووی تایبەتی تاکەکەسی سەرچاوەی لەبن نەهاتووی شیعرن، ئەمانەش بە تێکرایی بەهیچ جۆر و شێوەیەك بەلای سپینۆزا پەسند نین، چونکە ئەمانە بەلایەوە، هەست و سۆز و هەڵچوون، مۆرك و خەسڵەتێکی کۆیلێتی و بەندایەتی نیشان دەدەن و جۆرە ئازادییەك بە ڕواڵەت دەردەخەن کە بە پێچەوانەی ئەو ڕێوشوێن و تۆبزی و ناچارییەن(دیترمێنیزم) کە ئەو خۆی بڕوای پێیان بووە[٢٠] و لە بەرهەمەکانیدا داکۆکی لێکردوون و ناخ و ڕووژان و بەزەیی پێدا هاتنەوە بەرچاوی ژیر و مێشك لێڵ و تەمومژاوی دەکەن و دەبنە کۆسپ و تەگەرە لەبەردەم دیتنی ڕاستی و ڕاستەقینە.

٨- شتێکی گومانهەڵنەگرە کەرێبازی رۆمانتیکی لەفەلسەفە و ئایین سوودمەند بووە، بەڵام سوود وەرگرتنێك کە لە روانگەی بۆچوونێکی دەسترەنگین و وردەکاری و وەستایانە و بە چاوی کرِیار و رەخنەگرانەوە بوو. وەنەبێ فەلسەفەی سەدەی نۆزدە پریشکی هات و هۆریا و هاوار و نەرِەنەرِی شاعیر و ئەدیبانی بەرنەکەوتبێ، بەڵام ئەوی راستە و هیچ گومان هەڵناگرێت کاتێك مرۆڤ بە وردی سەرنج بدات، هەریەکێك لەو دوو بابەتەی سەدەی نۆزدە(فەلسەفە و رێبازی رۆمانتیکی) تایبەتمەندی خۆیانیان هەبووە و چاوپۆشین لەم راستییە جۆرە ئەگەر کردنێك لە سەربەخۆیی روخسار و ئامراز و ناوەرۆکی هەر لایەك لەم دوو لایەنە جیاواز و دەستیاو بەیەکەوە بەندە نیشان دەدات. هیچ شتێك لەم ژیان و جیهانە فراوان و پان و بەرینەدا نەیتوانیوە و لە دوا رۆژیشدا ناتوانێ جێگای شەکێکی تر بگرێتەوە و ناتوانێ ببێ بە شتێکی تر، شت خۆی هەر شتە و نابێ بە شتێکی تر، چونکە ئەگەر وانەبوایە و وانەبێ ئەو شتە خەسڵەتی شتێتی خۆی کە جەوهەرەکەیەتی دەدۆرێنێ. گۆران هەیە.بەڵام ئەم گۆرانە هەرگیز قەرەی پوختە و جەوهەر ناکەوێ، ئەگەر وێنە و روخسار گۆرانیان بەسەردا بێت، ئەگەر چی ئەمەش جێگەی ئەگەر و گومانە، ئەوا لە جەوهەر و پوختە هەمیشە هەر خۆیان دەمێننەوە. ئەگەر ئەم بابەتە بە نمونەیەك پتر سادە و ساکار بکەین بەو مەبەستەی باشتر وێنەکە لە مێشکدا بنەخشێ، دەڵێین بە هیچ جۆرێك ناکرێ فەلسەفە جێگای شیعر و رەخنەی ئەدەبی بگرێتەوە، ناشێ شوێن پێی شاعیر و ئەدیب و هونەرمەندان هەڵبگرێ.

هەر هەوڵێك درابێت و بدرێت، هەر کۆششێك کرابێت و بکرێت بەمەستی پێکەوە گونجاندنی بیری فەلسەفەیی و شیعری شایەر بەرهەمی ئەندێشە و سۆز و ناخی ئەدیب لە جۆرە هەست و نەستێکی((میتافیزیکێك)) ئەگەر بشێ لەم بوارەدا ئەم وشەیە بەکاربهێنین،



بەلاوە نییە. ئەم تێکەڵ و ئاوێتەکردنی ئەو دوو بابەتە لە یەکتری جیاوازە بە هیچ شێوەیەك ناکرێ بخرێتە خانەی ئەو بابەت و کێشەیەی لە فەلسەفەی سەدەی نۆزدەیەمدا بە((هۆشیاری و هەست کردن بەخۆ -خود)) ناوبراوە، دۆزینەوەی ئەو هێز و توانایەی بەشێوەی جادوو تەلیسم و نوشتە ((دەستیاوی ئاسا)) سەرنجی شاعیر و ئەدیب و فەسلەسوفەکانی بۆ لای خۆی راکێشاوە، بەتایبەتی لەسەدەی نۆزدەیەمدا هەردوو بابەتی فەلسەفە و ئەدەب لە یەکتری جیاواز بووە و لە پەیرەو و کەرەسە و مەبەست و ئامانجدا بە دەگمەنیش یەکترییان نەگرتۆتەوە.

ئەو کۆششەش کە بۆ پەیبردن بەوەی کە بەخۆ(زات) ناو دەبرێ وفەیلەسووفەکان کردوویانە، لەلای خۆیەوە لە هی رۆمانتیکییەکان جیاواز بووە، چونکە فەیلەسووفەکان بە پێچەوانەی ئەوانی تر (شاعیر و ئەدیب) پتر بەلای ئەبستراکتدا شکاندوویانەتەوە، ئەبستراکت بریتییە لە جیاکردنەوە و دابرینی وێنە لە کەرەسە و بابەت، ئەمە پرۆسەیەکی بیریی-هزرییە تەنیا لە مێشکدا پیادە دەکرێت، ئەو جۆرە خەسڵەت و تایبەتمەندییە سۆفییەتییەی رۆمانتیکییەکان لە دواییدا بەلای تاکرەوی و خۆپەرستی و خۆ پەسندیدا کەوتۆتەوە لەوێ بەدی ناکرێت. ئەم هەڵوێستە ئەگەر بلوێ لێکی بدەینەوە دەڵێین: کۆرپەی رەسەنی هەست و سۆز و ئەندێشەیە، داهێنانێکە لەچوارچێوەی ئەو بابەتە ناچێتە دەرەوە کە ئەدەب و هونەری پێدەوترێت و بەچاوی سەیر و سەمەرەی دڵ و دەروون و ناخ و سۆز سەرنج دەدات.

فەلسەفە بابەتێکە پشت بەمەنتیق دەبەستێ و لە ئەرکی رەخنە و توێژینەوە و لێکۆڵێنەوەدا ژێری کردووە بەسەرپشك وسەرمەشق.بەهیچ جۆرێك، لەگەڵ ئەو هەڵوێستە سەرەکییەیدا، دەستبەرداری هەست و سۆز نابێت، بەڵام بە تەواوەتی پشتیان پێ نابەستێ و بەپێی پێویست بۆ تەرِو پاراوکردنی بابەتی وشکی ژێر پانایان دەباتە بەر.

کاتێك مرۆڤ بە چاوێكی ڕەخنەگرانە، ڕەخنەیەك كە بابەتی بێت و لە ڕاستی دوور نەكەوێتەوە، سەرنجی ڕێبازی ڕۆمانتیكی بدات و لەگەڵ فەلسەفەی ئایدیالیستی ئەڵماندا بیخاتە نیو دووتای تەرازووەوە، ئەم چەند پرسیارە لە مێشكیدا دەورووژێن :

كامەیە ئەو نموونە ئەدەبی و هونەرییە مرۆڤییە نوێیەی ئەم ڕێبازە بە سەرجەمی خۆشی و ناخۆشییەوە، بەكێشە و قەیران و تەنگژە و سەركەوتن وتێشكانەكانیەوە بەرجەستەی كردووە و لەچوارچێوەی ڕەنگ بۆ ڕێژراوی شاكار یاخود چەند شاكارێكدا پێشكەش بە مرۆڤ و شارستانی كردووە؟! ئەو كارەی ئەم ڕێبازە لە ژیاندا بەگشتی ویستوویەتی بیكات، یاخود كردوویەتی كامەیە و تاچەند بڕی كردووە و چ سنوور و ڕادە و مەرزێكی تێپەڕاندووە و بەزاندوویەتی؟! ئایا دەكرێ شاكارەكانی دیستۆێڤسكی ئیروس بە تایبەتی برایانی كارامازۆف و چەند یاداشتێكی جیهانی ژێرزەمین بەجۆرە ئەدەبێكی نزیك لە ڕۆمانتیكییەوە دابندرێن؟ ئایا ئەو بابەتانەی ئەم كەڵە نووسەرە ئیروسە وەك كێشە لە ڕۆمان و شاكارەكانیدا خستوونیەتە ڕوو بەرجەستەی كردوون جۆرە بابەتی داهێنانی ئەدەبین و تەنیا لە ئەندێشە و هەست و سۆزی شاعیر و شیعرەوە كەوتوونەتەوە یاخود دەكرێت بخرێنە چوارچێوەی چەند كێشەیەك كە لە گۆرەپان و كایەی فەلسەفەدا باس كراون و قسەیان لێكراوە؟! دەبێ تا چەند قسەكەی فەیلەسووفی مەجەرستانی گیۆرگ لوكاچ ڕاست بێ كەوتوویەتی:

لەناكاو لە وڵاتێكی دواكەوتوودا كە كێشە و زۆرانبازی و ململانێی شارستانی نوێ تێیدا بە تەواوەتی خەت و خاڵیان نەداوە و كامڵ نەبوون چەند شاكارێك، بەهۆی ئامرازی ئەندێشەوە، بەچاكترین شێوە و ناوەڕۆك هەموو كێشە و بەرەی شارستانی مرۆڤایەتییان دۆزیوەتەوە و سەرنجیان بۆ ڕاكێشاون و نیشانیان داون.. جۆرە دیدێكی هەمەكی پێشكەش دەكەن



پێشتر كەس بەلایدا نەچووە[٢١].. دیدو جیهانبینی و ڕوانگە یەك كێشە و بابەتە گیانی و ئاكاری و فەلسەفەییەكانی ئەو چەرخە دەگرنە خۆ.

ئەو قسەیەی لوكاچ كردوویەتی، ئەو هەڵسەنگاندنە و بڕیارەی ئەو داویەتی جۆرە تێكەڵكردنی ڕۆڵی ئەدیب و فەیلەسووفی لێدەكەوێتەوە و ئەركی هەر لایەكیان بەجۆرێك لێك دەداتەوە پتر بۆنی مەبەستی سیاسی لێ بێت!كامیان بەلای هەریەكێك لەئەدیب وهونەرمەندو فەیلەسووفەوە گرنگە و بایەخدارە، پێشكەشكردنی چارەسەرێك بۆ كێشەیەك، ئیتر ئەو كێشەیە ڕاست و دروست بێت یان وەك بابەتێك تەنیا لەمێشك و دڵ و ناخی بیرمەنددا ورووژابێ و پەنگی خواردبێتەوە، یاخود چارەسەركردن و بەلایەكداخستنی كێشە ئەرك و فرمانی ئەدیب و فەیلەسووف نییە، گرنگ چۆنیەتی نیشاندان و داڕشتنی كێشەكە خۆی و ئینجا پێناسەكردن و لێكدانەوەیەتی، دیارە لوكاچ وەك سیاسییەك كامیان هەڵدەبژێرێ! پتریش ئەو پشتگیرییەی لێدەكەوێتەوە كە پێش ئەوەی هەلومەرجی پێداویستی گۆڕان لە دەوروبەرێكدا خەت و خاڵ بدات دوور نییە و شیاوەكییە گۆڕانەكە ڕووبدات . ئەم بۆچوون و بڕیارە لە سنووری بابەتی فەلسەفە و ئەدەب دەچنە دەرەوە.

٩- ئەو قسەیەی پاڵەوانێكی شاكاری برایانی كارامازۆفی دیستۆێڤسكی و بگرە و بەردە و هاتوهاوارێكی زۆر و وتووێژێكی تێر و تەسەلی لەسەر كراوە دەكرێ نموونەیەكی دیار و بەرچاو لەم بوارەدا لە چوارچێوە كێشە و پرسیارێكی فەلسەفە- ئاكاردا بخرێتە ڕوو . دیستۆێڤسكی بە زمانی پاڵەوانێكی ئەم شاكارە- ڕۆمانە وتوویەتی:

ئەگەر ڕەب، بوونی نەبێت هەموو شتێك ڕێگا دەدرێت، هەموو شتێك ڕێگا دراو دەبێت.

ئەگەر ئەو بڕیارە- قسەیەی ئەم كەڵە نووسەرە ئیروسە لەگەڵ ئەو كۆششەدا ئاوێتەی یەكتری و تاوتوێ بكرێن كە بۆ بەتەواوەتی ناسینی خۆ،

خۆناسین بە ڕێگای تاقیکردنەوەو ئەزموون لەگەڵ خۆدا دراوە کێشەیەکی بابەتییانە و بگرە شاکێشە و بابەتێکی ئەدەب و فەلسەفە و ڕۆشنبیری سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بیستەیەمی ئەروپامان دێتە بەرچاو!

ئەگەر چی بابەتی خۆناسین و(خۆت بناسە) لەم سەردەمەماندا هیچ بایەخ و باوێکی نەماوە، بەڵام لە روانگەیەکی مێژووییەوە سەرنج بدرێت، هەر لە سەردەمی فەلسەفەی کۆنی یۆنانەوە خراوەتە سەر خوانی باس و لێکۆلینەوە و توێژینەوە بە جۆرێك وێنەیەکی تەمومژاوی لەمێشکدا دەنەخشێنێ، بابەتەکە بە جۆرێك خراوەتە بەرچاو ئۆباڵی هەموو بەدکاری و نالەباری و نیگەتیڤێك بخرێتە ئەستۆی مرۆڤ خۆی و مرۆڤیش ئەگەر ئامادەنەبێ و لەتوانایدا نەبێ بە تەواوەتی خۆی بناسێ دەبێ چی لەدەست بێت و بتوانێ چی بکات و چ گۆڕان و چاکسازییەکی بۆ بکرێت؟!. ئەو پرسیارانەش کە بابەتەکە درووژاندوونی بە ڕێکوپێکی وەڵام نەدراوەتەوە و کێشەکەش بەباشی بە لایەکدا نەخراوە. دەبێ چۆن ئەم خۆناسینە بکرێت وچی لێبکەوێتەوە؟!ئایائەم ئەرکە بەرێگای شیکردنەوەی خودی خۆوە دەبێت یاخود بەهۆی شیکردنەوەی ئەنجام و چالاکی و کردارە جۆر بەجۆرەکانی خۆوە دەبێت کە خەسڵەت و تایبەتمەندی خاوەنەکەی نیشان دەدەن؟! دەبێ بۆچی مرۆڤ خۆی بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە و ئەندامی کۆمەڵێکی دیاریکراوە، فێرنەبێ بزانێ چۆن خۆی بناسێ[٢٢]؟.

ئایا بە گرنگ زانین و بایەخدان بەخودی خۆ و پرۆسەی زانینی خۆ جۆرە لایەنێکی خۆپەرستی و خود پەسەندی و خۆ خۆیی لێناکەوێتەوە جگە لەوەی گۆشەگیری و تاکرەوی هەمیشە لەبەرچاو دەبێت و جیهانی کەسانی تر و بوون و هەڵوێست و کرداریان و جیهانی (نا-من) نامۆ و بیانی دێنە بەرچاو؟ئایا هەر ئەمە نەبووە مەبەستی هەندێك لەبیرمەندانی فەلسەفەی ئیگزیستیانتالیزم کە وتوویانە:((کەسانی تر، نامن دۆزەخن؟)) ئایا دەکرێ



ئەم قسەیە لەگەڵ قسەکەی دیستۆیڤسکی بخرێنە خانەیەکەوە و پێوەندی هەردووکیان بە ئازادییەوە چییە؟ هەویری ئەم کێشەیە ئاوێکی زۆر و زەبەندە دەکێشێ، خۆ ئەگەر بە وردی لەهەندێك لایەوە سەرنج بدرێت زیاتر ئەم بابەتە لەچوارچێوەی ((دەربڕینی هیوا وئاوات)) دێتە بەرچاو نەك بابەتی کێشەیەك بداتە دەست پشت ئەستوور بەئامرازی دیاریکراوی شیکردنەوە و توێتویێ کردن بەلایەکدا بخرێت و گرێکوێرەکانی بکرێنەوە و ئەو پرسیارانەی بە شێوەیەکی شاردراوە تێیدا وروژاون وەڵام بدرێنەوە.

بوون و نەبوونی بابەتی((ڕەببی)) دیستۆیڤسکی فەلە (مەسیحی) دوو لایەنی لە یەکتری جیاوازی لێدەکەوێتەوە هەریەکەیان لەوی تۆ پتر گرێکوێرە و تەمومژی و سەرسوڕهێنەرە، لە تواناشدا نییە بەناکردن یاخود بە ئاکردن وا بە ئاسانی هیچیان بەلایەکدا بخرێن:

یەکەم: ئازادی، سەربەستی، خواستی ئازاد.

دووەم: ئاکار و ڕێوشوێنەکانی ڕەفتار و کردار.

لەقسەکەی دیستۆیڤسکی و هەندێك فەیلەسووفانی ئیگزیستیانتالیزم بەتایبەتی لەلای ژان پۆل سارتری فەرەنسایی وا دەردەکەوێ گوایە ((بڕوا بوون بەئایین و بڕوا هێنان بەبوونی بوونەوەرێکی ترانسندنتالی سەروو سروشتی کۆسپ و تەگەرەبن لەبەردەم ئازادیدا و جۆرە سنوور و ڕادەیەك بۆ سەربەستی دابنێن)). پێش ئەوەی ئەو لایەنە روون بکەینەوە وا دێتە بەرچاو لە روانگەیەکی دیاریکراوی تایبەتییەوە سەرنجی وشەوچەمك و بۆچوونی ئازادی بدرێت.دەبێ ئازادی لەخۆیدا چی بێت؟ بەچی لە نا ئازادی و ژێر دەستەیی جیا دەکرێتەوە؟ ئایا بۆچوونەکەی ڕۆمانی برایانی کارامازۆف و سارتر و هایدیگەر لەم بارەیەوە دروستە کە وایان داناوە گوایە ئازادی (و ئایین و بڕوا و ئیمان پێکەوە کۆك و تەبانین و هەر لایەنە ئەوی تر ئەگەر ڕەت نەکاتەوە ئەوا سنوورداری دەکات، ڕادە بۆ روخسار و ناوەرۆکەکەی دادەنرێت؟ بۆ دەبێ

پەکخستنی بروا و ئیمان جۆرە ئازادییەکی لێ بکەوێتەوە و پێچەوانەکەشی ڕاست نەبێت؟! ئەوە نییە هەموو ئایینە ئاسمانییە جیهانییەکان والاف لێدەدەن گوایە هەوڵی پیادە و جێگیرکردنی داد و دادپەروەری کۆمەڵایەتی دەدەن و لەم پرۆسەیەشەوە ئازادی پەیدا دەبێ! ئەوە نەبوو ئایینی ئیسلام، ئەگەرچی چەند تیرەیەکی بەدەوی عەرەبی کرد بە میللەتێکی مەزن و باڵا دەستی جیهان و هەموو مولکی میللەتانی تری رۆژهەڵات و باکووری ئەفریقای خستە بەردەستیان، بەڵام هەر لە سەرەتاوە ئیسلام بناخەی رژێم و سیستەمی ستەمکاری کۆیلایەتی هەڵتەکاندووە، کۆیلە و بەندەکانی ئازاد کردووە؟ ئایا دەکرێ مرۆڤ بڵێ بروا و ئیمان: پرۆسە هاوکێشە، لە دوو لایەن بەولاوە نین؟

یەکەم: بروا و ئیمان هەبێ ئەمەش ملکەچی و پابەندبوونە بە مانا گشتی و تایبەتییەکەیەوە.

دووەم: ئەم دووانە بخرێنە لاوە گوایە بەم کارە ئازادی دەستەبەر دەبێت؟

کەوابوو لە چوارچێوەی ئەو کێشە و بەرەیەدا رۆڵی ئاکار چی دەبێت و دەبێ رێوشوێنەکانی بخرێنە چ خانەیەکەوە؟

ئەو پرسیارانە توندوتۆڵ بە چەند و پرسیارێکی ترەوە بەندن و سەرجەم بە تێکرایی وەك ئەلقەکانی زنجیرێك یەك لە دوای یەك دەکرێ وەڵام بدرێنەوە و یەکتری لەنێو خۆیاندا روون بکەنەوە.

ئایا ئازادی تەنیا ئاوات و ئامانجە، هەستێکە لەناخ و دەروونـدا، تەنیا چەمك و بۆچوونێکی میتافیزیکییە یان لەخۆیدا جگە لەمانە رەوش و پرۆسەیەکی راست و راستەقینەیە و مۆرك و خەسڵەت و تایبەتمەندی خۆی بەژیان و بەها و نەریتەکان دەبەخشێ؟ بەهەر جۆرێك و لەهەر روانگەیەکەوە سەرنجی ئازادی بدرێت و لەگەڵ لایەن و شتێکی تردا بخرێتە نێو دوو تای تەرازووەوە، هیچ لاری لەوە نییە ئازادی- سەربەستی رەهاوبێ سنوور نە هەبووە و نە لەمەولا دەبێت و نە بوونێکی تایبەتی خۆی ئەگەر سەربەخۆ



بێ هەیە، ئەگەر ئازادی خۆی بەو چاوە سەرنج بدرێت کە رەوش و کردارێکە دوور لە تۆبزی و ناچاری و بەو کەسە بوترێ مرۆڤێکی ئازادە کە بەبێ پاڵنەر و هۆکاری دەرەکی و ناوەکی و بەبێ پاڵەپەستۆ خستنە سەر و چاولێ بزکردنەوە و تۆبزی هەڵوێست دیاری بکات و بریاربدات و کردار بکات، ئەوا ئەو ئازادییە تەنیا بۆچوونە و ئاواتە لەمێشك و دەروون و ناخدا هەیە.

راستە ئەم قسەیە بەرێکوپێکی پێناسەی ئازادی ناکات و ئازادی و مرۆڤی ئازاد تێکەڵ و پێکەڵ و تەمومژاوی دەکات، بەڵام ئەگەر ئەو پێناسەیە لە راستییەوە نزیك نەبێت، دەبێ کام پێناسە پەنای بۆ ببردرێت و پشتی پێ ببەسترێت؟

بەدوورگرتنی مرۆڤ لە هۆکار و پاڵنەر و فاکتەر و ئەو دەوروبەرەی تێیدا دەژی و دەستیاوی کار لە یەکتری دەکەن و هانی هەڵوێست نیشانکرن و کرداری تایبەتی و هانی پرۆسەی هەڵبژاردنی دەدەن نە راستە و نە لە تواناداییە و نەلە کردن دێت.بۆیە هەموو جۆرە بیرکردنەوەیەك ئەگەر ناوی بیری ئازادی لێبنرێت، هەموو پرۆسەیەکی هەڵبژاردن ئەگەر تۆبزیکردنێکی هاندەرانەی لەگەڵدا نەبێت و هەموو کردارێك کە بە ئازادی دابندرێت تەنیا لەچوارچێوەی گریمانەیەکی تیۆری- بیری بەولاوە نین و ئەو سنوورە نابەزێنن و لەو مەیدان و کایە ناچنە دەرەوە.

هیچ جۆرە بیرکردنەوەیەك، هیچ جۆرە کردارێك، بەبێ هاندەر و هۆکار و فاکتەری پاڵنەری ناوەکی و دەرەکی نابێت، بۆیە ئازادی سەربەخۆ وئازادی لەخۆیدا دوور لەهۆکار و هاندەرو فاکتەر نەهەبووە و نە هەیە و نەبوونی دەبێت، کەواتا کامەتا ئازادی، ئەو ئاواتەی تا ئێستا مرۆڤ پێی نەگەیشتووە؟

هەموو بیرکردنەوەیەك، چالاکی مێشك و پرۆسە، هەموو کردارێك هەموو رەفتارێکی هەڵبژاردن بەهەر شێوە و جۆرێك بێت لەچوارچێوەی گشتی و

تایبەتیدا هاندەر و پاڵنەری خۆی هەیە و مەبەست و ئامانجێکی لەبەرچاو گرتووە هەوڵی بۆ دەدات ئاواتی پێگەیشتنی دەخوازێ.

بۆیە قسەکەی دیستۆیڤسکی لە جێگای خۆیدانییە وئەو ئەنجامە هەرەمەکییەی سارتر لەم تێزەیەی ئەم کەڵە نووسەرە ئیروسە خستوویەتیەوە تێی نەگەیشتووە راست و دروستە نییە.

ئاکار شان بە شانی قانوون و رێوشوێنەکانی سەر مەشقی ژیان و کردار مرۆڤن و جۆرە پێوەندییەکی دەستیاوی لە نێوان ئاکار و ئازادیدا هەیە، بەڵام ئایا ئەم پێوەندییەی ئاکار و ئازادییە بە بڕوا و ئاین و ئیمانەوە چۆنە؟

ئەگەر جاریکی تر بچینەوەی سەر قسەکەی دیستۆیڤسکی کە وتبووی (ئەگەر رەب نەبێت هەموو شتێك رێگا دراو دەبێت) دەبێ تا چ رادەیەك ئەم بریارە نیشانی قانوونەکانی ئاکار بپێکێت؟

هەرسێك ئایینە جیهانییەکە پێ لەسەر پابەند بوون بە رێوشوێنەکانی ئاکار دادەگرن داوا لە ئیماندار ولایەنگرانیان دەکەن قانوون و رێوشوێنەئاکارییەکان لە ژیاندا بکەن بە سەر مەشق بەلاّم ئایا تەنیا هەر مرۆڤی بە بڕواو ئیماندار پابەندی قانوونەکانی ئاکارە ؟ئایا مرۆڤی دوور لە ئاین وبڕواو ئیمان بیر لە قانوونەکانی ئاکار ناکاتەوە نرخ وبایەخێکیان بۆ دانانێ؟کەوا بوو (مەسەلەی ویژدان)کەی ئەحمد موختار بەگی جاف دەخرێتە چ خانەیەکەوە؟ رۆڵ ودەوری پەروەردە وخوێندن وژیرو رۆناکبیری وشارستانی لەم بوار وکایەیەدا دەبێ چ بێت؟ ئایا ئەم پرسیارە لە خۆیدائەو مانایەی لێ ناکەوێتەوە کە لەسەردەمی شۆرشی زانست وتەکنەلۆجی وجیهانگیری وشارستانیەتدا ئاین وبڕوا رۆڵ و بایەخ وگرنگی خۆیان لە دەست دابێت وخوێندنگاو پەروەردەی زانستی وزانکۆ ورۆناکبیری جێگای ئەوانەیان پڕکردبێتەوە ؟ مرۆڤی رروناکبیر، مرۆڤی خوێندەوارو مۆدێرن وشارستانی ئەگەر کارێکی چاك دەکات چاوەرێ پاداشت ناکات وئەگەر خۆی لە کاری



بەدکاری دەپارێزی لەوەوە نییە ترسی پۆلیس و دادگا لەمێشك و ناخ و بیریدایە، بەڵکو کۆمەك و هاوکاری و چاکەکاری و خۆلادان لە بەدکاری بە ئەرکی سەرشانی خۆی دەزانێ، بە بۆچوونی من هیچ جۆرە پێوەندییەکی هۆیەکی، هیچ جۆرە پێوەندییەکی دەستیاوی لەنێوان قانوونەکانی ئاکار و بڕوا وئاییندا نییە.بڕوا هێنان و هەبوونی ئیمان هیچ کاتێك ناچارەکی و هەمیشە پابەندبوونیان بە قانوونەکانی ئاکارەوە لێ ناکەوێتەوە.

## پەراوێزەکان

1- Storig, H.J,. Kleine Weltgeschichte der philosophie. Stuttgart 1961 .S.681 .ff

2- Storig., Ebenda ,S.685 .ff.

3- Storig., Ebenda ,S686 .ff.

٤- ئەوی سەرنجی بۆ ئەم بابەتە راکێشام برگەیەکە لە کتێبی مارتن هایدیگەر ((Sein und Zeit)) تێیدا ستایشی رۆمانێکی تۆلستۆی دەکات بەناونیشانی مردنی ئیڤان ئیلیتش.

5- Schnadelbach ,H., philosophie in Deutschland stw. 401. s.135.

6- Lange ,A,. Geschichte des Materialismus .stw .Bd.2.

٧- بوبنر، روديجر، الفلسفه الالمانيه الحديثة.ت: فؤاد كامل.م:د.عبدالأمير الاعسم، بغداد(١٩٦٨) ص ٢٨. ئەم کتێبە بە ئینگلیزی لە چاپخانەی زانکۆی کەمبرێج ساڵی (١٩٨١) بڵاوکراوەتەوە.

٨- حسان، د. عبدالحكيم، مذاهب الادب فى اوروبا.دار المعارف بمصر(١٩٧٩)، ص ١٥١.

٩- الرومانتيكيه فى الادب الانكليزى. سلسله الالف كتاب. ت: عبدالوهاب المسيرى واخرون القاهره، (١٩٦٤)، ص١٣، (ئەم بەرهەمە بریتییە لە زنجیرە وتارێك کە چەند نووسەرێك نووسیویانە و لە ئینگلیزییەوە کراوە بە عەرەبی).

10- Meyer Hans,.Abendlandische Weltanschauung. Bd.4. Wurzburg 1950.s.514.



١١- الرومانتيكيه، هەمان سەرچاوەی پێشوو..ل٢٢.

١٢- راندال، جون هرمان، تكوين العقل الحديث. ج١. بالاشتراك مع مؤسسه فرانكلين.بدون تأريخ.ت: جورج طعمة.ص ٤١٤.

١٣-د.عبدالحكيم حسان، هەمان سەرچاوەی پێشوی، ل١١١.

١٤- انجيلوز، جان فرانسوا :الادب الالمانى.ت: هنرى زغيب بيروت (١٩٨٠) ص٧٦. (ئەم کتێبە لە زمانی فەرەنسییەوە وەرگێردراوە).

١٥- بردیائف، نيقولاى، العزلة و المجتمع، ت: فؤاد كامل مصر (١٩٦٠)، ص٤٨.

16- Storig, H.J,. Kleine Weltgeschichte der philosophie. Stuttgart 19610S.328.

١٧-زکریا، دکتۆر فؤاد، اسبينوزا، بيروت (١٩٨٣)، ص١٠-١١.

١٨- بڕوانە پەراوێزی ژمارە(١٤)،

19- Spinoza,B., Tractatus Theologico-politicus.

ئەم بەرهەمە کراوە بە عەرەبی بڕوانە:

- سبينوزا، رساله فى اللاهوت و السياسه، ترجمه الدكتور حسن حنفى مراجعه الدكتور فؤاد زكريا، مصر (١٩٧١)، ص ٣٧١.

٢٠- زکریا، د.فؤاد هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢.

٢١- لوكاش، جۆرج، دوستويڤسكى.فى كتاب: دوستويڤسكى تحرير رينيه ويليك.ت: نجيب المانع. بيروت مع مؤسسه فرانكلين(١٩٦٧)، ص ٢٣٨، (ئەم کتێبە بریتییە لە کۆمەڵە لێکۆڵینەوەیەك، چەند فەیلەسوف و بیرمەندێك نووسیویانە لە دوو توێی کتێبێکدا کۆکراوەتەوە و لە ئینگلیزییەوە وەرگێردراوە).

٢٢- لوکاچ، گیورگ، هەمان سەرچاوە پێشوو، ل(٢٤٣). (لوکاچ فەیلەسوفێکی مەجەرستانییە، ناچار کراوە لەسەردەمی جەنگی ساردا وڵاتەکەی بەجێی بهێڵێ، چەندین نووسینی بەناوبانگی بە زمانی ئەڵمانی بڵاوکراوەتەوە وەك:

- تێکدانی ژیر.
- هوشیاری چینایەتی.
- هیگڵی لاو.
- فەلسەفەی هونەر و جوانی....تاد.

لوکاچ داکۆکی لە جۆرە جیهانبینییەکی مارکسی دەکات کە لە مۆسکۆ کاتی خۆی بە (ریڤیزینست ناویان دەبرد.)

## (٦)

# ئیگزیستێنتیالیزم پشتکردنە زانست و بێنیاز بوون لە فەلسەفە

١- دوور نییە ناونیشانی، نووسینەکە هەر لەسەرەتاوە هەڵوێستێك نیشان بدات بریتی بێت لەوەی لەمێشك وناخی دەروونی خوێنەردا رەنگی وێنەیەك لەچوارچێوەیەکدا برێژێ جۆرە سڵەمینەوەیەکی پێشەکییانەی لێبکەوێتەوە، چونکە نووسەر لەم بابەتەیدا پێشەکی و بە راستەوخۆیەکی زەق و بەبێ هیچ پاساودانێك بریارێك دەدات دەکرێت هەبونی جۆرە بێ لایەنی و لایەنگیرییەکی لێوە دەربکەوێ کە لە قەدەغە و پاوانی نووسین و بیرەرای بابەتیی و رەخنە و لێکۆڵینەوەی رێکوپێك دەچێتە دەرەوە، بەوەدا هەر لە سەرەتاوە وشەی لاتینی-ئەوروپایی Existentialismus کە رێبازێکی گرنگی کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم و سەدەی بیستەم بە تێکرایی نیشان دەدات، بەجۆرێك دەخاتە بەرچاو گوایە بریتی بێ لەوەی پشت لە زانست دەکات و راست وچەپێکی دوور لە بریاری ژیرانە بەسەر ئەو شۆرشە سەرتاپاگیرانەیدا دەهێنێ کە لە ژیان و کۆمەڵگادا بەرپای کردووە، ئینجا ماڵئاوایی لەو بەشەی فەلسەفە دەکات کە ئەلقەیەکی پڕ بایەخ و گرنگی زنجیرەی مێژووی پرۆسەی پەرەسەندنی نەپساو وبێ وچانی ئەو بابەتە بە پیت و پێز و بە برشتەی بیری مرۆڤی پێك هێناوە کە لەسەدەی شەشەمی بەر لە زانیین لە یۆناندا بە(حەزکردن لە دانایی) ناوبراوە!



ئەوە نییە ئەو رێبازە هەر لە سەرەتای پەیدابوونییەوە لە ناوەراستی سەدەی نۆزدەیەمدا لە لایەن سورێن ئابای کیرکێگاردی دانیمارکییەوە رووی گوفتاری کردۆتە مرۆڤ و کەرەسەی بوون و چارەنووس و ژیانی رۆژانە و بنەماکانی ئاکار و ئاییني کردووە بە بابەتی سەرەکی ئەو بیروبۆچوونەیان کە بە فلسەفە ناو دەبرێت؟! ئەگەر ئەم بابەتانە پشتکردنە زانست و بێنیاز بوون بێت لە فەلسەفە، دەبێ زانست، بەتایبەتی لایە تیۆرییەکەی و بەمانا گشتییەکی و فەلسەفە لە خۆیاندا چی بن؟!

ئایا دەکرێ بگوترێ ئەم بریاردانە پێشەکییە جۆرە تاکرەویی و یەکرەهەندیی روانگەی نووسینەکە بەرامبەر بەزانست و فەلسەفە نیشان دەدات، چونکە ئەو ناونیشانە هەر لە سەرەتاوە، سەرەرای رێبازەکەی بە ئیگزیستێنتیالیزم ناوبراوە سنوور و رادەیەکیش بۆ بابەت و قەوارە و ناوەرۆکی زانست و فەلسەفە رەنگ دەرێژێ؟تۆبڵێی لێرەدا مەبەست لەزانست وفەلسەفە بەمانا تایبەتییەکە نەبێت؟! ئایا زانست لێرەدا پەیرەو و رێباز دەگرێتەوە، یان ئەو ئەنجامانەیە لە داهێنان و کۆششە نەپساوەکەی زاناکانەوە کەوتۆتەوە؟! هەموو کەسێکی هۆشیار لەوە شارەزایە چەندین داهێنان و ئەنجامی لێکۆڵینەوەی زانست و زاناکان بوونەتە مایەی بەدبەختی مرۆڤ و رۆژ نییە هەرەشە لە چارەنووسی نەکەن، ئیتر ئایا دەکرێ ئەو لایەنە نالەبارەی ئەنجامی پێشکەوتنی لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی زانستیی کە هەرەشە لە بوونی مرۆڤ و دوارۆژی دەکات بەرامبەر بە لایەنی لەبار(پۆزیتیڤ) ی زانست دابندرێت و هەردووکیشیان بەرامبەر بە یەکتری بخرێنە نێو دووتای یەك تەرازوو؟راستە و گومان هەڵناگرێت ئەم رێبازەی فەلسەفە زۆر شت لە زانست و رێبازی زانستی دەخوازێتەوە، بۆشی نالوێت لەسەردەمی شۆرشی سەرتاپاگیری زانست و تەکنەلۆژی کە خەریکە بە تەواوەتی پاشەکشە بە ئایدیۆلۆژی کلاسیکی

دەکات و رشتنی رەنگی دوارۆژی مرۆڤ و ژیان و کۆمەڵگا و شارستانییەت کۆنترۆڵ دەکات، کەمتەرخەم و دوورەپەرێز و خەمسارد بەرامبەر بەو رەوشە بوەستێ. لەبەرهەمە بەپێز و فرە رەنگ و هەمەکێشە و ناوەرۆکی نووسینەکانی رابەرانی ئەو رێبازە دەردەکەوێ، پتر لایەنی ئەدەبی و لقەکانی پەیرەو کراوە و گیراوەتە بەر، بەتایبەتی چیرۆك و رۆمان و شانۆ.ئەگەر سوودیش لە زانست و بابەت و رێباز و چەمکەکانی وەرگیرابێ، ئەو وەرگرتن و خواستنەوەیە پتر لایەنێکی نالەباری هەبووە. لەو روانگەیەوە، گومان لە ئەنجام و سوود و قازانجەکانی دەسکەوتە زانستییەکان کراوە، لەوەدا کە تا چەند سوود و قازانجی مرۆڤیان تێدایە، بەڵام ئەو مرۆڤەی رابەرانی رێبازی ئیگزیستێنتالیزم تێیگەیشتوون و پێناسەیان کردووە. بێگومان ئەم هەڵوێستە ئەنجامێکی مەنتیقی بۆچوون و تێگەیشتنی ئەو رێبازەیە لە بارەی زانست و مرۆڤ و کۆمەڵگاو ژیان و مردن و کلۆڵی وبەختیاری و ئایینەوە. ئەگەرچی نیتشێ سەر بەم رێبازە نەبووە، بەڵام لە شاکاری ئەوهای گوتووە زەردەشت بەوپەری رێکوپێکی و رەوانی هەڵوێستی ئەم فەیلەسووفانەی بەرامبەر بە زانست و ئەنجام و دەسکەوتەکانی دەربریوە. نیتشێ گوتوویەتی:

**من لە دانایی خۆم بێزار بووم**
**وەك مێشهەنگێك کە هەنگوینی**
**لەرادەبەدەر و فرەی کۆکردبێتەوە**
**پێویستیم بەچەند دەستێك هەیە کە**
**بۆ لام درێژ بکرێن**[(١)] ....

ئەو قسەیەی نیتشێ ئەگەرچی دەخرێتە چوارچێوەی هەڵوێستێکی ناکردنی زانستەوە، لە خۆیدا چەند دانپێدانانێکی راشکاوی تێدا دەبینرێ. دانانی زانست بە هەنگوین و زانایان بە مێشهەنگوین راستییەکی تێدایە،



ئەگەر چی ئەو ئەمەی بەهیچ جۆرێك مەبەست نەبووە.ئینجا کەسێك نییە ئەنجامی لێکۆڵینەوەی زانست و زاناکان کە هەنگوینە و نیتشێ دەیبەستێتەوە لاری لە وەرگرتن و پەسەندکردنی هەبێت.

٢- دوو خاڵ لە چوارچێوەی ئەم رێبازەدا ئەگەر و گومان هەڵدەگرن و لەهەمان کاتدا سەرنج بۆلای خۆیان رادەکێشن.لەهەردوو خەڵەکەشدا، کەجێگای رامانیشە رۆڵی گرنگی ئایین و بروا بە ئاشکرا لەبەردەمدا قووت دەبێتەوە.

یەکەم: هەموو سەرچاوەکان لەسەر ئەو بۆچوونە کۆکن فەیلەسووف و لاهووتیی و بیرمەندی دانیمارکی سورێن ئابای کیرکیگارد(١٨١٣-١٨٥٥) لەسەدەی نۆزدەیەمدا دامەزرێنەری راستەقینەی ئەو رێبازەی فەلسەفەیە.لەبەرهەمەکانی ئەم بیرمەندەدا بە ئاشکرا رۆلی ئایینی مەسیحی و لاهووت، ئیتر لەبار-نالەبار، بەپشتگیری کردن یان بە گژداچوون بێ، دەردەکەوێ و سەرنج رادەکێشێ. راستە لەم بوار و کایەیەدا فەلسەفەی هیگلێ ئینجا دارمان و هەرەسهێنانی فەلسەفەی سەرتاپاگیر و ئەبستراکت، دوور لەمرۆڤی ئاسایی، کە بەئایدیالیزمی ئەلمان دانراوە شان بەشانی سەرهەڵدان و گەشەکردنی رێبازی رۆمانتیکی بەهەردوو باڵی فەلسەفە و ئەدەبەوە، لەگەڵ ئەو گۆڕانە گەورە و گرانانەی دوای دیاردەی رمانی ئایدیالیزمی ئەڵەمان و پەرەسەندنی لێکۆڵینەوەی زانستی و ئابووری و سیاسی بەسەر ژیان و کۆمەڵگادا هاتووە، لەو پرۆسەی پەیدا بوون و رێگا خۆشکردن بۆ رێبازی ناوبراوە لەسەر شانۆ دوور و دوورە پەرێز نەبوون، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەو راستییانەدا کە ناویان هێنرا و باس کران، لەتێکرای بەرهەمەکانی ئەم بیرمەندەی دانیمارك دەردەکەوێ رۆلی ئایین، تا رادەیەکی سەرسورهێنەر لەهۆکارەکانی تر باڵا دەستتر و کاریگەر تر بووە. بۆیە بەبێ سڵ و پارێز دەکرێ بوترێ شان بەشانی بەگژداچوونەوەی فەلسەفەی هیگڵ و

سوود وەرگرتن لەو رەوش و هەلومەرجانەی رێبازی رۆمانتیکی ئەڵمانییان لێ پەیدا بووە، ئایینی مەسیحی، بەتایبەتی مەزهەبی پرۆتستانتی هۆکار و سەرچاوەیەکی بەپێز و لەبن نەهاتووی بیروبۆچوونەکانی کیرکێگارد بوون . بۆیە دەکرێ بوترێ((ئاین و بابەتەکانی هەمیشە لەبەرچاو کیر کێگارد حازر و ئامادە بوون))[٢]. ئەمە پشت راستکردنەوەی گریمانەی رۆلی ئایینە لەبیروبۆچوونی دامەزرێنەر وشاسوارێکی گۆرەپانی ئەم رێبازە و لە بیر و ناخ و دەروون ورووژێنەی فەلسەفە.ئەو کارەی بەرهەمەکانی کیرکیگارد لە رابەرانی رێبازی لاهووتی دیالێکتیکی پرۆتستانت و کارل بارت و فەیلەسووفەکانی تری مەسیحی کردوویەتی، خەسڵەتی جۆرە ئایینییەك بە بۆچوونەکانی ئەم بیرمەندەی دانیمارك دەبەخشێ، بۆیە دەکرێ مرۆڤ چەندین جار پێ لەسەر ئەو راوبۆچوون و هەڵوێستە دابگرێت کە لە فەلسەفەی کیرکیگارد ئیتر وەك بابەتێکی سەربەخۆ تەماشا بکرێت، یان دەروازەیەك بەرەو ئەو کۆشك و تەلارەی مرۆڤ پێیدا دەچێتە ناوەوە کە بە فەلسەفەی ئێگزیستینتیالیزم ناو دەبرێت تەماشا بکات، فەلسەفەیەکە لە پوختە و جەوهەردا لەفەلسەفەی ئێگزیستی ئایینی بەولاوە نییە[٣].

دووەم: دیسانەوە هەموو سەرچاوەکان، بەدڵ و بەنابەدڵی، ئەم رێبازە بەپێی رابەرەکانی و هەڵوێستیان بەرامبەر بە ئاین دەکەن بە دوو بەشەوە:

-لایەنی مەسیحی یان ئەوانەی سڵ لەوە ناکەنەوە کەبەفەیلەسووفی ئێگزیستینتالیستی مەسیحی ناو دەبرێن، لەمانە کیرکیگارد، گابرێل مارسێل، کارل بارت و. جگە لەوەش لەبەرهەمەکانیاندا بە ئاشکرا لایەنگیری مەزهەبێکی ئایینی مەسیحیان کردووە، ئیتر چ پرۆتستانت، یان کاتۆلیك بووبێ.

-لایەنەکانی تر بەئاشکرا وبەجۆرە شانازیی کردنێکەوە خۆیان بە گومرا و بێ ئیمان دادەنێن، وەك جان پۆل سارتر تەنانەت لەهەندێك بەرهەمیدا بۆ



پاساودانی ئازادی تاکە کەسی قسەی دیمتری کارامازۆفی پاڵەوانی رۆمانتیکی دیستۆیڤسکی کردووە بە دروشمی خۆی و بگرە بە دروشمی فەلسەفەکەی کە بەم جۆرەیە:

**ئەگەر رەب نەبێ هەموو شتێك رێگا دەدرێت!**

ئەگەر چی سارتر ئەم قسەیەی زۆر بەگرنگ داناوە و کردوویەتی بەبەردی بناغەی ئەو ئازادییەی جەوهەری فەلسەفەکەی پێ نیشان دەدات، بەباوەری سارتر بروا بوون بەئایین، ئیمان لایەنگیری کردنی بۆچوون و دۆگم و دەزگاکانی کلێسای مەسیحی، بروا هێنان بە بوونی جەوهەر و بوونەوەرێکی ترانسندێنتی سەروو سروشت کە لە لای ئەرستۆی یۆنانی بە یەکەم بزوێنەر یان ئەو بزوێنەرەی خۆی نابزوێ ناوبراوە کۆسپ و پەرچێو وتەگەرە بێ لەبەردەم ئازادیدا و جۆرە سنوورێك بۆ سەربەستی دابنێن. ئەم بریارەی سارتر کە بووە بە خاڵێکی سەرەکی لە جیهاندیدەکەیدا، دەکرێ لە دوو لاوە رەخنەی لێ بگیرێت و گازندە هەڵدەگرێ:

یەکەم: سارتر ئەگەرچی بە درێژایی ژیانی دەستبەرداری ئەو بنەما فەلسەفەییەی نەبووە، وایداناوە هاوکێشەیەکی ناتەبا هەیەو ناکردنەکەی تەباو و پۆزەتیڤ دەکەوێتەوە.((ئازادی و ئایین و بروا و ئیمان)) ئەگەر بەدەستەواژەیەك دابندرێت و لە گۆشەیەکی مەنتیقییەوە سەرنج بدرێت و هەڵبسەنگێنرێت بە چەمك وناوەرۆکەوە رستەیەکی لەپێکهاتەدا ناکۆکە و بەهیچ بنەمایەکی ژیرەکی بەند نییە چونکە سارتر وتەنی:ئازادی لەگەڵ ئایینی دا ناخرێتە ناو دوو تای تەرازوویەکەوە، بەیەکەوە ناکۆك و ناتەبان، ئەوەندەی مرۆڤ مەسیحییەکی ئیماندار بێت، ئەوەندە پابەندی چەند رێوشوێن و دۆگمێك دەبێ ناچاری دەکات لە ئازادییەکەی دەست هەڵگرێت، ئەوە نییە مەسیحییەکانی سەدەکانی ناوەراست خۆیان بەبەند و کۆیلەی

ڕەب داناوە و داوایان کردووە ئەگەر لە ڕوومەتی چەپیان سڕەواندی، ڕوومەتی ڕاستییان بۆ ڕابگرە. بۆیە بەلای ئەو فەیلەسووفە بێ بڕوایە، ئەم دوو تای یەك تەرازووە ئازادیو ئایین یان بڕوا بوون، ئیمان ئەگەر هەر لایە ئەوی تر بە تەواوەتی ڕەت نەکاتەوە سنووورداری دەکات، سنوورێك سەربەخۆییەکەی بەمانا تایبەتییەکەی لەدەست بدات و لەهەڵوێستێکی سەرسوڕهێنەردا سەرگەردان بێت.پرسیارێك بە بیردادێت ئەوەیە، ئەگەر پەکخستنی ئیمان، لابردنی ئایین لە گۆڕەپانی ژیانی کۆمەڵگا و تاکەساندا ئازادی و سەربەخۆیی لێبکەوێتەوە بۆ دەبێ پێچەوانەکەی ڕاست نەبێت؟ئایا ئەو قسەیەی سارتر گەڕانەوە نییە بۆ فەلسەفەی نیهلیستی نیتشێ:- ئایین وئاکار و ئازادی تاکە کەسیی بەجۆرێکی نائاسایی بەرامبەر بەیەکتری دادەنێت؟من وای بۆ دەچم هیچ پێوەندییەکی ناچاری — دەستیاویی لەنێوان ئازادی و بڕوا و ئاکاردا نییە. ئەوەی دەڵێ ئەگەر بڕوا و ئیمان هەبێت مرۆڤ پابەند و ملکەچ دەبێت ئەگەر ئەمانە بخرێنە لاوە یان هەر نەبێ نەتوانن کار لە مرۆڤ بکەن و پابەندی بکەن، ئازادی ڕێگای بۆخۆش دەکرێت، بەکەم زانینی مرۆڤە و بەهەڵە تێگەیشتنی ڕێوشوێنەکانی ئاکار و ناوەڕۆکی ڕاستەقینەی باوەر و ئیمانی مەسیحیەتە. ئازادی لە خۆیدا و بۆخۆی نە ڕەوشێکی دەروونیە و نە چەمکێکی میتافیزیکییە، بە هەبوون و نەبوونی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی بوونەکەی ونابوونەکەی بڕیار و دەستنیشان ناکرێت, ئازادی بە پرۆسەیەکی درێژ خایەنی کۆشش و چالاکی پشت ئەستوور بە چەندین فاکتەر و هۆکار و کارکردەی هەمەڕەنگ دێتەدی . خۆ ئەگەر گریمانەکەی هیگڵ کە وتوویەتی((نەبوونی ڕەب وەك گریمانەیەك دەکرێ بە بەڵگەی مەنتیقی ساخ و پشت ڕاس بکرێتەوە)) لەم کایە و پاوانەدا لەبەر چاو بگیرێ، هیچ خشت و کەرپووچێك ناخاتە سەر چینی دیواری ئەو کۆشکەی سارتر ویستوویەتی دایبمەزرێنێ، کێشە و بابەتی بڕوا



بوون و نەبوون کێشەیەکە پێوەندی توندوتۆڵی بە پێکهاتەی ناوەکی ناخ و دڵ و دەروونی مرۆڤ خۆیەوە هەیە و بەهیچ جۆرێك بە مەنتیق و بەڵگەکانی ژیر و سەلمێنەکانی نە بڕوا و ئیمان پەیدا دەبن و نە لەناو دەچن، چونکە بڕوا و ئیمان لەهەست و سۆز و دەروونی مرۆڤەوە سەرچاوە دەگرن، ژیر لەخۆیدا بڕوا ناهێنێ و بێ بڕواش نابێت. ئەوی ئەم کارە دەکات مرۆڤ خۆیەتی! بڕوا و ژیر، زانین و ئیمان دوو بابەتی سەر بە پێکهاتەی دوو جیهانی لە یەکتری جیاوازن. لەکاتێکدا خورپە و نیگەرانی و گومان هاندەر و وروژێنەری ئاکردن و ناکردنی بڕوان، ژیر خۆی بەهەموو جۆر و شێوازێك دەیەوێ و کۆشش دەکات و تیاشیدا سەرکەوتووە، دیواری گومان بە هەموو جۆرەکانییەوە بڕمێنێ.چ هەست و سۆز و ناخ و دەروونێك هیوای ژیانی جاویدانی و هەتاهەتایی و بەختەوەری بێ سنووری ئاسمانی وەك جادوو و تەلیسم نایوروژێنێ و پەلبەستی ناکات!

دووەم: گازندەکەی تر کە سارتر و ئەو گریمانەیەی دەگرێتەوە ئەگەر دەیان جار دووبارە و سێ بارە بکرێتەوە، بایەخی فەلسەفەیی خۆی هەرگیزاو هەرگیز لە دەست نادات پوختەکەی بەموجۆرەیە:

ئەگەر کێشەیەك کرا بە بابەت و بە پەیرەو و میتۆدە و ئامرازی ئاسایی بەلایەکدا نەخرا، ئەگەر بۆچوونێك لە پاساودان و پشت ڕاستکردنەوەیدا کەلەبەرێکی تێکەوت هیچ پێویست ناکات هۆکارێکی ترانسندێنتی سەروو سروشت ودۆگم و بڕوا و ڕێوشوێنەکانی ئایین بهێنرێنە مەیدان. ئازادی بەمانای گشتی و تایبەتییەکەیەوە، ژیان، کاروباری کۆمەڵگا بە تێکرایی، کێشەکانی مرۆڤ بە گشتی، دوا ڕۆژ تەنانەت جیهانیش دەکرێ و بگرە پێویستە بەرێگای لێکدانەوەو بەهۆی هۆکارو فاکتەر بەڵگەی سروشتیانە لە ژیان و دەوروبەرەوە کەوتبنەوە پاساو بدرێن.هیچ پێویست ناکات ئۆباڵی ئەو نالەبارییانەی لە ژیان و جیهان و کۆمەڵگادا دەقەومێن بخرێتە ئەستۆی

سەروو سروشت و ئەو دیاردانە تەنیا هەر لەلایەن لایەنی تایبەتی و دیارەوە سروشتی ترانسندێنتی سەروو سروشتیان پێدەبەخشرێ! دوور نییە سارتر ئەو بیرۆکەیەی ئازادیی لە هەڵوێستی کیرکیگاردەوە بەرامبەر بەبابەتی ئاکار خواستبێتەوە و پەرەی پێدابێت. لەلای کیرکیگارد لەکایەو بواری ئاکاردا خودی تاکە مرۆڤ، تاکە کەس خودی خۆی هەڵدەبژێرێ و دایدەهێنێ، سارتر ئەم بۆچوونەی بەسەر ئازادی تاکەکەسیدا پراکتیزە کردووە!

٣- ئەگەر هەندێك مێژوونووسی فەلسەفەی هاوچەرخ بەلایانەوە دابەشکردنی ڕێبازی ئیگزیستینتیالیزم بە پێی مەسیحی و نامەسیحی[٤]، ڕەوا و پەسەند نەبێت، دابەشکردنی ئەو ڕێبازە بە باڵی ئەڵمانی و باڵی فەرەنسایی لەوی پێشووتر زانستیانە و پەسند تر نییە .ڕاستە هایدگەر و یاسپەرز لە هەندێ بابەت و بیروبۆچووندا لەسارتر و مارسیل و کامو و میرلۆپۆنتی جیاوازن، بەڵام هیچ کامێك لەم فەیلەسووفانە لەبەرهەمەکانیاندا خەسڵەت و کەسایەتیی و سروشتێکی تایبەتی نەتەوەیی نیشان نادەن کەببێتە مایەی ئەوەی بەئەڵمانی یاخود فەرەنسایی، ناو ببرێن.ئەوەی گومان و ئەگەر هەڵنەگرە، لەفەلسەفەدا، ڕێباز وتاکە فەیلەسووف بە دوو شت لەیەکتری جیا دەکرێنەوە و دەخرێنە خانەی تایبەتی سەر بەرێباز و قوتابخانە جۆربەجۆرەکان:

یەکەم: یان بە هۆی ناوەرۆکی ئەو بیروبۆچوون و تیۆرییانەی ڕێبازەکەی پێك دەهێنێت کە دەکرێ بەبابەتی جەوهەری فەلسەفەکەی دابنرێت.

دووەم: یان بەپێی ئەو پەیرەوەی[٥] لەچالاکی ڕشتنی ڕەنگی سیستەمە فەلسەفەییەکاندا گیراوەتە بەر.

لێرەدا دەکرێ بەبێ سڵ و پارێز بە ڕاکشاویی بگوترێ :-ئەو ڕێبازەی فەلسەفە لەبابەت و کەرەسەکەیدا جۆرە نوێخوازی و داهێنانێك نیشان دەدات. هەروەك لەناوەکەوە دەردەکەوێ مرۆڤ کە لە وشەی Exist لاتینی



وشەی ئەڵمانی Dasein کەوتۆتەوە، کردووە بە سەرەتا و بنچینە و پوختەی فەلسەفەکەی. خۆ ئەگەر هەندێ فەیلەسووف نەیانویستبێ وشەی Existentialism واتە ڕێبازی بوونی مرۆڤ بەکاربهێنێ، وشەیەکی تریان بەکارهێناوە کە ڕێبازەکەی بەفەلسەفە گۆڕیوە و بوونی مرۆڤەکەی هەر تێیدا ماوە، واتە وشەی Existentialphilosophie بەکارهاتووە.سارتر لە باسێکیدا کەفەلسەفەکە پوختە دەکات ئەو ڕێبازە و مرۆڤ پەروەرییەی بەرامبەر بە یەکتری داناوە.بۆیە لێرەوە دەکرێ بوترێ:

**((جەوهەری بوونی دیار و دەستنیشانکراو لە بوونی مرۆیی خۆیدایە، وشەی بوونی دیاریکراویش لە مرۆڤ بەولاوە نییە[٦]))**

لەم بریار و بۆچوونەوە دەردەکەوێ بوونی مرۆڤی تاك، مرۆڤی هەست پێکراو و بەرچاو وخوێن و گۆشت بابەتی سەرەکی ئەو ڕێبازەیە و دەکرێ بەسەرەتایەك بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە پشتی پێ ببەسترێ:

مرۆڤ چۆن و بەچی لە بوونی مرۆڤ و بوونەوەر تێدەگات؟!

بوونی مرۆڤ لێرەدا جۆرە خودی مرۆڤ بەرامبەر بە(ذاتیە)ی عەرەبییە لەگەڵ ئەو هەڵوێست و ڕەوش و دۆخ و بارانەی دەیگرنەوە و بەسەریدا دێن، بابەتی سەرەکی سەرنجدان و لێکۆڵینەوەن:بوونی مرۆڤ، جەوهەر و ماهیەتەکەی، ژیان، مردن، بەختەوەریی، کڵۆڵی، بێزاری و نیگەرانیی و پەشێوی و ئازادی و هەڵوێست و خواست و کەسانی تر و نامۆیی. تەنانەت هەندێ ڕابەری ئەم ڕێبازە چەمکی دیاریکراویان کردووە بەنیشانی هەندێك نووسین و ڕۆمان: سارتر و کامو...خودی مرۆڤ، وەنەبێ بۆ یەکەم جار لەلای ئەم ڕێبازە، بگرە لەسەردەمی کۆنی یۆنانەوە، سەدەی شەشەمی بەر لەزایین، سۆفستاییەکان بایەخیان بە مرۆڤی ئاسایی داوە و هیچی تر خۆیان بەدیاردەکانی سروشتەوە خەریك نەکردووە. سوکرات یەکەم فەیلەسووفە

داوای کردووە((مرۆڤ خۆی بناسێ)) و بایەخ بە بابەتەکانی ئاکار بدرێت.دیکارت ((من بیردەکەمەوە - کۆگیتۆ)) ی کردبوو بە بنەمای فەلسەفەکەی. لە لای سانت ئۆگۆستین و هەندێك لاهووتی تری سەدەکانی ناوەراستی مەسیحی ئەوروپا بابەت و چەمك و کەرەسەی لەو جۆرە لەنوسین و بەرهەمەکانیاندا دەردەکەون.

٤- لەلای رابەرانی ئەم رێبازە، بەتایبەتی لەنووسینەکانیاندا بەتەواوەتی پشت بەتاقیکردنەوەی خودی خۆ بەستراوە ئەوان بە((تاقیکردنەوە و ئەزموون بوون)) ی ناو دەبەن، هەر لەم لایەنەوە چەند چەمکێك پەنای براوەتە بەر و بەکارهێنراون دوورونزیك، کەم تا زۆر توندوتۆڵ بەخودی نووسەرەکەوە بەندن:

بوون، هیچ، من، بوونەوەر، بۆخۆی بوون، لەخۆیدا و بۆخۆی، ئەوەی تر، تۆ، نامن و نابوون تێزەی بوونی مرۆڤ پێش ماهیەتەکەی (چییەتیەکەی)دێت، دیسانەوە پێداگرتنە لەسەر خود و بوونی مرۆڤی دیاریکراو.

ئەو خۆیەتی ئەو رێبازە بایەخی پێدەدات خودی(من) ە، خودی تاکەکەسیە و هیچ پێوەندی بە خودی بیرکەرەوەی دیکارت و خودی کۆمەڵایەتییەوە نییە، ئەو خودەیە بەردەوام لە ژیانی رۆژانەیدا، لەجیهانێکدا بڕوا و ئیمان لاواز بوون، مرۆڤ هەمیشە هەست بە نامۆیی و بیانیەتی خۆی دەکات، ناچارە لەنێوان چەندین سەرپشك بووندا یەکێکیان هەڵبژیرێ و بەبڕیار وهەڵوێست سەرپشك بێت، بۆیە دووچاری دەستخەرۆیی و بێ ئومێدی و رەشبینی و نیگەرانی دەبێت. تاکە کەسیی لێرەدا سروشت و خەسڵەتێکی خۆیی(خودی - ذاتی) تاکیی هەیە،ئەو رێبازە لە مرۆڤەوە دەست پێ دەکات و سروشت و دەوروبەر پشتگوێ دەخات، خۆی فەلسەفەی خودە نەك بابەت، چونکە خود پێش هەموو شتێك هەبووە، ئەو خودەش بۆ خۆی لە خۆیدا کاریگەرە نەك خودێکی بیرکەرەوە[٧].



ئەوەی لەو تێکستەوە دەکەوێتەوە، چەند خاڵێکە دەکرێ بەم پێیە پوخت بکرێتەوە:

- ئەگەر خود، خودی کاریگەر بێت و فەلسەفەی لێوە دەست پێ بکات و بابەتی نامن پشتگوێ بخات، دەبێ دەسبەرداری خوێتی و خودەکەی مرۆڤی خۆێتی ببێ، چونکە ئەم دەسپێکردنە بەخود وەك سەرەتایەکی فەلسەفە خودەکەشی دەکات بە بابەت و کەرەسەی لێکۆڵینەوە و لێرەدا کاریگەرییەکەی جارانی لەدەست دەدات.

- خود لێرەدا وەك رابەرانی ئەم رێبازە باسیان کردووە و ویستوویانە پێناسەی بکەن، پتر تەمومژاویی کراوە تا ئەو رادەیەی بووە بە چەمکێکی میتافیزیکی هەڵهێنانی مەتەڵەکەی و کردنەوەی گرێ کوێرەکەی لە هی چەمکی میتافیزیکی ماددە و ئەتێر و ژیر و جەوهەر و ماهییەت و گیان ئەگەر گرانتر نەبێت ئاسانتر نییە.

- بایەخدان بەخود و پشتگوێ خستنی بابەت، بەو شێوازەی لەلای رابەرانی ئەو رێبازەوە پێی لەسەر داگیراوە جارێکی تر دوو رەنگییە کۆنەکەی سەدەکانی ناوەراست، بەشێوە و ناوەرۆکێکی مۆدێرن، دێنێتەوە یاد. ئەو دوو رەنگییەی لە دەریای تاریك و بێ بنی میتافیزیکدا نقوم ببوو، بەتایبەتی بەو جۆر و شێوازەی هەردووکیان لەیەکتری دادەبڕان یان یەکێکیان پتر بایەخی پێدراوە و خراوەتە سەر ئەوی تریان:

- راستی (هەقیقەتی) خۆیەتی.
- راستی بابەتی.

لاسەنگ کردنی تای تەرازوو بەلای یەکەمیاندا وپشتگوێ خستنی ئەوی تریان، دوورکەوتنەوەیە لە رێبازی زانست و مەنتیق و ژیر و پشت کردنە زانستە.

- ئەو ڕێبازە هەوڵی داوە چەمکە ئاساییەکانی فەلسەفە و زانست دووربخاتەوە و لەجێگایاندا چەند چەمکێکی تر دابنێ وەك: ترس و پەشێوی و نیگەرانی و مردن و کلۆڵی و بێزاری ئەمانە پتر لایەنی نالەبار و لاوازی و بێدەسەڵاتی و چارەی ناچاری مرۆڤ دەردەخەن. ئەگەر ئەم ڕێبازە لە هەڵبژاردن و توێ توێ کردنی بابەتەکانی دا جۆرە داهێنان و سەرکەوتنێك لەچاو ڕێبازەکانی تر و بەپێی سەردەمی خۆی نیشاندابێت، لەو چارەسەرەیدا دەربارەی کێشەکان و لەو وەڵامانەدا دەربارەی پرسیارە فەلسەفەییەکانی پێشکەشی کردوون هیچ جۆرە ڕەسەنییەك بەرچاو ناکەوێت.

ئەو کۆششەی سارتر بۆ بەلایەکداخستنی دوو ڕەنگی ناخ و ڕوخسار، هێزەکی و کردەکی، جەوهەر و ڕووکەش کردوویەتی وناوی تیۆری فینۆمینی لێناوە[8]، گریمانەی ئامانجەکی Intetionalitatslehre فرانتس برێنتانۆ و ڕێبازی فینۆمینۆلۆژی ئیدمۆند هۆسەرل دێنێتەوە یاد.

بەلای برێنتانۆوە دیاردە هەمیشە سروشت و خەسڵەتێکی ئامانجەکی هەیە و ڕاستەخۆ بابەتی هۆش و هەستە، چونکە هۆش هیچ کاتێك بێ بابەت و ناوەرۆك نابێت و هەمیشە بریتییە لە هۆش بوون لەشتێك، لە بابەتێك: و دەکرێ بابەتەکە خودی مرۆڤ، بوونی دیاریکراوی خۆی بێت، بەڵام بە هیچ جۆرێك ئەو دوو ڕەنگییە لانابات، بەڵکو پتر دووپای دەکاتەوە. ڕاستە هۆش، هەست هیچ کاتێك ئەبستراکت و ڕووت و پەتی نابن و ناوەرۆکیان هەیە، بەڵام ئەو ناوەرۆکە نە هەست و نەهۆشە بەڵکو بابەتێکە بەهۆی هەست و هۆشەوەی دەرك و پەی پێبردراوە و دەکرێ بە هاوردە ناو ببرێت.

٥-سەرەرای ئەو کەلەبەرانەی لەفەلسەفەی ڕابەرانی ئەو ڕێبازەی سەدەی بیستەمدا هەیە و سەرەرای ئەوەی هەندێك لەم فەیلەسووفانە ڕازی و قایل نابن ناوی ئەو ڕێبازەیان لێبنرێت، دەکرێ پەنجە بۆچەند خاڵ



و بابەتێکی ناوکۆیی فەلسەفەی ئەو ڕێبازە ڕابکێشرێ کە لە فەلسەفەی هەموویاندا بەدی دەکرێن و بەرچاوون:

یەکەم: مرۆڤ کە باسی بوونExistenz دەکات ڕاستەوخۆ و یەکسەر مەبەست لە بوونی مرۆڤە، بۆیە ئەم ڕێبازە بە مرۆڤ پەروەر، بە مرۆڤ دۆست humanistisch دادەنرێت[9]. بوونی مرۆڤی لە فەلسەفەی ئەم ڕێبازەدا پێی لەسەردادەگیرێ، مەبەست لە خود لە بوونی مرۆڤی تاکە، ئەو مرۆڤەی دیاری کراو و لەکات و شوێنێکی سنووردار و دەستنیشانکراودا هەبووە. مرۆڤ خۆی لە خۆیدا بە بوون بابەتی سەرەکی ئەم فەلسەفەیەیە.

دووەم: لەلای زۆربەی زۆری ڕابەرانی ئەو فەلسەفەیە بەتایبەتی لەلای سارتر ((بوون لەپێش ماهییەتەوە دێت[10])) ماهییەت وشەیەکی عەرەبییە لەسەردەمی عەباسیەکاندا بەو جۆرە پێناسەکراوە((ما به الشیء هو هو)) ئەو خەسڵەتە سەرەکی و گشتی و جەوهەرییانەیە بوونی شتەکە و بوونەوەرەکەیان لێ پێك دێت و لەکاتی لەدەستدانیدا ئەو شتە خۆی نامێنێ و دەبێ بەشتێکی تر. لەمەنتیقی کلاسیکیدا بەتایبەتی هی سەدەکانی ناوەراست ماهییەت بەواتایەکی تایبەتی و بە واتایەکی گشتی هەمەکی سەرنج دراوە. ماهییەت بەمانا تایبەتییەکە دەکرێ بوترێ مەبەست لەو خەسڵەتانەیە کە مرۆڤ خۆی، بوونی مرۆڤ هەیەتی.گشتییەکەش ئەوەیە مرۆڤ خۆی مرۆڤە، ئەو خەسلەتانەی مرۆڤ لە بوونەوەرەکانی تر جیا دەکەنەوە، ئەمە دەکرێ بە کەسایەتی مرۆڤ دابندرێت. بێگومان ئەم ڕێبازەی فەلسەفە ئەم وشەیەی خستۆتە ناو ئەو ڕستە دەستەواژەوە هیچ جۆرە مەبەستێکی مەنتیقییانەی نەبووە، چونکە کێشەیەکە بە بابەت و مەبەست لەوی مەنتیق ئەوپەری دوور و جیاوازە. ئیگزیستینتیالیزم بەگشتی و سارتر بەتایبەتی بەو ڕستە تەمومژاوی و میتافیزیکییە ویستوویانە جۆرە ئازادییەکی مرۆڤی تاك و تەنیا پاساو بدەن، ئەو ئازادییەی لە فەلسەفەی سەدەکانی ناوەراستدابە

ئازادی خواستی مرۆڤ(ئیرادە) ناوبراوە . ئەگەر بوون لە پێش جەوهەر و ماهییەتەوە بێت، مرۆڤ خۆی ماهییەت و سروشت و چارەنووسی خۆی دیار و دەستنیشان دەکات و بەتەواوەتی ئۆباڵی هەڵوێست و بڕیارەکانی کە دەیاندات دەکەونەئەستۆی، بۆیە وەك ئەم ڕێبازە دەڵێت، مرۆڤ بەناچاری ئازادی لە چارەنووسراوە. ئەو ئازادییەی لێرەدا قسەی لێدەکرێت پتر لە ئازادییەکی نیوەچڵی نێو شانۆ و ڕۆمان دەچێت، چونکە ئەوی پێوەندی بە ئازادییەوە هەیە، هۆکاری ناوەکی وفاکتەری دەرەکی و هەڵومەرجی تایبەتی و گشتی نە باس کران و نە بایەخیان پێدراوە.

سێیەم: (هیچ) بەرامبەر بە چەمکی Nichts ئەڵمانی و(عدم) ی عەرەبییە ڕەگەزێکی ڕەسەن و جەوهەرییبوونی مرۆڤە بەگشتی، ئەو هیچە کاتێك دەردەکەوێ  خۆی دەچەسپێنی ئەگەر مرۆڤ دووچاری نیگەرانی بوو، نیگەرانی لێرەدا بەرامبەر بە وشەی Angst ئەڵمانی و(قلق) ی عەرەبی بەکارهاتووە.لە شاکارێکی هایدیگەردا ئەو لایەنە ڕوون کراوەتەوە[١١].

چوارەم: بێهوودەیی لە هەموو شتێکدا، هەر لەدایك بوونەوە تاوەکو ماڵئاوایی کردن لە ژیان و جیهان. بێهوودەیی لەو کایەیەدا بەرامبەر بە وشەی لاتینی Absurd وشەی عەرەبی (العبث) بەکارهێنراوە.

کاتێك باس لەو بابەت و چەمکە دەکرێت یەکسەر نموونە کلاسیکییە بەناوبانگەکەی ئەڵبێرت کامو:داستانی سیزیف دێتە بەرچاو.

کامو داستانی کۆنی یۆنانی سیزیفی کردووە بەو دەفرەی بیروبۆچوونی خۆی دەربارەی بێهوودەیی کردار و ژیانی تێدا دارشتووە و گەیشتۆتە ئەو ئەنجامەی بێهوودەیی لەوپەڕی توندوبەهێزییەکەدا، لەمردندا و تەنیا هەر بە مردن کۆتایی دێت[١٢]، ئەلبێرت کامو لەسیزیفدا بێهوودەیی چارەنووس و ژیان و کردار و دوارۆژی مرۆڤی دیتووە. سیزیف بڕیار(حوکم) ی بەسەردا دراوە بەردێك، کەڤرێك لەقەدپاڵی چیایەکەوە سەربخاتە سەر چیاکە، پێش



ئەوەی بەردەکە سەرخاتە سەر چیاکە، بەردی تاینی لێ بەردەبێتەوە و خلۆر دەبێتەوە بۆ قەدپاڵی چیایەکە، سیزیف کۆڵ ناداو نابەزێ و بە نائومێدی و بەهۆش و هەستکردن بە بێهوودەیی جارێکی تر دێتەوە خوارێ و بەردەکە دەخاتەوە سەر شانی و هەوڵی سەرخستنەکەی دەداتەوە، بەم پێیە، بێ ئەنجام، بێهیوا و بێهوودە... بەڵام کۆڵ نادات و لەبێهوودەیی و ناژیرەکییە(نامەعقول) کە یاخی دەبێت و ڕووبەڕووی ئەنجامەکانی دەبێتەوە کە ناچارەکی لێدەکەونەوە: یاخی بوون (شۆڕش) ئازادی، بەرەنگاری بوونی نیگەرانی ژیان لە نێو بێهوودەییدا ئەگەر چی(بەباوەڕی من) هەر لەقسەی نێو نووسین و ڕۆمان و شانۆکانیش دابێت. هەر چۆنێك بێت بۆچوون و هەڵوێست، مردن، گوناهباری و ئۆباڵی گەردن، بێهوودەیی، پەشێوی، نیگەرانی، هیچ، یاخی بوون، دووبارەبوونەوە، من، خود، نامن، ئەوی تر، من لە خۆیدا بۆخۆی، پێوەندی نێوان من و نامن، هەموومان لەگەڵ ئازادی ئەو چەمك و هەڵوێستانەن لە گوڵزاری باخی ئەو ڕێبازەدا پشکوتوون.

پێنجەم: لەپاوان و مەیدانی ئاکار و ڕێوشوێنەکانی ڕەوشتدا تیۆرییەکی ڕێکوپێك کە پڕ بە پێستی ئەو بابەتە بێت لەلای ڕابەرانی ئەو ڕێبازە بەدی ناکرێت.

لەسەردەمی یۆناندا بەتایبەتی لەلای سوکرات و ئەفلاتوون و ئەرستۆ تیۆری ئاکاری بەختەوەری باو بریتی بووە لەوەی ئەگەر مرۆڤ بە شێوازێکی دیاریکراو بجوڵێتەوە و کاروکرداری تایبەتی و دیار بکات ئەو ڕەوشتەی دەبێتە هۆی بەختەوەری و بەختیار بوونی[١٣]. لەسەردەمی نوێدا بەتایبەتی لەسەدەی هەژدەیەمی زانیندا تیۆری فرمانی ڕەهای فەیلەسووفی ترانسندێنتالی ئەڵمان ئیمانوێیل کانت باو و بڵاو بووە. بەلای کانت — ەوە مرۆڤ کاری چاکە دەکات و خۆی لەبەدکاری دوور دەگرێ، چونکە وەك مرۆڤ ئەوە ئەرکی سەر شانیەتی[١٤].

لەنێوان ئەو دوو تیۆرییەی ڕێبازی ئاکاردا هەڵوێستێکی سەیر و سەرنج ڕاکێشێ فرەدریك نیتشێ هەیە لە سۆفیستاییەکانی سەدەی شەشەمی پێش زایینەوە سەرچاوەی گرتووە.بەباوەڕی نیتشێ چۆن ڕۆشنبیری کراوە بە دوو بەشەوە، ڕۆشنبیری توێژ و دەستە و لایەنە لاواز و بێدەسەڵات و لانەوازان، ڕۆشنبیری بەهێز و بە دەسەڵاتان[15]، بەهەمان پێودانگ دوو جۆر قانوون و ڕێو شوێن و دابونەریت و ئاکار هەیە. بە تێکرایی قانوونەکانی ئاکار لاواز و بێدەسەڵات و لانەوازان بۆ تەنگەتاوکردن و سنور دانان بۆ دەسەڵات و توانا و دەسترۆیشتوویی بەهێز و بەتواناکان دایانناوە.

لەو بوارەدا دەکرێ —کیرکیگارد لەمە بەدەرە — بوترێ ئەو ڕێبازەی فەلسەفە سوودی لە سۆفستاییەکانی سەردەمی کۆنی یۆنان و بۆچوونە ناوازەکانی نیتشێ وەرگرتووە.بەتایبەتی لەوەدا وەك سۆفستاییەکان پێی لەسەر ڕۆڵ و هەڵوێستی مرۆڤی تاك، تاکەکەسی دادەگرن و مرۆڤ دەکەن بە سەرپشك و پێودانگی ئەوەی هەیە و نییە.ئەو ئاکاری تاکەکەسییە جۆرە ڕێژەیەکی ڕێوشوێن و قانوونەکانی ئاکار دەخاتەوە و وا پێدەچێ هەر کەسە خۆی جۆری ڕەوشت و بنەماکانی ئاکاری خۆی هەڵدەبژێرێ و ئیتر ئاکارەکە وەك هی نیتشێ خەسڵەت و سروشتێکی پابەند بوونی کات و شوێن و گۆرانی پێدەبرێ، بۆیە ناکرێ لەلای ڕێبازی ئیگزیستینتیالیزم باسی تیۆرییەکی سەربەخۆ و ڕێکوپێکی ئاکار بکرێت، چونکە بەهیچ جۆرێك لە توانادا نییە و ناشێ و ناکرێ تیۆری ئاکار لەسەر بنەمایەکی خودی تاکە کەسی کە ڕابەرانی ئەو ڕێبازە سەرگەرمی جێگیرکردنی بوون دابمەزرێت.

شەشەم: مەنتیق و تیۆری زانین دوو بەشی سەرەکی فەلسەفەن لە ڕێبازی ئیگزیستێنتیالیزمدا نەك هەر پشتگوێ خراون، بەڵکو بە تەواوەتی پشتیان تێکراون. بە پێی بنەمای سەرەکی فەلسەفەکەیان بڕوایان بە دوو ڕەنگی خود و بابەت، بنەوبار نییە، ئەمەش ئەنجامێکە لە



بەرهەڵستی کردنی فەلسەفەی ژیرەکی کەوتۆتەوە. بەلای ڕابەرانی ئەم ڕێبازەوە((ژیر ئەو ئامرازە نییە زانینی ڕاست و ڕاستەقینە بەهۆیەوە بەدەست بێت))[16]، بەڵکو بە لایانەوە تاقیکردنەوە، ئەزموونی تاکە کەسیی ئەو ئەزموونەی لە پراکتیزەکردنی تاقیکردنەوەی ڕەوشی نیگەرانی دەستگیر دەبێت، دەستەبەری ئەو زانینە دەبێت ئیگزستێنتیالییەکان مەبەستیانە.نیگەرانی ئەو هەڵوێستەیە تێیدا مرۆڤ، بوونەوەری تاك و تەرا، خود خۆی و نەمانی جەوهەری مرۆیی خۆیی دەرك پێدەبات. لەو ڕۆژەوە مرۆڤ بە بێ پرس و ڕا و خواستی خۆی هاتۆتە نێو ئەم دنیایەوە هەنگاوی یەك لەدوای یەکی نەپساوە لەگەشتی بەرەو مردن دەهاوێژێ. بەئاشکرا لەو ڕێبازەدا هەموو بەهاو ڕێوشوێنە بابەتییەکانی ئاکار و قانوونە پۆزەتیڤ و بابەتییەکانی زانست حاشایان لێدەکرێت و پێ لەسەر هیچییەتی و بێ مانایی ژیانی مرۆڤ دادەگیرێ.

٦- ئەو میتۆدەی ڕێبازی فەلسەفەی ئیگزیستێنتالیزم لە ڕێبازەکانی تری فەلسەفەی پێش و سەردەم و دوای خۆی جیادەکاتەوە شتێك نییە خۆیان دایان هێنابێ و پەرەیان پێدابێت،ڕوون و ئاشکرایە، لەسەدەی بیستەمدا دوو پەیرەو(میتۆدی) ی فەلسەفە باو و دەستبەکار وبڵاوبوون.

یەکەم: میتۆدی شی کردنەوەی مەنتیقییە لەلایەن گۆتلۆب فرێگە (١٨٤٦- ١٩٢٥) لودڤیگ ڤتگنشتاین[17] (١٨٨٩- ١٩٥١)، بیرتراند ڕەسڵ(١٨٧٢- ١٩٧٠) بەگشتی و لەلایەن ڕێبازی ئەزموونیی مەنتیقی کۆڕی ڤییەنا(کارناپ ١٨٩١- ١٩٧٠) و مۆریتس شلیك(١٨٨٢- ١٩٣٦) بەتایبەتی بەکارهێنراوە، لە کاتێکدا لایەنگرانی ئەم ڕێبازە و پەیرەوکارانی ئەم میتۆدەیە، لایەنگرانی زانست بوون و کۆششیان کردووە ساغی بکەنەوە بیرکاریی مەنتیقێکی پەرەسەندووە و دەبێ فەلسەفە دەست بە دامێنی زانستەوە بگرێت و زانست لەلای خۆیەوە بۆی نالوێ بەرامبەر بە فەلسەفە

خەمساردو دەستبەرداری ڕێبازەکە ببێ، لایەنگرانی ئیگزیستێنتالیزم ئەم میتۆدەیان بە کوڵك و پێستەوە ڕەت کردۆتەوە.

دووەم: پەیرەوەکەی تر لە مەیدانی فەلسەفەدا بەمیتۆد بەکارهێنراوە، میتۆدی فینۆمینۆلۆژی ئیدمۆند هۆسەرل(١٨٥٩- ١٩٣٨) بووە، زۆربەی هەرە زۆری ڕابەرانی فەلسەفەی ئیگزیستێنتیالیستی سوودیان لێوەرگرتووە و بەجۆرێك لەگەڵ فەلسەفەکەیان بگونجێ پەرەیان پێداوە و بەکاریان هێناوە.

هوسەرل، خۆی جولەکەیەکی ئەڵمانە، دوای تەواوکردنی خوێندنی(دکتۆری) لە ڕشتەی بیرکاری، ڕووی کردۆتە فەلسەفە، لەسەرەتادا سەرگەرمی لێکۆڵینەوەی پێوەندی نێوان مەنتیق و دەروونناسی (سایکۆلۆژی)بووە.

ئەو ڕێبازەی فەلسەفە کە دایناوە لە دنیادا بڵاوبۆتەوە و بەشێوەیەکی کاریگەر کاری لە ڕابەرانی ئیگزیستێنتالیستی کردووە بە فینۆمینۆلۆژی ناسراوە. ناوەکە لە وشەیەکی لاتینی پێك هاتووە دوو بەشە: فینۆمێن، دیاردە. لۆژی زانست، ئەو زانستەی بایەخ بە دیاردە دەدات،بێگومان جۆرە جیاوازییەك لە نێوان فەلسەفە و ناوەکەیدا هەست پێدەکرێت. لە برێنتانۆوە، هوسەرل گوێی لە وانەکانی گرتووە، تیۆریی ئامانجەکی هۆشی پەسند کردووە. دیاردە و ڕوخسار و شت لە خۆیدای فەلسەفەی کانت سەرنجیان بۆ لای خۆیان ڕاکێشاوە، لەدوو سەرچاوەی دیار (برێنتانۆ و کانت) هەڵیهێنجاوە, لەو پەیڕەوەی هۆسرل دایهێناوە و لەلایەن ئیگزیستێنتالیستەکان سوودی لێوەرگیراوە و بەکارهێنراوە چەند خاڵێك سەرنجرادەکێشن:

یەکەم: فەلسەفە پێویستە خۆی لە ئەبستراکت و ئەبستراکت کردن دوور بخاتەوە و بگەڕێتەوە سەر شتەکان خۆیان لە خۆیاندا و نابێ فەلسەفە تەنیا هەر جیهاندیدییەکی ڕووت و پەتی بێت.



دووەم: شی کردنەوەی فینۆمینۆلۆژییانەی دیاردەکانی هۆش. ئەو دیاردانەی هۆش خۆیان لە تەوژمی تەزووی ئەزموونی خودی مرۆڤ بەولاوە نین[١٨]. تاقیکردنەوەی زیندووErlebnis لێرەدا ڕووداوی تەجرەبەیی و ئەزموونی نییە کە لە جیهانێکی سروشتیدا دەقەومێ و دێتە پێشەوە و دەردەکەوێ، بەڵکو مەبەست لە پێکهاتەیەکی ئامانجەکییە دەبێ لێی بپێچرێتەوە و لە چوارچێوەی بیرکردنەوەیەکی Reflexion فینۆمینۆلۆژیدا ڕوون و شی بکرێتەوە. هەر لەم بوارەدا هۆسرل ناوەرۆکی هەستی لەناوەرۆکی بیر جیاکردۆتەوە، بەم پێیە دەکرێ بە هۆی پەیرەوی فینۆمینۆلۆژی ڕەگەز و کەرەسە و بابەتە جەوهەرییەکانی پێوەندی زانینیانەی مرۆڤ لەگەڵ جیهانی دەوروبەردا پەردەی لەسەر لابدرێ و ڕوون بکرێتەوە. هەر لەو بوارەدا تیشك دەخرێتە سەر لایەنی هەلومەرجە بیروهزرییەکانی زانینی مرۆڤ و ڕوون دەکرێنەوە. هۆسرل بەو هەنگاوەی لەکایەی تیۆری زانیندا لە جیانی ناوەرۆکی هەستەکان چەمکی ئەزموونی ئامانجەکی بەکارهێناوە. دەلالەتی ئەو شتانەی مرۆڤ لە بارەی ئەو جیهانەی کە تێیدا دەژین، دەریان دەبڕێ، بە واتا و مانای هەبوون و بوونی ناوەرۆکێکی دیار و دەستنیشانکراوی هەستەکان ڕوون دەکاتەوە، بۆنموونە فینۆمینۆلۆژیست ئەگەر بکرێ ئەم پەیرەوە بەسەر وێنەیەکدا پراکتیزە بکات، وێنەکە بەهۆی ئەو ماددە و کەرەسەیەی لێوەی دروست بووە ڕوون دەکاتەوە، نەك بایەخ بەوە بدا بۆ ئەوەی تێبگات دەلالەت و واتای ئەو وێنەیە چییە[١٩]!

سێیەم: گریمانەی خووداری کردن، خۆبواردن لە بریاردان: هۆسرل وشەی یۆنانی – لاتینی (ئیپۆخی) ی Epoche بۆ بەکارهێناوە. بە پێی ئەم گریمانە- بنەمایە دەبێ مرۆڤ دەربارەی بریاردان(حوکم دان)

بەسەر بوونی ناوەرۆکی شتەکان لەکات و جێگادا خۆی ببوێرێ و خودداری بکات[٢٠] و ئەو جۆرە بوونە بخاتە نێو دوو کەوانەوە. ئەوی لێرەدا دەکرێ بوترێ، هۆسرل بەو تیژە و گریمانەیەی ناچێتە ریزی گومانکارانەوە، بەڵکو بە روونی هەڵوێستی سروشتی خۆی دەربارەی دیاردەکانی دەرەکی جیهان دەردەبرێت، بێگومان ئەم گریمانەیە بە جۆرێکی ساکار تر لەلایەن دیکارتەوە هاتۆتە سەر خوانی باسکردن، بەتایبەتی لە شاکاری چەند وردبوونەوەیەك لە میتافیزیك دا[٢١]. هەروەها دەکرێ بوترێ مەبەستی دیکارت و هۆسرل لە یەکتری جیاوازن، هۆسرل مەبەستی لەوەیە مرۆڤ تێبگات چۆن شت دەزانێ و چی دەزانێ و چۆن زانین دەربارەی جیهان بە تێکرایی شیاوەکییە و لەکردن دێت. لەم پرۆسەیەدا کە هۆسرل سەرەرای چەمك گریمانەی ئێپۆخی بەکاردێنێ پەنای بردۆتە بەر پەیرەوی گێرانەوە سەر Reduktion بە پێی ئەم چەمکە و پەیڕەوەکەی مرۆڤ دەربارەی بوونی شتی جیهان دەستبەرداری هەموو گریمانە و بریارە راستەخۆیە پێشیانەکان ببێ و تەنیا خۆی بە باسکردنی ناوەرۆکی رووت و بێگەردی نێو هۆش خەریك بکات، ئەگەرچی ئەمە وەك ئەنجامێك جۆرە خۆکشانەوە و دوور کەوتنەوەیەك لە جیهانی بابەتی هەڵکەوت و گیرخواردن لە چوارچێوەی هۆشی خودی تاکە کەسی دەگەیەنێ.لێرەوە جیهانی رێبازی ئیگزیستینتیالیزم دەست پێدەکات و سەرچاوە دەگرێ، بەتایبەتی رۆکانتانی پالەوانی چیرۆکە رۆمانەکی سارتر ((بێزاری)) تێیدا بە وردی باسی ناوەرۆکی هەست و هۆشی خۆی دەکات و نیشانی دەدات چۆن چەمکی بوون Exist دەدۆزێتەوە.

٧-ئەگەر ئەو چەمك و بابەتانەی ئەو رێبازە لە چەمك و بابەتەکانی فەلسەفەی پێشتر و سەردەمی خۆی بچن، یان جیاواز بن،



مەبەست و ئامراز لە یەکترییان جیا دەکاتەوە.خۆئەگەر مەبەست یەك شت بێ، لەلای دوو رێبازی جیاواز، ئەوە شێواز و رێگای بەکارهێنراوە دەبێتە مایەی جیاوازبوونیان.جیاوازی شێواز و ئامراز و پەیڕەو دەبێتە مایەی جیاوازی هەڵوێست و خود بەرامبەر بە مەبەستەکە و ئەم جیاوازییەی لێدەکەوێتەوە و دەیکات بە خەسڵەتێکی تایبەتی و تایبەتمەندی ئەو رێبازەی پەنای بردۆتە بەر و بەکاری هێناوە. ئەم خەسلەتە دەکرێ بدرێتە پاڵ ئیگزیستینتیالیستەکان لەوەدا پەنایان بردۆتە بەر پەیرەوی فینۆمینۆلۆژی، بەڵام بەشێوازێکی ئەوتۆ کە گۆرانی بەسەر دا هێنرابێ و بەجۆرێك پەرەی پێدابێ لەگەڵ مەبەست و ئامانجی فەلسەفەکەیدا بگونجێ.

ئەگەر چی ئەمرۆ لەسەردەمی شۆرشی تەنکەلۆژی و جیهانگیری و کۆمپیوتەردا، ئیگزیستینتیالیزم بووە بە پارچە و بەشێك لە مێژووی فەلسەفە، بەڵام لەسەردەمی خۆیدا وەك ئەو چەمکەی خۆی دایهێنابوو((ئامادە و دەسبەکار بوونی کردەکی لە جیهاندا)) رۆلی کاریگەری گێڕاوە و کاری لە زۆربەی هەرە زۆری رێبازە ئەدەبی و هونەری و فەلسەفەی سەردەمی خۆی کردووە و بەکردەوە ((ئامادەیی و دەسبەکاربوونی خۆی لە جیهانی سەردەمی خۆیدا)) ساخ و پشت راست کردۆتەوە. ئەو چوارچێوەیەش جیهاندیدەکەی خۆی تێیدا رەنگ رشتووە، لە چوارچێوە و شێواز و ستایلی ئاسایی فەلسەفەدا جیاواز بووە.

- دروشمی ئازادی لە لای ئەو رێبازە بە هیچ جۆرێك نە پشت راست کراوەتەوە و نەپاساو دراوە، لە ناوەرۆکێکی بە پێزەوە کراوە بە توێکڵ و فۆرمێکی بێ گیان. ئەو قسەیەی ئیگزیستینتیالیستەکان گوایە : ئەو مرۆڤەی هەست دەکات ژیانی خۆی و مرۆڤی دەوروبەری و ژینگە و بوون بە هیچ جۆرێك پاساو نادرێن و پاکانەیان بۆ ناکرێت، ئەو رەوشە دەبێتە

مایەی ئەوەی خۆی بۆخۆی دەستپێشکەری بکـات بـۆ ئـەوەی پاکانـە و پاساو و مانا بەو پێیەی خۆی دەیخوازێ و بریاردەدات دابهێنێ، ئیتر لـە لایەکەوە لەداهێنانی ئەم پاکانـە و پاسـاودانە ئـازادە، بـەڵام لەلایـەکی ترەوە ئەم ئازادییەی لە چارە نووسراوە، لە قسەی شاعیرێك دەچێت پشت ئەستوور بە هەست و سۆز و ئەندێـشە و خواسـتی نـاخی دەروونـی ئـەم قسەیەی دەربڕیبێت، هەروەها دەکرێ پێچەوانەی ئـەم قـسەیەش راسـت بێت:بێهوودەیی ژیان و پاکانە بۆ نەکرانی دەکرێ ببێتە مایەی بێهیوایی و رەشبینی و گۆشەگیری و لەبەرچاو کەوتنی ژیان خۆی!

- بەهیچ جۆرێك پەیوەندییەکی ناچاریی دەستیاوی لەنێوان ئایین و ئاکار پاساو نادرێ و هیچ بنـچینەیەکی ژیریـی نییـە. هـەروەها بـڕوا بـوون بـە هێزێکی دەسەڵاتی بێ سنوری سـەر و سروشـت ئـەو داب و رێ و شـوێنەی لێناکەوێتەوە کە دەبێ مرۆڤ بێ سێ و دوو کردن بە پێـی ئـەو جـۆرە رێ و شوێنە بجولێتەوە.

## سەرچاوەکان

1- Nietzsche, friedrich.,Also Sprach zarathustra.

Insel taschenbuch .2676.Frankfurt am Mein 1976 .S.11

2- Hirschbeger, Johnnes., Geschichte der philosophie. Bd.ll, Neuzeit und Gegen Wart.Komet. Koeln .ll.Auflage 1980 .S.498.

٣- ميخائيل، دكتورة فوزية.، سورين كيركيجورد، أبو الوجودية. مكتبة الدراسات الفلسفية، دار المعارف بمصر ١٩٦٢ .ص ٨٤.وأماكن أخرى.

٤- ماكورى، جون: الوجودية، ت:د. امام عبدالفتاح امام. مراجعة د.فؤاد زكريا سلسلة عالم المعرفة. الكويت ١٩٨٢. ص ١٨.

٥- بوخينسكى،: تأريخ الفلسفة المعاصرة في اوروبا. ترجمة: محمد عبالكريم الوافي، طرابلس – ليبيا – بلا ص ٦.

6- Stegmueller, wolfgang., Hauptstroemungen der Gegenwarts philosophie. Bd.L. Stuttgart 1978 .S.139 .ff.

٧- الكحلانى، د.حسن.، الفردانية في الفكر الفلسفى المعاصر.مكتبة مدبولى القاهرة – ٢٠٠٤ .ط١.ص١٥فما بعد,

8- Rod.Wolfgang.,Jean-Paul Sartre in:

Geschichte der philosophie. Hrsg. Von.

W. Röd. Munchen 2002.S.279.ff.

9- Stoerig,Hans Jaochim., Kleine Weltgeschichte der philosophie .Suttgart.1961 .s.681.ff.



١٠- بدوى، د.عبدالرحمن: دراسات في الفلسفة الوجودية.القاهرة-١٩٦١ص١٦فمابعد.

11-Heidegger. Martin. Was ist Metaphysik.8. Auflage Frankfurt am Mei 1960 .s.118.

ئەم شاکارەمان کردووە بە کوردی لە ژمارە(٩٦)ی ساڵی ٢٠٠٥ی گۆڤاری رامان – هەولێر ل٩٢-١٠١ چاپ کراوە.

12- Thurnher,Rainer.Aldert camus . in:Die philosophie

19- und 20. Jahrhundert. 3. (Geschichte der philosophie .Bd. XLL. Munchen 2002. s. 304. ff.

١٣-الدكتور هـ . سد جويك، :المجل في تاريخ علم الاخلاق. ترجمة:د.توفيق الطويل و عبدالحميد حمدى.ط ١ الاسندرية ١٩٤٦ ص ١٣٥ فما بعد.

14- Kant,JmmaNuel.,GrundLegung zur Metaphysik der Sitten. Zweiter Abschnitt.P.421.s.215.

ئەم شاکارەمان کردووە بە کوردی بەسێ بەش لەژمارە (١٩٩-١٠١) گۆڤاری رامان- هەولێر ساڵی ٢٠٠٥ بڵاوکراوەتەوە و بریارە بەرێوەبەرایەتی رامان کتێبەکە پێکەوە چاپ و بڵاوبکاتەوە.

١٥- كرم، يوسف:تاريخ الفلسفة الحديثة. مكتبة الدراسات الفلسفية ط ٥.دار المعارف بمصر ٤٠٩فما بعد.

١٦– بوخینسکی، هەمان سەرچاوەی پێشتر(بەزمانی عەرەبی) ل-٢٤٧.

17- Hirsch beger ,Johnnes.,Geschichte der philosophie. Bd.ll, Neuzeit und Gegen Wart. Komet..980.S.653.

- دەربارەی ئەم میتۆدە و رێبازەکەی بە تێر و تەسەلی لەم کتێبەماندا دواوین و لایەنە جۆربەجۆرەکانیمان روون کردۆتەوە:-

- عەزیز، دکتۆر حەمید، : بنەماکانی فەلسەفەی شیکردنەوەی مەنتیقی، هەولێر-کوردستان ٢٠٠٥.(ئەم بەرهەمە لەلایەن دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی موکریانی) چاپ و بلاوکراوەتەوە.

18- Pivcevic, Edo., vom Husserl zu Sartre List Verlag Munchen 1972.s.87ff.

19- Ebenda. S.91 ff.

20- Pivcevic, Edo.: Ebenda. S. 94 ff.

21- Descartes, Rene.,,Meditationen uber die Grundlagen der Philosophie.

ئەم شاکارەمان لە ئەڵمانییەوە کردووە بە کوردی لە خانەی وەرگێرانی سلێمانی ساڵی ٢٠٠٥ چاپ و بلاوکراوەتەوە:

رێنێ دیکارت:چەند وردبوونەوەیەك لە میتافیزیك – سلێمانی ٢٠٠٥.

## (٧)

# نامۆیی: چەمکێکی فەلسەفە

١- هیچ گومان لەوەدا نییە نامۆیی بەناوەرۆك و روخسارەوە سەرەرای ئەوەی رەوشێکی دەروونی (نەفسی) یە، کێشەیەکی مۆدێرنی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووریشە، هۆکاری تایبەتی خۆی هەیە و ئەنجامی دیاریکراوی لێدەکەوێتەوە.ئەوی لێرەدا پتر مەبەستی ئێمەیە لایەنی فەلسەفەیی ئەو رەوش و دیاردە و کێشەیەیە ئێمە بە چەمکێکی دیاریکراو و سنووردار قسەی لێوە دەکەین.

وشەی نامۆ، بەرامبەر بە چەمکی ئەڵمانی Entfremdung وشەی ئینگلیزی Alienation بەکاری دەهێنین، خۆی لە کوردیدا ناکردی وشەی دەستەمۆیە و ئەو واتایە دەگەیەنێ مرۆڤ لەناخی خۆیدا، لەژیان و لەنێو خێزان، لەکۆمەڵگادا خۆی بە بیانی و بێگانە و غەریب دێتە بەرچاو و هەست پێدەکات، خەسڵەتە هەست پێکراو و بەرچاوەکانی ئەم رەوشە، ئەگەر بەگشتی سەرنج بدرێن بریتین لە بێزاری و هەست کردن بە دەستەوسانی و بێدەسەڵاتی و بێمانایی و هیچ و پووچی هەموو شتێك، بروانەمان بەداب و دەستوور و رێ و شوێنەکانی کردار و رەفتار وئاکار، گۆشەگیری و دوورە پەرێز وەستان و ئامادە نەبوون بۆ بەشداری کردن لە بەلایەکدا خستنی کێشە و گیروگرفتەکانی ژیان و کۆمەڵگاو خۆ بەبیانی دانان و زانین.

نامۆیی، لەو روانگەوە مرۆڤ پەنای بۆ دەبات، دەکرێ بە دیاردە و دەشکرێ بە رەوش و کێشە قسەی لێبکرێت.



هەست کردن بە دابران و گۆشەگیری و بێهوودەیی ژیان و غەریبی و بێگانەیی لە دەوروبەرێکی تایبەتی و کۆمەڵگایەکی دەستنیشانکراو و تاقمە کەسێك و کۆر و گرووپ و ژینگەدا، ئەگەر چی خۆی لەخۆیدا و بۆ خۆی دیاردەیەکی نائاساییە، هۆکار و هاندەری تایبەتی و سەرەنجامی دیاریکراوی خۆی هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ئەو دیاردەیە لەچوارچێوەی ئایین و لەناو رێبازە فەلسەفەیی و ئابووری و سیاسییەکاندا لێوەی دەکۆڵرێتەوە، کێشەیەکی سەخت و گەرم و گوڕی کۆمەڵایەتییە، کۆمەڵگا و ژیانی بە کۆمەڵ، کۆشش و هەوڵدان بۆ دابین کردنی پێداویستییە ناچارییەکانی ژیان و گوزەرانی رۆژانە، پێوەندییە فرە لایەن و جۆر بەجۆرەکانی ئابوری و کۆمەڵایەتی پەیدای دەکەن و دەیهێننە کایەوە.

لەژیان و لەکۆمەڵگادا، بێگومان مرۆڤ خۆیشی بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە، کێشە و گرفتی هەمە جۆرە هەیە بەدیاردەی کۆمەڵایەتی ناودەبرێن، چونکە توندو تۆڵ بەهەڵومەرجی ئەو بوونە و بە پێکهاتە فرە لایەنەکانییەوە بەندن، هەر شتێکیش مافی بوونی هەبێت دوو لایەنی هەیە و هەردووکیان بەبێ یەکتری نابن و تەواوکەری یەکتریت: باش-بەد، ئاسایی- نائاسایی...، بەڵام ئەوی لەم کایەیەدا دەبێ دووپات بکرێتەوە و پێی لەسەردا بگیرێ ئەوەیە دیاردە خۆی لەخۆیدا، لەسنوورێکی تایبەت و دیاریکراودا شتێکە و پەرینەوەی ئەم دیاردەیە لە سنوور و بەزاندنی رادەی ئاسایی بەرەو مەرز و رادەیەکی فراوانتر چەمکی گیرو گرفت، کێشە پڕ بە پێستی بێ شتێکی ترە، پێویستی بەلێکۆڵینەوە و توێ توێ کردن هەیە.

٢- بابەتی نامۆیی و غەریبی لەهەر سێك ئایینە جیهانییەکاندا ئاماژەی بۆ کراوە . ئەوی لێرەدا سەرنج رادەکێشێ ئەم ئایینانە بە پێچەوانەی فەلسەفە و سیاسەت و زانستی کۆمەڵایەتی (سۆسیۆلۆجی) و رێبازە ئابوورییەکانەوە بەهیچ جۆرێك باسی هۆکاری پەیدابوونی نامۆییان

نەکردووە و لەئاقار ئەنجامە جۆر بەجۆرەکانیدا بێدەنگ بوون، لەوەش سەرنج راکێشترهەڵوێستی ئەو ئاییننانە پتر بەلای رەواکردن و پاساودان و بەئاسایی نیشاندانی ئەم دیاردەیەدا شکاندوویانەتەوە. ئەو هەڵوێستە بە ئاشکرا لەئایین و لاهووتی مەسیحیدا دەردەکەوێ, لەئایینی ئیسلامدا، ئەوی بەرچاو دەکەوێ لەو بوارەدا حەدیسێکی پەیامبەری ئیسلامە کە دەڵێ:

**((جاء الاسلام غريباً وسيعود غريباً**
**فطوبى للغرباء))**

دەکرێ تەوراتی تایەفەی مووسایی بە یەکەم سەرچاوەیەکی رێك و پێك دابنرێت بە شێوەیەکی سیمبۆلی لەچوارچێوەی برواو ئەندێشەدا، بۆ نامۆیی بوونی مرۆڤ و ئەو سەرگەردانی و بەدبەختییەی بەسەریدا هاتووە، سەرنجی راکێشاوە.

٣- ئەم بابەتە لەسفری پەیدابووندا بە(بەسەرهاتی ئادەم و حەوا ناوبراوە). ئەو بەسەرهاتە دەکرێ بەم جۆرە پوخت بکرێتەوە[1]: رەب دوای ئەوەی لەشەش رۆژدا هەموو جیهانی داهێنا رۆژی حەوتەم پشووی داوە. ئینجا لەسەر زەوی زیندەوەر، لەئاسمان باڵندەی داهێناوە، لەپەراسوی ئادەم ئافرەتێکی بەناوی حەوا داهێناوە، ئەم ژن و پیاوە لەبەهەشتی (عەدەن)دا بە رووتی دەژیان و هیچ شەرمیان نەدەکرد. رەب پێی وتن رێگاتان دەدرێت لەبەری هەموو دەرەختێك بخۆن تەنیا بەری درەختی زانینی چاکە و بەدکاری نەبێت، چونکە ئەو رۆژەی بەری ئەو درەختە دەخۆن دەمرن (تەورات: سفری پەیدابوون:٢: ١٧).

مار کە فێڵبازترین زیندەوەری سەر زەوییە Listigertier کە رەب دایهێناوە (خەڵقی کردووە)، دەرفەتی بۆ دەرەخسێ لەگەڵ حەوا دەکەوێتە قسە کردن.حەوا فرمانەکەی رەببی بۆ دەگێرێتەوە چۆن خواردنی بەری درەختی زانینی چاکە و بەدکارییان لێ قەدەغەکراوە بۆ ئەوەی نەمرن.



مارەکە بە حەوا دەڵێ، نەخێر شتی وا نییە. رەب خۆی دەزانێ ئەگەر لەبەری ئەو درەختە بخۆن نامرن، بەڵکو چاوتان دەکرێتەوە و وەك رەب دەتوانن چاکە لەبەدکاری جیابکەنەوە(سفری پەیدابوون — ٣: ٥) . حەوا بەقسەکەی مار بە تەفرە دەچێ و لەبەری درەختەکە دەخوات و بۆ مێردەکەشی دەبا و ئەویش لێی دەخوات، هەردووك بەم خواردنە چاویان دەکرێتەوە و دەزانن رووتن، بەگەڵای داری هەنجیر خۆیان دادەپۆشن (تەورات: سفری پەیدابوون:٣: ٧).

دوای وتووێژێکی دوورو درێژ ئادەم بەسەر هاتەکە بۆ رەب دەگێرێتەوە کە چۆن مار حەوای تەفرە داوە و چۆن ئەمیش ئەوی بەهەڵە بردووە.(٣: ١٤).

لەو شوێنەی تەوراتدا باس کراوە، رەب ئەو جۆرە سزایەی بۆ هەرسێکیان بڕیوەتەوە:

-مار بە لەعنەت کراوە(Verflucht) لەچارەی نووسراوە سەری پان بکرێتەوە، لەسەرسك بکشێ، گڵ بخوات و دوژمنایەتی لەگەڵ مرۆڤدا هەبێ.

-رەب بەحەوای گوتووە:

سزای تۆ ئەوەیە، سك پڕیت گران و سەخت دەبێ، بە ئێش و ئازاروژان منداڵ و زاروت دەبێ، پیاو ئاغات دەبێ و تۆ لەژێر دەستی مێردەکەتدا دەبی.(تەورات:٣: ١٧).

-بە ئادەم گوتراوە:

بەهۆی تۆوە غەزەب لە زەوی گیراوە..دەبێ بە درێژایی ژیانت بە ئارەقەی ناوچەوانت خواردن و خواردنەوەت دەستگیر بێ، تۆ لە خاك پەیدابوویت و دەگەڕێیتەوە دەبی بەخاك و خۆڵ.(تەورات:٣: ١٩)

دوای ئەمە هەمان سفر(ئایەت) باس دەکات کە ئادەم و حەوا لە بەهەشت فرێدراونەتە دەرەوە و پێویست بووە زەوی و زار وەبەر بهێنن. ئەوی لێرەدا پێوەندی بەبابەتی ئێمەوە هەیە لە تەوراتدا رەب راستەوخۆ دواوە وتوویەتی:

بروانە ئەوەتا مرۆڤ بووە بە یەکێك لە ئێمە و چاکە و بەدکاری دەزانێ(سفری پەیدابوون، ٣- ٢٢). بابزانین چی لەم بەسەرهاتەوە دەکەوێتەوە و چەندەو تاچ رادەیەك پێوەندی بەبابەتی نامۆییەوە هەیە؟! ئەگەر چی بەسەرهاتەکە لە خۆیدا یەکەم نموونەی رێکەوپێکی ئایینیی نامۆییە، بەڵام لەناوەرۆکدا چەندین پرسیاری لێ دەکەوێتەوە بە ئاسانی ناتوانرێ وەڵام بدرێنەوە:

یەکەم: بەسەرهاتەکە خۆی بەهیچ بنەمایەکی ژیر و مەنتیق نە پشت ئەستوورە و نەپشت راست دەکرێتەوە.هیچ بنەمایەکی نییە پشتی پێ ببسپێردرێ، بۆیە لەفەلسەفەی پۆزتیفیزم وشەیەك بخوازرێتەوە وبەسەر ئەم بابەتەدا پراکتیزە بکرێت ئەویش وشەی(زڕە کێشەیە)ئەگەرچی بەسەرهاتەکە لەچوارچێوە و قاڵبێکی ئەوتۆدا دارێژراوە سەرنجی مرۆڤی ئاسایی بۆ لای خۆی رادەکێشێ دوور نییە جۆرە ئارامییەکیش بەدڵ و دەروونی ورووژاوی مرۆڤ ببەخشێ، بەڵام لەخۆیدا لەقسەی رووت بەو لاوە نییە و هەموو بەڵگەی دنیا کۆ ببنەوە ناتوانن راستییەکەی و پێچەوانەکەی ساخ و پشت راست یاخود پووچەڵ بکەنەوە.هیچ بەڵگەیەکی فەلسەفەیی و مێژوویی و دەروونیی و سیاسی و ئابووری تا ئەمڕۆ نەیانتوانیوە ساغی بکەنەوە کە رۆژێك لە رۆژان دنیا نەبووە و ئینجا داهێنراوە و داهێنرانەکەش لە هیچەوە بووە، دەبێ ئەم هیچە چی بێت کە هەوێنی دروست بوونی هەموو شتێکە، کەچی گوایە هیچەکە(Nichts) خۆی شت نییە؟!ئەو بابەتە تەنیا بەبڕواو ئیمان پاساو دەدرێ و خۆیشی رووی گوفتاری لەئیماندارانی جولەکە کردووە.

دووەم: بەسەرهاتەکە دەڵێ ئادەم و حەوا بە ئاسوودەیی و سەرسووك و بێ ئێش و ئازار لە باخی عەدەندا ژیاون، بەڵام دەبێ ئەوە چ جۆرە ئاسوودەیی و بەختەوەرییەك بووبێ نەزان و لە هەموو شتێك بێخبەر بوون،



تەنانەت هەستیان بەرووت و قووتی خۆیان نەکرووە. بەختەوەریی و نەزانین هیچ کاتێك بەیەکەوە ناگونجێن و دژی یەکترین.

سێیەم: ئەگەر تەورات خۆی، وەك سەرچاوەیەکی بەسەرهاتەکە، لەوە ئاگادار بووە مار فێڵبازترین زیندەوەرە بۆرێگای دراوە بچێتە بەهەشت؟! خۆ ئەگەر رێگاشی دراوە بۆ دەرفەتی تەفرەدانی ئادەم و حەوای دراوەتێ. ئەم شانۆیە بەهیچ شێوازێك پاکانەی بۆ ناکرێت و بەهیچ جۆرێك هیچ ئۆباڵێك ناکەوێتە ئەستۆی ئادەم و سزای دواتریش ناعەدالەتی بووە.

چوارەم: ئایا درۆ و تەفرەدان و چاوبەستەکێ هەلومەرجی سەرەکی بەختەوەرین، یان نا؟! ئەگەرنا بۆ وا لە ئادەم و حەوا گەیەنراوە ئەگەر لەبەری داری زانین بخۆن دەمرن، ئەگەر هەر لەسەرەتاوە قسەی راست بە ئادەم و حەوا بگوترابایە ئایا مار دەیتوانی راستییەکەیان بۆ دەربخات و رازییان بکات لەبەری داری زانین بخۆن؟! بۆچی دەبێ راستی لە زاری مارەوە بێتە دەرێ و مرۆڤی وەك ئادەمی پێ تەفرە بدرێت؟!

پێنجەم: تەورات خۆی لەیەك سفردا دوو قسەی جیاوازی کردووە دەکرێ بوترێ بۆ کتێبێکی ئایینی رەوا نییە قسەی دووەمی بە پێچەوانەی یەکەمەوە بێت.لەسەرەتادا تەورات وتوویەتی، رەبی موسا بە ئادەم و حەوای وتووە ئەگەر لە بەری داری زانین بخۆن دەمرن، کەچی ئەم قسەیە بەجۆرێکی تر دەرچووە، ئینجالە کۆتاییدا هەر تەورات لەزمان رەبی مووساوە وتوویەتی، مرۆڤ لەبەری داری زانینی خواردو بوو بەیەکێك لە ئێمە، کەوابوو قسەی مارەکە راست بووە و مار ئادەم و حەوای تەفرە نەداوە، بەڵکو رێگای راستی نیشان داون و ئەو زانینەی پێ بەخشیون تەورات خۆی داوا لەلایەنگیرانی دەکات بخوێنن و شت بزانن.

شەشەم: بۆدەبێ ئەو قسە ناراستەی لەسەرەتادا بە ئادەم و حەوا لە بارەی درەختەکەوە وتراوە، ئاسایی بێت و ئۆباڵی ناراستییەکەی نەچێتە

ئەستۆی کەس؟!کەچی خواردنەکە ببێتە مایەی ئەوەی مرۆڤ بەبێ ویست و خواستی خۆی فڕێ بدرێتە دەرەوە؟!

حەوتەم: ئایا تەورات ئەو ئەنجامانە پەسند دەکات کە لەو بەسەرهاتە سەیر و سەرنج ڕاکێشەدا دەکەونەوە؟ بۆ دەبێ نەزانین هەل و مەرجی بەختەوەری بێ و زانین ژیانی هێمنی و ئاسوودەیی و بەختەوەری بشێوێنێ؟! ئایا زانین خۆی گێرەشێوێنەکە بووە، یان ئەوی رەوشی نەزانینی بەسەردا سەپاندوون ئەو ئەنجامەی لێکەوتۆتەوە؟!

هەشتەم:مرۆڤ لە تێکرای ئەو بەسەرهاتەدا هیچ دەورێکی نەبووە بەخواستی خۆی هەڵبژاردبێ و بڕیاری کردنی دابێ، بەڵکو هەموو شتێك بەسەریدا سەپێنراوە. بۆیە من وای بۆ دەچم نامۆییەکە هەر لە سەرەتاوە هەبووە، ئادەم و حەوا کە لێرەدا باسیان کراوە و نموونەی بوونی مرۆیی نیشان دەدەن، هیچ جۆرە خواست (ئیرادە) و بڕیاردانێکی سەربەخۆ و ئازادانەیان نەبووە.

لە ژینگەو دەوروبەرێك ژیاون نامۆییەکەیان بەوە پەردەی بەسەردا دراوە بە قسەیەکی ناڕاست تەفرە دراون. هۆکاری گۆڕانەکەش بەهیچ جۆرێك چاوەڕێی ئەو گۆڕانەی لێنەکراوە.دەرکردنی ئادەم و حەوا لە باخی عەدەن بەهیچ جۆرێك لە رەوشی جەوهەری نامۆییەکەی نەگۆڕیوە ئەگەر سەختتری نەکردبێ.

٣- لە مەسیحیەتدا، بە بۆچوونی من ئەو ئاینەی جاران نەماوە، ئەو شێوەیەی دوای کۆچکردنەکەی لە ئۆرشەلیم (ڕۆژهەڵاتەوە) بەرەو هەواری نوێ لە ئەورووپا پێی بڕاوە، بەڵکو پتر بروایە(عەقیدە) یە، وەك ئایینەکانی تر لە دوو مەزهەبی سەرەکی پێك هاتووە، کاتۆلیك، پرۆتستانت، بەهەردوو ڕێبازییەوە، بە هەموو دۆگم و دامەزراوە و دەزگاکانی کلێسەوە لە ڕۆژهەڵات و لە ڕۆژئاوادا ئەو بۆچوونە لاهوتییە باوە ((ڕەب لە کەسی مرۆڤی مەسیح(عیسادا) ڕەوشی نامۆیی نێوان خۆی و دنیای[٢] لەناو



بردووە((Aufgehoben)) ئەو قسەیەی لاهووتی ڕەسمی مەسیحی بۆخۆی و لەخۆیدا نەك هەر دان پیادانانە بە نامۆیی، بەڵکو بە ئاشکرا دووپاتی کردۆتەوە ئەم ڕەوشی نامۆییە هەیە و بەشێکی بنەرەتییە لە ژیاندا. ئەگەر ڕەوش و دیاردە و کێشەیەك لە ئارادا نەبێت، بێگومان کۆششی لەناوبردن و چارەسەرکردن و بەلایەکدا خستنەکەشی ناکرێت. ئایا ڕاستە مەسیحیەت ئەو کارەی کردووە و ئەو نامۆییەی نێوان ڕەب و دنیا، نێوان(مەملەکەتی ئاسمانی و دنیای) لەناو بردووە؟ یاخود وەك من بۆی دەچم، کێشەکەی خستووەتە نێو چوارچێوەیەکی ترەوە؟ یان بابەتەکە لە هەندەکییەکەیدا جۆرە گۆڕانێکی بەسەردا هێنراوە و لە سروشتە هەمەکییەکەیدا هەر ماوەتەوە؟!

کێشەی سێ ڕەنگی مەسیحیەت دەستکردی یاوەرانی عیسا بووە، مەبەستیان بووە ئایینەکەیان، دوای چوار مێخەکێشانی عیسا، تایبەتمەندییەکی خۆی هەبێ و لە ئایینی جوولەکە، کە هەر جارێکی تر بە باوەڕی من، سەرچاوەیەکی سەرەکی مەسیحیەتە، جیاواز بێت.بەڵگەی ئەم قسەیە زۆرن، بەڵام لێرەدا بواری باسکردنیان نادرێت، چونکە لە بابەتەکە دەچینە دەرەوە.ئەگەر مرۆڤ بە وردی هەر چوار ئینجیلەکە بخوێنێتەوە، دوایی بە وردی سەرنجی پەیامی پەیامبەران بدات کە سەرۆکەکەیان بن جوو بووە و لەپڕو لەناکاو بووە بە مەسیحی، هیچ جۆرە تایبەتمەندی ئایینێکی ئاسمانی لە مەسیحیەتی دوای چوار مێخە کێشانی مەسیحدا نابینرێ. سێرمۆنی یەکشەممان کە کلێسە ڕێکی دەخات تاچەند لەو ئاهەنگەدا کە بە نوێژ ناودەبرێ و هەفتەی یەك جار ساز دەکرێ، پشت بە تەوراتی جوولەکە-تایەفەی مووسایی دەبەسترێت؟!.

لەلایەکەوە، ئەو بەرجەستە بوونەی ڕەب لە کەسی مەسیحدا کە لە لایەن پسپۆڕانەوە بە جۆر هەڵوێستێك بەرامبەر بە کێشەی نامۆیی

دادەنرێت، لە گریمانەیەك كە بە هیچ بەڵگەیەكی ژێری پشت راست ناكرێتەوە، بەولاوە نییە.پتر ئەو بۆچوونەی سەرەوە لە مێشك و ناخدا جێگیر دەكات كە مەبەست رشتنی رەنگی خەسلەت و كارەكتەری ئەو ئایینە بووە كە خۆی لەمەڵبەندی سەرهەڵدانیدا — ئۆرشەلیم- رۆژهەلات- نامۆ بووە و كۆچ و كۆچباری لێكناوە و بەرەو ئەورووپاو دوورتریش رۆیشتووە.خۆ ئەگەر بشێ مرۆڤ بە راشكاویی بدوێ و گرێی دڵی خۆی بكاتەوە، دەڵێن، مەسیحیەتی دوای مەسیح پتر نامۆیی جێگیر كردووە و هەر ئەو نامۆییەی خۆی بووە بەرامبەر بەهەموو شتێك كە لە رۆژهەلاتدا جێگای نەبۆتەوە و بە ئاسانی پاشەكشێی كردووە و پشت لە رۆژهەلات رووەو رۆژئاوا رۆیشتووە. لێرەدا پرسیارێك بە بیردا دێت: دەبێ بۆچی رەبی تەورات ئەوكارەساتەی لە باخی عەدەن بەسەر ئادەم هێنابێ، كەچی پاشتر ئەو هەڵوێستەی گۆرابێ و بریاردرابێ بێتە سەر زەوی، بێتە دنیا و لە كەسێكدا بەناوی میسییا(دوایی بووە بە مەسیح) خۆی بەرجەستە بكات و ئینجا بە كردەوە وا بكات بەو مەرەیە بچێ كە پێی چووە، گوایە بۆئەوەی كەفارەتی گوناهی رۆڵە و نەوەكانی ئادەم بدات!!! ئەگەر ئەم گۆرانەی هەڵوێست خۆی جارێكی تر، بەلام لە چوارچێوە و بەشێوازێكی تر، بەرجەستە كردنی نامۆییەكی ئایینی نەبێت، دەبێ چ ناوێكی تری لێ بندرێ؟!

٤- هەر لە سەردەمی رووناكبیریی و Aufklaerung دوای بەرپابوونی شۆرشی مەزنی فەرەنسا(١٧٨٩ز)كە خۆی و مرۆڤ و كۆمەڵگا و ژیان و تێكرایی جیهانی گۆریوە، دیاردەی نامۆیی بەشێكی گرینگی سروشت و ژیانی مرۆڤ، بووەو بە شێوازی پێوەندییەكی نالەبار و نەخۆشی ئاسای نێوان تاكە مرۆڤ و كۆمەڵگا، نێوان تاكە مرۆڤ و دەوڵەت، نێوان قانوونەكانی دەوڵەت و رێوشوێنەكانی ئاكار و رەوشت و كردار، نێوان



مرۆڤ و دەوروبەر هاتۆتە پێشەوەو هەستی پێدەكرێت و لەبەرچاوە، بەڵكو رەنگی سروشتی ژیانی رۆژانە و لایەنە فرە رەنگ و پێوەندییە هەمە چەشنەكانی رشتووە!

مرۆڤی نوێ لە روانگەیەكی ترەوە سەرنجی دیاردە كۆمەڵایەتییەكانی ژیان دەدات، هەڵوێستی بەرامبەر بە كۆمەڵگاو داو و دەزگاكانی، بەرامبەر بە مرۆڤی تر كە دەكرێ بە(نا من) دابنرێت جیاواز و هەمە چەشنەیە.

ئەو زانست و تەكنەلۆجییەی چاوەرێی زۆر شتی لێ دەكرا، جێگای بە ئایدیۆلۆجی لەق كردووە و تەنگی بە ئایین و دۆگم و بۆچوون و دامەزراوەكانی هەڵچنیوە، بەلام بە هیچ جۆرێك نەیتوانیوە جێگای هیچ كامێك لە ئایین، فەلسەفە و دیاردە كۆمەڵایەتییەكانی تر بگرێتەوە، ئەگەرچی ئەو گۆرانەی بەرپای كردووە و ئەو ئەنجامانەی داوینەتە دەست دەكرێ بەشۆرشی سەرتاپاگیرئاسا نیشان بدرێن.

رەوشی ژیان و كۆمەڵگاو شارستانیەت ومرۆڤ و پێوەندییان بە یەكترییەوە دەبێتە مایەی ئەوەی جارێكی تر بیر لەو رۆڵە بكرێتەوە زانست بەگشتی دەیگێرێت. دوور نارۆین بڵێن قسەكەی ئیدمۆند هوسەرڵ(١٨٥٩-١٩٣٨) ز رابەرو دامەزرێنەری فەلسەفەی فینۆمینۆلۆجی تا ئێستا گەرم و گوری خۆی لە دەست نەداوە. هوسەرل وتوویەتی:((رەوشی ئێستای زانستەكانی ئەورووپا وا پێویست دەكات بە وردی لەبنەرەتەوە بیری لێ بكرێتەوە، ئەو بروایەی جاران بە دەورە گرنگە لە سنوور بەدەردەكەی هەبوو لە دەستی داوە، مرۆڤی ئەم سەردەمە وەك مرۆڤی سەردەمی رووناكبیریی وا سەرنجی زانست و كولتوورەكە نادات كە بریتی بن لەبەرجەستەكردنی ژیری مرۆڤ...ئەو بروایە، كەزانست گەیشتن بە راستی(هەقیقە) Wahrheitدەستەبەر دەبێت، لەنێو كۆر و كۆمەڵگاكاندا هەموو جۆرە گەرم و گوری و توانایەكی لە دەستداوە.[٣]))

ئەو قسەیەی هوسەرل بەڵگەیەکە نامۆیی زانستی سەدەی بیستەم بەرامبەر ژیان ساخ دەکاتەوە. زانستێك مژدە دەربوو، چاوەڕێی گۆڕانێکی ئەوتۆی لێدەکرا زۆرترین کێشەکانی ژیانی مرۆڤ چارەسەر بکات، کەچی خۆی جارێکی تر بووە بەهۆکارێکی ترسناکی هەڕەشەکردن لە چارەنووسی مرۆڤ و ئەتۆمی داهێناوە لە مۆتەکەی سەرسنگ و گورگی هەیاسی خاس پتریش هەرەشە دەکات و چاو لە مرۆڤ بز دەکاتەوە و نارەحەتی دەکات.

٥- وەنەبێ دەزگاکانی تری کۆمەڵگا لەم دیاردە سەرنج ڕاکێشە دووربن، بۆنموونە ئەو دەوڵەتەی دوای کۆششێکی لە ئەندازە بەدەر و پەرەسەندێکی نەپساوەی درێژخایەن پەیدابووە و دامەزراوە و جێگیربووە، ئەو ڕۆلەی لەدەست داوە چاوەڕوان دەکرا بیگێڕێت. من ناڵێم، مەبەستیشم ئەوە نییە شەری دەستەویەخە لەنێو چینەکانی کۆمەڵگادا هەبێت، یان هەبوویێت و لەمەولا دەبێت، هەروەها نیازم نییە بڵێم دەولەت ئۆرگان و ئامرازێکی چەوساندنەوەی چینایەتی بووە و لە پاشەڕۆژیشدا هەمان دەور دەگێڕێ، بەڵام بە ڕاشکاوی دەڵێم: دەوڵەت هیچی تر ئامراز و ئۆرگانی یەکخستنی پێکهاتە جیاجیاو فرە ڕەنگ و فرە توێژ و سوود و قازانجە جۆر بەجۆرەکانی کۆمەڵگا نەماوە و ئەرکی سەرەکی خۆی لەدەست داوە.



## دەوڵەت

مرۆڤی سەردەم لە کۆمەڵگای نوێدا هەست دەکات ڕێکخراوی دەولەت دەزگایەکی بیانی (نامۆیە) و سەر بەجیهانێکی ترە، ئەگەر جاران لە هەندێك شوێن و سەردەمدا ئەو جۆرە نامۆییە لە پێوەندی نێوان تاکە کەسان و کۆمەڵگای دوای شۆرشی فەرەنسا و گەورە بوونی شارو بازێر پەرەسەندنی زانستدا بەدی کرابایە، ئێستاکە بە تەواوەتی هەست بەوە دەکرێ دەوڵەت بووە بە دەسەڵات و لەمیللەت دوورە پەرێزە. کۆمەڵگای کردووە بە دوو بەشی بە یەکتری بیانی و نامۆ: خاوەن دەسەڵات و میللەت، ئەوانەی حوکمرانی دەکەن و ئەوانەی ژێر دەستەن حوکم دەکرێن.

دامەزراو و دامو دەزگاکانی دەوڵەت وە نەبێ لەم نەخۆشی نامۆییە دووربن و نەك تەنیا هەر پڕیشکیان بەرکەوتووە، بەڵکو بە تەواوەتی ئەم نامۆییە بەرجەستە دەکەن.

هەر سێ دەسەڵاتەکە کە دەوڵەتیان لێ پێك دێت و هێز و دەسەڵاتی دەوڵەتیان لێدەکەوێتەوە نموونەی ڕاستەقینەی ئەم نامۆییەن و نەك هەر پردی پێوەندی نێوان میللەت و دەسەڵات هەڵنابەستن، بەڵکو کەلەبەری نێوان هەردوولا قووڵتر و فراوانتر دەکەن.ئەگەر مرۆڤ گوێی لە وشەی دادوەر و دادگا دەبێت کە بەشێکن لە دەسەڵات دەستبەجێ پاڵەوانە بێتاوانەکەی ڕۆمانێکی فرانتس کافکای دێتەوە یاد کە لە کێشە و تاوانەکان بێخەبەر بووە، کەچی فرمانی(حوکمی) مردنی لەلایەن دادگاوە بۆ دەبڕدرێتەوە. قانوون و ڕێ و شوێنەکانی بەرێوەبردنیش وادێنە بەرچاو کە لە دنیایەکی ترەوە هاتبن و بەدەگمەن نەبێ بۆ سوود و قازانجی (تێوەگلاوان و بێنەوازان) بەکارنایەن و پیادە ناکرێن و سوودیان لێوەرناگیرێت. هێزی چەکداریش بێ پساونەوە ئەرکی سەرەکی سەرشانی لەبیر براوەتەوە و ئەرك و فرمانی تری پێدەسپێردرێ پتر هەست و نەست

و گیان و دیاردەی نامۆیی قوولتر و بەتینتر دەکاتەوە. ئەگەر مرۆڤ سەرنجی هەڵوێستی نەوەی نوێ، چینی لاوان بدات بەتایبەتی بەرامبەر بە دەسەلات و سیاسەت و دەوڵەت وێنەیەك لە مێشکیدا دەنەخشێ بە تەواوەتی ئەم نامۆییە بەرجەستە دەکات. لەم سەردەمەدا لاوێکی خوێنگەرم نابینرێ ناخ و دڵ و دەروونی پڕ لە گازندە و گلەیی و رەخنە نەبێت.لاوی ئەمڕۆ ئەگەر بۆی بلوێ هەوڵ دەدات خۆی لە سیاسەت و دەزگاکانی پێوەندیدار بە ئایدیۆلۆجییەوە دووربخاتەوە و یان دوورەپەرێز و خەم سارد بوەستێ. خۆ ئەگەر هەڵوێستێکی دژ و پێچەوانەی ئەم دیدە بەدی بکرێت پتر ئەم هەڵوێستە هۆکاری گوزەران و ژیانی رۆژانە بەرپای کردووە. دەوڵەت و دامو دەزگاکانی، بەو هەموو تواناییانەی لەبەر دەستیاندایە نەیانتوانیوە وێنەیەکی جوان لە بارەی خۆیانەوە لە مێشکی مرۆڤی ئاساییدا بنەخشێنن، مرۆڤ ئەمڕۆ وا تەماشای دەوڵەت دەکات کە بووە بە دەزگایەکی دەسەلات، سوود و قازانجی گشتی وەلاناوە ئامرازێکە سوود و قازانج و دەسکەوتی دیاریکراو بە کەسان و توێژی تایبەتی دەگەیەنێ.

دەوڵەت نەك هەر ناتوانێ بگرە لەبیری چۆتەوە بیریش لەوە ناکاتەوە چۆن پردی پێوەندی لەگەڵ توێژی سێیەم کە رۆشنبیرانن و هۆکاری پەرەسەندن هەڵبەستێ.

زانکۆ و پەیمانگا و ئینستوتە زانستی و ئەدەبی و رووناکبیرییەکان کە پێویست بوو مەڵبەندێکی زانستی بن، بوون بەمۆڵگای دەرچواندانی — سالانە — بەسەدان لاو کە وشەی ((بێتوانا و فێرنەبوو)) پڕ بە پێستی خۆیانە. ئەولاوانەی کە هەڵگری سێرتیفیکاتێکن سەرەتای ژیانی ئەکادیمی نیشان دەدات بەدەگمەن نەبێ لەو بابەتەی کە خوێندوویانە بە تەواوەتی شارەزا و پسپۆرنین، دوو رێگایان دێتە بەردەم:-لەدام و دەزگاکانی



دەوڵەتدا، بەبێ ئەوەی لەو کارەی پێیان دەسپێردرێ پسپۆر بن، دامەزرێن و پتر گیانی گەندەڵی بەهێز و بەتین و بەگوڕ دەکەن، یان ژمارەی لەشکری بێ ئیش و کاران پتر دەکەن.ئەو رەوشە جارێکی دیکە لەلای خۆیەوە دیاردە و کێشەی نامۆییەکە بەرجەستە دەکاتەوە.

٥- لە فەلسەفەی ئیگزیستینتیالیزمدا بەهەردوو بەشی ئەڵمانی و فەرەنساییەوە چەمکی نامۆیی وەك بابەت بایەخێکی چاکی پێدراوە و توێ توێ کراوە.ئەمەش ئەنجامێکە لە هەڵوێستیان بەرامبەر بە ژیان و مردن بەگشتی و بەرامبەر بە بوونی تاکەکەسان بەتایبەتی کەوتۆتەوە. لەم رێبازەدا ئەگەرچی چوارچێوەکە سایکۆلۆجییە، بەلام لەلایەکی ترەوە ئەم هەڵوێستەی ئەم رێبازە دەکرێ لە دوو لاوە سەرنج بدرێت:

- جارێکیان لەروانگەی ئەنترۆپۆلۆجییەوە:

بوونی مرۆڤ بوونێکی خودییە، هیچ ناوێکی لێ نانرێت، جۆرە یەکەیەکە و بەهیچ شێوازێك دووبارە بوونەوە هەڵناگرێت.

- جارێکی تریان جۆرە ترانسندێنتییەك نیشان دەدات بەو مانایە بوونی مرۆڤ بەردەوام لە خۆی دووردەکەوێتەوە سنووری خۆی دەبەزێنێ و خۆی لەناو دەبات و دەمرێت[٤]. ئەم جۆرە رەوشە بریتییە لە مردنێك کۆتایی بە بوون و ژیان دەهێنێ و دەبێتە مایەی ئەوەی ترس و نیگەرانییەکە نەك هەمیشە لە مردنەوە بکەونە، بەڵکو ببن بە ترس و نیگەرانی بەرامبەر بە ژیان خۆی. ژیانی بەپیت و پیرۆزی مرۆڤ بە هەموو فرەرەنگییەوە بە خۆشی و ترشییەوە، بەسەرکەوتن و تێشکانییەوە هەمیشە بەرەو رەوشێك هەنگاوە دەنێت کە دواشیاوەکی بوونە، شیاوەکی ((هیچ و نابوونە)) و ئەنجامەکەشی هەست کردنە بەوەی مرۆڤ بیانییە و بوونیش لەجۆرە نامۆییەك بەلاوە نییە.هەر بۆیە سارتر بە راشکاوی وتوویەتی: ((شتێکی ئەوپەری بێ مانا و بێ هوودەیە کە ئێمە هاتووینەتە دنیاوە و لەدایك بووین، بێ هوودەیە و

بێواتایە[٥] کە ئێمە دەمرین)). بە باوەڕی جان پول سارتر ئەم بێ هوودەیی و بێواتایە لە سەرئەنجامدا خۆی لە نامۆییەکی بەردەوام و نەپساوەی شیاوەکی بوونی تاکە کەسی مرۆڤدا نیشان دەدات.

دیاردەی مردن قۆناغێکی کۆتایی ژیان و بوونە و و مرۆڤ لە ژیان و بوونیدا یەکجار دەیبینێ و پێیدا تێدەپەڕێ بەشێکی تەواوکەری ژیانە، چونکە هەر شتێك سەرەتای هەبێ، دەبێ کۆتایشی هەبێ.ترسی مردن شتێکی ئاساییە، چونکە هۆکارو فاکتەری دیاریکراوی هەیە کە بریتییە لەفاکتەری هەست و هۆشی فیزیولۆجی و بایۆلۆجی، بەڵام ئەو ئەنجامەی ئەم ڕێبازە پێی دەگات لە دوو لاوە پەسند نییە:

یەکەم: ئەو ڕەشبینییەی بەرامبەر بە ژیان و پاشەڕۆژ و چارەنووس دەریبڕیوە.

دووەم: بەهیچ جۆرێك نابێ دەردەسەرییەکانی ژیان و نامۆیی و مردنی مرۆڤ ببن بە مایەی لە بەرچاو کەوتنی ژیان و گۆشەگیری و بەکەم زانینی بایەخی ژیانی مرۆڤ و مرۆڤ خۆی. ئەوی سەرگەرمی ئەوەبێ لە ژیاندا هەموو شتێکی هەبێ و هەموو شتێك بەدەست بهێنێ، بەدەگمەن نەبێ هیچ شتێکی نابێ و وەك کوردەکە وتەنی لەهەردوو جەژنەکە دەبێت. ڕاستە هەبوون و دەست ڕۆیشتوویی و توانا جۆرە خۆشی و چێژێك بەدەروون و دڵی مرۆڤ دەبەخشن، بەڵام نەبوون خۆی هاندەری سەرەکی هەوڵ و کۆششە بۆ بەدەست هێنان و بوون بە خاوەن شت.مردن دەبێ هاندەری بەختەوەری و بەخۆشی ژیان و خۆشکردنی گوزەران بێت. نەك بە پێچەوانەوە. ئەگەر مرۆڤ هەست بەبێزاری و نامۆیی نەکات، ئەگەر مرۆڤ پەشێو و نیگەران و نەخۆش نەبێت، ئەگەر مرۆڤ هەموو شتێکی هەبوو، چێژ و خۆشییەك نامێنێ، هیچ جۆرە فاکتەر و هاندەری کۆشش و هەوڵ و گەڕان نامێنێ و مرۆڤ دەگاتە ئەو ڕادەیەی بایەخ بە هیچ شتێك نەدات، چونکە ئەو کاتە لە هیچی کەم



نابێ و لە هەموو شتێك بێنیاز دەبێ.ئەی باشە نەبوونی و هەژاری زۆر شتی بەدو نالەباریان لێناکەوێتەوە؟!

٦- نامۆیی ئەگەر ئێمە وەك چەمکێکی فەلسەفە Begriff سەرنجی دەدەین، ڕەوش و دیاردەیەکە لە ڕوانگەی جۆراوجۆرەوە سەرنج دراوە و شرۆڤە کراوە، تاوەکو سەدەی نۆزدەیەم بەدەگمەن نەبێ لە فەلسەفەدا هەڵوێستی ڕاشکاو لە بارەی چارەسەرکردنییەوە بەرچاو ناکەوێت.نامۆیی بابەتی ئاین و سیاسەت و دەروونناسی و سۆسیۆلۆجی و ئەنترۆپۆلۆجی و ئابووری بووە، جگە لە فەلسەفە خۆی.

ئەگەرمرۆڤ سەرنجێك لەبەرهەمەکانی هیگڵ و مارکس بدات، ئەو بابەتە بەجۆرێکی تر بەناوەرۆك و ڕوخسارو پێناسە و دەستنیشانکردن و ئینجا پێشکەشکردنی چارەسەرکردنەکەی جا بەدوورخستنەوە، لێکدانەوە، پاساودان یان بەلایەکدا خستن، دێتە بەرچاو و هەست پێ دەکرێت.

- هیگڵ ڕابەرێکی فەلسەفەی ئیدیالیستییە لە چوارچێوەی بۆچوونی ئایینی- لاهوتی مێژووییەوە نامۆیی توێ توێ کردووە لەبابەتی دیالێکتیکدا سوودی لە بنەماکانی ئایینی مەسیحی وەرگرتووە بە تایبەتی سێ ڕەنگی (باوك و ڕۆڵە و گیانی پاك) کە لەلای ئەو، بووە بە تێزە و دژە تێزە و سونتێزە، بەچاوێك سەرنجی داوە ئەو گۆڕانەی ئەو مەبەستی بووە و بڕوای پێی هێناوە ئەو دەفرو چوارچێوەیە بووە هەموو شتێکی گرتۆتە خۆی.

گیان یان ژیر Geist کە هیگڵ وەك شاچەمکێك بەکاری هێناوە بۆچوون و جیهاندیدی سەرەکییەکی ئەم کەڵە فەیلەسوفەی ڕەنگ ڕشتووە. هەموو شتێك کە بوونی هەبێت لەکۆتاییدا لە ئایدیا، یان گیانی ڕەها absolute Geist بەو لاوە شتێکی تر نییە. ئەم گیانە ڕەهایە لە پرۆسەیەکی زیندوودا بەردەوامی نامۆبوون و بەلایەکدا خستنی نامۆییدا

خۆی دەبینێتەوە و پیادە دەبێت. سروشت خۆی بەپێچەوانەی ئەم گیانە ڕەهایەوەیە لە نامۆبوونی ئەم گیانە بەلاوە نییە[٦].

ئایینی مەسیحی و بەسەرهاتی عیسای مریەم سەرچاوەیەکی سروش بەخشی بابەتی نامۆیی بوون لەلای هیگڵ بەتایبەتی لەشاکاری((فینۆمینۆلۆگی گیان)) دا کە فەسڵێکی بەناوی((گیانی نامۆ بوو))[٧] نووسیوە.

هیگڵ لە ڕوانگەی دیالێکتیکە ئایدیالیستییەکەیەوە پەرەسەندنی جیهانی بەئەنجامێکی پەرەسەندنی گیانی ڕەها داناوە[٨] . بەلایەوە ئەم گیانە ڕەهایە، زۆرجار وشەی ئایدیای ڕەهاشی لە جیاتیدا بەکاردەهێنێ، ڕۆڵی ڕەببی مەسیحی گێڕاوە، لەوەدا کە خۆی نامۆ کردووە و بەم خۆ نامۆکردنە جیهان کەوتۆتەوە(داهێنراوە). ئەم نامۆبوونە لەخۆیدا بریتی بووە لەوەی گیان-ئایدیالیی- ڕەها دەستبەرداری جەوهەری خۆی بووە و لەسروشتدا خۆی بینیوەتەوە.

لێرەدا بەشێوەیەکی ناڕاستەخۆ بۆچوونە ئایینییە مەسیحییەکە دێتە بەرچاو چۆن ڕەب دەستبەرداری سروشتی جەوهەریی خۆی بووە و خۆی لەکەسێکی دیاریکراودا لە یەسوعی مەسیح(عیسای مریەم)دا بەرجەستە کردووە. ئەم بەرجەستە بوونەی ڕەب لەمرۆڤی عیسادا لەلای هیگڵ بووە بەگیانی ڕەها کە بەجۆرە نامۆبوونێک دەستبەرداری جەوهەری ڕەببانی خۆی بووە و مرۆڤ و سروشت پەیدابوون و کەوتوونەتەوە. نامۆبوونەکە بەوە بەلایەکدا دەخرێتەوە ئەگەر بگەڕێتەوە سەر سەرچاوەکەی، بگەڕێتەوە دۆخی جارانی.ڕەب-عیسا-گیانی پاك، تێزە، ئەنتی تێزەو سونتێزە. ونبوونی عیسا لەبەرچاو جۆرە گەڕانەوەیەکە بۆ ڕەوشی پێشوو و بەلایەکداخستنی نامۆییە کە لە سۆفێتی دا بە(الفناء فی الله) ناودەبرێ.



ئەو بلیمەتییەی هیگڵ لەبەرجەستەکردنی ئەو دیاردەیەدا نیشانی داوە ئەوەیە :ئەو بەلایەکداخستنەی نامۆیی کە بریتی بووە لە نامۆیی گیان و بەو بزاڤە گەیشتۆتە ئەو ڕادەیەی کە ئەو بە((هۆشیاری تەواوەتی)) ی گیان ناوی بردووە، بە پێچەوانەی مەسیحییەتەوە، گریمانەی جیهانێکی تر، جیهانی سەروو زەمین، جیهانی ترانسندنتالی نەکردووە، بەڵکو ئەو لابردنەی نامۆییەو پیادەبوون و هاتنەدی قوناخی پەرەسەندنی گیانی ڕەها و نەمانی نامۆیی لەسەردەمی خۆیدا لە دەوڵەتی پروسیدا دیوە و ڕووی داوە، بۆیە بە ئاشکرا بوونی ڕەوش و بارودۆخی سەردەمی خۆی بە بارودۆخێکی هەڵکەوتی ڕیالیستی داناوە، ئەوەی هەڵکەوت و ڕیالیستیش بێ لەگەڵ ژێردا گونجاوە و قبووڵ دەکرێت. ئەم بۆچوونەی هیگڵ بووە، بۆتەی مایەی ئەوەی ئەوانەی لە دوای مردنەکەی کە بەناوی چەپی هیگڵ ناسراون، بەتایەتی برۆنو باوەر Bauer، لودڤیك فۆیەرباخ و موسا هێس Hess لەکاتی تاوتوی کردنی بابەتدا تیرو توانجی ڕەخنەیان گرتۆە ئایینی مەسیحی و دەوڵەتی پرووسیی Preussischer Saat کە بە بنەماو سەرچاوەی بیرو بۆچوونی هیگڵیان داناون.

٧- لەکاتێکدا هیگڵ لەو باوەڕەدا بووە نامۆیی بریتییە لە نامۆبوونی هەست و هۆش و هۆشیاری و هەرچی هەیە و نییە بریتییە لە ئایدیا، لە گیانی ڕەها و ئەو گیانی ڕەهایە لە پرۆسەیەکی بەردەوامی نامۆبوون و لەناو بردنی ئەو نامۆبوونە دایە و سروشت بریتییە لە فۆرمێکی نامۆبوونی گیانی ڕەها و مرۆڤ ڕۆڵێکی سەرەکی لە لادانی ئەم نامۆییەدا دەگێڕێ، ئەم دەورو ڕۆڵەش لە چوارچێوەی پرۆسەی تێکرای مێژوودا دەبێ، چونکە مێژوو خۆی لە پرۆسەی لابردن و لادانی ئەم نامۆییە بەولاوە شتێکی تر نییە، کەچی فۆیەرباخ بە پێچەوانەوە(ڕەب)ی بەمرۆڤێکی ((خۆ نامۆ بوو) داناوە، گوایە ڕەب ئەو جەوهەرەی مرۆڤە کە لە لایەن مرۆڤەوە ڕەها کراوە و لەمرۆڤ نامۆ بووە[٩].

لە چوارچێوەی ئایینـدا، وەك دیاردەیەكی كۆمەڵایەتی كە لەهەموو سەردەم و كۆمەڵگایەكدا بەشێوەی جیاواز هەبووە، نامۆیی دیاردەیەكی بەرچاوە. ئەم نامۆییەی مرۆڤ تەنیا هەر تاكە فۆرمێكی نییە، چەندین جۆری هەیە و دەكرێ لە رەوشی پرۆسەی ئابووری و سیاسی و كۆمەڵایەتی كۆمەڵگایشدا بەشێوەی جۆربەجۆری هەست پێ بكرێت.

ئەگەر چی چەمكی نامۆیی وەك چەمكێكی فەلسەفە بلیمەتانە لەلای هیگڵەوە قسەی لێ كراوە و پەرەی پێدراوە، بەڵام هەمان چەمك و بەلایەكداخستنی لە روانگەیەكی تری ئەوپەری جیاوازەوە لەلایەن كارل ماركسەوە(١٨١٨- ١٨٨٣) بەتایبەتی لە شاكاری دەستنووسە ئابووری — فەلسەفەییەكاندا كە لەساڵی ١٨٤٤ نوسیویەتی، كەچی دوای ئەم لاو لایەكی زۆر و زەبدە بەناچاری ساڵی ١٩٣٢ بۆ یەكەم جار ئەو بەرهەمەبڵاوكراوەتەوە، بەبێ ئەوەی ئەو لایەنەی بڵاوی كردۆتەوە سوودی لێ وەرگرتبێ.ماركسی لاو كاتێك دەستی بە توێژینەوەی بابەتی نامۆیی كردووە لەبەردەم سێ هەڵوێست بەرامبەر بەم بابەتەدا خۆی بینیوەتەوە:

یەكەم: نامۆیی سیاسی كە لەلایەن هیگڵەوە لەكاتی باسكردنی واقیعیەتی دەوڵەتی پرووسیدا لەچوارچێوەی فەلسەفەی رەسمیدا باس كراوە.

دووەم: نامۆیی ئایینی كەبەتوندی لەلایەن فۆیەرباخەوە لەچوارچێوەی لاهووتی مەسیحدا رەخنە كراوە.

سێیەم:نامۆیی ئابووری[10] كە رەگوریشەكەی لەنامۆیی كاردا دۆزیوەتەوە.

تیۆری نامۆیی لەلای ماركس بە هەڵومەرجی ئابووری و كۆمەڵایەتی كۆمەڵگای بورجوازییەوە بەستراوەتەوە و نامۆیی ئابووریی بەلایەوە نامۆیی سەرەكی بووە و چارەسەركردنیشی بە گۆڕینی رێژیمی سەرمایەداری چینی ناوبراوەوە گرێ داوە.لەشاكاری دەستنووسە ئابوورییە فەلسەفەییەكاندا، بەتایبەتی لە فەسڵی كارە نامۆ بوونەكەدا Die



entfremdete Arbeit چوار لایەنی نامۆ بوون لەچوارچێوەی كارو سیستەمی ئابووری و رێژیمی سەرمایەداری و پێوەندییەكانی بەرهەمهێناندا لە یەكتری جیا دەكاتەوە:

یەكەم: كرێكار شت و مەك بەرهەم دەهێنێ، بەڵام ئەم بەرهەمەی وادێتە بەرچاو كە پێوەندی بەخۆیەوە نەبێ و شتێكی بیانی بێت. ماركس وتوویەتی:

((ئەو بابەت و شمەكەی كار بەرهەمی دێنێ، بەرهەمی كارەكە وەك جەوهەرێكی بیانی دێتە بەردەمی، وەك هێزێك كە ئەو بەرهەمی هێناوە و هیچ پێوەندەی پێوە نەبێ بەرامبەری دەوەستێ)).[11]

دووەم:بەبێ سروشت، بەبێ جیهانی بەرهەستی دەرەكی كرێكار ناتوانێ هیچ شتێك بەرهەم بهێنێ، سروشت ئەو كەرەسەیەیە كارەكەی خۆی تێدا ئەنجام دەدات، تێیدا چالاكە و لێیەوە شت بەرهەم دەهێنێ، بەڵام سروشت، جیهانی دەرەكی بەچ شێوازێك، ئامراز و كەرەسەی ژیان دەخاتە بەردەم كرێكار؟!

بابەتەكە بریتییە لەوەی كرێكار ناچارە و بەبێ ئەوەی ئازاد بێت، كار بكات و بەرهەم بهێنێ و بەرهەمەكەش دەبێ بەشتێكی دژ بەخۆی.

سێیەم: لەكاتی ئیشكردن و چالاكیدا كرێكار لەئاقار چەمكی جەوهەری مرۆڤدا نامۆ دەبێ، بەم پێیە دەبێ وەك بوونەوەرێكی هۆشیار و ژیر، جەوهەرێكی زیندوو كە بەرهەمهێنەرێكی ئازاد و هەمەكییە تێی بگەیشترێ، بەڵام بەهۆی نامۆبوونییەوە لەئاقار و جەوهەری توخم و رەگەزەكەیدا دەبێتە ئامرازێكی رووت و قووتی پەیداكردنی پێداویستی ژیانی، ماركس وتوویەتی:((كاری نامۆبوو، پێوەندییەكانی ئاوەژوو دەكاتەوە، مرۆڤ، كە جەوهەرێكی هۆشیار و بەئاگایە، چەلاكی ژیانەكەی، جەوهەرەكەی دەبێتە ئامرازێك بۆ پاراستنی بوونەكەی)).[12]

چوارەم: مرۆڤی کارگەر، کرێکار، بەرامبەر بە مرۆڤی تر خۆی بە بیانی و نامۆ هەست پێدەکات و دێتە بەرچاو، کرێکار لە پرۆسەی کارکردندا تەنیا هەر شتوومەك(شمەك) بەرهەم ناهێنێ، بەڵکو دەبێتە مایەی کەوتنەوە و پەیدابوونی چەندین پێوەندی کۆمەڵایەتی gesellschaftlicheVerhaeltnisse ئەو دەبێتە مایەی پەیدابوونی سەرمایەداران و رقەبەران لە شوێنی کارکردندا.دوو کەشوهەوا، دوو جۆر دۆخ و رەوشی لەیەکتری جیاواز دەکەونەوە.مارکس وتوویەتی:((ئەنجامێکی راستەخۆی ئەمە ئەوەیە مرۆڤی لەبەرامبەر بەرهەمیدا، لەئاقار کارەکەیدا، لەبەرامبەر چالاکی ژیانیدا...نامۆ و بیانی دەبێت، ئەمەش بریتییە لەنامۆیی مرۆڤ لەبەرامبەر مرۆڤدا...)).[١٣]

ئەم جۆرە کەلەبەرەی نێوان بوون و جەوهەر و سروشتی مرۆڤ، کاری نامۆ بوو، وەك من لە مارکس گەیشتبم، سەرچاوەی دوو دیاردەی راستەقینەن:

یەکەم: دەوڵەمەندبوون و کەڵەکەبوونی سامان و پارە لەلایەك.

دووەم: پتر هەژاری و نەداری و دەست کورتی کارگەران و چینی پرولیتێر لە لایەکی ترەوە. جۆرە ناتەبایی و ناکۆکییەك دەکەوێتەوە کەبەم جۆریە:

بەرهەم هێنانی شمەك و پتربوونی دارایی و سامان کە بەهۆی هێزی کارکردن و ئیش کردنەوە کەوتوونەتەوە و دەبنە ئامرازێکی بەهێز و توانا بۆ چەوساندنەوەی ئەو هێز و کەسانەی کە کاریان کردووە و ئەمەیان بەرهەم هێناوە.

بۆیە بەلای مارکسەوە زاڵبوون بەسەر رژێمی سەرمایەداری و لەناوبردنی شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری دەبێتە مایەی نەمان و بەلایەکداخستنی نامۆیی و بەمەش دەرەفەت دەرەخسێ مرۆڤ[١٤] لە بوونەکەی دا رۆڵی لە ژیان و لەپێوەندییە کۆمەڵاتییەکاندا بەپێی جەوهەرەکەی بێت کە مرۆڤە نەك ئامرازە، ئامانج و مەبەستە نەك رێگایە



لەوەی. تائێستا لەبارەی هەڵوێستی مارکس وتمان، دەردەکەوێ تەنانەت لە کایەوبواری ئابووریشدا نامۆبوونەکە چەند روخسار و فۆرم و ناوەرۆکێکی هەیە وەك:

-نامۆ بوونی لە بەرامبەر بەرهەمی چالاکی و کارەکەیدا.

- نامۆیی مرۆڤ لە ئاقار چالاکی بەرهەمهێنانی خودی خۆیدا.

- نامۆیی مرۆڤ لەئاقار مرۆڤ خۆیدا.

ئەم رەوشەش بێگومان جۆرە هەست کردن بەبێ هێزی و بێ دەسەڵاتی، بێزاریی، بڕوا لاوازبوون، کەمتەرخەمی، گۆشەگیری کۆمەڵایەتی، بروانەمان بە بەهاو رێوشوێن و بنەماکانی ئاکاری لێ دەکەوێتەوە.

٨- لەوەوە تا ئێستا وتمان دەگەینە ئەو ئەنجامەی نامۆیی دیاردەیەکی سێ لایەنی و چەند رەهەندێکی هەیە.

لایەنەکانی ئەمانەن:

- نامۆیی لەشتێك (بۆنموونە بەرامبەر بە سروشت و کۆمەڵگا).

- نامۆبوون بەرامبەر بەکەسێك یان مرۆڤێکی تر.

- نامۆبوونی مرۆڤ لەخود و سروشت و جەوهەری خۆی.

رەهەندەکانی نامۆیی ئەگەرچی لە لایەنەکانی جیاناکرێنەوە، بەشێوەیەکی تر ئەگەر بشێ بڵێین پێوەندییەکی(دەستیاوی دیالیکتیکی) لەنێوان لایەن و رەهەندەکانی نامۆبووندا هەیە، بەو مانایە هەر یەکەیان لایەن و رەهەندن سەربەخۆن و تایبەتمەندی خۆیانیان هەیە، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا توندو تۆڵ بەیەکەوە بەستراون و دەستبەرداری یەکترن نابن.رەهەندەکانی نامۆیی ئەمانەن:

- رەهەندی دەروونی بەشێوەیەکی تایبەتی لەلای رابەرانی فەلسەفەی ئیگزیستینتیالیزمدا، لەبەرهەمە جۆر بەجۆرەکانیاندا دەبینرێ.

- رەهەندی ئایینی، لەتەوراتدا و ئەوەی لەچوار ئینجیلی عیساییەکاندا لەبارەی رەب و بەرجەستەبوونی لەکەسایەتی عیسای مریەمدا وتراوە.

– رەهەندی سیاسی، بەتایبەتی لەلای هیگڵ بەرجەستە بوونی دوا قۆناخی پەرەسەندنی ئایدیا و گیانی رەها لە دەولەت و رژێمی پرووسی preuss سەردەمی خۆیدا بەدی کردووە.

– رەهەندی ئەنترۆپۆلۆجی و کۆمەڵایەتی لەلایەن فۆیەرباخ داکۆکی لێکراوە کە لافی لێداوە مرۆڤ ئایین و رەبی داهێناوە و دەستی لە تایبەتمەندی و خەسڵەتە جەوهەرییەکانی خۆی هەڵگرتووە و بە بوونەوەرێکی سەروو سروشتی بەخشیون.

–رەهەندی فەلسەفە لەلای زوربەی رێبازی فەلسەفەو و فەیلەسووفەکاندا دەبینرێ و دەکرێ نموونەی ئەشکەوتی ئەفلاتوون و تیۆری ئایدیا و بەسەرهاتەکەی نەفسی مرۆڤ لەو بوارەدا بهێنرێنە بەرچاو.

–رەهەندی ئابووری لەلای کارڵ مارکس توندوتۆڵ بەناکۆکییەکانی Widerspruche نێو سیستەمی ئابووری و پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای مرۆڤەوە بەندە، ئەمەش بریتییە لەشەڕی دەستەویەخە و ناکۆکی نێوان هێزەکانی بەرهەمهێنان و پێوەندییەکانی بەرهەمهێنان کەبەخەباتی چینایەتیشەوە بەستراوەتەوە,کۆمەڵگایەکی دوور لە نامۆیی بەوە دەبێ کۆمەڵگایەکی بێ ناکۆکی چینایەتی دابمەزرێنێ، بنەرەتەکانی کۆمەڵگا و پێوەندییەکان دەبێ وەك بنەما لەرەگ و ریشەوە بگۆڕدرێن بۆ ئەوەی مرۆڤی ئازاد و سەربەست بتوانێ نامۆیی لەناوبەرێت و وەك جەوهەرێکی راستەقینەی ئازاد راستەقینە بەبێ هیچ دڵەڕاوکێیەك لە بوونی خۆی دڵنیابێت.

هیگڵ و مارکس و بەوپەری تواناوە کێشە و دیاردەی نامۆییان شی کردوتەوە و هەریەکە بەپێی باوەڕی خۆی و لەروانگەی تایبەتی خۆیەوە جۆرە چارەسەرێکیان داوەتە دەست و خستۆتە بەرچاو، بەڵام هەریەکە جۆرە نامۆییەکی شرۆڤە کردووە و چارەسەرێکی پر بە پێستی ئەو نامۆییەی پێشکەش کردووە، بەڵام نامۆیی لەخۆیدا وەك دیاردەیەکی تری شان بەشان



و نێو دیاردە کۆمەڵایەتیەکانی ژیان و کۆمەڵگا تا ئێستا بەتەواوەتی هیچ بیرمەند و فەیلەسوف و سیاسەتمەدارێك بە تەواوەتی بەلایدا نەچووە.

کۆششەکەی فۆیەرباخ کردوویەتی و هەوڵی مارکس کە داویەتی تەنیا بۆلەناوبردنی دوو جۆر رەگەزی نامۆیی بووە کەلەچوارچێوەی رژێم و سیستەمی دیاریکراودا سەرهەڵدەدەن.گۆرینی هەلوێست بەرامبەر ئایینی مەسیحی و دوگمەکانی تەنیا هەر نامۆیی ئایینی لەناو دەبات نەك نامۆیی لەخۆیدا.گریمان/رژێمی سەرمایەداریو پێوەندییە جۆربەجۆرەکانی و سەرخان و ژێرخانەکەی کۆچ و کۆچبەریان کردوو نەمان!تەنیا هەر ئەو نامۆییە نامێنێ کەلە رژێم و لایەنە ئابوورییەکانییەوە کەوتۆتەوە، خۆ ئەگەر رژێمێکی تری ئابووری و سیایی و کۆمەڵایەتی تر بێتە کایەوە، یان جێگای ئەوی تر بگرێتەوە بەدڵنیاییەوە ئەویش جۆرە نامۆییەکی تر دروست دەکات لەگەڵ بنەما جۆربەجۆرەکانی خۆیدا بگونجێ، چونکە پرۆسەی پەرەسەندنی ژیان بە هەموو لایەنەکانییەوە ساخی کردۆتەوە نامۆیی و هەموو دیاردەکانی تری ژیانی کۆمەڵایەتی بەهیچ جۆرێك لەبوون وژین جیاناکرێنەوە.تاوەکو مرۆڤ و ژیان هەبن نامۆیش هەردەبێ.ئەگەر هاتوو بەتەنیا هەر دەوڵەمەندی هەبوو، هەژاری نەما، ئەگەر هاتوو هەر لەش ساخی بوو، نەخۆشی، نەما، ئەگەر بێتوو لەدایك بوون وپیر بوون هەبێ و مردن نەبێت، ئەوا نامۆیش نابێت، بەڵام هەموو ژیرێك باش دەزانێ ئەمانە گریمانەی بێ بنەما و بێ سەرو شوێنن و هەموو هۆکارێك لە دنیادا بێ سێ و دوو کردن ئەنجامی خۆی هەیە لێیەوە دەکەوێتەوە. نامۆیی ئەنجامە نەك هۆکار، لەهیچ سەردەمێك و لەهیچ شوێنێکدا ئەنجام بەبێ هۆکار پەیدا نەبووە و نابێت هۆکاریش ناچارییانە و بەناچاریی ئەنجامی بەدوادا دێت.

ئەگەر مارکس گازندەی هیگڵی بەوە کردبێ هیگڵ لەو باوەرەدابووە نامۆیی نەخۆشی و دیاردەی نالەباری هۆشیارییەو Bewusstsein گوایە

ئەوخۆ نامۆبوونەی هۆش بەوە دەبێ لەناو ببردرێ، دەرك و پەی بەگیانی ڕەهاو پرۆسەی پەرەسەندنەکە و پیادەبوونەکەی ببردرێ، گوایە وەك مارکس بۆی چووە نەك زانین و دەرك پێ بردن، بەڵکو تێکۆشان و خەباتی چینایەتی- Klassenkampf پرۆلیتاریا دەبێتە مایەی لەناوبردنی ئەم دیاردەی نامۆییە، چونکە ئەو چینە خۆی و تێکرایی کۆمەڵگا ڕزگار دەکات و پێوەندییە ئابووری و کۆمەلآیەتییەکان لەبنەرەتەوە دەگۆڕێ و هیچ جۆرە چەوساندنەوە و ڕووتاندنەوەی مرۆڤ لەلایەن مرۆڤەوە نامێنێ، مارکس باسی دوو جۆرە نامۆیی کردووە، یەکێکیان سیاسی و ئەوی تریان ئابووری بووە، چارەسەرەکەی دووەمیان نامۆیی ئابوورییە دەگرێتەوە و پەی بەوەی هیگڵ نابات، چونکە هی هیگڵ لە ناوەڕۆك و ڕوخساردا لەوانە جیاوازە. ئەگەر قسەکەی هیگڵ لەو توێکڵ و ڕوخسارە تەمومژاوییە میتافیزیکییە ڕزگار بکرێت، ڕاستە و بەتەواوەتی قۆناخی ئەو سەردەمەمان سەردەمی نامۆیی و هەست بە بیانی کردنە ئەنجامێکی سنوور بەزاندن و گلۆبالیزیرۆنگ (جیهانگیری) دەپێکی و دەگرێتەوە.ئەم نامۆییەی ئەم سەردەمە پتر لەهۆکارێکی هەیە و سنووری پێوەندی ئابووری و کۆمەڵایەتی نێو کۆمەڵگا ونەتەوەی بەزاندووە و تێپەڕاندوە و دەبەزێنێ! لەتەنیا هۆکارێك نەکەتۆتەوە و بەئاسانی لەناو ناچێت!

## سەرچاوەکان


1- Die Bibel.Elberfelder Uebersetzung. R. Brockaus Verlag Wuppertal.q. Auflage 2003.Ersterteil Das Alte Testament. Das erste Buch Mose(Genesis) 3:21.

- تەورات.دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بروکهاوس ڤوپەرتال چاپی نۆیەم-٢٠٠٣. سفری پەیدابوون ٣:٢١.بەئەڵەمانی.

2- Heinz–Horst Schrey., Entfremdung und Versohnung: Grundbegriff modernen Selbst Verstaendnisses .in: Schrey(Hrsg): Entfremdung .W B G. Darmstadt 1975. s.220ff.

3-Husserl,E., Formale und transzendentale Logik.2 Auflage . Tuebingen 1981.s.4-5.

4- Oieserman,Theodor. 1.,Die Entfremdung als historische Kategorie .Dietzverlag Belin(Ost) 1963. s.117-118.

5- Sartre, J.P.Das Sein und das Nichts. Hamburg 1962. s.687-688.

6- Petrovis, Gajo: Gibes noch Entfremdung in Sozialistischen Systemen؟

In:Heinz-Horst Schery (Hersg)., Entfremdung. WBG Darmstadt 1975.s.266ff.

7 Hegel, GW.F., Phaenomenologie des Geistes.in :22 Bde. Hamburg 1968.





8- Cornu, Auguste von.,Die Idee der Entfremdung bei Hegel, Feuerbach und Marx .in: H-H, schery (Hrsg)., Entfremdung. WBG. Darmstadt.1975.s.45ff.

9-Feuerbach, Ludwig.,Vorlaeufige Thesen Zur Reform der philosophie (1842) in:Kleine Schriften. Theorie .I.Suhrkamp Verlag. 1966.s.125 ff.

ئەم شاکارەی فۆیەرباخ کراوە بە کوردی بریاروایە بەڕێوەبەرایەتی گۆڤاری رامان- هەولێر ئەرکی چاپ و بڵاوکردنەوەی بگرێتە ئەستۆ.

10-Israel,Joachim., Der Beriff Entfremdung.rowohlts enzyklo paedie . Hamburg 1985.s.59ff.

11- Marx Karl, Okonomisch- philosophische Manuskripte (1844). in : Marx- Engels Ergarnzungsband. Erster Teil. Dietz Verlag Berlin (Ost) 1968.s.51ff.

12- Marx K,., Ebenda .s.516.

هەروەها سوود لەو دوو لێکۆڵینەوە زانستیانە لەبارەی مارکسەوە وەرگیراوە:

- Pleger, Wolgang.H,.Linksheglianismus-Existenz Philosophie-KarlMaex. s.177-178. ff.in: Fellmann,Ferdinand(Hrsg).Geschichte der philosophie im 19, Jahrhundert. rororo 1996.

- Roed Wolfgang ., Karl Marx und Fridrich Engels S.229 ff. in: Roed W., (Hrsg) Geschichte der philosophische .Bb x. Munchen 1989.

13- Marx K,., Ebenda .517-518.

14- Jsrae , J., Edenda . s. 20.ff.

# (٨)

# فریدریك نیتشێ دیاردەیەك لە نێوان فەلسەفە و ئەدەبدا

نیتشێ بیرمەند و نووسەر و فەیلەسووفێکە ئەگەرچی لەلایەن زۆربەی کۆڕ و کۆمەڵگاو ئەکادیمییەکانی فەلسەفەوە گومان لەوە بکرێت کە فەیلەسووفە و بەرهەمەکانی فەلسەفە بێت ئەوا:

- بیرمەند و و نووسەر و رەخنەگرێکی بەبڕشت و خاوەن بەرهەمێکی فرە لایەن و زەبەندە و بەپیت و پێز بووە[1].
- شێوازی شاعیر و ئەدەبیانە، زۆربەی هەرە زۆری بابەتەکانی زادەی بیری مرۆڤ کە نیتشێ بە نووسین بەشداری تێدا کردوون هەر لەسیاسەتەوە تاوەکو ئەدەب و شیعر و مێژوو و فەلسەفە و ئایین و زانست بەڕاوبۆچوون وهەڵوێست و رەخنەکردن، جێ دەست و کاری قەڵەمە رەنگینەکەی و ئەو رۆڵەی گێراویەتی شوێن و پلەی بەرچاویان هەیە و هەست پێدەکرێت.لەگەڵ ئەمەشدا وا پێدەچێ نیتشێ وەك کوردەکە((لەهەردوو جەژنەکە بووبێ)) چونکە نە فەلسەفە و نەئەدەب، بەرەزامەندی خۆیان نایخەنە خانەی خۆیانەوە!

لەئەدەبیاتی سەدەی نۆزدەهەمی ئەڵمانیادا بەتایەتی و لەمێژووی ئەدەبی ژیرەکی ئەوروپادا بەگشتی فریدریك نیتشێ ناوێکی درەوشاوەیە لە زۆر شوێن و خاڵ و بابەتدا سەرنج بەلای خۆیدا رادەکێشێ.بەرهەمەکانیشی



هەروەك جادوو و تەسلیم کار لەخوێنەرانی دەکەن و پتر هانی دەدەن لەخوێندنەوەیان بەردەوام بێت جگە لەوەی لەو بەرهەمانەیدا بەشێوەیەکی جوانی ئەدەبی پڕ لەهەست و سۆز و دوور لەعەقڵ و مەنتیق و هەندێك جار بەشێوازی شیعر بەتایبەتی لە زەردەشتەکەیدا هاتووە، ئەو رەوش و بەسەرهات و قەوماوە چارەنووسسازانەی لە سەدەی نۆزدەم و پێشتردا دەرکەوتوون و کاریان لە نیتشێ کردووە و بەردی بناغەی شارستانێتی سەردەم و دواتریان داناوە، دەردەکەون و رەنگ دەدەنەوە.

ئەو کەڵە نووسەرە هەست ناسکە پتر بەچاوی ناخ و دڵ و هەست و سۆز سەرنجی ژیان و دەوروبەری داوە، دەربارەی رابردوو و ئێستا و پاشەرۆژی خۆی هەڵوێستی تایبەتی خۆی دەربڕیوە، دەربارەی ژیان، چارەنووسی مرۆڤ و ئاکار، سروشت و کۆمەڵگا، زانست و ئەدەب و هونەر و ئایین لەچوارچێوەی دیاریکراودا بیروبۆچوونی خۆی تۆمار کردووە کە دەکرێ بەجیهانبینی نیتشێ ناوببرێت.

شارەزاییەکی چاکی لە بەرهەمی کلاسیکی یۆنان و فیلۆلۆگی (Philiologie) زماندا هەبووە، بەڵام بیروبۆچوونەکانی لە روانگەی فەلسەفەوە، ئەگەر بشێ مرۆڤ بە راشکاوی بڕیاردات، بەهیچ جۆرە ساخ کردنەوە و سەلماندنێکی مەنتیق و عەقڵ و فەلسەفە پشت ئەستوور نین و لەقسە و وتەی رەخنەیەکی ناخ و هەست و سۆزی شاعیر و ئەدیبێك دەچن بەشێوازی پەند و قسەی نەستەق کردبنی، بۆیە پتر لە ریزی ئەدیب و نووسەران دادەنرێت.ئەو قسانەی بەناوی زەردەشتەوە کردوونی بەهەمان شێواز ناکرێ بخرێنە خانەیەکەوە بنەمایەکی مەنتیقی و زانستی فەلسەفەیان هەبێ.

کامانەن ئەو بیروبۆچوونانەی فریدریك نیتشێ لە چوارچێوەی ئەدەب و ئاکار و ئایین و فەلسەفەدا کە ئەو ناو و ناوبانگەیان بۆ خاوەنەکەی

بەجۆرێك تۆمار كردووە نەوە لەدوای نەوە بەتایبەتی لەسەردەمی بارگۆڕین و وەرچەرخانە چارەنووسسازە گرنگەكانی مێژوودا كە قەیران و تەنگژە بەرپا دەبن و جارێكی تر سەرتاپاگیرانە سەرنج لە هەموو شتێك دەدرێتەوە، یادی دەكرێتەوە؟ ئایا راستە نیتشێ گومرا بووە؟ بەڵام با بزانین گومرایی خۆی لەخۆیدا چییە و بەچ واتایەك دێت و چ كاتێك مرۆڤێك بەگومرا دادەنرێت؟ چ كەس و كام پێودانگ ئەو مافەیان پێ ڕەوایە ئەوبریارە بدەن؟

نیتشێ خۆی لە ژینگە و كۆمەڵگایەكی فەلە(مەسیحی)ئاییندا ژیاوە,بۆیە دەكرێ بپرسرێ ئایا دەگونجێ پێودانگێكی تایبەت بە ئایینێكی دیاریكراو فراوانتر بكرێت و لەچوارچێوەی تایبەتمەندی خۆیەوە سنوور ببەزێنێ و بگوێزرێتەوە بۆ نێو چوارچێوەیەكی هەمەكی سەرتاپاگیرانەوە و بەهۆیەوە بریار بەسەر كەسانێكی هەڵگری بڕوای ئاینێكی تردا بدرێت؟تا چەند دەكرێ ئەو قسەیەی نیتشێ بە زمانی زەردەشتەوە كردوویەتی و گوتوویەتی:

((بەڵام زەردەشت كاتێك خۆی بەتەنیایی مایەوە، بەم جۆرە بەدڵ و دەروونی خۆی گوت:

دوور نییە و دەشێ، ئەم پیرەمێردە پاكە لە جەنگەڵەكەیدا لەم بارەیەوە نەیبستبێ كە:

رەب مردووە...))[٢]

بەگومرایی و پاشەگەزبوونەوە لە بڕواو ئایینی مەسیحیەت دابنرێت؟ بەبۆچوونی من، وەڵامەكە دەكرێ نا بكرێت! چونكە ئەو هەڵوێستەی نیتشێ دەشێ لەسێ روانگەوە سەرنج بدرێت و لەسێ لاوە لێكبدرێتەوە و هەویرەكەی ئاوێكی زۆر دەكێشێ.ئەو كەڵە نووسەرە ئەمە مەبەستی بووە:

یەكەم: رەتكردنەوەی ئەو شێواز و ناوەرۆكە نوێیەی بەسەر ئایینی مەسیحدا سەپێنراوە و ئەو گۆڕانەی قەشە و كلێسە سەرتاپاگیرانە بەسەر



ئەو ئایینەدا هێناویانە و لەئایین و بڕوا و باوەڕەوە كردوویانە بە دەسەڵاتێكی جیهانی- دنیایی، ئەو ئایینە گوایە بۆ جیاكردنەوەی لەئایینی جوولەكە، بیروبۆچوون و شتی وا سەیری خراوەتە ناوەوە خاوەنەكەی خۆی نەیناسێتەوە بەهیچ جۆرێك لەگەڵ بنەماكانی ئاینێكی پشت ئەستور بەعەقڵ و فامدا نەگونجێن.

دووەم: لەسەردەمی نیتشێ دا، دەسەڵاتی رەهاو بێسنووری سیاسەت، بیری رەها(موتلەق) ی هیگڵ و پێهەڵگرتنی لە رادەبەدەری كلێسە و دامو دەزگاكانی ئایینی مەسیحی باو بوون.دەبێ بۆچی ئەو ((مردن))ە كە نیتشێ بە مەبەست دەری بریوە، یاخود مەبەستی نیتشێی دەربریوە بریتی نەبووبێ لە مردنی رەها(مەتڵەق) كە بەزمانی لاتینی (Absolutism) ی پێدەگوترێت. هەروەك زانروە سەدەی نوزدەم لە سیاسەتدا ولە فەلسەفەدا سەدەی گۆڕانی سەرتاپاگیرانە بوو سالی (١٨٣١) فەلسەفەی هیگڵ و دوا سەنگەری فەلسەفەی ئایدیالیزمی ئەڵمان لە هێرشەكانی مەتریالیستەكاندا گیراوە وچۆكی داداوە و فۆیەرباخی مەتریالیست سوارچاكی مەیدان بووە.

سێیەم: دوور نییە مەبەستی ئەم بیرمەندە بەسەرچوونی قۆناخێكی دیاریكراو هاتنی قۆناخێكی تر بووبێ چونكە ئەو (مردنە) تەنیا بیرۆكەیەكی رووتی نێو مێشك و ناخ و دەروون نەبووە و لە چوارچێوەی بریاردانەكە خۆی دەچێتە دەرێ و ئەنجامی گەورە و گرنگی لێدەكەونەوە، سەرلەنوێ چاوخشاندنەوە بە هەموو شتێكدا ئەو هەموو شتانەی تاوەكو پێش بریاری مردنەكە دەستبەكاربوون و بەپیرۆز و پاك وگومان هەڵنەگر دانراون.

ئەوە نییە فۆیەرباخ وشتراوس لە چەندین بەرهەمی لاهووتی و فەلسەفەییدا تیشكی گومانیان خستۆتە سەر دۆگماكانی ئایینی مەسیحییەت؟ ئەگەر لاهووتی مەسیحی لافی لێداوە، عیسا (مەسیح) رۆڵەی رەب بووبێ و چوار مێخە كێشرابێ، دەبێ لەبەردەم مردن و

نەمانی باوکدا چ شتێك ڕێگر بێت؟ ئەگەر باوك کوری ببێ خۆشی لەدایك بووە و مردنەکەشی ئاساییە! بۆیە دەبێ کلێسە و لاهووتی مەسیحی بەهۆکار دابنرێن و نیتشێ ئەنجام نەبێت و ئەوان خۆیان لێپرسینەوەیان لەگەڵ بکرێت.

٢- جیهانبینی و دیدی نیتشێ ئەوپەڕی فراوان و پەرشوبڵاون و وا بەئاسانی لەکردن نایەت بکرێن بە تابلۆیەکی ڕەنگین و بخرێتە ناو چوارچێوەیەکی دیاریکراوەوە.بۆیە باشتر وایە بەگشتی بەجۆرە مشتومالکردن و ڕوونکردنەوە و پێکەوە گونجاندنێك بخرێنە بەرچاو، هەروەها واباشتر دێتە بەرچاو و بەبیردا دێت ئەگەر هەرجارەی لایەنێك لەبەرهەم و بۆچوونەکانی بەتاك لەچوارچێوەی ئەو جیهانبینییەی هەندێ مێژوو نووس بە فەلسەفەیان ناوبردوە، نیشان بدرێت و لێکبدرێتەوەو تاتوێ توێ بکرێت.

نیتشێ بەجۆرێك بیروبۆچوونەکانی داڕشتووە، هەر لە بەکارهێنانی وشە و ڕستە و دەستەواژەوە تا دەگاتە هێما و وێنەکان، دەکرێ بوترێ ئەو بۆچوونانە خەسڵەتێکی خۆیەتی(زاتی)نیشان دەدەن و زۆرجار شێوازی کیرکیگاردی دانیمارکی دێننەوە بیر، تارادەیەکی زۆر کەسێتی نووسەر خۆی، ناخی دەروون و هەست و نەستی دەردەبڕن و بەرجەستەیان دەکەن. ئەو کلۆڵی و پەژارە و کوێرەوەری و ئازار و ئێش و نەخۆشی بەردەوام و ئەودەردی سەریانەی لە ژیانیدا دوچاریان هاتووە ڕەنگ دەدەنەوە.

تاقیکردنەوە سەختەکانی ژیان و نەخۆشی یەك لەدوای یەك و نەهامەتی و بارودۆخی نالەباری سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەوسا و مردنی هیگڵ و نەمانی باوی فەلسەفەی ئایدیالیزم، فاکتەرێك بوو، بەتایبەتی لەفەلسەفەدا هەست بە جۆرە پێداویستییەك بەگەڕانەوە بۆ سەرخۆ و قووڵبوونەوە بەناخ و دەرووندا کرا، ناخ و دەروون، خودی تاکەکەسی مرۆڤ خۆی بۆئەوەی



بەئازادی تیشك بخرێتە سەر خودی مرۆڤ و هەست و نەست و جۆری بیرکردنەوەی و ئەو نرخ و بەهایانەی لەو خۆ و هەست و نەستەی ناخی مرۆڤ کە بوونەوەرێکی تایبەتی دیاریکراوە دەکەونەوە، لەو ڕەوش و هەڵکەوتەدا ڕۆڵی نیتشێ تارادەیەك ڕوون دەبێتەوە.

ئەو بایەخدانە بە خۆو قووڵبونەوە بەناخی خودی خۆدا ئەگەرچی جۆرە پێداگرتنێکە لەسەر تاکڕەوی، ئەو دەرگایەی لەبەردەم فەلسەفەدا کردەوە مرۆڤ و بوونی ناوەوەی مرۆڤ لەجیاتی سروشتی مردوو دەوروبەر بکات بەبابەتی لێکۆڵینەوەکانی لەدواییدا لەلایەن ڕابەرانی ئێگزیستینتیالیزم جێگیر بوو.

ئەم هەڵوێستە بە جۆرە یاخی بوون و وەرچەرخان و بارگۆڕینێك دابنرێ و هەڵوێستی شۆڕشی خودێتی (زاتیەت) دژی فەلسەفەی بابەتی ژیرەکی — بەتایبەتی لەلای هیگڵ و لایەنگیرەکانی بناسرێ بەئاشکرا لە لای نیتشێ ڕەنگی داوەتەوە: ڕەنگدانەوەیەك گۆشەگیری و تاکڕەویی و بێئارامی و پەشێوی وپشت کردنە شارو کۆمەڵگا و ئاوەدانی و خۆشییەکانی ژیان و ڕووکردنە چۆڵ و بیابان دەگەیەنێ، چونکە ئەم خەڵوەت و تاکڕەویی و گۆشەگیرییە دەرفەت بۆ مرۆڤ دێنێتە پێشەوە قانوون و ڕێوشوێن و بەها تایبەتییەکانی خۆی نەك لەجیهانی دەوروبەر و دەرەوەی خۆی، بەڵکو لەناخی خۆیدا بدۆزێتەوە و لە بوونی خۆی وردبێتەوە و سەرنج بدات و ڕابمێنێ. ئەو کارەی نیتشێ بە ئەرکی سەرشانی خۆی زانیوەو بۆتە مایەی ئەوەی بگاتە قۆناخێکی بەرزی بوون و هەست بەو بوونە بکات و سنووری مرۆڤ ئاسایی ببەزێنێ و ڕەهەندەکانی بێ سنووریی و بێکۆتایی و ڕەها بزانێت و هەستیان پێبکات، ئەو جۆرە بایەخدانە بە مرۆڤی تاك کە نهێنی پیرۆزی خۆی هەیە و زۆرجار لە توانای زماندا نییە بە ڕستە و دەستەواژەی ئاسایی دەربڕێ و عەقڵیش ناتوانێ گرێکوێرەکانی بکاتەوە بیرۆکەیەکی

بنچینەیی رێبازی رۆمانتیکی سەدەی نۆزدەهەم بووە و لەدواییدا لەلایەن رابەرانی فەلسەفەی ئیگزیستینتیالیزمەوە پەیڕەو کراوە: کیرکیگارد و هایدگەر و مارسێل و سارتر و یاسپەرز نموونەی راستی ئەم بۆچوونەن. نۆڤالیس رابەرێکی بەرچاوی رێبازی رۆمانتیکی ئەڵەمانیایە گووتوویەتی:

((یەکێك توانیویێتی پەردە لەسەر خواوەند سایس (Gottin von sais) لابدات، بەڵام ئەو چی دیتوە؟

ئەو تەنیا مەعجیزەی موعجیزەکانی دیتوە، خودی خۆی بینیوە.))[٣]

دوزینەوە و پەردە لادان لەسەر خۆ لێرەدا بەموعجیزەی خۆ(من) دانراوە، بەقەومانێکی ترانسندێنتی سەروو سروشت سنووری عەقڵ دەبەزێنێ، ئەو چالاکی و ئەرك و کاریگەرییە بنەرەتییەی مرۆڤە کە لەنێو دووتوێی بەهرە و بلیمەتیدا دەرکی پێدەکرێت و بەشێك لەسروشت و کەسایەتی و کارەکتەری مرۆڤ دەردەخات، بەڵام ئەو بەهرە و بلیمەتییە چین؟

منی نموونە، لە روانگەی فەلسەفەوە دەکرێ لەگەڵ منی ئەزموونی بەرامبەر بکرێت و لەگەڵ تۆ(ئەوی تر) یاخود لەگەڵ منی نامۆ بخرێنە دووتای یەك تەرازووەوە، بۆیە دەشێ پەیوەندییەکی توندوتۆڵ لەنێوان منی کۆیەکی دەرەکی و منی ناخ و دەروون هەست پێبکرێت، هەر لێرەوە هەماهەنگی و یەکێتییەکی نێوان گیان و جیهانی دەوروبەر دەکەوێتەوە.بۆیە ئەگەر مرۆڤ هەوای گەشتی جیهانی دەوروبەر بکەوێتە کەللەیەوە، ئارەزووی ئەو گەشتە سەیرەی مێشك و بیر و عەقڵی دابگرێت، دەشێ لەجیاتیانی گەشتێك بەناخی خۆیدا بکات و تێیدا شۆڕبێتەوە بۆ ئەوەی لەنهێنییە سەرسورهێنەرەکانی ئاگادار و شارەزا بێت و گرێ کوێرەکانی بکاتەوە.

٣- ئەو هەڵوێستە ئەو رۆڵ و بایەخە بەناخ و خۆو دەروون دەدات لەو قسەیەی شاعیرانی رۆمانتیك دەچێ کە شیعر بەزادەی ناخ و هەست و



دەروون دەزانێ و رۆڵی بەرزکردنەوەی پلەو پایەی مرۆڤ بەرەو ئاستێکی تری پێدەبەخشن و گوایە دەبێ شیعر بەگشتی هۆکاری لابردنی ئێش و ئازار بێت و ترس و لەرزی مردن بڕەوێنێتەوە و کات و کۆتایی لەناوەرۆکدا بە رەهاو وەهتا هەتایی بگۆڕێ و هۆش لەئەندێشە نزیك بکاتەوە[٤] ئەگەر ئەو بۆچوونە لەئەدەبدا بەگشتی و لەشیعردا بەتایبەتی رەوا و گونجاو بێت لە روانگەی فەلسەفەوە لای لێناکرێتەوە.

بایەخدان بەخودی خۆ(من) کە بەشێکی جەوهەری ژیانە پەیوەندی توندوتۆڵی نێوان بیروژیانی لێدەکەوێتەوە جگە لەوەی هەریەکێکیان بوون و کارێکتەر وتایبەتمەندی خۆیان هەیە، تەواوکەری یەکترین و دیالێکتیك ئاسا بەیەکەوە بەندن. هەریەکەیان ئەوی تریانی تەواو دەکات، سنوور و رادەی بۆ دادەنێ و ئەگەر مرۆڤ بیەوێ یەکێکیان بزانێ دەبێ ئەوی تریانی ناسیبێ و زانیبێ. ژیان بوونە، بوونیش جەوهەرە و تایبەتمەندی ژیانی لێدەکەوێتەوە. بیر پرۆسەو بەرهەمێکی ئۆرگانێکی دیاریکراوی بوون و ژیان و لەشە، بایەخ و بەهاکەی لەوەدا پێدەبرێ تا چەند لەگەڵ بووندا گونجاو و تەبایە لەو پەیدابووەو کەوتۆتەوە. بۆیە نیتشێ لەو باوەڕەدا بووە فەلسەفە لەو بیرە بەولاوە نییە کەلە بۆتەی پەژارە و ترس و خەم وئێش و ئازاردا لەچوارچێوەی بوونی کەسیدا قاڵ دەبێ و دادەڕێژرێ. ژیانیش ئەو فاکتەرەیە لە نرخ و بەها بەهرەمەند دەبێت[٥].

هەر چۆنێك بێت راستی ئەو بۆچوونە، ئەگەرچی تا بینە قاقەی لەدەریای ئەندێشە و سۆزی رۆمانتیکی دوور لەعەقڵ و مەنتیقدا نقوم بووە، لاریی لەوە نییە مرۆڤ لەژیانیدا هەمیشە رووی لەپێشەوەیە و چاوڕێی دوارۆژە و بەرەو پێشەوە هەنگاودەنێ، بەڵام لەپرۆسەی بیرو بیرکردنەوەیدا هەمیشە رووی لەدواوە و رابردووە.

ژیانی ئێستا مرۆڤ وەك بوونەوەرو نەمامێك لە جیهاندا جێگیر دەکات، بەڵام بیروهیواو ئاوات ئەو هۆکار و پاڵنەرەن ئاواتی پاشەرۆژ و ئاخرەت

وەبەر مرۆڤ دەنێن. بۆیە نیتشێ و کیرکیگارد هەردووکیان لەو باوەڕەدا بوون کات ئەوەندەی پەیوەندی بە بوونەوە هەبێ دەبێ بەهۆی دووبارە بوونەوە و گەڕانەوە و هاتنەوەوە لەچوارچێوەی بێ سنوور ورەهاو بێکۆتاییدا خەت و خاڵ بدات[٦].

دوور نییە جۆرە گازندەیەکی ئەو بۆچوونە بکرێت و وانیشان بدرێت لەچەند بیرۆکەیەك پێکهاتووە هیچ لایەن و رەگەزێکی لەگەڵ ئەوی تردا ناگونجێ ئەگەر ناتەبا نەبێت.ژیان خۆی دیاردەیەکە، ئەگەر بشێ وا دابنرێت، هەمیشە بەکۆت و پێوەندی هەردوو بابەتی (کات و شوێن) سنووری بۆ دارێژراوە، کەچی بێ پسانەوە لەگۆڕانی بەردەوامدایە، ژیان هەر ژیانی مرۆڤە، مرۆڤیش لەخۆیدا بوونەوەرێکە رابردووی بەجێ هێشتووە و لەئێستادا دەژیا و لەدوارۆژدا دواخەت و خاڵ دەدات و مرۆڤایەتی خۆی دەستگیر دەبێت. ئەمەش راستییەکە بنەمای رێژەیی لەچوارچێوە گشتییەکاندا لە هەموو کایە و بوارێکدا ساخ و پشت راستی دەکاتەوە بۆیە قسەکردن دەربارەی بێکۆتایی و نەمریی و بێسنووریی و رەهایی، هیچ بنەمایەکی پتەوی زانستی نابێت، تەنانەت ئاکار و رێوشوێنەکانیشی ئەو سنوورە نابەزێنن چ جای بیر و ژیانی مرۆڤ.

٤- هەر لە سەرەتاوە شارەزا و مێژوونووسانی فەلسەفە و لەکاتی لێکدانەوەی بیروبۆچوون و جیهانبینی نیتشێ لەو چوارچێوەیەدا دەشێ ناوی فەلسەفەی پێ ببڕدرێ، فەلسەفەی نیتشێ لەلایان بەفەلسەفەی حەوت جار دژەکە(Siebenfach anti) ناودەبرێت[٧] بۆیە هەندێ شارەزای مێژووی فەلسەفە ناهەقیان نەبووە کە گوتوویانە((نیتشێ بەچەکوش و قەمچی فەلسەفەکەی خۆی داناوە و رەنگ رشتووە))[٨]. حەوت دژەکەش ئەمانەن:



## یەکەم: دژە ژن:

(نیتشێ بەوە ناسراوە چاوی بەئافرەت هەڵنەهاتووە و دانووی لەگەڵیاندا نەکوڵاوە. لەچەند لایەکەوە هێرشی کردوونەتە سەر و گازندە و رەخنەی کردوون.نیتشێ لەو باوەڕەدا بووە کۆششی ژن بۆ وەدەستهێنانی سەربەخۆیی ئابووری و مافی ئازادی و رزگاربوون لەنەریتی باو و دەسەڵات لەنیشانەیەکی شێواندن و دژی ئاسایی و دژی سروشت بەولاوە نییە Entartung .بۆیە لەسەر زاری ژنێك لەکاتی باسکردنی ئافرەتدا دەڵێ:

((وتم: هۆ ژن، ئەو راستییە بچووکەی لەدڵتدایە بیدە بەمن، ئیتر پیرێژنەکە بەم جۆرە گوتی:

دەچێ بۆ لای ژنان؟کەواتا قەمچی لەبیرمەکە.!..... وەهای گوت زەردەشت))[٩].

ئەم هەڵوێستەی نیتشێ لەسەدەی نۆزدەهەمی ئەورووپاو، لەلایەن مرۆڤێکی بەو جۆرەروشنبیر و ئەکادیمییەوە، بەشتێکی نائاسایی دادەنرێت. دەبێ تا چەند ژیانی رۆژانە و نەخۆشی و ئایین و بڕوای عیسایی لەو بوارەدا کاریان تێکردبێ؟مرۆڤیش لەگەرمیانی کوردستان گوتوویەتی:ژنان داخاتان بەکێ نەرژیا قەرەزاختان!

## دووەم: دژی ئایینی مەسیحی:

ئەگەرچی لەبنەماڵەیەکی ئایین پەروەر گۆش کراوە کەچی لەزۆر بۆنەدا هەڵوێستی دژی ئەم ئایینە دەربڕیوە و ویستوویەتی وانیشانی بدات مەسیحیەت ئایینی کۆیلە و بەندەکانە و دەبێتە مایەی شێواندنی رێوشوێنەکانی ئاکار وژیان .بەئاشکرا باسی(مردنی رەب)ی کردووە. زەردەشتی هێناوەتە زمان و گوتوویەتی((براینە، سوێندتان دەدەم...بڕوا بەو

کەسانە مەکەن هیوا و ئاواتەکانی دنیای تر(ئاخرەت) بۆ ئێوە باس دەکەن، بزانن یان نەزانن بەو قسەیان ژەهر تێکەڵاو کارن))[١٠]

نیتشێ لەم بارەیەوە زۆر بەڕاشکاویی تا رادەی برینداركردنی هەستی ئایینی قسەی کردووە، بۆیە بە پێویستم نەزانی پتر لەمە بخەمە بەرچاو.

## سێیەم: دژی ژیرولۆجیك:

ئەم هەڵوێستەی نیتشێ لەلای هەموو رابەرانی رێبازی رۆمانتیکیش بەدی دەکرێت. واپێدەچێت لەشۆپنهاوەرەوە ئەو بۆچوونە لەناخ و دەروون و مێشکیدا نەخشابێ کە هۆش و عەقڵ و زیرەکی وفام ئامرازی سادە و ساکارن و خزمەتکاری ئیرادەن[١١]. نیتشێ لەسەر زاری زەردەشت دەڵێ:

((دەبێ ئەقڵی من چ سودێکی هەبێ؟ ئایا ئارەزوو حەزکرکردنی ئەو لەزانست وەك تامەزرۆی شێر بۆ خوارنەکەی نییە؟ئەو(ژیر)هەژاری و نەداری و چەپەڵی و پۆخڵی و ئاسوودەییەکی بێبایەخە))[١٢]. ئەو قسەیە کە لەهەموو بوار و کایەیەکدا نارەوابێت دەکرێ لە چوارچێوەی بۆچوونە سەیر و سەرنجڕاکێشەکانی نیتشێدا پاکانەی بۆ بکرێت.کاتێك ئەقڵ جەوهەری ژیان و بوونی مرۆڤ بێت و مرۆڤی ئێستا لەلای نیتشێ بەچاوێك تەماشا بکرێت پردیك بێ لە نێوان مەیموون و مرۆڤی باڵادا، سەیر نییە ئەقڵیش بە کەم دابنێ، بەزمانی زەردەشت دەڵێ:

((مرۆڤ لێشاوێکی چەپەڵ و لیخنە)) هەروەها گوتوویەتی ((مەیموون بۆ مرۆڤ چییە.؟شتێکە پێکەنینی پێی دێت یان شەرمەزارییەکی ئازار بەخشە.هەر بەو جۆرە مرۆڤ لەبەرامبەر مرۆڤی باڵادا هەروا دەبێت:شتێکی پێکەنین هێنەر یاخود شەرمەزارییەکی ئازار بەخش))[١٣] لێرەدا ئەگەرچی نیتشێ تیۆری پەرەسەندنی داروین پشت راست دەکاتەوە مرۆڤ لەجۆرێکی مەیموونەوە پەرەی سەندووە، بەڵام هیچ کاتێك مرۆڤی ژیر و ئاسایی شەرمی



بەرابردوو و بنج و بناوانی خۆی نییە و گاڵتەی پێناکات.دەبێ ئەو کەسەی شەرم لە رابردوو رەچەڵەکی خۆی بکات و پێی پێبکەنێت چ مرۆڤێك بێت؟ و بەکەم زانینی ئەقڵ بۆسوود و قازانجی خواست و ئیرادە هیچ بەڵگەیەکی فەلسەفە و زانست پشت راستی ناکاتەوە...

## چوارەم: دژی سۆسیالیزم:

ئەگەر چی نیتشێ لەژیانیدا کۆمەڵگایەکی نەدیوە تێیدا رژێمی سۆسیالیستی سیستەمێکی بەرێوەبردن و فەرمانرەوا دەستبەکار بووبێ، بەڵکو ئەو شتانەی لەبارەیەوە زانیویەتی چەند پێشبینیەکی تیۆری بوون لەبەرهەمی رابەرە سیاسییەکانەوە خوێندوویەتییەوە، کەچی فەرمانێکی زۆر ناڕەوای بەسەر ئەو رژێمەدا داوەو وای داناوە سۆسیالیزم لەنانە شەکرەو قەمچی بەولاوە نییە! رێژیمێکە هەر برسێتی ناهێڵێ و سك تێر دەکات و لەگەڵ ئەم تێرکردنەدا قەمچی بەکاردێت و لەسای سێبەرەکەیدا ئازادی و دیموکراتی و داد نابینرێت! ئەوی بە وردی بەرهەمەکانی نیتشێ بخوێنێتەوە ئەو قسەیەی بەلزاك دێتە یادی کە گوتوویەتی:

((ئایا ئێمە بەراستیی بروامان بەو شتانە هەیە کە دەیاننووسین، ئێمە بێ سێ و دوو لێکردن بازرگانی فرۆشتنی وشەین، ئەو باسانەش ئەمرۆ خەڵك دەیانخوێننەوە و سبەینێ لەبیریان دەچنەوە لەوە بەولاوە کەپارەیان لەسەر وەردەگرین بایەخێکی تریان نییە!))[١٤] بەباوەری من هەڵسەنگاندنی هەندێك هەڵوێستی نیتشێ بەم پێودانگە ناهەقیی تێیدا نییە و دوورکەوتنەوە لەراستیی ناگەیەنێ.

## پێنجەم: دژی دیموکراتی:

ئەو هەڵوێستە ئەنجامێکی ئاسایی جیهانبینی و فەلسەفەکەیەتی بەتایبەتی هەڵوێستی بەرامبەر بەژیان ومرۆڤ و کۆمەڵگا و دەوڵەت.ئەگەر ئەو بەجۆرێك سەرنجی مرۆڤ بدات کە((گوریسێکە زیندەوەرو مرۆڤی بالا بەیەکەوە دەبەستێتەوە وگوشێکە لەسەر هەڵدێرێکی هەزار بەهەز))[١٥] ناکرێ بیر لەیەکسانی و پەیوەندی ئاسایی نێوان ئەندامانی کۆمەڵگا و، دەوڵەت بکاتەوە.

## شەشەم: دژی ئاکار و ڕێوشوێنەکانی:

دوور نارۆین ئەگەر بڵێین ئاکارو ڕێوشوێن و قانوونەکانی کێشەی سەرەکی بوون مێشك و بیری نیتشێیان هەژاندووە.بەتایبەتی لەبەرهەمەکانیدا قەڵەمەکەی بۆ دوو خاڵ خستۆتە کار:

- ڕەخنەکردنی بەهاکانی ئاکار و ئایین.
- بەراوەژووکردنەوەو هەڵگێڕانەوەی ئەو بەهایانە بەوەی دروشمی خواستی هێز لە جێگاکەیان دابنێ[١٦] لێرەوە دەکرێ ئەو ڕێبازەی گرتوویەتیەبەر بە دوو بەش دابنرێت:

یەکەم: بەشێکی نێگەتیڤ پتر ڕۆڵی ڕەخنەکردنی توند و تێکدان و هەڵوەشاندنەوەی ڕێوشوێن و بەهاو ڕێساکانی ئاکاری گرتۆتەبەر بۆ ئەو مەبەستە ئاکار و ڕۆشنبیریی کردووە بە دوو بەشەوە هەربەشە سەر بەتاقم و گروپێکی دیاریکراوی مرۆڤ و ئەندامانی کۆمەڵگان: ڕۆشنبیری و ئاکار و کولتووری ڕەشورووت و لاواز و بێدەرەتانان بەرامبەر بەم توێژ و تاقمەی مرۆڤ نیتشێ وشەی ئەڵمانی(Poebel) ی بەکارهێناوە. ئەم وشەیە شتێکی ناشیرینە و جۆرە بەکەم زانین و بەچاوی سووك تەماشاکردنی تێدا هەست پێدەکرێت و دەری دەخات چۆن نیتشێ دەربارەی ئەم ڕەوشو ڕووت



و بێ نەوایانە بیری کردۆتەوە. بەلایەوە ئەو لاوازانە ڕێوشوێنەکانی ئاکاریان داناوە بۆ ئەوەی سنوور بۆ کردار و هەڵسوکەوت و دەسەڵاتی بەهێزەکان دابنرێت . گوایە لەسەرەتادا جوولەکەکان ئەم ڕێسایانەی ئاکاریان داناوە، چونکە ئەوان خۆیان بەندو کۆیلە بوون!

دووەم: بەشێکی پۆزەتیڤ: تێیدا باسی ڕۆشنبیری و ئاکاری بەهێز و بەدەسەڵاتان دەکات و گوایە لاوازەکان بەرێسای ئاکاریی خۆیان هەوڵیان داوە بەهێزەکان بەوە تەفرە بدەن گوایە لەو دنیای تر جۆرە لێپرسینەوە و سزایەك هەیە، بۆیە ئەو بەهێزانە دووچاری دەستی لەخۆ پرسینەوە و دەبن و گومانیان لەخۆیان و ڕەوشی خۆیان کردووە و لەبەردەم فرۆفێڵی ئەفسانە ئاسای لاوازان بەتەفرە چوون. ئیتر لەو کاتەوە ((تاریکی ئایینی مەسیحی باڵی بەسەر جیهاندا کێشاوە))[١٧].

## حەوتەم: دژی گەشبینی:

نیتشێ لەژیاندا هەمیشە ڕەشبین بووە، بڕوای بەدوارۆژ و پێشکەوتنی سروشتی وژیانی بەختەوەری زۆر لاواز و بێهێز بووە.ژیان بەلایەوە مەتەڵ و گرێکوێرە و هیچ و پووچییە!! ئەو پرسیارەی بەبیرداهاتووە ئایا ژیان ئەو هەموو دەردی سەریی وکوێرەوەریی و بەد بەختییەی تێدایە ئەوە دەهێنێ مرۆڤ بژیت؟کێشەی پەرەسەندنی مرۆڤی ئێستا و دەرکەوتنی مرۆڤی باڵا(سوپەرمان) بەهیچ جۆرێك ئەو پەرەسەندنە نییە زۆربەی هەرە زۆری خەڵك پێناسەی دەکەن و تێی گەیشتوون.

٥- ئەگەر مرۆڤ بەوردی سەرنجی بەرهەمەکانی نیتشێ بدات بەتایبەتی((وەهای گوت زەردەشت)) و، لەودیو چاکە و بەدکارییەوە، دەردەکەوێ نیتشێ بەپێچەوانەی ڕەوتی ئاسایی سیاسی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و ئەدەبی و فەلسەفەی سەردەمی خۆی ئەگەر فەلسەفەی

شوپنهاوەر بەدەربگیرێ — هەنگاوی ناوە و کۆششی کردووە و قەلەمە بەتواناکەی خستۆتە کار. بەلای نیتشێ ئەو نرخ و بەهایانەی بوون بە بنەما و بنچینە و کۆشك و سەراو شارستانێتی مرۆڤی سەدەی نۆزدەهەمیان لەسەر بنیات نراون:

ئایینی مەسیحی و دۆگم و دامودەزگاکانی، زانست، رێبازی فەلسەفەی ئەقلانی، ئاکاری فرمان، دیموکراتی و سۆسیالیزم، بەتێکرایی دیاردە و نیشان و هێمای پاشاگەردانیی و بەرو دواوە گەرانەوە و سیمبوڵی ژیانێکی بەرەو پایز و سیس و ژاکاوی دەچێ[١٨] بۆیە بەلایەوە وەك ئەنجامێك لەم بۆچوونەیەوە کەوتۆتەوە پێویستی کردووە جارێکی تر لەبنەرەتەوە چاو بە بەهاو بنەماکانی ئاکاردا بخشێنێتەوە و بەهاو رێوشوێنەکان لەروخسار و ناوەرۆکدا بەراوەژوو بکرێنەوە و سەرتاپا بگۆردرێن و پێی لەسەر خواستی هێز دابگیرێ. لەمەشەوە گەیشتۆتە ئەو رادەیەی داوای پەیدابوونی مرۆڤی بالا(سوپەرمان) بکات. ئیتر سەیر نییە کە داوای کردووە پشت بکرێتە شارستانێتی سەردەم و دەشت و کێو و ئەشکەوت و بیابانی بە مەڵبەند دانابێ و زەردەشتی کردبێ بە پاڵەوانی داستانەکەی. بۆ ئەم راز و نیاز و مەبەستەش گۆرانی زەردەشتی داناوە و داوای کردووە مرۆڤە بالاکان گۆرانییەکەی زەردەشت بڵێنەوە:

هۆ مرۆڤ، ئاگات لەخۆت بێ!
نیوە شەوی تاریك چ دەڵێ:
من نووستبووم، من نووستبووم
لەخەودیتنی قووڵ بەخەبەر هاتمەوە.
جیهان قووڵ و بێ بنەو.
قوول و بێ بنترە لەوەی بەبیری رۆژدا هاتووە.
ئێش و ئازارەکەی ئەو قووڵە.



کەیف — قوولترە لەئازار و شکەنجەی دڵ:
ئێش و ئازار دەڵێ:لەناوبچۆ!
کەچی هەموو کەیفێك نەمریی دەوێ-،
نەمریی قووڵ، قووڵی دەوێ))[١٩]

(بروانە:نیتشێ، وەهای گوت زەردەشت. بەئەڵەمانی ل٣٢٨)

نیتشێ، لەو شیعرەدا پتر خۆی لەرێباز رۆمانتیکی نزیك کردۆتەوە بەوەی پشت لەئەقڵ دەکات و پەنا دەباتە بەر هەست و سۆز و جڵەو بۆناخی دەروونی شل دەکات و بەجۆرێك لە پێشکەوتن و پەرەسەندن دەگات بەهیچ پێودانگێکی لۆجیکی رەوا ناکرێت.

نیتشێ دیاردەیەکی تایبەتی سەردەمی خۆیەتی، ئەگەر بشێ چەند وشەیەك لەم بارەیەوە لە فەرهەنگی سیاسی بخوازینەوە و رەوشی ئەو کەڵە نووسەرەی پێ روون بکەینەوە دەڵێم:

هەڵوێستی نیتشێ کاردانەوەیەکی نێگاتیڤی رەوشی پەرەسەندنی دامودەزگا و سیستەمی سەرمایەداری ئەوسای ئەڵمانیا و ئەوروپا بووە کەپێی ناوەتە قۆناخێك مۆرکی پاساودان و پاکانەکردنی بوونی خۆی و پەرەسەندن و هەڵوێستەکانی پێوە دیارە. ئەوی لێرەدا گرنگە ئەم خاڵانەیە:

یەکەم: راستە نیتشێ دژی دیموکراتی و سۆسیالیزم بووە، بەڵام بەهیچ جۆرێك ناکرێت بە رێگا خۆشکەری نازی و فاشیزم دابنرێت و ئەو (مرۆڤەی بالا) ئەو پەسەندی کردووە پەیوەندی بە ئەدۆلف هیتلەری دامەزرێنەری رایخی سێیەمی ئەلەمانەوە نییە.من بەدووری نازانم هیتلەر و پارتیەکەی (ناسیونال سوسیالیزم) سوودیان لە بۆچوونەکانی ئەو کەڵە نووسەرە وەرگرتبێت، بەڵام سوود وەرگرتنەکە بەجۆرێك بووە بەبیرو مێشکی نیتشێدا نەهاتبێ و مەبەستی نیتشێ و ئایدیۆلۆجی نازیزم دوو شتی لەیەکتری جیاوازن.

دووەم: نیتشێ لـەوەدا کەوتۆتـە هەڵـەوە کەبەچـەوتی و نالـەباری لـە پەیوەنـدی نێـوان ئـەقڵ[٢٠] Intellekt و غـەریزە(پەڵنـەری زگمـاکیی) Instinkt گەیشتووە. ئەمانە دوو شتی لەیەکتری جیـاوازن و بـەهێزبوون و لاوازبوونی هەر یەکێکیان تەرازووی رەوشـی مـرۆڤ بەلایـەکی دیـاریکراودا لاسەنگ دەکات.

سێیەم:نیتشێ بەهەڵە لە پەیوەندیی نێوان ژیان و ئاکار گەیشتووە، ئـەو پێناسەی کردوویەتی و بۆچوونەکەی دەربارەی ئەم پەیوەندییە بەجۆرێك بووە نەکراوە لەو ئەنجامە بەولاوە شتی دیکەی لێبکەوێتەوە.

هیچ گومان لەوەدا نییە کە ئەم دووانە، ئاکار وژیان، توندوتۆڵ بەیەکەوە بەندن و جۆرە کارتێکردن و پەیوەندی دەستیاوی لەنێوانیاندا هەیە و ئاکـار دەکرێ بە بنچینەکانی کردار و رێوشوێنی ژیان دابنرێـت، بـەلام نـەك بـەو شێوەیەی نیتشێ تێیگەیشتووە.نە ئەو گۆڕانـە بەسـەر ژیـان و مرۆڤـدا دێ ئەوەی نیتشێ بەبیریدا هاتووە و نەئـەو روخسار و ناوەرۆکـە نوێیـە بەبـەر ئاکاردا دەکرێن.

چوارەم:نیتشێ شوێن پێـی شـۆپنهاوەری لـەوەدا هـەڵگرتووە خواسـتی مرۆڤی لەئەقل دوور خستۆتەوە و وانیشانی داوە ئیرادە هۆکاری هەموو کار و کردەوەیـەکی مرۆڤـە و رەگـەز و هێـز و پاڵنـەرێکی نائەقڵانییـە، بۆیـە خواستی مرۆڤ بەهیچ چاوی پڕ نابێتەوە و لەهیچ شتێك دەسـت ناپـارێزێ و هەموو سنوورێکی رەوا و نارەوا دەبەزێنێ. هەر بۆیە مرۆڤ دووچاری جـۆرە خۆویستییەك دەبێ و بەردەوام لە رەوشێکی پەشێوی و سەرلێشێوان و ئێش و ئازار و ترس و جەنگی هەمیشەیی و نەپساوە لەگـەڵ خواسـتی کەسـانی تردا دەژی!

نیتشێ، گومان لەوەدا نییە بلیمـەت بـووە، بـەلام ئـەم بلیمەتییـە لـە رەوشی ئەو بیرمەندەدا بەنەخۆشیی پێناسە دەکرێت!. لە نووسـینێکی تـردا



هەوڵ دەدەین سەرێك لە جیهانی پڕ جەنجاڵی ئـەم کەلـە نووسـەرە بـدەین و بزانین ئەو کێـشە و بەرەیـە کامانـەن نـاخ و دەروونیـان هەژانـدووە و بـەو مەرەیان بـردووە و راز و نیـازی راسـتەقینەی لـەژێر پـەردەی سـوپەرماندا حەشاردراون کامانەن؟

**٢٠٠٥/٨/٢٦**

**قەلادزێ**

# پەراوێز و سەرچاوەکان

١- فریدریش ڤیلهێلم نیتشێ

Friedrich Wilhelm Nietzsche

لەساڵی ١٨٤٤ لە ناوچەی رووکی-دەڤەری لووتسن-ی ئەڵەمانیا لەدایك بووە.باوك و باپیری قەشەی پرۆستانتی بوون لەتەمەنی پێنج سالیدا باوکی مردووە و بەهەتیوی گەورە بووە.

لەزانکۆی بۆن ولایپزیك خوێندوویەتی.دوای خوێندنەکەی بووە بەمامۆستای زانکۆ. پاش دوانزە ساڵ نەخۆشیی، ساڵی ١٩٠٠ بە شێتی کۆچی دوایی کردووە.

شۆپنهاوەری فەیلەسووف، پەروەردە کۆنە پارێزەکەی بنەماڵە و خێزانەکەی و فەلسەفە و ئەدەب و فیلۆلۆجی زمانی کۆنی یۆنان ئەو سەرچاوانە بوون لێوەیانی هەڵهێنجاوە.

نیتشێ بروای بەجۆرە پەرەسەندنێکی تایبەتی مرۆڤ هەبووە بەلایەوە بەسێ قۆناخدا تێدەپەرێ:

أ- لەسەرەتا مرۆڤ گیرۆدەی دەستی دەسەڵات و توانای دەسترۆیشتوو خاوەن دارایی کەسانێکی خاوەن هێز و دەرامەت دەبی و بووە.

ب- رزگاربوون، لە قۆناغی دووەمدا لەو دەسەڵات و کاریزمەی دەسەڵاتداران دەربازدەبێ.

د- لەدوا قۆناخدا مرۆڤ بۆ بەدەستهێنانی ئازادی و سەربەستی خۆی تێدەکۆشێ ئەمەیە مەبەست لە ئازادی پۆزێتیڤ و ئازادی نێگەتیڤ. بروانە:

Erkampfen der Freiheit

-storig, H.J,. Kleine Weltgeschichte der philosophie Stuttgart 1961 .s.292-293



لەنێو زۆربەی خوێنەراندا وا باوە کەنیتشێ باسی ئەو بابەتانەی کردووە:

أ- مردنی رەب و دەرکەوتنی سوپەرمان(مرۆڤی باڵا).

ب- خواستی هێز و دەسەڵات.

ج- سەرلەنوێ بەراوەژوورکردنەوەی بەهاکان.

2- Nietzsch, Fr., Aloso sprach Zarathustra.insel Verlag 2676. frankfurt am Main 1976.s.3.

3-Meyer, Hans., AbendLandiche Weltanschauung .lv. Band. Wurzbug 1950 .s.515.

4- Mahl ,Hans-Joachim., Novalis in:

Benno von Wiese(Hrsg) Deutsche Dichter der Romantik .2.Auflage .Erich Schmidt Verlag 1983 .s.234.

٥-جولیڤیه، ریچیس، المذاهب الوجودیه، ترجمه: فؤاد کامل، مراجعه:د.محمد عبدالهادی ابوریده، القاهره، ١٩٦٦، ص٥٤.

٦- میخائیل، الدکتۆر فوزیه:سورین کیرکجورد، ابو الوجودیه، مکتبه الدراسات الفلسفه، مصر، ١٩٦٢، ص٢٨.

7- Storig,H.J.Ebenda.s.598.

8- Nieztsche,.,Also sprach Zarathustra.s.69.

10- Nieztsche., Ebenda.s.14.

11-Storig., Ebenda.s.600.

12- Nieztsche.,F,.,Also…s.15.

13- Ebenda,A,O,S.

١٤- لوکاتش، چورچ، دراسات فی الواقعیه الاوروبیه، ترجمه:امیر اسکندر مراجعه.د.عبدالغفار مکاوی، الهیئه المصریه، ١٩٧٢، ص٧٤.

١٥- نیتشێ، هەمان سەرچاوەی پێشوو، بەئەڵمانی ل:١٦.

١٦- كرم، يوسف، تأريخ الفلسفه الحديثة، دار المعارف بمصر، ١٩٨٦، ص٤٠٧.

١٧- جوليڤيه، هەمان سەرچاوە.ت:٦٢.

١٨- برهيية، اميل، تاريخ الفلسفة الحديثة، ج٧.ترجمة جورج طرابيشى، دار الطيعة، بيروت، ١٩٨٧، ص ١٢٨,

١٩- بروانە:نيتشێ، وەهای گوت زەردەشت، بەئەلمانی، ل ٣٢٨.

20- Thomas Mann,Nietzsches philosophie im lichte unserer Erfahrung in:Neue Studien Frankfurt 1948.s…

# (٩)

## کارڵ مارکس

١- رۆژی هەینی ڕێکەوتی ٥\٥\٢٠٠٦ یادی ١٨٨ ساڵەی لەدایك بوونی فەیلەسووف و سۆسیۆلۆج و ئابووریناس و سیاسەتمەداری گەورەی ئەڵەمان و مرۆڤایەتی پێشکەوتنخواز کارل هاینریخ مارکس بوو(١٨١٨-١٨٨٢) .

مارکس سیاسەتمەدارێك بووە لەو سیاسەتمەدارانەی سەرتاپای ژیانی خۆی، بەکردەوە و نوسین، لە ئامانجێکدا دیوە بریتی بووە لە گۆڕینی ڕەوشی مرۆڤی سەردەمی خۆی و دانانی بەردی بناخەی دوارۆژێکی دوور لەچەوساندنەوە و ستەم وزۆر وجەور و هەژاریی و نەداریی، پاشەڕۆژێك ئاڵای ئازادی، دادپەروەریی، یەکسانی بەسەریدا بشەکێتەوە و رابردووی پڕ لەستەم وئازار ڕەوانەی مۆزەخانەی مێژوو بکات.

لەلای شارەزایانی مێژووی فەلسەفەی خۆرئاوا ئاشکرایە مارکس لەبەرهەمەکانیدا بە تێکرایی بە یەکەیەکی کلۆم و قایم لەچوارچێوەی جیهاندیدێکی فرە ڕەنگیی قووڵ و بەپێزدا دێتە بەرچاو، ئەو بابەتانەی توێژیوەتەوە واپێدەچێ پرۆسەی دیالێکتیکەکە گرتبنییەوە، چونکە هەر یەکێك لەو بابەتانە دەکرێ بەجۆرە بابەتێکی سەربەخۆی تێرو پڕ ولەهەمانکاتدا بە پێودانگێکی دەستیاوی توندوتۆڵ بەیەکیانەوە دەیانبەستێتەوە سەرنج بدرێن. بابەتەکانی بە تێکرایی ئەمانەن:

-فەلسەفە: مەتریالیزمی دیالێکتیکی (Dialektischer Materialismus).



-سۆسیۆلۆجی(زانستی کۆمەڵایەتی) Soziologie

- سیاسەت: Politik

-ئابووری: Wirtschaft

-مێژوو.: مەتریالیزمی مێژوویی.

یادی لەدایك بوونی ئەم کەڵە بیرمەندە دەکەین بەهەل و دەرفەت، گەشتێك بەنێو گوڵزاری بیروبۆچوون و جیهاندیدەکەیدا بکەین. ئەوی لێرەدا، لەم نووسینەماندا بەلای ئێمەوە مەبەستە و بایەخی پێدەدەین لایەنی فەلسەفەکەیەتی.

٢- مارکس لەنامەکانیدا و لەچەندین بۆنە و نووسیندا خۆی بە مەتریالیست (ماددی) نیشان داوە و ڕێبازەکەشی بەمەتریالیزم ناوبردووە.پێناسە کردنی وشەی مەتریالیزم وەنەبێ شتێکی سووك وئاسان بێت، ئەگەر وشەی دیالێکتیك بخرێتە سەری ئەوەندەی تر بابەتەکە بۆپێناسە کردن سەخت و ئاڵۆز دەبێت.

مەتریالیزم جیهاندیدێکی فەلسەفەیە و لەوشەی مەتریێ، واتە لە وشەی ماددە، کەرەسە، هەوێن کەوتۆتەوە, ئەو جیهاندیدە یاخود ئەو ڕێبازە لایەنێکی سەرەکی فەلسەفەیە بەرامبەر بەرێبازی ئایدیالیزم دادەنرێت.سەرەتای پەیدابوون و سەرهەڵدانی فەلسەفە لەسەدەی شەشەمی پێش زایین لەیۆنان بەرێبازێکی مەتریالیستی — ماددی دەستی پێکردووە.

مەتریالیزم لایەنێکی سەرەکی فەلسەفەیە هەر لەسەرەتاوە دەستبەکار بووە بەپێچەوانەی لایەنەکەی ترەوە کە ئایدیالیزمە، لەدوو بەرەدا جەنگیوە:-

- بەرەی دژ بە ئایین[٢] و ڕێ وشوێن و دۆگماکانی، هەر لەسەردەمی یۆنانەوە تاوەکو بڵاوبوونەوە و جێگیربوونی ئایینی مەسیحی لەئەوروپادا، لەسەدەی نۆزدەیەمدا سەدەی بلیمەتان، شۆڕشی زانستی

وفەلسەفە گەیشتۆتە چلەپۆپەی پەرەسەندنی، فەلسەفەی مەتریالیزم لەلای مارکس سەرەرای فۆرم و ناوەرۆکە پەرەسەندووەکەی بەبابەتی دیالێکتیك بەپێز کراوە.

- بوون بە گشتی و جیهان بەتێکرایی بەهۆی تاکە بنەمایەك لێك بدرێتەوە و شرۆڤە بکرێت. ئەمەش لەدوو بەرەوە ئەنجام دراوە:

یەکەم:گێرانەوەی فرە رەنگیی و هەمەجۆریی بۆسەر یەك رەنگیی و یەکجۆریی ودارشتنی لەچوارچێوەیەکی دیاریکراودا ببێ بە بنەمایەك پشتی پێ ببەسترێ.

دووەم: دەستنیشانکردنی تاکە کەرەسە و بنەما و هەوێنێك سەرچاوەی پەیدابوونی هەموو شتێك بێت، دۆزینەوەی شا هۆکار نەك هۆکاری نزیك.نموونەیەکی سادە و ساکار لەم بارەیەوە هەوڵەکەی تالیس ٦٢٤-٥٤٦ پ.ز بووە کە داویەتی بۆ ئەوەی ئەو تاکە بنەمایە، ئەو تاکە هەوێنە یەك رەنگییە بدۆزێتەوە هەموو شتێکی لێبکەوێتەوە، تالیس ئاوی بەو هەوێنە داناوە، چونکە وەك خۆی وتوویەتی، هەموو شتێك بەشێ وتەرپی دەژی، ئەو دووانەش لەئاوەوە پەیدادەبن.[٣]

مەتریالیزم چەندان جۆری هەیە بە پێی جیهانبینی گشتی فەیلەسوف و قۆناخ و سەردەم دەگۆرێ و جیادەکرێتەوە. مەتریالیزمی دیالێکتیك لەلای مارکس لەسەدەی نۆزدەیەمی ئەوروپادا بە چلەپۆپەی پەرەسەندنی ئەو رێبازەی فەلسەفە دادەنرێت.

٣- بە پێی سەرچاوەکان مارکس وشە و چەمکی ((مەتریالیزمی دیالێکتیکی)) بەکارنەهێناوە، بەڵکو ئەمە داهێنانێکی فریدریش ئینگلز بووە.[٤] ئەم چەمکە لەخۆیدا ئەگەر لەروانگەی فەلسەفەوە تەماشا بکرێ دەبێتە مایەی ئەگەر و گومان.دیالێکتیك لەلای رابەری فەلسەفەی ئایدیالیزمی رەهاوە هیگڵ خەت و خاڵی داوە، ئیتر چۆن دەکرێ ئەم وشەیە



کەلە باوەشی ئایدیالیزمدا گۆش کراوە لەرەوش و دۆخ و شوێنی خۆی دابڕدرێ و بخرێتە سەر بابەت و چەمکێك کەلەناوەرۆك و روخسار و ئامانجدا جیایە؟!

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە دوو کێشەی دەکەوێتەوە:

یەکەم: وەڵامەکە پتر لەو بەرهەمانەدا دەبینرێن دەربارەی فەلسەفەی مارکس نووسراون و مارکس خۆی راستەخۆ شتێکی ئەوتۆی لەو بارەیەوە نەدرکاندووە.

دووەم: بابەتەکە لە گۆرەپانی فەلسەفە دەچێتە دەرەوە و پتر روخسار و ناوەرۆکێکی سیاسی پێدەدرێ و لە مەبەستی ئەم نووسینە دەچێتە دەرەوە.بۆ نموونە.Oisermannدەڵێ:

((گۆرانی دیالێکتیکی ئیدیالیستی بەدیالێکتیکی مەتریالیستی وا پێویست دەکات، وەك شتێکی سروشت ئاسا، پەرەسەندنی سۆسیالیستی و ئابووری و چالاکیی پراکتیکییانەی سیاسی مارکس وەك شۆرشگێرێکی دیموکراتیی ونوێنەرێکی هۆشیاریی سوود و قازانجی بنەرەتی چینی کرێکار لەبەرچاو بگیردرێت)).[٥] بەپێی تێگەیشتنی من ئەم قسەیە بە هیچ جۆرێك وەڵامی پرسیارەکە ناداتەوە و بەهیچ بنەمایەکی فەلسەفە پشت ئەستوور نییە، بەڵکو پتر جۆرە پاساودانێکی سیاسی وەڵامدانەوەی پرسیارێك دەردەخات لەوەناچێ وا بە ئاسانی وەڵام بدرێتەوە.

دیالێکتیك، رێبازێکی گۆران و پەرەسەندنە، لەلای هیگڵ بەجۆرێکی ئیدیالیستیانە مشتومال کراوە و پەرەی پێدراوە و لەچوارچێوەی فەلسەفە ئیدیالیستییەکەی بۆ نیشاندانی پەرەسەندنی گیان- بیری رەها بەکارهێنراوە[٦]. بەلای رابەری دیالێکتێکی ئیدیالیستییەوە، کەدیالێکتێکی بەمیتۆدەیەکی پەرەسەندن بەکارهێناوە و بەسەر پەرەسەندنی بیرو هۆشیاریدا پیادەی کردووە، وای داناوە بیرۆکە، گیان، هۆش بەشێوەیەکی دیالێکتێکی دەگۆرێ و پەرەدەسێنێ و لە قۆناخێکەوە بەرەو قۆناخێکی تر دەچێت.

ڕێبازی ماددی لەفەلسەفەدا لەسەدەی نۆزدەیەم لەلای لۆدڤیك فۆیەرباخ گەشەی کردووە و پەرەی پێدراوە هەروەها بە هۆیەوە رقەبەریی فەلسەفەی ئایدیالیستی هیگڵی مامۆستای پێکردووە.لەسونگەی مەتریالیزمییەوە هێرشی توندو تیژی بردۆتە سەر ئایین و دۆگماکانی بەگشتی و ئایینی مەسیحی بە تایبەتی.

ڕێبازی مەتریالیستی پێش فۆیەرباخ بەگشتی دوو خەسلەتی پێوە دیاربووە. لەلایەکەوە ماددییەکی میکانیکی بووە و رابەرەکانی هەوڵیان داوە بنەما و قانوونەکانی میکانیك بەرێ و شوێن بۆ لێکدانەوەی بوون بەگشتی و مرۆڤ بەتایبەتی بەکاربهێنن، بۆیە بە جۆرێك سەرنجی مرۆڤ دراوە مەکینەیەك بێت. کتێبە بەنرخەکەی مەتریالیستی فەرەنسایی دولامیتری((مرۆڤ مەکینەیەکە)) بەڵگە و قەباڵەیەکە راستی ئەو بۆچوونە ساغ دەکاتەوە.

لەلایەکی تریەوە ماددییەتەکەی بەجۆرێك سەرنجی بوون، جیهانی نەداوە بریتی بێ لە ((بزووتنەوەیەکی پەرەسەندن، بەو جۆرەی ماددە بەپەرەسەندنێکی نەپساوەی مێژوویی پەردەستێنێ و بەرەو پێش دەچێ))[7] ئەو رەوشەش بێگومان بارودۆخی ئەوسای فیزیك و زانستە سروشتییەکانی دەرخستووە تا چ رادەیەك پەرەیان سەندووە و پابەندی بیر و جیهاندیدی میتافیزیك بوون بە پێچەوانەی دید و پەیڕەوی پەرەسەندنی دیالێکتیکەوەیە.

بەسوود وەرگرتن لەپەرەسەندنی زانست، بەتایبەتی دوای بڵاوبوونەوەی ئەنجامی سێ داهێنانە- دۆزینەوە زانستییەکە:

-دۆزینەوەی خانە

-تیۆری وزە

-تیۆری پەرەسەندنی جیهانی ئۆرگانیی لەلایەن چارلس داروینەوە، نەدەکرا فەلسەفە وەك پێشتر تەنیا پشت بە ئەزموونی تاکە کەس فەیلەسووفەکە و بیرکردنەوە و سەرنجدانی ببەستی، بەڵکو ناچاربوو لەهەوڵ



و کۆششی زانایان و داهێنانەکانیان سوود وەربگرێ بۆ ئەوەی لەلایەك لەرەوت و پرۆسەی بەرەوپێشچوونی شارستانیەت بە هەموو لایەنەکانییەوە دانەبڕێ و بوونی جیهاندیدییەکەی خۆی پتر فرەرەنگ و بەپێز و وردتر و زانستیانەتر بکات لەگەڵ پەرەسەندنی کۆمەڵگا و بەرەوپێشچوونی زانست و شارستانیەت بگونجێ و تەبابێت.

ئەو داهێنانەی زانستەکان و مردنی هیگڵ ساڵی ١٨٣١ کە دوا رابەری فەلسەفەی ئایدیالیستی ئەڵمان بوو، لەگەڵ ئەو هێرشە سەرکەوتووە بێ پسانەوەیەی فۆیەرباخ (١٨٠٤- ١٨٧٢) و مەتریالیستەکان دەیانکردە سەر فەلسەفەی ئایدیالیستی دوو ئەنجامی ئەوپەڕی لەیەکتری جیاوازیان لێکوتۆتەوە:

یەکەم: هەرەسهێنانی فەلسەفەی ئایدیالیستی ئەڵمان.

Zusammenbruch d.deutschen Idealismus

ئەو دیاردەیە لەلایەن زاناو فەیلەسووفەکانی دۆستی ڕێبازی سیاسی سۆسیال دیمەکراتیەوە، بەتایبەتی یەکەمجار لەلایەن هێرمان هیلمهۆلتز ١٨٢١- ١٨٩٤ ز و ئینجا لەلایەن ئیدوارد تسێلەرەوە[9] بەهەل زانراوە بۆ بە یەکجاری پشت گوێ خستنی هیگڵ و ڕێبازەکەی و جارێکی تر بایەخ دانەوە بە کانت وKant فەسەفەکەی کە بە فەلسەفەی ترانسندێنتالی ناسراوە. ئەم هەڵوێستە سەرکەوتنی بەرچاوی بەدەست هێناوە و ئەو دیاردەیەی لێکەوتەوە کە بە ((جارێکی تر لەدایك بوونەوەی فەلسەفە ناسراوە[10]:

Wiedergeburt der Philosophie.

دووەم: بەهێزبوونی رەوتی فەلسەفەی مەتریالیستی، لێرەدا رۆڵی فەلسەفەی مارکس بەرچاو دەکەوێ:

سەرچاوەیەك پشتی پێدەبەستریّ و تێروتەسەل، بەڵام تارادەیەك ساكار شتی وتبیّ نووسینەكەی (فردیش ئینگڵز)ە دەربارەی مامۆستای فەلسەفە دكتۆر شتاركەیە .شتاركە ساڵی ١٨٨٥ ز لە شتوتگارت كتێبێكی دەربارەی فۆیەرباخ نووسیوە. ئینگلز ئەم كتێبەی كردووە بەدەرفەت و دەربارەی بیروبۆچوونی ماركس و خۆی دواوە.

بەلای ئینگڵزەوە پشت ئەستوور بە سەرچاوەی ناوبراو، جارێكی تر چاو بە رێبازی مەتریالیستی پێشوودا خشێنراوەتەوە، تەتەڵەكراوە و پەرەی پێدراوە، بە تایبەتی سوود لە هەڵوێستی فۆیەرباخ وەرگیراوە و توندوتۆڵ بە پەیرەوی دیالێكتیكەوە گریّ دراوە و پەیرەوەی دیالێكتیكی مەتریالیزمی لیّ پێك هێنراوە، مەتریالیزم لەپاشماوەی بۆچوونە میتافیزكییەكان و دیالێكتیك لە توێكڵ و روخساری ئیدیالیستی پاك كراونەتەوە و مشت ومالّ كراون و رێباز و پەیرەوە نوێیەكە یان لێدارێژراوە، مەتریالیزم، بەڵام دیالێكتیكی .لەم كایەیەدا ئینگلز وتوویەتی گوایە ئەو ئەركە ماركس بە تەنیا رایپەراندووە[11]، بەباوەری من ئەو قسەیەی ئینگڵز هەڵوێستی ئەفلاتوون بەرامبەر بەسوكراتی مامۆستای دەهێنێتەوە یاد، لەدڵسۆزی سنوور بەدەر بەرامبەر بەماركس بەولاوە نییە، چونكە هەموو شارەزایانی مێژووی فەلسەفە بەگشتی و مێژووی فەلسەفەی ئەڵمانی بەتایبەتی لەوە ئاگادارن ئینگلز رۆلێكی سەرەكی گێراوە و بەشی سێیەمی (سەرمایە)ی نووسیوە و بنەما فەلسەفەیی و كۆمەڵایەتی و ئابووری رێبازەكەی بە روون و رەوانی لەچەند بەرهەمێكدا نووسیوەتەوە و خستۆتە روو.

٤- دیالێكتیك بنەمایەكی پەرەسەندنە لەلای ماركس گۆڕانی سەرتاپاگیری بەسەردا هێنراوە، لە كاتێكدا پرۆسەی دیالێكتیك لە لای هیگڵ پرۆسەی پەرەسەندنی بیرو گیانی گرتۆتەوە، بیرو گیان و بیرۆكە



ئۆتۆنۆم و سەربەخۆ بوون، رووداو و قەوماوە راستەقینەكان تەنیا رەنگدانەوەی ئەو بیرە رەهایە بوون، لەلای ماركس، بەپێچەوانەوە پێوەندییە ماددییە (مەتریالیەكان)، پێوەندییەكانی بەرهەم هێنان لەژیانی كۆمەلآیەتیدا ئۆتۆنۆم بوون و بیروبۆچوونەكان تەنیا رەنگدانەوەی ئەم پێوەندییە ئابوورییانە بوون[12]، بۆیە دیالێكتیك روخسار و ناوەرۆكی ریالیستییانەی پێی بڕاوە و خراوەتە نێو چوارچێوەی بابەت و مەتریال و ماددەكانی جیهانەوە((بوونی كۆمەڵایەتی یە سنوور بۆهۆش دادەنیّ و دەستنیشانی دەكات، نەك هۆش سنوور بۆ بوونی كۆمەڵایەتی دادەنیّ و دەستنیشانی دەكات)).[13]

Das sein bestimmt das Bewusstsein

بەپێی ئەم بریارەی ماركس، دیاردە كۆمەڵایییەكان بەهەموو جۆر و فرە رەنگییەكانیانەوە، هونەر، زانست، ئایین، سیاسەت، فەلسەفە لە هەموو قۆناخێكی پەرەسەندنی مێژووی مرۆڤایەتی دا ئەنجامن لەمیتۆدە و پێوەندییە ئابوورەییەكانی دابەشكردنی چالاكیی كاركردن كەوتۆنەتەوە، ئەگەرچی ئەم بۆچوونانە تارادەیەك، بەشێوە و ناوەرۆكێكی تر لەلای فەلسەفەی پێشووتردا، بەتایبەتی لەلای هیگڵ هەست پێدەكرێت، لەلای ماركس بەپێچەوانەی هیگڵەوە، پرۆسەی بیر كەلە مێشكی مرۆڤدایە و گەوهەری جیهانی راستەقینە نییە و جیهان دیاردە و فۆرمی بیر نییە، بەڵكو بیر فۆرمێكە لەجیهانی ماددە كەوتۆتەوە .ئەمە مەبەستی ماركس بووە كە لە سەرچاوەكاندا دووبارە كراوەتەوە و وتراوە دیالێكتێكی هیگڵ سەراو بن بووە ومماركس راستی كردۆتەوە و خستو یەتەوە سەر قاچ[14] ( Vom kopf auf die fuesse zu stehen) ئەم قسەیە تارادەیەك لە نێوان پسپۆڕانی فەلسەفەی هاوچەرخ كێشەی لەسەرە. ئەوی گومان هەلنەگرە ماركس خۆی لایەنگیری رێبازی چەپی هیگڵی بووە، بەبیّ هەبوونی هیگڵ و هەراو هۆریایەكەی فۆیەرباخ نەدەكرا

فەلسەفەی مارکس ئەم روخسارەو ناوەرۆکەی هەیەتی پێ ببردرێ. ئەوەی گومانی لێدەکریت ئەودەست نیشان کردنەی قۆناغی دوای کۆچی دوای مارکسە کەلەلایەن ساسەتمەدارانەوە باری سەرشانی قورس کراوە.

لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی پێداویستیە ماددییەکانی ژیانی رۆژانەدا، ئەگەر مرۆڤ شارەزای فەلسەفەی هیگڵ بێت، بۆی دەردەکەوێ مارکس تاچ رادەیەك لە فەلسەفەی هیگڵ سوودمەند بووە.ئەگەر لە پرۆسەی بەرهەمهێناندا لایەنی کرێکارو سەرمایە بەشداری بکەن ئەو دوو لایەنە لە لای هیگڵ خود و( Subjekt) بابەت بووە کە لە چوارچێوەی پرۆسەی پەرەسەندنی گیاندا یاخود لە پرۆسەی پەرەسەندنی بیر لە مێشکدا پیادە بووە ولەلای مارکس ئەم ناوەرۆکە نوێەی پێ بردراوە.بیروبابەت گیان ومادەی هیگل لە لای مارکس ئەم گۆرانەیان بە سەردا هاتووە :لە پرۆسەی بەرهەم هێناندا کە لە لای هیگل پرۆسەی بزوتنەوەی پەرەسەندنی بیرو گیانی رەهابووە خوود بووە بەهێزی کارکردن و بابەتیش بووە بە سەرمایە[١٥] خود (ذات) هێزیکی زیندووی کارو کارکردن کەرەسە بەرهەم دێنێ.

٥- لە بەرهەم ونووسینی ئینگلزو لایەنگیرانی رێبازی مارکس دا وانیشان دراوە کە دیالێکتیکی مەتریالیزمی بریتیە لە تیۆری پەرەسەندن و قانوونە گشتییەکانی بزوتنەوە لە جیهانی دەورو پشت و دەرەوەدا یاخود لە بیری مرۆڤدا (ئینگلز:لۆدڤیگ فۆیەباخ ل -٤٧عەرەبی) شتی سەرەکی لە پەرەسەندندا بە پێی ئەم رێبازە سەرچاوە وهێزە پالنەرەکانن. ئەم سەرچاوە وهێزانە لە شێوەی سێ قانوون دەردەکەون کە ئەمانەن :

**یەکەم: گۆڕانی چەندیەتی بۆ چۆنیەتی:**

(Umschlag der Quantitat in die Qualitat) ئەوەی لە نوسینی نوسەرە رووسە مارکسیستەکان لەم بوارەدا بەرچاو دەکەوێ نمونەی



(کولاندنی ئاوە، دوای گەرم بوون ئاوەکە دەبێ بە هەڵم. ئەگەرچی ئەم نمونەیە زۆر سادەو ساکارە، بەلاّم دەکرێ بەو جۆرە ئەم قانونە لێك بدرێتەوە:

شتێك دەگۆڕی ودەبێ بە شتێکی تر ئەگەر هاتوو هەندیك لە خەسلەتەکانی بۆ شتە نوییەکە چوون. ئەگەر ئەم خەسلەتانە لە چەندیتیدا سنوریان بەزاندوگەیشتنە رادەیەکی لە ژمارە بەدەر شتەکە شێوە وروخارو خەسلەت وکارەکتەرێکی تری پێدەبڕێ، چۆنیەتییەکەی دەگۆردری. گۆڕانی کۆمەلاّیەتی وئابووری وپرۆسەی بایۆلۆجی پەرەسەندن، بیروبۆچون راستی ئەم قانوونە ساغ دەکەنەوە. ئەگەر شتێك رەوش ودۆخەکەی گۆڕا، ئەگەر شتێك لە ژمارەو چەندیتیدا سنوری بەزاند دەبی بە شتیکی ترو ناوێکی تری لێ دەنرێ. ئەوەندەی من ئاگادار بم ئەم قانوونە بە ئاشکرا لە فەلسەفەو دیالێکتیکی هیگل دا بە کارهاتووە[١٦] و بەرچاو دەکەوێ مارکسیستەکان بۆ مەبەستی سیاسی روخسارەکەیان گۆڕیوە بە جۆرێکی تر دایانڕشتووە.

**دووەم: قانوونی دژەکان:**

Durchdringung der GegenSaetze ئەوەی لە رستە ئەلەمانییەکەدا هاتووە وئینگلز لە کتێبی دژی (دوهرینگ)دا (-Anti Duhring)بەکاری هێناوە جۆرە یەکرەنگی ولە هەمان کاتدا شەری دەستەو یەخەی بەردەوامی (ئەگەر بشێ ئەم وشانە بەکاربهێنم )دژو ناکۆکەکان نیشان دەدات .ئەگەر مرۆڤ سەرنجی دیاردە کۆمەلاّییەتیەکان بدات وبە چاوی لێکۆلەرەوە تەماشایان بکات بۆی دەردەکەوێ کەلە هێزو فاکتەری جیاواز پێك هاتوون هەریەکەیان تایبەتمەندی خۆی هەیە لە وانی تر جیاوازە بەلاّم لە هەمان کاتدا ئەم لەیەکتر جیاوازانە بەبێ یەکتری نابن. ئەگەر بۆ روون کردنەوەی ئەم قانونە رستەیەکی کوردی سادە بەکاربهێنن دەلێین ئەو دژانە بەیەکەوە هەلناکەن و بەبێ یەکتریش نابن. هەموو شتیك هەموو دیاردەیەك

له لایەنی جیاوازو دژ بەیەکتری پێك هاتوون، بەلاّم هەموویان پێکەوە بەپەیوەندییەکی تایبەتی یەکەیەکی ئۆرگانیکیان لیّ پێك دێت. ئەم شەڕە دەستەو یەخەی نێوان لایەنە دژ بە یەکترییەکان هۆکاریکی سەرەکی پەرەسەندن وگۆڕان و بەرەوپێش چوونە.نمونەیەك لەم مەیدانەدا سەرنج رادەکێشی پەیوەندییەکی نێوان کرێکارو بۆرجوازییە لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا هەردوو چینەکە دژ بە یەکترین، بەلاّم چەندین پیوەندی لە کۆمەڵگادا بەیەکەوە کۆیاندەکاتەوە و بەبیّ یەکتری نابن.

**سێیەم: قانوونی ناکردنی ناکردن:**

(Verneinung der Verneinung) وا پێدەچی چون ئەم قانوونە لەلای هیگل ئەو پەڕی بایەخی پێدراوە لەلای مارکس ولایەنگیرانی بە گرنگ زانرابیّ وپله وپایەی بەرچاوی هەبیّ. بە لای هیگلەوە پەیدابوونی شتی نویّ ناکردنی کۆنەکەیە.شین بوونی تۆو پەیدابوونی نەمام نمونەیەکە ئەم قانوونە ساخ دەکاتەوە، پەیدا بونی نەمامەکە ناکردنی تۆوەکەیەو بەری دارو درەخت لە گۆڵەکەوە دەکەوێتەوە، ناکردنی گوڵەکەیە. بەمجۆرە مێژوو هەر بەپێی ئەم قانوونە بریتییە لە بەرەو پێش چون و پیادە کردنی راستەقینەی بیروگیانی، گیانی جیهان بە پرۆسەیەکی سیّ لایەنی بە دوای یەکتریدا هاتووی دیالێکتیکی دەکەوێتەوە.(١٧)

بەو جۆرەی هیگڵ وتوویەتی، پەرەسەندن بە بیرۆکەیەکی لەبار(پۆزەتیڤ)دەست پێدەکات و بە بیرۆکەیەکی نالەبار(نێگەتیڤ) خۆی نا دەکات و بەرپەچی خۆی دەداتەوە و لە قۆناخی سێیەمی گۆڕان و پەرەسەندنی دیالێکتیکی ئەم پرۆسەیەدا هەردووکیان بە شتێکی تر نادەکرێن لەگەڵ ئەمەشدا هەردووکیانی گرتۆتە خۆی: تێزە، دژە تێزە و سونتێزە.

له نووسینی مارکسیستەکاندا ئەم لایەنە بە جۆرێکی رێك و پێکتر دارێژراوەتەوەو لە دەوروبەری هەڵکەوتدا پیادەکراوە. ئەو دیاردانەی



لەکۆمەڵگا و سروشتدا دەردەکەون بەرێگای سروشتیدا تێپەریون، کۆن بوون و پەکیان کەوتووە ورێگایان بەدیاردەو هێزی لە خۆیان نوێتر داوە دەربکەون. ئەگەر نوێیەکە کۆنەکەی ناکردبیّ خۆیشی لەقۆناخێکی تر کۆن دەبیّ و لەلایەن هی ترەوە نادەکرێت.پەرەسەندن بریتییە لەناکردنی کۆن لەلایەن نوێوە، نزم لەلایەن بالاّوە.خۆ ئەگەر نوێیەکە کۆنەکە نا دەکات لایەنە باشەکانی لێوەردەگریّ و پەرەی پێدەدا و دەیپارێزیّ. بەم پێیە پەرەسەندن و پێشکەوتن بەرەو پێشچوونێکی سروشت پێشکەوتنخوازانەیە و ئەمەیە قانوونی ناکردنی ناکردن(١٨).

٦- شتێکی گومان هەڵنەگرە مارکس فەیلەسووفێکی بەتواناو بلیمەتی سەردەمی خۆی بووە و لەچەندین سەرچاوەوە شتی بەنرخی هەڵهێنجاوە، ئەو سەرچاوانە فەلسەفەی کلاسیکی ئەڵەمان (هیگڵ....) و بنەماکانی شۆرش و بیروبۆچوونی سۆسیالیستەکانی فەرەنسا، زانستی ئابووری ئینگلیز، ئایدیۆلۆجی و بیر بۆچوونی رادیکالیزمی چینی سەرهەڵداو(بۆرجوازیی) سەدەی نۆزدەیەم بە چوارەمین سەرچاوە، رۆڵ و جیّ دەستی خۆی وەك کەڵە فەیلەسووفێك لە دارشتنەوەی ئەم بابەت و لایەنە خوازراوانەدا لە چوارچێوەی ئەو جیهاندیدەدا کە بە مارکسیزم ناو دەبریّ دیار و ئاشکرا و بەرچاوە، ئەو راستییە رێگا لەوە ناگریّ مرۆڤ بلێت لەنێوان جیهانی هیگڵ و مارکسدا پردی بەیەکەوە بەستنەوە و پەڕینەوە هەیە، هەروەها کەلەبەری سەخت هەیە هەردوو جیهان بەئاشکرا لەیەکتری جیا دەکاتەوە و نەخش و روخسار و خەت و خاڵی هەر جیهانە بەجیا دەردەخات. هیگڵ و مارکس دوو جیهانی لەیەکتری جیاوازن، هەریەکە لە روخسار و ناوەرۆکدا، لە ئامراز و ئامانجدا تایبەتمەندیی خۆیان نیشان دەدەن، بەلاّم هەردووکیان بە جۆرێکی ئۆرگانیك توندوتۆڵ بەیەکەوە بەستراونەتەوە، ئەگەر چی جیهانی هیگڵ جیهانی فەلسەفەی

بێگەرد و لاهووت و مێژوو دیالێکتێکی ئایدیالیستییە و هی کارڵ مارکس، ئەگەر ئەو بارە سەختەی لەسەر شان لابرێ و ئەو تەپ و تۆزەی لێبتەکێنرێ کە بەناوی مارکسیزمەوە دووچاری بووە، جیهاندید و سیستەمێکی سەرتاپاگیری فرەلایەن و هەمە جۆرە هەر لەفەلسەفەوە تاوەکو سیاسەت و ئابووری و زانستی کۆمەڵایەتی و ئایدیۆلۆجی.

سیستەمی فەلسەفەی هیگڵ ئەو دەفرە بووە بەشێوەیەکی رێك و پێك بنەما و بۆچوون وجیهانبینی چینی ناوەراستی سەردەمی خۆی تێیدا دارێژراوە.ئەو فەلسەفەیە هەوڵی داوە لەچوارچێوەی دیالێکتێکی ئایدیالیزمدا بەشێوەیەك ئەو پەری بلیمەتی و دەست رەنگینی تێدا هەست پێدەکرێت ئەو بنەمایانە ئەگەرچی هی چین و توێژی دیاریکراوی کۆمەڵگا بوویێت گەشە پێ بدا و بەرەو کامڵ بوونی بەرێت، بەڵام لەمێشکدا، بە رەوتی پرۆسەی پەرەسەندنی بیرو گیانی رەها دانراون و سەرنجدراون، بۆیە وا ئاسان نییە فەلسەفەی هیگڵ و مارکس لەگەڵ یەکتری بەراورد بکرێن و بخرێنە نێو دووتای یەك تەرازووەوە. ناکرێ چەمك و بابەتەکانی فەلسەفەی هیگڵ کە لە چوارچێوەی فەلسەفەی رووت و بێگەردا دارێژراون بەهۆی چەمك و بابەتەکانی سیستەمی مارکس کە پتر چەمك و بابەتی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتین لێك بدرێنەوە و پاساو بدرێن. بۆیە راست وتراوە بابەتەکانی سیستەمی مارکس تەنانەت لە نووسینەکانی سەردەمی لاوێتیدا (Fruehschriften) فەلسەفە نین بەڵکو ناراستەوخۆ بەشێوەیەکی ناکردن Negtion فەلسەفە دەردەبرن، ئەگەرچی بەزمانێکی فەلسەفەییانە دەدەوێن.[١٩]

(٧) لایەنەکەی تری فەلسەفەی مارکس پتر لایەنی پراکتیك و پیادەکردنە و بەلایەنی مەتریالیزمی مێژوویی ناو دەبرێت.لە ناوەکەوە دەردەکەوێ بریتییە لە لێکدانەوەی مەتریالییانە(ماددی) پەرەسەندنی مێژوو بە قۆناخە جۆر بەجۆرییەکانەوە و شرۆڤەکردنی بەرەو پێشچوون و



گەشە کردنی کۆمەڵگا. بۆیە دەکرێ ئەو لایەنە بخرێتە خانەی بابەتی مێژووی ئابووری و زانستی کۆمەڵایەتییەوە(سۆسیۆلۆجی).لەو مەیدانەدا فاکتەری ئابووری، پێوەندییەکانی بەرهەمهێنان کراوە بەشا هۆکاری گۆڕان و پەرەسەندن و بەرەوپێش چوون.ئەگەر مرۆڤ بە وردی نووسینەکانی فریدریش ئینگلز سەرنج بدات دووقسەی ئەو سیاسەتمدارە سەرنجی بۆلای خۆیان رادەکێشن و دەبنە مایەی هەڵوەستەکردن لە ئاقاریاندا.

لەوتارێکدا کە لە ١٧ ی ئاداری ١٨٨٣ لەسەر گۆری مارکس خوێندوویەتییەوە و لە ژمارە ١٣ی رۆژنامەی سۆسیال دیموکرات رۆژی ٢٢ ی ئاداری هەمان ساڵدا بلاوکراوەتەوە ئینگلز وتوویەتی:

((پێویستە خەڵك بە پلەی یەکەم، بخۆن و بخۆنەوەو جلوبەرگیان و جێگای حەوانەوەیان هەبێت پێش ئەوەی سەرگەرمی سیاسەت و زانست و هونەر و ئایین بن..... بەرهەمهێنانی خێرو بێری ماددی راستەوخۆی ژیان و هەموو پلەیەکی دیاریکراوی گەل، یاخود قۆناخێك لە بوار و کایەی ئابووریدا ئەو بنەمایەیە کە ....))[٢٠] هەروەها لە شوێنێکی تر بەپەسندکرنەوە قسەیەکی فۆیەرباخ دەخوازێتەوە کە بەم جۆرەیە:فۆیەرباخ وتوویەتی:

((بیرکرنەوەی ئەو کەسانەی لە کۆشك و تەلاردا دەژین جیاوازە لەبیرکردنەوەی ئەوانەی لەکۆخێکدا دەژین.....ئەگەر بەهۆی برسێتی و کلۆڵییەوە هیچ شتێك شك نەبەیت و هیچ خۆراکێك لە لەشتدا نەبێت، لەسەرت و لە هەست و سۆز و دڵیشدا هیچ جۆرە خۆراکێکی ئاکارت نابێ))[٢١].

لەم پەرەگرافەی لەبەرهەمەکانی ئینگلز خوازرانەوە رۆڵی هۆکار و فاکتەری ئابووری لە ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤ و کۆمەڵگادا بە ئاشکرا دەردەکەوێ، مرۆڤ دەبێ تێربێ، پۆشتە بێت، جێگای حەوانەوەی هەبێ پێش ئەوە بتوانێ شتێك بکات بەجۆرێك رێك و پێك بێت و بیربکاتەوە.کردار و رەفتار و چالاکیی رێك و پێك و بەرهەمهێنەرانەی مرۆڤ، ئەنجامێکی

ناچارەکیی هۆکار و فاکتەری ماددی- ئابوورین. یاخود هۆکاری ماددی مایەی چالاکی مرۆڤە. کاریگەریی ڕەوشی ئابووری و کۆمەڵایەتی لەسەر ژیانی هۆشیارییانە ئەوەیە کردار و هەڵوێستی مرۆڤ بیەوێ و نەیەوێ، پێ بزانێ، و پێ نەزانی دیار و دەستنیشان دەکات.

پێوەندی مرۆڤ بە مرۆڤەوە، کە بابەتی سەرەکیی سۆسیۆلۆجییە پرسیارێکە لەو پرسیارانەی مەتریالیزمی مێژوویی وەڵامی دەداتەوە و کێشەکەی توێ توێ دەکات. مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە و بوون و ژیانی بە بوونی کۆمەڵگایەکی دیاریکراو لە قۆناخ و سەردەم و شوێنێکی دیاریکراوەوە بەستراوەتەوە. هیچیان بەبێ هیچیان نابن، ئەگەر چی هەر لایەیان تایبەتمەندی و خەسڵەت و هەلومەرجی دیاری کراوی خۆیانیان هەیە. لەم ڕوانگەیەوە بایەخدان بە توێژینەوەی چۆنێتی پەیدابوونی کۆمەڵگا و مێژووی پەرەسەندنەکەی ئەو قانوون و هۆکارانەی دەبنە مایەی ئەو پەرەسەندنە نرخ و بایەخی دیار و بەرچاوی خۆیانیان هەیە و بەپشکێکی سەرەکی بابەتی مەتریالیزمی مێژوویی دادەنرێن.

لە سەرەتای کتێبی مانفێست کە ساڵی ١٨٤٨ز لە برۆکسل بڵاوکراوەتەوە مارکس وئینگلز پێیان لەسەر ئەوە داگرتووە مێژووی کۆمەڵگا لە مێژووی خەباتی چینایەتی بەولاوە نییە و نەبووە لەم بڕیارەدا دوو شت سەرنج ڕادەکێشێ:

یەکەم: بوونی چین و توێژی جیاواز لە نێو کۆمەڵگادا، کۆمەڵگا پێکهاتە و دامەزراوێکە لە چین و دەستەی جیاواز پێکهاتووە سود و قازانجی جیاواز و پلەوپایەی جیاوازیان هەیە.

دووەم:جۆرە خەبات و تێکۆشانێکی چینایەتی لەو جیاوازیەی نێوان چین و توێژەکانی کۆمەڵگا و لەو ڕۆڵەیان کەلەپرۆسەی بەرهەمهێناندا دەیگێڕن دەکەوێتەوەو ئەم خەباتەش ئامانج و ئەنجامی دیاریکراوی هەیە مارکس و ئینگلز پێشبینیان کردووە.



لە نامەیەکدا مارکس ٥ ی مارسی ساڵی ١٨٥٢ز بۆ ڤیدمایری ناردووە پوختەی جیهاندیدەکەی لە چوارچێوەی مەتریالیزمی مێژووییدا بەم جۆرە باس کردووە:

یەکەم: بوونی چین بە قۆناخێکی مێژووی دیاریکراوی پەرەسەندنی بەرهەمهێنانەوە بەندە.

دووەم: خەباتی چینایەتی بەناچاریی دیکتاتۆریی پرۆلیتاری لێدەکەوێتەوە.

سێیەم: ئەم دیکتاتۆرییە خۆی لەهەنگاونان بەرەو لەناوبردنی هەموو چینەکان و بەرەو دامەزراندنی کۆمەڵگای بەبێ چین بەلاوە نییە.(٢٢)

ئەوە پوختەی فەلسەفەی کۆمەلایەتی مارکسە کە بە مەتریالیزمی مێژوویی دادەنرێ، ئەگەرچی بابەتەکە پتر سیاسەت و ئابوورییە!

٨-دوور نارۆین ئەگەر بڵێین لەکاتی باسکردنی ناوەرۆك و بابەتەکانی مەتریالیزمی مێژووییدا ڕەوتی دوورکەوتنەوەی ئەم ڕێبازە لەفەلسەفە و پەنابردنە بەر ئایدیۆلۆجی و سیاسەت و ئابووری بە تەواوەتی دەردەکەوێ . لەلایەکەوە مارکس سەرزەنشتی فەیلەسووفەکانی پێش خۆی دەکات کە تەنیا هەر بەجۆر و شێوەی جیاواز جیهانیان لێکداوەتەوە، بەڵام بەلای خۆیەوە گرنگ ئەوەیە چۆن جیهان دەگۆڕدرێ، نەك چۆن لێکی دەدەیتەوە (تێزە ١١- چەند تێزەیەك دەربارەی فۆیەرباخ).ئەم ئەرکەی مارکس بەفەلسەفەی دەسپێرێ، زۆر لەوە گەورەترە فەلسەفە وەك بەشێکی هۆشیاری کۆمەڵایەتی بتوانێ پیادەی بکات. ئەمە یەکەم بەڵگەی دوورکەوتنەوەیە لە فەلسەفە.

لەلایەکی ترەوە کێشەی بوونی بابەتییانەی قانوونە سەرتاپاگیرەکانی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی و نەبوونیان، پشت ڕاست کردنەوە و پاساودانیان، یاخود ناکردنیان و دانانیان بەبەشێك لەهۆش و خودی مرۆڤ، لەم سەردەمەماندا هەموو بایەخێکی زانستی و فەلسەفەیی لەدەست داوە.

لەمانیفێستدا بەتایبەتی لە یەکەم دێری دەستپێکردندا نووسراوە:((مێژووی نووسراوەی هەموو کۆمەڵگایەك تاوەکو ئەمرۆ لە مێژووی خەباتی ناوچینەکان بەولاوە نەبووە))[٢٣].

بەپێی تێگەیشتنی من ئەگەر ئەم خەباتی چینایەتییە ئەنجامێکی هۆکاری ئابووری و چەوساندنەوەی چینایەتی بێت، بەو جۆرە باسکردنە و بریاردانە لەچوارچێوەی جیهاندیدێکی سیاسی پشت ئەستوور بە ئایدیۆلۆجیەك کە لەسەرەتاوە مەبەستی دیار و ئاشکرای لەدواوەیە بەلاوە شتێکی تر نییە و بەهیچ بەڵگەیەکی زانستی و مێژوویی و فەلسەفە پشت راست ناکرێتەوە و پاساو نادرێت، خۆ ئەگەر بڕیارەکە وەك قانوون و رێوشوێنێك سەرنج بدرێت، هەر لەو چوارچێوەی کە پێی دەوترێ ئەنجامگیری پشت بەستوو بەرەوشێکی دیاریکراو ناچێتە دەرەوە. پەرەسەندنی کۆمەڵگای دوای شۆرشی فەرەنسا لە ئەوروپا ناکرێ وەك بەڵگەیەك بکرێت بە قانوونێکی سەرتاپاگیر و هەمەکیی و رەوشی پێشتر و دواتری پێ لێك بدرێتەوە.ئەگەر ئەم بریارە کۆمەڵگای سەرمایەداری بگرێتەوە، ئەوە قۆناخەکانی پێشتر، بە تایبەتی سەدە دوور و درێژ و سارد وسڕ تاریکەکانی سەدەکانی ناوەراست بەلای کەمەوە هەزار ساڵیان خایاندووە، ناگرێتەوە، چونکە هەموو شارەزایەکی مێژوو دەزانێ خەباتی چینایەتی و فاکتەری ئابووری سەدەکانی ناوەراست لەژێر باڵ و رکێفی ئاینی مەسیحی دا لە رۆلێکی هەندەکیی سست و لاواز بەو لاوەیان نەبووە، ئەوی لەم سەدانەدا خەت و خاڵیان بەکۆمەڵگا داوە بەهیچ جۆرێك پێوەندییەکانی بەرهەمهێنان و فاکتەر و هۆکار ئابووری نەبوون، بەڵکو ئایین و دۆگم و سەرخان و ژێر خانەکانی بوون. ئەو نموونەیە ئەو بۆچوونە رەت ناکاتەوە دوور نییە لە قۆناخی تردا فاکتەری تر ئەو رۆڵە بگێرێ، بەڵام ئەوە رەت دەکاتەوە کە فاکتەرێك لە قۆناخێکدا دەست بەکاربووبێ



لەچوارچێوە ریالیستییە هەڵکەوتەکەی بترازێنرێ و بخرێتە ناو چوارچێوەیەکی میتافیزیکی رەهای هەمەکییەوە و بۆ هەموو سەردەم و قۆناخ و شوێنێك بگونجێنرێ و دابنرێت.

٩- لەیادی لەدایك بوونی مارکسی فەیلەسووف و سیاسەتمەدار و ئابووریناس و ئایدیۆلۆجیستدا چەند خاڵ و بۆچوونێك لەناخ و دەروون و مێشکدا دەوروژێن و نووسەر ناچار دەکەن کە گرێی دڵی خۆی بکاتەوە و دەریان ببرێت.

- بە باوەری من و ئەوەندەی من ئاگادارم کەم کەس هەیە کە بە تەواوەتی بەرهەمەکانی مارکسی خوێندبێتەوە و بە تەواوەتی لێیا تێگەیشتبێ، هەر لەبەر ئەم هۆیەش بووە کە هەقی خۆی نەدراوەتێ و بیربۆچوونەکانی شێوێنراوە و بەهەڵە لێکدراوەتەوە و بگرە پیادە و پراکتیزە کراون.

- دانانی بیروبۆچوونەکانی لینین بەتەواکاری جیهاندیدی مارکس بریارێکی سیاسییە بۆ پاساودانی رەوشێکی دیاریکراو، بەڵام بەهیچ بنەمایەك پشت ئەستوور نییە. فەلسەفەی مارکس نەمامی ژینگەیەکە ئەوپەری جیاوازبووە لەوەی لینینزم تێیدا پەیدابووە و پراکتیزە کراوە، بۆیە بە بۆچوونی من راستتر ئەوەیە بوترێ لینینزم- ستالینیزم نەك مارکسیزم لینینزم.ئەو نووسراوانەی بە زمانە ئەوروپاییەکان لەبەر دەست دان و پشت ئەستوور بە نووسراو و بڵاوکراوەکانی رێبازی قوتابخانەی فرانکفۆرت (ئەڵەمانیا) سیاسەت و کردارەکانی لینین دوورکەوتنەوە بوون لەمارکسیزم و رێ خۆشکەربوون بۆ پەیدابوونی ستالین و ستالینیزم. لێدانی سوسیال دیموکراتەکان لەسەردەمی حوکمرانی لینین دا و بەناهەق ناونانیان بە کەمایەتی (مەنشەفیك) و دوور خستنەوەی ترۆتسکی بەلایەنێکی نالەباری لینینزم دادەنرێت کە رێگای بۆ رەوشی دوای خۆی خۆش کردووە، بۆیە بەناحەق ئۆباڵی زۆرشت زاڵمانە خراوەتە ئەستۆی مارکس و کە ئەو لێیان دوورە.

## سەرچاوەکان

1- Johann, Dr. Plenge., Marx und Hegel Tuebingen 1911, S.17ff.

2- Lange, Friedrich Albert., Geschichte des Materialismus. Bd. I. Frankfurt am Main 1974. S. 7ff.

3- Stace, W.T., Acritical history of Greek Philosophy. 1962.P.21.

4- Israel, Joachim., Der Begriff Dialektik. Hamburg 1979.S.23.

5-Oisermann, T.I., Dialektischer Materialismus und Geschichte der Philosophy. Akademie Verlag Berlin (ost) 1982. S.238ff.

6- Hoffmann, Thomas Soeren., G.W.F. Hegel. Eine Propaedeutik. Mari verlag. Koeln 2004. S.30ff.

٧- ف.انجلس:لودفيخ فورباخ و نهايه الفلسفه الكلاسيكيه الالمانيه. فى ماركس، انجلس، مختارات فى اربعه أجزاء.ج ٤.دار التقدم موسكو.بلا.ص٢٧فمابعد.

- دەمەوێ لێرەدا پڕ بەدڵ سوپاسی دۆستی دێرینم مامۆستا مومتاز حەیدەری بکەم کە دڵسۆزانە دەرگای کتێبخانە ڕەنگینەکەی بۆ کردمەوە و بەپێی توانا سوودم لەسەرچاوە بەنرخەکانی وەرگرت. خۆ ئەگەر هیمەتی مامۆستا مومتاز نەبایە لەم سەرچاوانە بێبەش دەبووم و ئەم نووسینە، وەك ئێستا وایە، بەپێز نەدەبوو.



- هەروەها بەگەرمی سوپاسی کاك شەپۆل فەتحی حاجی کەریم دەکەم کە هەولێکی دۆستانەی دا بۆ ئەوەی چەند سەرچاوەیەکی ئەم نووسینەم دەست بکەوێت.

8- Schnadelbach, Herbert., Philosophie in Deutschland. Stw 1983. S.15ff.

9- Zeller, E., Ueber die Bedeutung u. Aufgabe der Erkenntnistheorie, Leipzig 1962.S.49ff.

10- Aster, E. von., Philosophie der Gegenwart. Leiden 1967. S.5.ff.

١١- ئینگلز، ف: لودڤیك فۆیەرباخ و کۆتایی هاتنی فەلسەفەی کلاسیکی ئەڵمان. لە چوارچێوەی بەرهەمی هەڵبژاردەدا، چوار بەش، بەشی چوارەم(بەعەرەبی) مۆسکۆ ل ٤٥-٤٦.

12- Theimer, Walter., Der Marxismus. Bern 1950. S.10ff.

١٣- ئەم قسەیەی مارکس لە کتێبی((ئایدیۆلۆجی ئەڵمان)) دا هاتووە، بەڵام لەبەر ئەوەی لە هەولێر-کوردستان سەرچاوە ئەڵمانییەکانم لەبەردەستدا نییە ناچارم بڵێم بڕوانە:

- أڤاناسيڤ، اسس الفلسفه الماركسيه، ترجمه:عبدالرزاق الصافى، بغداد ١٩٧٦.ط٣.ص١٥٣فما بعد.

14- Stoerig, Hans Joachim., Kleine Weltgeschichte der Philosophie. Stuttgart 1961. S.563.

15- Israel, J., Der Begriff Entfremdung. Hamburg 1985.S.166-167.

16- Hoffmann, T.S., Hegel… S.312-313.

17- Theimer, Walter., Ebenda. S.30-31

١٨- أڤانا سيڤ.ف.نفس المصدر السابق.

- ترجمه عزيز سباهى، ص ١٣٥.

- ترجمه عبدالرزاق الصافى ص ٩٩فما بعد.

- بودوستنيك و ياخوت: عـرض مـوجز للماديـه الدياليكتيكيـه دار التقـدم موسكو. بلا.ص١٠٣فمابعد.

19- Marcuse, Herbert., Vernunft und Revolution. Darmstadt 1972.S.229.

٢٠- ماركس، انجلس، مؤلفات مختارة...ج٣، ص١٣٥.

٢١- نفس المصدر السابق، ج ٤، ص٣٩.

٢٢- نفس المصدر السابق، ج٤، ص١٤٩.

٢٣- المصدر نفسه، ج١، ص٤٩.

## (١٠)

# سۆسیال دیمۆکراتی یان مارکسیزم

### سەرەتا

١- دوورنییە هەر لەسەرەتاوە ناونیشانی بابەتەکە چەند پرسیارێك لەمێشکی خوێنەردا بوروژێنێ، وەك: بۆچی هەردوو ڕێبازی سۆسیال دیموکراتی و ماکسیزم بەو جۆرە لەیەکتری جیاکراونەتەوە ئەگەر نەڵێی خراونەتە نێو دوو تای یەك تەرازووەوە؟ ئایا ئەمە واناگەیەنێ بابەتەکە ئەو دوو ڕێبازە بەدوو فەلسەفەو ئایدۆلۆجی سیاسی لەیەکتری جیاواز دادەنێ؟ بۆچی هەر بەتەنیا مارکسیزم؟ئایا دەکرێ مارکسیزم بەتەنیا و بەبێ ئەو تاقیکردنەوەیەی رابەری شۆرشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧ لینین پیایدا تێپەری بەبابەتێکی سەربەخۆی خاوەن ناوەرۆك و روخسار سەرنج بدرێت و وەربگیرێ؟! ئەگەر ئەم ڕێبازانە بەو جۆرە لەتەنیشت یەکترییەوە دانراون، تایبەتمەندی خۆیانیان هەیە هەریەکە لەوی تر جیابکاتەوە؟ ئایا هەبوونی تایبەتمەندی کارەکتەری جیاوازی لایەنێك، ڕێبازێك دەرەخسێنێ، لەیەکچوون و خاڵی هاوبەشی ئەم ڕێباز و لایەنانە بەدوور دەگرێت یاخود ساخ و پشت راستیان دەکاتەوە؟! ئەگەر چی ئەم پرسیارانە مەبەستی سەرەکی نووسینەکەو خاڵە گرنگەکانی ناپێکن، لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێ لەچوارچێوەی باسکردنی هەردوو ڕێباز و بەراوردکردنیاندا لاوەکییانە وەڵامی ئەم پرسیارانەش بدرێتەوە.



لەکۆڕ و کۆمەڵگا فەلسەفەییەکاندا باوە سۆسیال و سۆسیالیزم ئەگەرچی ڕەگ وچاوگیان یەکە، بەڵام دوو لایەن و دوو ڕێبازی جیاواز دەستنیشان و دیاری ئەکەن.

سۆسیال، دەکرێ لەجیاتی وشەی کۆمەڵایەتی کوردی بەکاربهێنرێ، لێرەوە دەوترێ دیموکراتیی کۆمەڵایەتی .... سۆسیالیزم ڕێباز و بۆچوونێکی سیاسی و فەلسەفەیی و ئایدیۆلۆجی و ئابووری نیشاندەدات مۆرکی قۆناخێکی دیاریکراوی پەرەسەندنی مێژووی کۆمەڵگای پێوەیە و دەکرێ وەك ڕژێم یان سیستەمێکی حوکمرانی کردنیش لەسەردەم و قۆناخ و شوێن و کۆمەڵگایەکی دیاریکراودا سەرنج بدرێت. بەلای فەلسەفەوە واقعییەتی شت ئەوەیە لەکات و شوێنی دیاریکراودا هەبێ. بۆیە دەکرێ بوترێ سۆسیالیزم تا ئێستاش لەجیهانیدیدیکی تیۆری بەولاوە نییە! لەسەردەم و قۆناخێکی دیاریکراودا سۆسیالیزم بە ئەنتی تێزەی سەرمایەداری دادەنرا.بەڵام ئەو گۆرانانەی بەسەر پەیوەندییە فرە رەنگییەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسی ژیان و کۆمەڵگادا هاتن دڵیان لەم بریارە کرمێ کرد.

٢- ئەو ڕێبازە فەلسەفە، سیاسییە، ئابوورییە، ئایدیۆلۆجییە و کۆمەڵایەتییەی بە سۆسیال دیموکراتی ناودەبرێ لە وڵاتانی پێشکەوتوو پەرەسەندوو خاوەن داب و نەریت و ئەزموونی سەرکەوتووی دیموکراتیانە چالاك و کاریگەر و دەست بەکارەو، ڕێبازێکە تا ئێستا کەمترین گازندەی لەسەرەو بە دەگمەن رەخنەی لێدەگرێ و توانیویەتی سەرکەوتوانە لەگەڵ بەرەوپێشچوونی ژیان دا هەنگاو بنێ و لەگەڵ پەرەسەندنی کۆمەڵگابەسەرخان و ژێر خانییەوە و، بەسیستەمی دەستبەکارو ڕێژیمی فەرمانرەواییەوە خۆی بگونجێنێ و لەگەڵ شۆرشی تەکنەلۆجی ئاوات و ئامانجە شیاوەکانی مرۆڤدا، ئەو ئامانجانەی بەپێی ئەو هەل و مەرج و

توانایانەی لە ئارادان و بەو لاوەتر لەکردن نایەن، بێتەوە، مێژوویەکی پڕ لەتێکۆشان و هەوڵ و کۆشش و گۆران و پەرەسەندنی هەیە.

ئەگەر چی هەردوو وشەی سۆسیال و دیموکراتی چ وەك ناو و چ وەك ناوەرۆك و ئەو بابەتەی دەریدەبرن مێژوویەکی کۆنی دوور و درێژیان هەیە، بەڵام پشت ئەستور بەسەرچاوە باوەڕپێکراوەکان دەکرێ ئەو هەڵومەرج و رەوشەی تیایدا دروست بوون و سەرەتای بەکارهێنانی هەردوو وشە بۆناونانی بزوتنەوەیەکی سەربەخۆی سیاسی دیار و دەستنیشا بکرێت.

لەنێو کۆر و کۆمەڵگا ئەکادیمیاییەکانی فەلسەفەی ئەڵمانیادا وازانراوە مارکسیزم لەفەلسەفەی هیگڵەوە و سۆسیال دێمۆکراتی وەك فەلسەفە لەکانت و(Kant) لاسالەوە کەوتونەتەوە. بێگومان بزوتنەوەی رۆشنگەریی و شۆرشی مەزنی فەرەنسا ساڵی(١٧٨٩ز) ئەو سەرچاوەیە بوون ئەو رووبارە بەتەوژمانە لێوەی پەیدابوون.وەك سیاسەتیش سەرچاوەکان واباسیان کردووە بۆ یەکەم جار ساڵی (١٨٦٩ز) لەکۆنگرەی ئایزناخ Eisenach ئۆگۆست بیبل و ڤیلهێلم لیبکنێخت پارتێکی سیاسی مارکسییان بەناوی (پارتی سۆسیال دێموکراتی کرێکاران) لە ئەڵەمانیا دامەزراندوە.

لەلایەکی ترەوە لە ٢٣ی مایسی ١٨٦٣ لەشاری لایپتزیگ رێکخراوی یەکێتی کرێکارانی ئەڵەمان(ADAV) دامەزراوە وفردیناند لاسال بەسکرتێری گشتی هەلبژێردراوە[1]. ئەو رێکخراوە بەدروشم بەوە ناسراوە گوایە بۆ ئازادی و سەربەخۆیی و دیموکراتی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی هەموو مرۆڤ تێدەکۆشێ لەدواییدا ئەم بزوتنەوەیە لەساڵی(١٨٩٠-١٨٩١ز) لە پرۆگرامی ئێرفورتدا ناوی پارتی سۆسیال دیموکراتی ئەڵەمانی لێنراوە[2]. تا ئێستاش ئەو بزوتنەوە سیاسییە هەر بەردەوامە.

٣- بزوتنەوەی  سۆسیال دێمۆکراتی و مارکسیزم دوو بزاڤی فەلسەفە و سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتین، ئەگەرچی لەهەندێ بنەمادا لەیەکبچن،



لەئامراز و ئامانج و تاکتیك و ستراتیج و جیهاندیدیدا لەیەکتری جیاوازن و هەر لایەنەش پێ لەسەر سەربەخۆیی خۆی دادەگرێ. بۆئەوەی پتر ناوەرۆك و تایبەتمەندی هەر یەکێك لەو دوو بزاڤە سیاسییە، کۆمەڵایەتیە، فەلسەفەییە و ئابوورییە روون بکەینەوە و جیاوازی نێوانیان لەکێشە گرنگەکاندا دیار و دەستنیشان بکەین وای بەباش دەزانین سەرنجێك لەو رەوشە بەپێزە فرەرەنگییە بدەین کە وەك زەمینە تیایدا شین بوون و ئەو کەش و هەوایەش روون بکەینەوە تیایدا وەك نەمامی سەربەخۆ هاتونەتە بەر و بەرەو گەیشتنە ئامانج و ئاواتی دەستنیشانکراو چالاك و دەستبەکار بوون.

بەباوەری ئێمە، بەبێ پشتگوێ خستنی بۆچوونی مێژوونوسان، شۆرشی مەزنی فەرەنسا شۆڕشێکی چارەنووس ساز بووە و رێگاخۆشکەری بنیادنانی تەلاری سەدەی نۆزدەهەم بووە، ئەو سەدەیەی رەنگی کلتور و شارستانیەتی سەدەکانی دواتری رشتوە.

دوور نییە بوترێ سەرچاوە مێژووییەکان چەندین بەڵگە و نموونەی ئەگەر و گومان هەڵنەگریان تیادایە دەربارەی ئەو نەهامەتی و خوێن رشتن و کاولی و قڕانەی شۆرشی فەرەنسا و رۆبسپێر و ناپلیۆن... بەسەر فەرەنسا و گەل و ولاتانی ئەوروپایان هێناوە، هەر شۆرشەکە خۆی بەدەیان و پتر لەسەرکردە و رابەرانی خۆی لەناوبردو لەجیاتی دروشمی:ئازادی و برایەتی و یەکسانی، دەستەواژەی : کێ کردی و کێ خواردی! ببوو بەویردی سەر زاری خەڵك کاتێك باسی شۆرشەکەیان کردووە!

ئەو گازندەیە لەلایەکدا لەجێگای خۆیدایە، بەلام لەلایەکی تریدا لە دوو بۆچوونی ناکامڵ و ناتەواوە کەوتۆتەوە:

یەکەم: شۆرش چییەو بەچی دابندرێ و چۆن پێناسە بکرێت؟

دووەم: دەبێ ئەرکی سەرشانی چی بێت و چی لێوەی چاوەروان بکرێت؟!

ئایا شۆڕش لەخۆیدا ئامرازی گۆڕینە یاخود ئامێری بنیاتنان و دامەزراندنە؟ ئەگەر وەڵامی ئەم پرسیارانە بەوردی و زانستیانە بدرێتەوە ئەو گازندەیە کاڵ دەبێتەوە و ڕەوایی خۆی لەدەست دەدات.هەل ومەرجی ئەوسای فەرەنسا و ئەوروپا کە هەزار ساڵ و پتر بوو لەژێر زەبر و زەنگ و رکێفی رژێمێکی سەرتاپاگیری تۆتالیتێری کڵێسە و ئاینی مەسیحیدا دەقی گرتبوو لەگەڵ ئاوات و ئامانجەکانی راستەقینەی شۆڕشەکە بەتەواوەتی نەدەهاتەوە و نەهاتۆتەوە.سەختی رەوشەکە سنووری چالاکی شۆڕشەکەی دەستنیشان کردەوە لەگەڵ هەل و مەرجی سەردەمدا رەنگی ئەو گۆڕانانەیان رشتوە کە هاتوونەتەدی. شۆڕش هەمیشە رۆڵێکی نەرێی نێگەتیڤی نالەبار دەگێڕێ، رۆڵی هەڵوەشاندنەوە و تێکدان و گۆڕینی سەرتاپاگیریی کۆمەڵگا بەسەرخان و ژێرخانییەوە. چاوەرێ بکرێ شۆڕش شت دابمەزرێنێ بەهەڵە لە شۆڕش گەیشتنە!

٤-سەدەی نۆزدەیەم، ئەوەندەی پەیوەندی بەبابەتی ئەم نووسینەوە هەیە، بەسەدەی چارەنووساز دادەنرێت. لەکایەی زانستەکاندا وێنەی جیهانی زانستی کلاسیکی سەرتاپا گۆڕاوە.داروینزمی کۆمەڵایەتی، بەتیۆری پەرەسەندن بۆچوونی باوی لاهوتی (پەیدابوون و لە ناوچوونی) لەبنەرەتەوە هەڵوەشاندۆتەوە...رەوشی ئابووری و سیاسی و کۆمەلایەتی و ئایدیۆلۆجی کۆمەڵگا، گۆڕانی سەرتاپاگیری بەسەردا هاتووە.شۆرشی پیشەسازی(سنعات) ئەگەرچی لە دوورگەکانی بەریتانیا روویداوە، بەلام پریشکەکەی ئاگری لە ولاتانی ئەوروپای ئەوسا بەرداوە. بیروبۆچوونە بەناو کۆمەڵایەتی و سۆسیالیستیەکانی فەرەنسای دوای شۆرشەکە، هەوێنی جیهاندیدی فەلسەفەی ئەلەمانیا بووە ...کۆمەڵگا لەئەنجامدا بەسەرخان و ژێرخانیەوە دیاردەی بەسنعات بوون و دابەش بوون بەچین و توێژی جیاوازەوەی بەخۆوە دیوە. پیشەسازی و کۆمپانیاو ماشێن و فابریك و



کارگە، لەسەرانسەری ولاتانی ئەوروپادا کەم تا زۆر بلاوبوونەتەوە کۆمەڵگاپێی ناوەتە قۆناخێکی ترەوە کە پێشکەوتووتر بووە لەوەی پێشتر بەقۆناخی سەرمایەداری Kapitalism ناوبراوە.

پێکهاتە و ئۆرگانە ئابووری و کۆمەلایەتییەکان بەدام و دەزگا و دامەزراوە هەمە چەشنە و فرە رەنگەکانیانەوە پێشکەوتووتر لەجاران مۆرك و سیما و سروشتی جیاوازییەکی بەرچاوی توێژو چینایەتیان پێبڕاوە.

ئەو دوو چینەی سەرنجیان بۆ لای خۆیان راکێشاوەو ئەنجامێکی ئەو گۆرانانەبوون بەسەر رەوشی کۆمەڵگادا هاتوون، پەیدابوون. بریتی بوون لە:

یەکەم: چینی سەرمایەداران Kapitalism

دووەم: چینی پڕۆلیتێر Proletärier

ئەو دابەش بوونەی کۆمەڵگا بەو جۆرەو بەو دوو چینە رکەبەر و دژ بەیەکترییە دیاردەی چینایەتی بەوپەڕی هێز و کاریگەرییەوە هێنایە ئاراوە.ئەم دیاردەیەش ئەنجامێکی لێکەوتەوە کاریگەرییەکی گەورەی لەسەرکۆمەڵگاهەبووە: دیاردەی زۆرانبازی وململانێ بووە. Konflikt

ئەو دیاردەی ململانێیە بەلای هەندێ بیرمەندەوە بۆتە مایەی گۆڕانی سەرتاپاگیر لە کۆمەڵگادا. ئەو گۆڕانە بەپێی جیهاندیدی بیرمەند و سیاسەتمەدارە مارکسیەکان تایبەتمەندییەکانی دیار و دەستنیشان کراوە، ئەوگۆرانە یاخود ئەم وەرچەرخانە کۆمەڵایەتیە: مێژوویی و ماددی و دیالێکتکیانەیە:- لەو رۆژەوە کۆمەڵگاو مێژوو پەیدابوون ئەویش لەگەڵیاندا بووە و پەرەی سەندوە و بەرەوپێشچووە، ئینجا ئەو پەرەسەندن و بەرەوپێشچوونەی بە بنەماو هۆکاری ماددی(ئابووری) پشت ئەستوربووە، چینێك سامان و دارایی ومالی دنیای هەبووە و ئەوی تریش هەژار و نەدار و لەهێزی بازووی ئیشکردن بەولاوە هیچی تری شك نەبردووە، ئەم جیاوازییە چینایەتی و مێژوویی و ئابوورییە لەجیهانی هزر و بیر و

ئایدۆلۆژیدا ڕەنگی داوەتەوە بریتی بووبێ لە ململانێی نێوان ئایدۆلۆژجی دژ بە یەکتری و لە ئەنجامدا هی سێیەم هاتۆتە ئاراوە. ئەم ڕەوشە بە درێژایی مێژووی کۆمەڵگا بەو جۆرە بووە و بەردەوام بووە و ئێستاش وایە ئایا هەروا لە دوارۆژیشدا بەردەوام دەبێت یاخود لەقۆناخێکی دیاریکراودا کۆتایی دێت و لەکار دەکەوێ؟!

یاخود ئەو گۆڕانە ئاسایی پەیوەندی بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و پەرەسەندنی کۆمەڵگا و پتربوونی ژمارەی دانیشتووان و هاوڵاتیان و دابەشکردنی سیستەم و نەزمی ئیش و کار و سروشتی مرۆڤ و پێداویستییەکانیەوە هەیە؟! ئایا، ئەگەر جیاوازی چینایەتی نێو کۆمەڵگا، بەو جۆرە بێت پێشتر قسەی لێکرا بەناچاری دەبێتە مایەی بەرپابوونی شۆرش و گۆڕینی سەرتاپاگیر و لە ڕەگ و ریشەوەی کۆمەڵگا بەسەرخان و ژێرخانییەوە یان لە جۆرە پەیوەندی و پەرەسەندن و گونجاندن لەگەڵ پرۆسەی نەسرەوتی بەرەوپێشچوونی ژیان و کۆمەڵگا بەولاوەتر نییە؟! ئایا کێشەکە کێشەی گۆڕانی کۆمەڵایەتییە بۆ دابین کردنی پێداویستیە هەمیشە و بەردەوام لەپتردابوون و گۆڕانە مرۆڤییەکانە یاخود بریتیە لەکێشەی سیستەم و نەزم و دیسپلین و ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی؟! بۆ دەبێ ئەو جیاوازییە چینایەتییە ببێتە مایەی بەرپابوونی شۆرش هەموو شتێك لەبنەرەتەوە هەڵکەنێ و تێکدات و نەبێتە مایەی پەرەسەندن و ڕکەبەری و بەرەوپێشچوون و پەرەسەندنی کۆمەڵگا و پێداویستیەکانی ژیان؟!

وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە سروشتی سیاسی و ئایدیۆلۆجی ئەو لایەنە دەردەخات  بە چ لایەکدا دادەشکێنن.ئەوەی مێژووی کۆمەڵگا بەمێژووی خەباتی چینایەتی دادەنێ دەچێتە نێو خانەی یەکەمەوە، ئەوی تر کە بابەتەکە بەجۆرە پەرەسەندن و گۆڕانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان سەرنج دەدات و ئەوکێشانەی لەم جیاوازییە چینایەتیانە دەکەنەوە بەشتێکی



سروشتی لە چوارچێوەی دیاردە کۆمەڵایەتییەکاندا لێکدەداتەوە و وای بۆ دەچێ ئەو ململانێیە لەڕکەبەرییەکی ڕەوا بەولاوە نییە بۆ درێژەدان بەرەوتی پەرەسەندن و چاکسازی ژیان هێناویەتیەکایەوە، دەچێتە خانەکەی ترەوە.

٥-سەدەی نۆزدەیەم بەوە چارەنووس ساز بووە تیایدا بنەمای ئایدیۆلۆژی و فەلسەفەیی و کۆمەڵایەتی و زانستی ئەو سەردەمەو دوا ڕۆژ ڕەنگرێژ کراوە، چینی سەرمایەداری بە هەموو پێکهاتە و ڕێکخراو و ئۆرگان و لایەنەکانی خەت و خاڵی داوە. سەرمایەداری لەم سەردەمەدا ئەو بۆچوونە بەپێز دەکات کە مێژوو کۆتایی هاتووە و مرۆڤایەتی ناتوانێ بریارێك، ئەلتەرناتیڤێك دابهێنێ جێگای سەرمایەداری بگرێتەوە، بۆ یەکەمجار لەمێژوودا تارادەیەك ژیانێکی خۆش و دڵنیایی لێکراو دابین بووە، ئیتر ئەو ژیانە دڵنیایی لێکراوە، هەر لەپێداویستی بیۆلۆژییەوە بێ هەتا لایەنی ئاکار و سەروەریی و تەندروستی و ئازادی و دێمۆکراتی، کەمتر بووە لەوی ئاواتی بۆ خوازراوە بەم پێیە سەرمایەداری نەیتوانیوە هەموو ئەو بەڵێن و ئاوات و ئامانجە کە مرۆڤ هەوڵی بۆ داون و لەگەڵ خەت و خاڵدانی سەرمایەداری و ئاوابوونی خۆری فیودالیزمدا بەنیازیان بوە بهێنێتەدی، ڕاستەبێ نیازبوون لە هەموو شتێك سنوری هەڵکەوت و ڕاستەقینە و ریئالیستی دەبەزێنێ و دەچێتە نێو کۆشی ئەندێشە و هەست و سۆزی شیعر و شاعیرانەوە، بەڵام سروشتی ژیان ئەگەر بەچاوی ریئالیستی سەرنج بدرێت نارەوایی زۆر لەو جەورو نادادییەی لەسێبەری سەرمایەداریدا هەیە و هەست پێدەکرێت کاڵ دەبێتەوە، ئەولایەنە نێگەتیڤییەی ڕێژیمەکە ساخ دەکاتەوە. هیچ شتێك لە بوون و سروشت و لە ژیان وکۆمەڵگادا بەبێ لایەنی پۆزەتیڤ-نێگەتیڤ لەبار، نالەبار نابێت.هەروەها ڕاستە لەسەرمایەداریدا بێکاری هەیە، پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان تارادەیەك نادیمۆکراتین، خزمەتگوزارییە گشتییەکان بەپێی پێویست نین ئەو

چاکسەزییە بێ پسانەوانەی سەرمایەداری لەکۆمەڵگادا دەیکات بە تەواوەتی چەوساندنەوە و دەستبەسەراگرتنیان بەلایەکدا نەخستووە، بەڵام سەرەرای ئەمانە نادادیی لەژیاندا تارادەیەك کەمکردۆتەوە.بۆیە لەوەڵامی ئەو پرسیارەدا:ئایا چاکسازیی پلەبەپلە بەدکاریی ولایەنە نالەبار و کەموکرییەکانی سەرمایەداری لەناو دەبات؟ دەوترێ، سەرمایەداری بەرزترین نموونەی پەرەسەندنی شارستانیەتی ژێرومرۆڤە و بە هەموو نالەبارەکانییەوە لە دیکتاتۆرییەتێکی ستالینزمی بەدروشم مرۆڤ پەروەر و بەکردەوە توتالیتێر چاکترە! مرۆڤ تا ئەمرۆ نەیتوانیوە لەسەرمایەداریی باشتر بەدیبهێنێ، ئاسۆی دوا رۆژ هەرچەند گەش و پرشنگداریش بێتەبەر دیدەو چاو لەوەناچێ رێژیی سەرمایەداری بەرێژیمێکی تر بگۆردرێ. سۆسیالیزمی سۆڤێتی جاران لە روخسارێکی نامۆبوی سەرمایەداری شێوێنراو بەولاوە نەبووە!

## بنەما و سەرچاوە

راستیەکی گومان هەڵنەگرە کە شۆرشی فەرەنسا رێژیمی فیودالی(دەرەبەگایەتی)پەکخست و لە جێگایدا رژێمێکی پەرەسەندوتری داهێنا لەگەڵ پێداویستیەکانی چالاکی ژیرو پەرەسەندنی ژیان و کۆمەڵگادا بگونجێ، رژێم و چینی سەرمایەداری هەر لەسێبەری ئەم رێژیمەداو لەباوەشە گەرم و گورەکەیدا هەردوو جیهاندیدی فەلسەفەیی و سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ئایدیۆلۆجی:
- مارکسیزم Marxismus
- سۆسیال دیمۆکراتی Sozialdemokratismus

سەریان هەڵدا و گەشەیان کرد. ئەو دوو جیهاندیدە ئەگەرچی لە باوەشی ئەو رێژیمە تازە پێگەیشتووەدا گۆشکراون و پێگەیشتوون، لە ناوەرۆك و



روخساردا بەرامبەر بەسەرمایەداری و دام و دەزگا و دامەزراوە و دەور و رۆڵە فرە رەنگیەکەی دوو هەڵوێستی جیاوازیان هەیە:-

سەرمایەداری لە بنەرەتدا سیستەمێکی کاری کرێی رۆژانە و بەرهەمهێنانی شت و مەك و کەل وپەل و کوتاڵە بەمەبەستی فرۆشتن و ئاڵوگۆر کردن و سود و قازانج[٣]....

ئەم سیستەمە پشت بەچینی بۆرجوازی دەبەستێ. ئەو وشەی بورجوازییە لە سەدەی شانزەهەمەوە لە فەرەنسا بەکارهاتووە بۆ نیشاندانی مرۆڤی ئازاد کە لە باژێرو شاردا دەژیا[٤]. لەم سەردەمەماندا هەردوو وشەی سەرمایەدار و بورژوازیی بەشێوەیەکی دەستیاوی بەکاردەهێنرێن.

ئەوەندەی پەیوەندی بەفەلسەفەوە هەیە، لەگەڵ پێشکەوتنی سەرمایەداری بنەما ژیریی و ئایدیۆلۆجی چەمکەکانی چینی دەسەلاتداری پێشوتر لاوازو بێهێز بوون.

ئاینی مەسیحی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە تارادەیەك ژینی دەرەبەگایەتی بە(لۆردۆمسیۆ و بارۆنەکانەوە) پشتیان پێ بەستبوو، لەسەردەمی سەرمایەداریدا خۆی و کلێسەکەی لاواز بوون و وردە وردە رۆڵیان لەژیانی کۆمەڵایەتی و کۆمەڵگا بەرەو کزبوون چووە. ئاین بووە بەبابەتێکی تاکە کەسی و لەکاروباری دەوڵەت و بەرێوەبردن و سیاسەتدا دوورخراوەتەوە.لەبەرامبەردا ئایدیۆلۆجی و سیاسەت و زانست لەبرەودابوون و بگرە هاندراون و دەرفەتی پەرەسەندنیان بۆ دابین کراوە.

لەکایەی ئایدیۆلۆژیدا ئەوبیرۆکەیە لەلای بیرمەندان سەری هەڵداوە، ئەگەر کۆمەڵگالەچین و دەستە و توێژی دژ بەیەکتری پێکهاتبێ و جیاوازی ئابووری لەنێوانیاندا راستیەکی ئەگەر و گومان هەڵنەگرێت خەبات و تێکۆشان و ململانێی چینایەتی لەنێوان ئەم دوو چینەداو پرۆسە و رەوتی بەرەوپێشچوونی مێژوو بەلایەنە جۆربەجۆرە کولتوری و ئابووری و سیاسی و

کۆمەڵایەتییەکانەوە لە پوختەکەیدا لەلایەن پەرەسەندنی هێزەکانی بەرهەمهێنانەوە دیار و دەستنیشان دەکرێت((پرۆسە و رەوتی مێژوو لە پوختە و گەوهەردا لەلایەن پەرەسەندنی هێزەکانی بەرهەمهێنانەوە دیاریکراوە[٥]))، بیروبۆچوون و ئایدیۆلۆجی هەر کۆمەڵگایەك، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان سروشتێکی چینایەتیان هەیە وئەگەر بویستریٚ تێیانبگەیت دەبیٚ لەچوارچێوەی ئەو پەیوەندییانەدا سەرنج بدرێن کە بەململانیٚ و زۆرانی Konflikt چینایەتیەوە هەیانە. پەرەسەندنی هێزەکانی بەرهەمهێنان بەتێکرایی پەیوەندییە ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان دەستنیشان دەکەن.

## مارکسیزم

١- مارکسیزم ئەو جیهاندیدە فەلسەفەیی و سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و هزری و ئایدیۆلۆژییەیە بیرمەندی جولەکەی ئەلەمان کارڵ هانریخ مارکس (١٨١٨-١٨٨٣ز) لەچەند بەرهەمێکیدا رەنگی رشتووە بەتایبەتی لەو بەرهەمانەدا:

- دەستنوسە ئابوورییە فەلسەفەییەکان
- ئایدیۆلۆجی ئەلەمان.(لەگەڵ فرەدریك ئینگلزدا).
- کلۆلی فەلسەفە.
- مانیفێستی پارتی کۆمۆنیست (لەگەڵ فرەدریك ئینگلزدا).
- رەخنەکردنی ئابووری سیاسی.
- سەرمایە، لەدوو بەرگداو بەرگی سێیەمی تەواو نەبووە.

ئەوەی لێرەدا مەبەستی ئەو نووسینەیە ئەو لایەنەیە کە ئەم جیهاندیدە بەرین و فراوان و سەرتاپاگیرە لەجیهاندیدی سۆسیال دیموکراتی جیا دەکاتەوە و جیاوازییەکەش تایبەتمەندی جیهاندیدی دووەم



دەردەخات.بەتایبەتی ئەو بەشەی ئەم جیهاندیدە کە بەمەتریالیزمی مێژوویی ناوبراوە، بەپێی ئەو تیورییە مێژوو لەسونگەی مەتریالیستییەوە لێکدەدەرێتەوە. خۆشی لەخۆیدا تیۆرێکی کۆمەڵایەتییە قانوون و بنەماکانی دیالێکتیکی مەتریالیزم بەسەر کۆمەڵگادا پیادە دەکات.((هەموو دیاردە کۆمەڵایەتیە جیاجیاکانی کۆمەڵگا لەچوارچێوەی پرۆسە مێژووییەکانیاندا بەپێی ئەو گۆڕانە چارەنوسسازە ناچارییانەی بەسەریاندا دێت لێیان دەکۆڵرێتەوە[٦])). گۆڕان بنەماو سەرمەشقی ژیانە، ئەو گۆڕانە کە بەرەوپێشچونێك بەرجەستە دەکات و بەرەوپێشچونەکەش بریتییە لەپەرەسەندنێك سروشتەکەی دیالێکتیکییانەیە. بەپێی ئەو جیهاندیدە لە هەموو سەردەمێکی پەرەسەندندا، لەپەرەسەندنی کۆمەڵگادا، شێوازێکی دیاریکراوی بەرهەمهێنان و پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان باو و دەستبەکار دەبن، هەروەها تۆرێکی پێکهاتەی پەیوەندی لەنێوان خەڵکدا بەجۆرێك دەبیٚ لەگەڵ ئەو شێوازەی بەرهەمهێناندا گونجاو بێت.

٢- ناکۆکی نێوان پەیوەندییە ئابووریە- کۆمەڵایەتیەکان و ئەو شێوازە نوێیەی بەرهەمهێنان بەهۆی گۆڕانی کۆمەڵایەتی و زانستی و تەکنەلۆژی و ئابوورییەوە کەوتۆتەوە زۆرانبازیی و ململانێیەکی سەخت لە نێوان چینە سەرەکییەکانی کۆمەڵگادا، لەنێوان چینی زۆرینەی کۆمەڵگاکە بەرهەمهێنەری شتومەکی پێداویستی کۆمەڵگایە بە کۆمەڵانی خەڵکەوەو لەنێوان چینی خاوەن دەسەڵاتی ئابووری و سیاسی دەستبەکار هەڵدەگیرسیٚ، ئەمەیە سەرچاوەی هەموو جۆرە خەباتی چینایەتی لەمێژوودا.ئەو پرۆسەیە بەلای مارکسەوە بریتییە لەناچارییەکی ئابووری[٧]. لە پێشەکی بەرەو رەخنەکردنی ئابووری سیاسیدا مارکس نووسیوێتی:

((لەکاتی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی پێداویستیەکانی ژیانیاندا خەڵك پەیوەندی دیاریکراوی ناچاریی سەربەخۆ لەخواستیان

دادەمەزرێنن، پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان لەگەڵ ئاستێکی دیاریکراوی پەرەسەندنی هێزە ماددیەکانی بەرهەمهێنانیاندا دێنەوە.تێکرای ئەم پەیوەندییە بەرهەمهێنانانە بنەمای ئابووری کۆمەڵگاپێکدەهێنن، بنەمای راستەقینە(ژێرخان) سەرخانی قانوونی و سیاسی لەسەر دادەمەزرێت و لەگەڵ چەند فۆرمێکی دیاریکراوی هۆشیاری کۆمەڵایەتیدا دێنەوە.شێوازی بەرهەمهێنانی ژیانی ماددی بەگشتی هەلومەرجی دەستنیشانکاری پرۆسەی کۆمەلایەتی و سیاسی و گیانی(هزری ) یە. نەك هۆشیاریی خەڵك بوونیان، بەڵکو بەپێچەوانەوە بوونی کۆمەڵایەتییان هۆشیارییەکەیان دیار و دەستنیشان دەکات.لەئاستێکی دەستنیشانکراوی پەرەسەندنەکانیاندا هێزە ماددییە بەرهەمهێنەرەکانی کۆمەڵگا لەگەڵ پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان کەلەئارادان ناکۆك و ناتەبا دەبن (Widerspruch) یاخود، تەنیا بەدەربڕینێکی قانوونییانە، لەگەڵ پەیوەندییەکانی ملکداریدا کە تاوەکو ئەو کاتە لەنێوانیاندا دەجولاێەوە و پەرەی دەسەند، فۆرمەکانی پەرەسەندنی هێزەکانی بەرهەمهێنان دەبنە کۆسپ و تەگەرەو کۆت و پێوەندی ئەم پەیوەنییانە، ئەو کاتە قۆناخێکی شۆرشی کۆمەڵایەتی دێتە کایەوە.لەگەڵ گۆڕانی بنەمای ئابووری تێکرای سەرخانە زەبەلاحەکە بەهێدی و هێمنی یاخود بەخێرایی لەبنەڕەتدا بەڕەوگوڕیشەوە دەگۆڕێ[٨])).

ئەو تێکستە دەگمەنەی مارکس پوختەی جیهاندیدی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ئایدیۆلۆجی خاوەنەکەی نیشان دەدات:-

یەکەم: لە پرۆسەی گۆران و پەرەسەندنی کۆمەڵگادا جۆرە ناچارییەکی مێژوویی لەئارادایە و دەستبەکارە((ئەو پەیوەندییانەش کە لە نێوان مرۆڤدا هەن ناچارین و سەربەخۆ لەخواست دادەبرێن)).



دووەم: رەوش وسیستەمی ئابووری بەهۆی گۆڕانی سنعات و تەکنەلۆجییەوە گۆڕانی بەسەردادێ و بەرەوپێش دەچێ بۆیە لەقۆناخێکی دیاریکراوی ئەو پەرەسەندنەدا ململانێ و ناکۆکی و ناتەبایی لەنێوان سیستەمی کۆندا، بەهەردوو لایەنی کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە، پەیدا دەبێت.

سێ یەم:خەبات و ململانێی چینایەتی:

لەو رۆژەوە کۆمەڵگاپەیدابووە مێژووەکەی بریتی بووە لە ململانێ و خەباتی سەختی نێوان هەردوو چینە سەرەکییەکەی کۆیلە و خاوەن کۆیلە، جوتیار و دەرەبەگ، پرۆلیتێر(کرێکار) و سەرمایەدار.....

بوونی ئەو چینانە بەقۆناخێکی دیاریکراوی پەرەسەندنی بەرهەمهێناوە بەندە.خەباتی چینایەتیش بەناچاریی((دیکتاتۆری پرۆلیتێری)) لێدەوکێتەوە.ئەو دیکتاتۆرییە خۆی بریتییە لەهەنگاونان بەرەو لەناوبردنی هەموو چینەکان و دامەزراندنی کۆمەڵگای بێ چین.

چوارەم:قۆناخی گەشەکردنی زانست و سنعات و تەکنەلۆژی شێوازی بەرهەمهێنان و پەیوەندییەکان و نەزم و سیستەمی ئابووری دیار و دەستنیشان دەکات.کۆ و تێکڕای ئەو پەیوەندییانە هۆکاری سەرەکی و بنەمای دیار و دەستنیشانکردنی سیستەمی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگان.

پێنجەم:هزر و بیری کۆمەڵایەتی، ئایدیۆلۆجی و سیاسەت، جیهاندیدی کۆمەڵایەتی و فەلسەفە، قانوون...، بەشێکی سەرخانی کۆمەڵگان Uberbauتوندوتۆڵ بەژێرخانی کۆمەڵگاوە Basis بەستراونەتەوە.

پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیش لەلای خۆیانەوە سروشت و جەوهەرێکی چینایەتیان هەیە تیایاندا خەبات و تێکۆشان و ململانێی نێوان رقەبەر و دژ بەیەکترییەکان رەنگ دەداتەوە.

شەشەم:ئەگەر هۆکاری ئابووری ئەو شاهۆکارە بێ کە بنیاد و پەرەسەندنی کۆمەڵگا و نەزم و دیسپلینی کۆمەڵایەتی و بەرهەمهێنان

دەستنیشان بکات، گۆڕان کە هەموو شتێك دەگرێتەوە تەنیا بنەما و قانوونی گۆڕان خۆی نەبێت، بەسێ قۆناخدا کە پرۆسە دیالێکتیکییەکە بەرجەستە دەکات بەو جۆرە بەرەوپێش دەچێ:

-تێزە(These)(چینی جوتیار)

-ئەنتی تێزە Anti these (چینی فیودال)

-پێکهاتە لەهەردووکیان Synthses .

حەوتەم: سەرمایە کە خۆی لەخۆیدا((دزییەکی بێ پسانەوەیە)) بەزیادەبایی و سود و قازانجەوە بەندە.کرێکار لەکارگە و فابریکدا شمەك بەرهەم دەهێنێ، نرخی راستەقینەی هەموو شمەکێك ئەوەندەی کاتی ئەو کارەیە بۆ دروستکردنەکەی تیایدا کراوە. کرێکار خۆی تاکە سەرچاوەی ئەو نرخ و بەهایەیەو دەبێ خۆشیی تاکە خودانی ئەو شمەکە بێت، ئەو نرخ وبەهایە بەو کاتەدیار دەکرێت بۆ دروست کردنی کراوە. رێژیمی سەرمایەداری کرێکار لە بەشێکی ئەو نرخ وبەهایەی کارەکەی بێبەش دەکات ئەو بەشە زیادەیەی بەهای شمەکەکەیە سود وقازانجی خاوەن کارەکەیە ئەم سود وقازانجە کەڵەکە دەبێ و کۆدەبێتەوە لێیەوە سەرمایە دروست دەبێ.

رۆژ بەرۆژ هەژاران هوشیار تر دەبن وهەست دەکەن کە دەبێ جۆرە هاوکاری وکۆمەکێك لە هەموو وولاتاندا لە نێوانیاندا هەبێ ئیتر هەست بە سودو قازانج وبەرژەوەندی وماف وهێزو توانای خۆیان دەکەن. چینی پرۆلیتر (کریکار)بە ژمارە زۆرەو بەهێزو توانایەو هەق بە دەستە بەسەر سەرمایەداران زال دەبێ و موڵك و ماڵ و ئامرازەکانی بەرهەم هێنانیان لە دەست دەردەهێنێ[٩].

سەروەت وسامان وئامرازو ئامێرەکانی ئیش وکارو بەرهەمهێنان دەکات بە موڵك ومالّی هەمووان لەکۆمەڵگا داو هەموو کارگەرێك رۆژانەو هەق دەست



ونرخ وبایەخی کارەکەی خۆی بەتەواوەتی وەدەگری، پێداویستەکانی ژانی رۆژانەی، خۆراك وجل وبەرگ وخانووی بۆ دابین دەکرێت.

هەشتەم:ئاین دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیە لە دل دانەوەو هیوا بە بەرخستن ودڵخۆشکردن بەولاوە هیچ کێشەیەك چارەسەرناکات وهیچ برینێك سارێژناکات بۆیە لە(ئەفیونی میللەتان بەلاوە شتێکی تر نیە بێگومان ئەفیون مادەیەکی سڕکەرەو دوای ماوەیەك سڕبونەکە خاو دەبێتەوە ئێش وئازاری برینەکە دێتەوە وبرینەکەش سارێژ نابێت (ئاین ژیانی ئێستا لە بەر چاو دەخات ودڵ بەجیهانێکی ئەفسوناوی دەداتەوە).

نۆیەم: دەوڵەت بەدام ودەزگا جۆر بەجۆرەکانیەوە دەزگایەکی سیاسیە سرۆشتێکی چینایەتی هەیە خزمەتی سودو قازانجی چینی دەسەلاتدار دەکات.

دەیەم: نەمانی موڵکداریەتی تایبەتی بنەماکانی جیاوازی چینایەتی ودەزگاکانی((بەدەوڵەتەوە)) هەلدەتەکێنی.

یانزە :مرۆڤ بونەوەرێکی کۆمەڵایەتیە ئەو مەڵبەندەی هەیەتی بەو رۆڵە لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی مادیدا دەیگێرێ دەست نیشان دەکرێت .کار ئەو تایبەتمەندییەیە مرۆڤ لە بونەوەرو زیندەوەرەکانی تر جیا دەکاتەوە.

دوانزە: تێکۆشان بۆ گۆڕینی ریژێمی سەرمایەداری بە هۆکاری ئابووری و کۆمەڵایەتی وسیاسی وئاکارییەوە پشت ئەستورە. سرۆشتی سەرمایەداری خۆی وئەو رێژیمە کۆمەڵایەتییەی هەیەتی ئەو کێشانەی تیایدایە هاندەری ئەو تێکۆشانەن[١٠].

سیانزە: مارکس ئەو رۆل ودەورەی بە کرێکاران (پرۆلیتێر) بەخشیوە کە پێشتر سەرمایەداری دژی رێژێمی دەرەبەگایەتی گێراویەتی.

چواردەم: شۆرشی سۆسیالیستی (ئەوەی مارکس مەبەستی بوو) دەبێ سێ مەرجی تیادا بێ ئینجا سەرکەوتن بەدەست دەهێنێ.

— دەبێ سەرمایەداری بە تەواوەتی پەرەی سەندبێت وکامڵ بووبێ.

— شۆڕشەکە نابێ ناوچەیی و دەڤەری بێ بەڵکو دەبێ نێو نەتەوەی بێت واتە لە یەك کاتدا لە چەند دەوڵەتێکدا رووبدات.

–دەبێ پرۆلیتێر هوشیار و رێکخراو و بە تەواوەتی لە بەرژەوەندی وسود قازانجی چینایەتی خۆی بە ئاگا بێت.(١١)

٣- ئەوەی لە م تێزە فرە رەنگانەی مارکس سەرنج رادەکێشی چەند خاڵێکن هەویرەکەیان ئاوێکی زەبەندە دەکێشی. بە تایبەتی بابەتی هۆکاری ئابووری وەك هۆکاری سەرەکی پەرەسەندنی پرۆسەی مێژوو کۆمەڵگا، کڵۆڵی کرێکاران و تێکۆشانیان دژی بورژوازیەت وشۆڕش ئەنجامێکی ناچاریی پەرەسەندنی سیستەم و رێژیمی سەرمایەداریە. دەوڵەت ئامرازێکی خەبات و چەوساندنەوەی چینایەتییە، ئاین ئەفیونی گەلانە. ئەو خاڵانەن هێرشیان کراوەتە سەر. تاقی کردنەوەکانی دوای جەنگی یەکەمی جیهان دەری خست هۆکاری ئابووری شان بەشانی هۆکارەکانی تر هۆکارێکە نەك شاهۆکارو هۆکاری سەرەکی. رووداوەکانی ئەڵەمانیای پێش هیتلەرو ئینجا هاتنی هیتلەرو جەنگی دووەمی جیهان رۆڵی فرەهۆکارییان ساغ کردەوەو ئابوورییەکە بوو بەهۆکارێك نەك هۆکاری سەرەکی.

بایەخ دان بە ئابووری و کردنی سیاسەت بە پاشکۆی هۆکاری ئابووری ئەوەی لێ دەکەوێتەوە پێداویستیە هەنوکەییەکانی ژیانی رۆژانەی (خۆراك، پۆشاك.، خانوو )جێگا بەئازادی سیاسی لەق بکەن. راستە ئەو پێداویستیانە شتی ناچاریی هەنوکەین بەلام بەبێ ئازادی سکی تێرو جلی قەشەنگ وجوان و خانوو تەلار ئەو چێژو بایەخ وگەرم وگوڕییەکانیان نامێنی. پێویست ناکات جاریکی تر نمونەی سەرمایەداری ئەڵەمان وجەنگی دووەم بە وردی باسبکەین چونکە ئەو پێشبینیە کاڵ بووەوەو بەهیچ جۆرێك شۆڕشی پرۆلیتێر بەرپا نەبووە:کرێکاران وایان لێ کرا لەگەڵ ئامانجی سیاسی رژێمی دەستبەکاری ئەوسای رایخی سێیەم



بێنەوە.دەوڵەتی سەرمایەداری نەیتوانیوە هەندی کێشە بەلایەکدا بخات وەك بێکاریی وهەژاری و کلۆڵی، ئەگەر چی ئازادییکی لە رادەبەدەری دابین کردوە.بەڵام نابی ئەوە لەیادبچێ کە وەبەرهێنانی سامان وسەروەتی سەمایەداران وبنیاتنان و دامەزراندنی پرۆژەی زەبەلاحی هەمووجۆرە ئەگەر گیرفانی بۆرجۆوازیەکانی پرکردبێ ئیش و کاری بۆ سەدان کرێکار دابین کردووەو لەپێشخستنی وڵات و کۆمەڵگاو شارستانیەتدا بەشداری دیارو بەر چاوی کردوە.

کۆمەڵگای سەردەم بەبنەماو سەرخان و کولتورەوە گۆڕانی ئەوتوی بە سەرداهاتووە چینە جیاوازەکان لەدوژمنایەتی کردنی یەکتریەوە بوون بەرکەبەری سروشتی ولە چوارچێوەی رەوایەتی قانوندا هەڵسوکەوت دەکەن، مولکداریتی سەرچاوەی کڵۆڵی نییە و وانەماوە.کڵۆڵی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە بەشێك بووە لە ژیان ولە گەڵیدا گۆڕانی بەسەردا هاتووە وچەندین هۆکاری هەیە . بەلایەکداخستنی کڵۆڵی و هەژاری بەوە نابێ پەیوەندی موڵکداریەتی بگۆڕدرێ چونکە ئەم کێشەیە لایەنی ئاکاری وکۆمەڵایەتی قانوونیشی هەیە .گۆڕینی قانوون ودانانی دەستور پتر چارەسەری ئەم کێشەیە دەکات نەك موڵکداریەتی.

پەرەسەندنی شارستانیەت وکۆمەڵگا وگۆڕانی جیهاندیدە سیاسی وپەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان ئەو پێناسەی کاڵ کردۆتەوە گوایە دەوڵەت ئامرازێکی دەسەلاتی سیاسی وچەوساندنەوەی چینایەتیە. دەوڵەتی مۆدێرن بە کۆڵك وپێستەوە ئەنجامێکی رەوای پەرەسەندنی گیان وژیری مرۆڤە، ئەگەر بشێ ئەم دەستەواژە فەلسەفە بەکاربهێنین دەوڵەت لە خۆیدا لە دەسەلاتی سیاسی بەو لاوە نییە هەر ئەودەسەلاتە سیاسیە بووە لەسێبەرەکەیدا گەورەترینی کولتوورو شارستانیەنی مرۆڤایەتی هاتوونەتەدی.

## سۆسیال دێمۆکراتی

مارکیسزم ورێبازی سۆسیال دیموکراتی دوو فره رەنگی سەربەخۆن وهەردووکیان لە باوەشی سەرمایەداریدا گۆشکراون ولەسەرەتادا ناوی رابەریتی چینی کرێکاریان لە خۆیان ناوە، بەلاّم ئەوی لە یەکتریان جیادەکاتەوە ودەیانخاتە نێو دوو بەرەو دوو سەنگەرەوە زۆر پترە لەوەی بە یەکەوە کۆیان بکاتەوە.ئەگەر مرۆڤ بەوردی سەرنجی پرۆگرامەکانی :

-ئایز ناخ سالّی ١٨٦٩ز.

-گوتا سالّی ١٨٧٥ز.

-ئیر فۆرت(١٢) سالی ١٨٩١ز.

هەروەها ئەگەر نوسینەکانی کارل کاوتسکی وروزا لۆکسمبورگ ولاسال وئیدوارد برنشتاین لە بەر چاو بگێرین ولەگەلّ بەرهەمەکانی مارکس ولایەنگرانی بەراورد بکرێن ئەو ئەنجامانە دەکەونەوە:

یەکەم: سۆسیال دیموکراتی بە پێچەوانەی مارکسیزمەوە نەك هەر لەگەلّ سەرمایەداری وکۆمەلّگای مۆدێرن دێتەوە، بەلّکو بووە بە بەشێك لەسەرمایەداری پەرەسەندوی گونجاو لەگەلّ ژیان وکۆمەلّگاو گۆڕان وپەرەسەندنی ژیرانەی شارستانیەتی دوای جەنگی دووەمی جیهانی.

دووم: بنەرەتە گرنگەکانی مارکیسزم رەت دەکاتەوە وئالّتەرناتیڤی ئەو تۆ دەداتە دەست کە تاقی کردنەوە تالّ وتفتەکەی رێژیمی لینینی— ستالینی وئەو سیاسەتەی پیادەیان کرد، پتر پابەند بوون بەو رەتکردنەوە وئالتەرتیڤیانەی پشت راستکردۆتەوە.[١٣]

سێیەم: هەولدراوە بە جۆرێکی تر سۆسیالیزم(Sozialismus) پێناسە بکرێت لەگەلّ هەلومەرجی رەوشی کۆمەلّگاکانی ئەوسای ئەوروپابگونجێت .ئەو گۆڕان و بارگۆڕینانە کە بەسەر سیستەمی سەرمایەداریدا هاتوون لە بەرچاوی بگرین. بۆ نموونە سۆسیالیزم لە نێو کۆڕو کۆمەلّە سیاسیەکاندا



کاتی خۆی وا پێناسە کراوە کە بریتیە لەوەی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان خۆمالی بکرێن ببن بە مولّکی تێکڕای کۆمەلّگاو مولّکداریەتی تایبەتی نەمێنی Vergesellschaftungبۆ ئەوەی لە کۆمەلّگاکاندا هیچ جۆرێکی چەوساندنەوەو دەست بەرسەردا گرتن لە ئادارانەبێ.

بەلام ئەگەر مرۆڤ سەرنجی پەخش وبلاّوکراوەو بەلگەنامەکانی سۆسیال دیموکراتیەکان بدات بە دەگمەن نەبێ بە لای سۆسیالیزمدا نەچوون[١٤] پتر پێیان لە سەر لایەنی کۆمەلاّیەتی(Social) داگرتووە ئینجا لە سەردەمی برنشتاینەوە بیر لە هەلّوەشاندنەوەی کەرتی تایبەتی و خۆمالی کردن نەکراوەتەوە.

چوارەم:بەلای سۆسیال دیموکراتیەکانەوە دەولّەت ئامرازی چەوساندنەوەو سودوقازانجی چینایەتی نییە. تیکدانی کەرتی تایبەتی ئابووری ودروستکردنی کەرتی گشتی، دەرهێنانی سەرچاوەکانی بەرهەمهێنان لە ژێردەستی سەرمایەداران وسپاردنی بە دەزگای ئەو دەولّەتەی پارتی مارکسی دروستی کردووە کێشەکە چارەسەر ناکات چونکە میللی کردن تێکدانی بنەمای مولّکداریتی تایبەتی و دانانی بنەمای مولکداریەتی گشتی ئەرکێکی گەورە بەدەولّەت ودەزگاکانی دەسپێرێ راهی کردن وڕاپەڕاندنیان وائاسان نییە ئەگەر وا لە دەولّەت نەکات ئەرکی سەرەکی خۆی لە بیر بچێتەوە.

مولکداریەتی گشتی بەبێ دابین کرنی بنەماو پراکتیك وبنەڕەتەکانی چالاکی دیموکراتیانە بنەمایەك دادەڕێژێت رێگای چڕکردن و بەهێزو پتەو کردنی دەسەلاّتی نادیموکراتی وتۆتالیتری دەولّەت خۆش دەکات ودەبێتە مایەی ئەوەی:- یەکەم: دەولّەت کۆنترۆلی هەموو شتێك بکات، دەست لە کاروباری کۆمەلّگا وەربدات تاکە کەسان ودیاردەکانی ژیانی نەتەوە و هێزە بەرهەمهێنەرەکانیان بخاتە ژێر دەستی دام ودەزگاکانیەوە.

دووم: دەوڵەت ئەركی سەرەكی خۆی لە دەست دەدات ودەبێ بە دەزگایەكی بەشێنەوەی مووچەو بەخێو كردنی خەڵك ولێرەوە دەرگای گەندەڵیKorruption دەكرێتەوە.

پێنجەم : پشت ئەستوورە بەم خاڵە سۆسیال دیموكراتی لە جیاتی بزوتنەوەی كۆمەڵایەتی — ئەگەر بشێ ئەم چەمكانەی سۆسیۆلۆژی لەم كایەدا بەكاربهێنین- هانی بزاوتی كۆمەڵایەتی (Social Mobility) دەدات (لە زمانی عەرەبیدا بەامبەر بەم دەستەواژەیە-الحراك الاجتماعی — بەكاردێت ئەم بزاوتە پتر پەیوەندی بە گۆرینی شوێن ومەلبەندی كۆمەڵایەتی وئابووری وسیاسی تاكە كەسە لێهاتووەكانەوە هەیە.دوور نیە كوڕە جوتیاریكی هەژار بە هۆی پەروەردەو چالاكی پارتی سیاسی وخوێندنەوە ببێ بەكارمەندێكی بەرچاو لە دەوڵەت وكۆمەڵگادا.بزاوتی كۆمەڵایەتی بە پێچەوانەی بزوتنەوەی كۆمەڵایەتیەوە گۆڕانی پۆست ومەلبەندی تاكە كەسان لە نێوان مەلبەندو شوێنی جیاوازو لە چوار چیوەی چین وتوێژە جیاجیاكانی كۆمەڵگادا دەگەیەنێ.[١٥] ئەم خاڵە گرێبەستی چارەنووسی لە نێوان سۆسیال ودیموكراتی وسەرمایەداری ساغ وپشت راست دەكاتەوە نیشانی دەدات ئەم رێبازە خۆی لە خۆیدا لە لایەنی رژێمێكی گونجاوو پەرەسەندووی مۆدێرنی سەرمایەداری بەلاوە نییە .بە هاندانی ئەم بزاوتە، كێشە چینایەتیەكە كاڵدەبێتەوە، لەلایەكی ترەوە گۆڕانی پلەوپایەی كەسانێكی سەر بەچینی هەژارو ژێر دەستە، بەرزبوونەوە و هاتنیان بۆ پۆست و مەڵبەندی كاریگەر و گرنگ لەدەسەڵاتی دەوڵەت و كۆمەڵگادا لەراستی هەبوونی جیاوازیی چینایەتی و هەژاریی و چەوساندنەوە و دەستبەسەراگرتن و كۆنترۆڵ كردن لەچوارچێوە گشتییەكەیدا ناگۆڕێ، ئەگەرچی گۆڕانی بچوكی هەنوكەیی بكات.كێشەكە لەچوارچێوە گشتیەكەیدا وەك خۆی دەمێنێ و گۆرانی بچوكی هەندەكی تیادا دەكرێ.



شەشەم: پێداگرتن لەسەر ئازادی تاكەكەسی، دامەزراندن و رێكخستنی دیموكراتیانەی كۆمەڵگاو چارەسەركردنی كێشە جۆربەجۆرەكان بەرێگای دێمۆكراتیانە، ئەو چەند خاڵە سەرەكییەن كەسێتی سیاسی و مەعنەوی سۆسیال دیموكراتییەكان دیار و دەستنیشان دەكەن.

ساڵی ١٩١٨ز كارڵ كاوتسكی لەباسێكی سەرنج راكێشدا بەناوی((دیكتاتۆری پرۆلیتاریات)) سەرنجی بۆ لایەنە لاوازەكانی سیاسەتە پراكتیزەكراوەكانی لینین و شۆرشی ئۆكتۆبەر راكێشاوەو پێی لەسەر لایەنی دیموكراتی داگرتووە و توندوتۆڵ بەسۆسیالیزمەوەی گرێداوە. كاوتسكی لەوێدا وتویەتی:

((بەلای ئێمەوە سۆسیالیزم بەبێ دیموكراتی لەكردن نایەت، ئێمە وا لەسۆسیالیزمی مۆدێرن دەگەین تەنیا هەردامەزراندن و رێكخستنەوەو ئۆرگانیزەكردنێكی رووت وسادەی بەرهەمهێنان نییە، بەڵكو بریتیە لە دیموكراتییانە ئۆرگانیزەكردنی كۆمەڵگا، سۆسیالیزم كەوابوو بەلای ئێمەوە توندوتۆڵ و بەبێ پسانەوە بە دیموكراتییەوە بەندە. هیچ سۆسیالیزمێك بەبێ دیموكراتی نییە[١٦])).

ئەگەر سۆسیالیزم بەبێ دیموكراتی تەواو كامڵ نەبێ، ئەوا هەردووكیان بەتەواوەتی پێناسە نەكراون. ئەوی لەپراكتیزەكردندا دێتە پێشەوە پتر ریئالیستی بەبابەتەكە دەبەخشێ.ئایا دێموكراتی لێرەدا مەبەست لەدەسەڵاتی میللەتە؟!بەهەرلایەكدا وەڵامی ئەم پرسیارە بدرێتەوە سۆسیالیزم تاوەكو ئێستا بەو شێوەی كاوتسكی خامەكەی بۆ خسۆتە گەر لەچوارچێوەی گریمانەو تیۆری نەچۆتە دەرەوە. سۆسیال دیموكراتەكانیش باسی سۆسیال دەكەن ئەمەش واتای كۆمەڵایەتی دەگەیەنێ، چارەسەركردنی كێشەكان هەر لەكۆمەڵایەتییەوە تاوەكو نەتەوەیی و ئابووری و سیاسی...، بەرێگایەكی دیموكراتیانە، ئەو بابەتە بووە كە

سۆسیال دیموکراتییەکان سەرگەرمی بوون. تا ئێستا لەهیچ بەرهەمێکی سۆسیال دیموکراتەکاندا بەرچاو نەکەوتووە هەوڵی پراکتیزەکردنی سۆسیالیزمیان دابێ.سۆسیال و سۆسیالیزم دوو شتی لەیەکتری جیاوازن یەکەمیان بابەتی دیموکراتەکانەو ئەوی تریان بەرێك و پێکی لەلایەن مارکسیستەکانەوە قسەی لەسەر کراوە.

حەوتەم: سۆسیال دیموکراتەکان هەر لەسەتاوە بەپێچەوانەی مارکس بیریان کردۆتەوە و لەو باوەڕەدابوون گۆڕانی ڕەوشی کۆمەڵگا لەسەرمایەداری بەرەو سۆسیال دیموکراتی بەبێ شۆرش و بەرێگای تری جیاواز لەوەی مارکس لە کتێبی سەرمایەداریدا باسی کردووە، دەکرێ و شیاوەکییە. ئەمەیە ئەو جیاوازییەی سۆسیال دێمۆکراتییەکان لەنێوان هەردوو ڕێگادا هەستیان پێ کردووە، ڕێگای مارکسییەکان بەرێگای پەرەسەندنی ناچاریی قانونی سروشتیانە ناودەبرێ و ڕێگاکەی تر بریتییە لەچالاکی و کاری سیاسی دیموکراتیانە، پابەندبوون بەقانوونە ئابوورییە کۆمەڵایەتییەکان یاخودپێداگرتن لەسەر ئازادی کارکردن، پەیوەندی نێوان تیۆری پراکتیس....

هەشتەم: سۆسیال دیموکراتی ئەگەرچی سەرچاوە و بنەمایەکی نێونەتەوەیی هەیە بەڵام هەمیشە تایبەتمەندی ئەو وڵاتەی تیایدا چالاك و دەستبەکاربووە لەبەرچاو گیراوە.ئینجا ئەو ناوەندییەتیەی هێز و سەرکردایەتی دیسانەوە بەپێی ناوچە و دەڤەر و هەلومەرج و ڕەوشی سیاسی نەرم و نیانە و لە گۆڕاندایە. لەکاتێکدا هەموو پارتیە مارکسیستەکان پابەندی ناوەندێکی دیاریکراو بوون بۆ نموونە(مۆسکۆ). سۆسیال دیموکراتییەکان لەم بارەیە سەربەخۆیی تەواویان هەبووەو هەیە هیچ جۆرە پابەندبوونێکی لەم جۆرە بەناوەندەوە لەئارادا نییە. فیردیناند لاسال(ferdinand Lassalle) کە بەدامەزرێنەری بزووتنەوەی سۆسیال دیموکراتی ئەڵمان دادەنرێ نموونەیەکە ڕاستی ئەم قسەیە ساغ



دەکاتەوە. لەکاتێکدا مارکسیستەکان بانگیان بۆ نێونەتەوەیی داوە و داوای یەکخستنی کرێکارانی هەموو وڵاتیان کردووە، لارسال سەرگەرمی کێشە سەرەکییەکانی وڵاتەکەی خۆی بووە وەك: ئازادی، دیموکراتی، یەکسانی سیاسی و یەکگرتنی نەتەوەی ئەڵمان.

نۆیەم: سۆسیال دیموکراتەکان بەسەرکردایەتی لاسال هیچ کاتێك نەیانویستووە پەنابەرنەبەر شۆرش و توندوتیژیی. هەڵوێستیشیان بەرامبەر بەدەوڵەت نەرێ و نێگاتیڤ و نالەبار نەبووە. لەکاتێکدا لاسال بەئاشکرا لە پرۆگرامی ناسراو بە((وەڵامێکی کراوەدا)) باسی کرێکارانی کردووە یەکسەر ڕەوش و ئاوات و ئامانج و بزووتنەوەکەیانی بەتێکرای ئامانج و ئاواتی خەباتی سەرجەمی میللەتەوە بەستۆتەوە و پێی لەسەر ئازادی و دیموکراتی دابینکردن داگرتووە.لاسال لەپرۆگرامەکەیدا دوور لەشۆرش و تێکدانی نەزم و سیستەمی سەرمایەداری داوای کردووە:

یەکەم: بزووتنەوەیەکی سەربەخۆی کرێکاران هەبێت.

دووەم: دابین کردنی مافی بەئازادی هەڵبژاردن و دەنگدان.

سێیەم:دامەزراندنی چەندین ڕێکخراوی هەرەوەزیی بەرهەمهێنان[17].

لەدواییدا بزوتنەوەکە دەستبەرداری خاڵی سێیەم بووە و پتر پشتی بەخاڵی دووەم بەستووە. لەهیچ نووسراو و بڵاوکراوەیەکدا ساغ نابێتەوە سۆسیال دیموکراتی خۆی بەبزووتنەوە تەنیا چینی کرێکار دانابێ. شۆرشی خستۆتەوە لاوە و ئازادی و دیموکرای بەمەرجی سەرەکی گۆڕینی ژیرانەی ڕەوشی کۆمەڵگا داناوە.

دەیەم: سۆسیال دیموکراتیەکان بەپێچەوانەی مارکس — ئینگلز، هەڵوێستێکی نەرمڕەویان بەرامبەر بەئایین و دۆگم و دام و دامەزراوەکانی هەبووە.لەکاتێکدا مارکسیستەکان ئایینیان لەگەڵ کەرەسەی سڕکەر و بێهۆشکەر خستۆتە نێو دوو تای یەك تەرازووەوە و سەرگەرمی قەدەغەکردنی

بوون، ئەوان هەوڵیان داوە ئایین و سیاسەت لەیەکتری جیابکەنەوە و سەرگەرمی ئەوەبوون ئایین و کلێسە ڕێگا نەدرێن دەست لەکاروباری دەوڵەت و قوتابخانە و خوێندن و پەروەردە وەربدەن، بەڵام ئازادی بیروباوەر و ئایینیان پاراستووە.

یانزەهەم: لارسال هەڵوێستی بەرامبەر بەدەوڵەت و دەزگاو ڕۆڵی لەژیانی کۆمەڵگادا بەپێچەوانەی هەڵوێستی مارکسەوە بووە.لەکاتێکدا مارکس دەوڵەتی بەئامرازێکی چەوساندنەوە داناوە، کەلەلایەن چینی دەسەڵاتدارەوە بەکاردەهێنرێ. دەوڵەت ئەنجامێکی پەرەسەندنی کۆمەڵگای فرە چینەو ڕەوشی ئەو کۆمەڵگایە دەردەبرێ. لەگەڵ گۆڕینی ڕەوشی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی کۆمەڵگادا دەبێ، بەهۆی شۆڕشەوە، دەوڵەتیش کە ئامرازی دەستی چینی دەسەڵاتداری چەوسێنەر بووە لەناوبچێ، چونکە دەوڵەت بەهیچ جۆرێك، بەپێی سروشتی پێکهاتە و ئەرکی سەرشانی لەتوانایدا نییە نێوانی چینە جیاوازەکان چاك و خۆش بکات، بەڵکو ئەو چەوساندنەوە و زۆر و جەورە بەهۆی قانونەوە ڕەوا دەکات، سۆسیال دیموکراتەکان لەو باوەڕەابوون کە دەوڵەت((فۆرمێکی لەباری ڕێکخراوی کۆمەڵگایە[١٨])).

Positive Organisationsform der Gesellschaft

ئامانجی دەوڵەت ئەوە نییە موڵك و ماڵ و ئازادی هەندێك کەس بپارێزێ بەڵکو ئەرکی سەرشان و ئامانجی دەوڵەت پتر ئەوەیە هۆکاری دیسپلین و ئۆرگانیزە کردن و ڕێکخستن بێت، یارمەتی تاکەکەسان بدات einzelnen لەرەوشێکدابن ئەو شتانە بەدەست بهێنن بەتەنیا بۆ خۆیان توانای بەدەستهێنانیان نەبێ وەك تێکرای پەروەردەو خوێندن و هێز و توانا و ئازادی، هەروەها دەکرێ دەوڵەت وەك ئامراز و ئامێرێك بۆ چاکسازی پێکهاتەی ئابووری سوودی لێ وەربگیرێ.

## پەراوێز و سەرچاوەکان


1- Eichler, Willi, Hundert Jahre Sozialdemokratie Bonn 1962. S.7.

2- Potthoff, Heinrich., Die Sozialdemokratie von den Anfangen bis 1945. in; Susanne Miller – Heinrich Potthoff., Kleine Geschichte der SPD. Verlag Neue Gesellschaft. Bonn 198. S. 13ff,.

3- Marshall, Gordon., Oxford Dictionary of Sociology. London. Second Edition 1998. S. 53

4- Marshall, Gordon., Ebenda. S. 44.

٥- أوغست كورنر: ماركس، انجز، حياتها واعمالها الفكريه.ت:الياس مرقص.ج٤ بيروت ١٩٧٥، ص ٢٨٣.

6- Bose, Ernst., Materialistisch Geschichtsauffassung. Hamburg 1947. S .12

7- Munch, Richard., Soziologische Theorien. Bd. I. Frankfurt – New York 2002. S. 117.

8- Karl Marx und Friedrich Engels; Ausgewalte Schriften in Zwei Banden. Bd. I. Dietz Verlag, Berlin (Ost ) 1955. S. 337-338.

٩- يوسف كرم: تأريخ الفلسفة الحديثة القاهرة-١٩٨٦.ص٤٠٢.

١٠- ميليبند، رالف: الاشتراكيه لعصر شكاك.ت:نوال لايقه.دار المدى ١٩٩٨.ص٢٢.





١١- كورنر، أوغست: المصدر نفسه.ص٢٨٦.

12- Miller, Susanne- Potthoff, Heinrich., Kleine Geschichte der SPD. Darstellung und Dokumentation 1948-1983. Bonn 1988. S. 305, 308, 310,312. ff.

13- Miller, S. – Pottoff H., Ebenda. S. 13.

14- Miller, S. – Potthoff H., Ebenda. S. 16.

15- Marshall, G., Ebenda. S. 442.

16- Kautsky, Karl., Die Diktatur des Porletariats 1918. in:

-Peter Lubbe (Hrsg. ) Kautsky gegen Lenin. Verlag J. H. W. Dietz Nachf. Gmbh. Berlin – Bonn 1981. S. 31.

17- Eichler, Willi, Ebenda. S. 15-16.

18- Miller, S. – Pottoff, H